# ئازادی و خائینانی

## شەش دوژمنی سەربەستیی مرۆڤ

ئایزایا بێرلین

# ئازادی و خائینانی

## شەش دوژمنی سەربەستیی مرۆڤ

کۆمەڵێك وتاری فەلسەفی

وەرگێڕانی

مەنسوور تەیفووری



پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەددین
و دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

11

ناوی کتێب: ئازادی و خائینانی (شەش دوژمنی سەربەستیی مرۆڤ)

نووسینی: ئایزا بێرلین

وەرگێڕانی: مەنسوور تەیفووری

سەرپەرشتیی پرۆژە: ڕێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)

سەرپەرشتیی کاروباری دەزگا: هەردی زیاد صالح (دەزگای موکریانی)

هەڵەگری: شەهلا وەلی جەبار

نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال ڕواندزی

بەرگ: وریا بوداغی

راستکرادنەوەی سەر کۆمپیوتەر: جەمال محەمەد

ژمارەی سپاردن: (٤٩٦)

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

چاپی یەکەم: (٢٠١٠)

نرخ: (١٠٠٠) دینار

چاپخانە: چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

سەرچاوەی وەرگێڕانی فارسی:

**Freedom and its betrayal:**
**Six enemies of human liberty.**
**By Isaiah Berlin,**
**ISBN 964- 5881- 40- 4**

سەرچاوەی وەرگێڕانی کوردی:

**به نام ازادی، نقد و بررسی اراء شش متفکر عصر جدید- ایزایا برلین- محمدامین کاردان. ــ تهران: مروارید، ۱۳۸۲.**



## ناوەڕۆك

یادداشتی سەرپەرشتیاری ئینگلیزی ..... ٧
هێلوێسیۆس ..... ١٠
ژان ژاك رۆسۆ ..... ٣٣
فیشتە ..... ٦٣
هێگل ..... ٩٥
سان سیمۆن ..... ١٣٧
دۆمێستێر ..... ١٧٣
ئەنجام ..... ٢٠٣

# یادداشتی سەرپەرشتیاری ئینگلیزی

٥٠ ساڵان پێش ئێستا، کاتێ ئەم کۆمەڵە لێدوانەی ئایزایا بێرلین دابەزێنرا و لە تویێی ئەم کتێبەدا بڵاوکرایەوە، سەرنجی گەلێ خوێنەری بۆ لای خۆی راکێشا. رەنگە بۆ خوێنەران تازە بێت کە ئەم جۆرە لێدوانە، لێدوانێك کە هەموان لە هەرە خوێندەوارەوە تاکو خەڵکی ئاسایی لەبەر چاو بگرێت، تا ئەو کات بێ نموونەیە و لە دوو لایەنەوە تازەیە: لایەنێکیان دەستکاریکردنی پێوەرەکانی کاتی قسەکردن بوو لە رادیۆوە، چونکو هەر یەك لەم لێدوانانە شەست بۆ نەوەد دەقەی دەخایاند و ئەمە بۆ میدیایەکی وەك رادیۆ بەرنامەیەکی زۆر درێژ بوو؛ لایەنێکی دیکەی تازەکارییەکەی بێرلین، جۆری پێشکەشکردنی بەرنامەکە بوو: یەکەم جار بوو مامۆستایەکی زانکۆی ئۆکسفۆرد بێت و بە بێ ئەوەی یادداشت و نۆتی پێ بێ، سووك و سانا لە پشتی میکرۆفۆنێکدا دابنیشێ و بێ تەتەڵە و ئەم چلاوچلێ، قسە بکات.

ئایزایا بێرلین، ئەو کات پیاوێك بوو چل و سێ ساڵان. راشکاوی و بێپەروایی، دوانی ئارام و دانەدانە و زاڵبوونی سەیری بەسەر بابەتەکاندا وایانکرد، وێڕای نامۆیی بابەتەکانی بۆ کۆمەڵانی خەڵك، لێدوانەکانی جۆرێکی سەیر کار لە پسپۆڕانیش بکات. لێدوانەکان لە شەش هەفتەدا بەڕێوەبران و خەڵك، لە هەموو توێژێکەوە، تامەزرۆی رۆژی بەرنامەکە بوون و کاتی بیستنی هەر بەرنامەیەك هەستت دەکرد جادوو کراون.

جان بارۆ، کە ئەو کات منداڵە مەدرەسەیەکی بچووك بوو، دەگێڕێتەوە: «ئەم لێدوانانە هێند رایانکێشابووم، بێئاگا دادەنیشتم و ورد گوێم دەگرت و ئەوپەڕی هەوڵم دەدا وشە بە وشە یادداشتیان بکەم». کاتێ لێدوانەکان تەواو



بوون، دەبیر سرویسێکی رۆزنامەی *گاردیەن* ـ رەنگە دەبیری لاپەڕەی هزر ـ لەسەر رێگەدان و تەنانەت رێنوێنی بێرلین، بۆ ماوەی شەش هەفتە، لاپەڕەیەکی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم لێدوانانە تەرخان کرد.

لێدوانەکان یەکەم جار بەم شێوە بڵاوکرانەوە، بەڵام چونکو رۆژنامەنووسان دەقی ئەم لێدوانانەیان دابەزاندبوو، تەنانەت سەرپەرشتیە رواڵەتییەکەی بێرلینیش دادی نەدا و ئەوەی بڵاوکرایەوە زیاتر زنجیرەیەك وتاری رۆژنامەنووسانە بوون، نەك کۆمەڵێك وتاری جیددی و بنچینەیی تۆکمە کە شارەزایان و پسپۆڕان رازی بکات.

هەڵبەت، پێویستە بیرمان بێت بڵاوکردنەوەی ئەم لێدوانانە، وێڕای هەموو ناتەواوییەکیان، دوو دەسکەوتی گەورەی هەبوو: لە لایەك ناوبانگی ئایزایا بێرلین وەك فەیلەسووف چەسپا و، لە لایەکی دیکەوە خەڵك بڕوایان هێنا کە تێگەشتن لەم جۆرە باسانە تەنیا بە دانیشتن لە پشتی مێزی زانکۆوە نەبەستراوە و بۆ هەڵکشاندنی ئاستی وشیاریی خەڵك دەکرێ تەنانەت میدیایەکی وەك رادیۆش بەکار بێنی. ئەم لێدوانانە، وەك وتمان، دەسکەوتی باشی بۆ بێرلین هەبوو، هەر چۆن دوای ئەم لێدوانانە، بووە مامۆستای تیۆری زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە زانکۆی ئۆکسفۆرد.

وەك دیارە، بێرلین لەم ساڵانەدا لەگەڵ *رادیۆ* (کەناڵی یەکی بی.بی.سی) هاوکاری دەکرد؛ واتە هەر لە راوێژەوە تاکو بەڕێوەبردنی بەرنامەی وتووێژ لەگەڵ مامۆستایان، ناساندن و رانانی کتێب و ... بەڵام ئەم هاوکاریانە بەرەبەرە ماندووی کرد؛ خۆی لە نامەیەکدا بۆ ئانا کالین، بەرهەمهێنەر و دەرهێنەری بەرنامەکانی، نووسیویەتی: «هاوکاری لەگەڵ بەڕێزتان ئەزموونێکی بەنرخە بۆم، بەڵام پێم درێژە نادرێ، چونکو ئەگەر بڕیار بووبێ ئەوە بسەلمێنین کە دەتوانی بە رێگەی جۆراوجۆر دەستکاریی ئاستی وشیاری خەڵکی بکەی، یەکەم هەنگاومان هەڵگرتووە و هەنگاوەکەشمان سەرکەوتووانە بووە، بەڵام درێژەدانی هاوکاری لەگەڵ ئێوە، درۆی

نەبێ، هەستێکی ناخۆشم لا دروست دەکات، واتە وادەزانم بوومەتە شۆمەن[1]. بۆ راوێژ و یارمەتی هەمیشە لە خزمەتتاندام، بەڵام تکاتان لێدەکەم لە هەست و خواستی رۆحیی منیش تێبگەن و ئامادەبوون و نواندنی راستەوخۆی بەرنامەم لەکۆڵ بکەنەوە».

راستییەکەی ئەوەیە، ئەمڕۆکە ئێمە نازانین لێدوانەکانی ئەو لە ساڵی ١٩٥٢دا چ کاریگەرییەکی لەسەر جەماوەر هەبوو، بەڵام کە سەیری دەقی نووسراوی ئەم لێدوانانە دەکەین، تێدەگەین لەگەڵ فەیلەسووفێکی چەند گەورە و لێبووردە رووبەڕووین.

**هێنری هاردی**
**ئۆکسفۆرد. کۆلیجی وۆلفمۆن**
**مایی ٢٠٠١**

* دۆشدامان لە نێوان ملدان بە میدیا یان دوورەپەرێزی لە میدیا، ناوەڕۆکێکە رەنگە لە نێو هەمان مەتەڵی هەمیشەیی ناکۆکیی بیرکردنەوە و واقیع یان ئەو شتەی بە کێشەی «فۆرم» و «ناوەڕۆک»ەوە ناسراوە هاتبێ، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە فیکر زادەی تەرەیی تەواو نییە و، بەرهەمی توانەوەش نییە لە واقیع یا دەرکەوتەکانی دیکەیدا کە لە شێوەی کۆمەڵگا، میدیا، ناوەڕۆک و هتددا دەردەکەوێ، بەڵام واقیع و کۆمەڵگا بە ناچاری سەرچاوەی فیکرن، فیکر دەبێ بەردەوام ئەم کەڵکەڵە هەڵبگرێ و هەر ئەم دوودڵی و کەڵکەڵەشە کە خۆی بەرهەمهێنەری فیکر و داهێنانیش بووە. ـ و. ک.

1- Showman



# هێلوێسیۆس

کلاود ئادریەن هێلوێسیۆس، فەڕەنسیی بە رەگەز ئەڵمانی، ساڵی ١٧١٥ لەدایك بوو. ناوە بنەماڵەییەکەی لە بنەڕەتدا شوایتسر بووە کە هێلوێسیۆس هاوتا لاتینییەکەیەتی. باوکی پزیشکی مەلەکەی فەڕەنسە بوو و خۆی گەنجێکی دەوڵەمەند و بەهرەدار بوو. لە رێگەی باوکی و پێوەندییەکانی دیکەیەوە توانی هاوژێیەتی و پشتگیری هەندێ سیمای هەرە ناسراو و توانای سەردەمی خۆی دەستەبەر بکات، هەندێ سیمای وەك **چۆلتێر**، **مۆنتسکیۆ** و **فۆنتۆنێل**. لە بواری کارییەوە، بەرپرسی کۆکردنەوەی باج بوو و بەهۆی کرێی مڵکەکانییەوە، شارەزای کاروباری ماڵی بوو. پیاوێکی دەوڵەمەند و موڵکدار بوو، لەبەردڵان و خۆشەویست، بە کۆلێك هاوژێوە. ئەو، کاتی خۆی، بە یەکێك لە رێبەرانی ئەو بزووتنەوە ناسرا کە دواتر بە «رۆشنگەری» ناوبانگی دەرکرد. بەرهەمە گرنگەکەی دەربارەی زیەنە کە ساڵی ١٧٥٨ بڵاوکرایەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەم بەرهەمە کفراویی و دژە ئیمانە و هەر بۆیەش لە لایەن کەنیسە و دەوڵەتەوە مەحکووم کرا و لەبەر چاوی خەڵکدا سووتێنرا. هێلوێسیۆس بە بەرهەمەکەیدا چۆوە و سێ بەشی لێ لابرد، بەڵام ئەگەرچی لەسەر داوای هاوسەرەکەی و دایکی خۆی و بە هۆی خەمی زۆری ئەوانەوە تەسلیمی دەسەڵاتداران بووە، کەچی بیری خۆی نەگۆڕیوە، چونکو کاتێ دووهەمین کتێبەکەی، واتە دەربارەی مرۆڤ ساڵی ١٧٧٧و، پاش مردنی خۆی بڵاوکرایەوە، دەرکەوت کە تێکرای ئەو کتێبەش، یان راستتر بڵێین بەشی هەرە زۆری، هەمان بۆچوونە دژەئاینییەکانی ئەوی لەخۆگرتووە.

هێلوێسیۆس کاتی ژیانی خۆی زۆر ناسراو بوو. ماوەیەك چووە دەرەوەی

فەڕەنسا و جۆرجی دووهەمی پاشای ئینگلیز و فرێدریکی مەزن، قەیسەری ئەڵمانیا، چاویان پێی کەوت، چونکو ئەو بە پێشڕەوێکی مەزنی بزووتنەوەی ڕۆشنگەریی سەردەمی خۆی دادەنرا. هێلوێسیۆس هەمموو ژیانی بە تاسەی دۆزینەوەی بنەمایەکی تاقانەوە و ناوازەوە بوو، بنەمایەك بتوانی بنەڕەتی ئەخلاقی پێ پێناسە بکەیت و وەڵامی هەندێ پرسیاری پێ بدەیتەوە، پرسیاری وەك: چۆن کۆمەڵگایی دروست دادەمەزرێنی، مرۆڤ دەبێ چۆن بژیەت؟ هێلوێسیۆس پێی وابوو ئەم بنەمای دۆزیوەتەوە و هەر بۆیەش خۆی بە بناغەدانەری زانستێکی تازە و گەورە دەزانی؛ ئەو لای وابوو دەزانێ چۆن لە درێژماوەدا ئاژاوە و بێدەستووریی نێو ئەخلاق و سیاسەت لەگەڵ دەستوور و سەقامێکی ماقووڵدا ئاشت بکاتەوە. واتە لە بواری سیاسەتدا خۆی بە نیۆتۆنی سەردەمی خۆی دەزانی.

باسکردنی پرسەکە بەمجۆرە، لەو کاتەدا شتێك بوو ئاسایی. با بەشێك لە قسەکانی **کۆندۆرسێ** بگێڕمەوە، کۆندۆرسێ خۆی ئەندامێکی رادیکاڵی **یارانی ئینسکلۆپیدیا** بوو، بۆچوونە رادیکاڵەکانی باڵی چەپی بڵاو دەکردەوە و چەند ساڵێك پاش هێلوێسیۆس لە دایك بوو و دوایین ساڵی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا، لە یەکێك لە زیندانەکانی ڕۆبسێیردا مرد. کۆندۆرسێ دەڵێ:

**کێ لە چییەتی زانستە ئەخلاقییەکان (کە بەڕای کۆندۆرسی سیایەتیش دەگرێتەوە) ورد بێتەوە، ناتوانێ خۆی لەم ئەنجامە بدزێتەوە کە ئەم زانستانە مادام وەك زانستە سروشتییەکان بە بینینی واقیعەوە بەندن، دەبێ هەمان میتۆدیش پێڕەو بکەن، واتە زمانێك دابڕێژن کە وردەکاریی و ڕاستیی هەبێ تاکو بە هەمان ڕادەی (زمانی زانستە سروشتییەکان) دڵنیاکار و بنەبڕ بێ. ئەگەر بوونەوەرێکی جگە لە خۆمان (مرۆڤ) لە ئێمەی کۆڵیباوە، چ جیاوازییەکی لە نێوان ئەم دوو زانستە، (زانستی ئەخلاقی و زانستی سروشتی)دا نەدەکرد و**



**خوێندنەوەی بۆ کۆمەڵەی مرۆیی هەر وەك ئەو خوێندنەوە دەبوو کە ئێمە بۆ کۆمەڵەی هەنگەکان یان سەگە ئاویەکان، دەیکەین.**

پاشان بەمجۆرە بەردەوام دەبێ:

**هەر چۆن بیرکاری و فیزیك بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانمان یارمەتیمان دەدەن، ئاخۆ پێشکەوتنی هەندێ مەعریفەی وەك ئەخلاق و سیاسەت ناتوانێ وەك بەشێك لە هەمان سیستەم کاریگەرییەکی هەر بەو جۆرەی لەسەر ئەو هاندەرانەی کردە و هەستەکانمان هاندەدەن، هەبێ؟**

بەڵام چۆن بگەینە ئەم مەبەستە؟ هۆولباخ، ئەندامێکی دیکەی یارانی ئینسکلۆپیدیا، لەم بوارەدا دەڵێ: «ئەخلاق، زانستی پێوەندییەکانی نێوان بیرکردنەوە، ئیرادە و کردەوەی مرۆڤەکانە، هەرچۆن هێندسە زانستی ئەو پێوەندیانەیە لە نێوان شتەکاندا هەیە». ئەی هێندسەی ئەخلاق چییە و هێندسەی سیاسەت چ ڕەنگە؟ چۆن ئەم زانست و مەعریفانە دەگەنە ئەو بڕ و ئاستەی یەقین و دروستی کە فیزیك و هێندسە هەیانە؟ هێلوێسیۆس لای وابوو وەڵامی ئەم پرسیارەی دۆزیوەتەوە. با قسەکە لە خۆی بگێڕینەوە. ئەو لە وتوویژێکی نێوان خودا و مرۆڤدا، لە زمانی خوداوە بە مرۆڤ دەڵێ:

**من ئەقڵ و وریایی و هۆش و زیرەکیت دەدەمێ. تۆ چ نیت جگە کەرەستەیەکی کوێر و تەنیا بەم ڕەنگە دەتوانی داواکانی من بێنیتە جێ، تۆ لەوە بچووکتری لە مەبەست و نییەتەکانم بگەی، بەڵام بەو شتەی پێتی دەبەخشم بێچارە و بێ ئەوەی خۆت بزانی هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ئیرادەی من هەڵدەگری. دوو دیاریت پێ دەبەخشم کە چاودێری بیروکردەوەکانتن و ڕەنگە ڕەنگرێژیشیان. ئەم دووە ناخت هاندەدەن وەك ڕق و خۆشەویستی، وردەکاری و جوانکاریی وجوودی و هەروەها شادییەکان، بەڵام لە لایەکی دیکەوە هەر ئەم دوانە حەز و هیواکانت هەڵدەقرچێنن. چێژ و ڕەنجگەلێ حەقیقەتت بەسەردا**

**ئاشکرا دەکەن و هەر ئەمەش بەرەو گەلێ خەرەند و هەڵدێرت دەبات.**

**هەر ئەو حەقیقەت و هەڵانە پاڵت دەنێن گەلێ ئەخلاق و قانوون بۆ خۆت دانێی کە بڵقی سەر ئاو و بەتاڵن، بەڵام دێ ئەوێ ڕۆژێ لە بنەما ساکارەکانی پێشکەوتن و پەرەسەندن بگەی، ئەو بنەمایانەی بنەڕەتی ئەخلاقن و ئەویش چ نییە جگە دەستوور و بەختەوەری. ئایا ئەمە ڕێسادارکردن و داڕشتنی قوتابخانەی گرنگایەتیی کەڵك و سوود نییە[2].**

بەپێی ئەم قوتابخانە، تاقە شتێك کە مرۆڤ بۆی وێڵ بن، چێژە و تاقە شتێك مرۆڤ لێی رادەکەن ڕەنجە. گەڕان بۆ چێژ و دوورەپەرێزیی لە ڕەنج، تاقە هاندەرێکە مرۆڤ دەبزوێنێ، هەروەك دەڵێن هێزی ڕاکێشانی زەوی و بنەما فیزیکییەکانی دیکە، بە کردەوە، کار لەسەر شتە بێگیانەکان دەکەن. کەوابوو، بنەمای بنچینەیی و سەرەکیمان دۆزیوەتەوە. گەر دەتانەوێ بزانن چی وادەکات بوونەوەی مرۆیی بەو جۆرە بن کە ئێستا هەن و، چی خوو و ڕەوشتیان بەم ڕەنگە دەڕێژێ و، چی لە رق و خۆشەویستی، شهەوەت و خەیاڵ، خەون و خەمەکانیان بەرپرسە، ئەوە ئەو شتە هەمان گەڕانی مرۆڤە بۆ چێژ و دوورەپەرێزییەتی لە ڕەنج، ئەم گەڕان و دوورەپەرێزیەشیان وشیارانە بێت یان ناوشیارانە، هیچ لە باسەکە ناگۆڕێ.

هێلوێسیۆس زۆر بەم دۆزینەوەیەی خۆی دڵخۆش بوو، چونکو لای وابوو کلیل یان شاکلیلی ژیانی کۆمەڵایەتی دەست کەوتووە. ئەو لای وابوو نەك هەر کلیلی نهێنییەکانی ڕەفتار و کرداری مرۆڤی دەستکەوتووە، بەڵکو دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارەش بداتەوە کە «چ مەبەستێك شایانی پلەی مرۆڤە؟» چونکو ئەگەر مرۆڤ

---

٢- گرنگایەتیی سوود، یان Utilitarianism، قوتابخانەیەکە گرنگایەتی بە چێژ دەدات و بۆ مرۆڤ چێژ بینین بە بنچینە دەگرێ. بنیاتنەری ئەم قوتابخانە، جێرمی بێنتامە کە ساڵانی ١٨٣٢-١٧٤٨ دەڕیا. ـ و. ك.



بتوانن بە تەنیا دوای چێژ بکەون و لە ڕەنج دوور بگرن، ئەوسا گەڕانی مرۆڤ بۆ هەر شتێکی جگە چێژ و خۆپاراستنی لە هەر شتێکی جگە ڕەنج، گەڕان و پارێزێکە لەخۆڕا و زڕ. ئەگە ر داوای ئێمە لە درەخت بۆ ئەوەی ببێتە کورسی و، لە بەرد بۆ ئەوەی ببێتە ڕووبار، داوایەکە گاڵتەجاڕی و مەسخەرە، هەر بەو جۆرەش داوامان لە مرۆڤ بۆ ئەوەی دوای شتێك بکەوێ کە لە دەروونی خۆیدا لێی ناتوانە، داوایەکە مەسخەرە. ئەگەر ئەمە ڕاستە کە ئەم دوو هێزە، واتە گەڕان بۆ چێژ و دووری لە ڕەنج، حاڵ و دۆخی ژیانی مرۆڤ دیاریدەکەن، کەواتە مرۆڤ ئەگەر بتوانن بێ بەربەست و لەمپەر، تێکۆشەرانە و یەك وچان دوای چێژ بکەون، ئەوا بەختەوەر دەبن.

بەڵام ئەم پرسیارە قوت دەبێتەوە کە مرۆڤ بۆ بەختەوەر نین، بۆ لە دونیادا هێند بێ عەداڵەتی، ناکارامەیی، توندوتیژی و زوڵم و ... هەیە؟ وەڵامەکەی ئەمەیە: چونکو مرۆڤ نەیاندەزانی چۆن چێژ بدۆزنەوە و چۆن لە ڕەنج دوور بن. مرۆڤ ئەمەیان نەدەزانی، چونکو نەزان بوون و دەترسان. نەزانی و ترسی مرۆڤیش لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ لە خۆیدا بوونەوەرێکی باش و ئاقڵ نییە و، لە ڕابردووشدا ئەو کەسانەی حوکمی مرۆڤیان کردووە هەوڵیان ئەوە بووە خەڵکانی بندەستیان بەم کارە تایبەتەی سروشت نەزانن. ئەمە فێڵێکی بە بەرنامە و ئەنقەستی حاکمانە و ئاژاوەیەکە لە قەبری ئەو سوڵتان و سەرباز و قەشە و کاربەدەستانەوە دێت کە ڕۆشنگەرانی سەدەی هەژدە توند و قووڵ بە گژیاندا چوونەوە. دەسەڵاتداران دەیانەوێ خەڵك لە تاریکیدا بهێڵنەوە، چونکو بێ ئەم تاریکییە نادادپەروەرەی و ڕەفتاری سەرەڕۆیانە و نائەقڵانیی و نائەخلاقییان دەردەکەوێ. هەر بۆیەش هەر لە کاتی خوڵقانی مرچەوە، پیلانێکی قورس و کۆن، لە سەردەستی کەمینەیەکی خاوەن دەسەڵات دژی زۆرینەیەکی ناتوان لە کاردا بووە و هەنووکەش هەر بەردەوامە، چونکو گەر وانەبێ ئەو کەمینە ناتوانێ زۆرینە کۆیلە و بندەست ڕابگرێ.

مرۆڤ شیاوی بەختەوەری و فەزیلەت و حەقیقەتە و ئەم سیانە پێکەوەن و

گەر مرۆڤ دەستەبەری نەکردوون، هۆکەی ئەو لاوازی و ناتوانییەیە لە سروشتی خۆیدایە، واتە نەزانی و گێلی. کەوابوو یەکەم ئەرکی فەیلەسووف ئەوەیە بۆ تەندروستی و دروستیی کۆمەڵگا هەوڵ بدات خەڵك لەم نوقسان و ناتەواوییە ئازاردەر، بەڵام چارەدارە، رزگار بکات.

زانستی ئەخلاق[3] کە تەعبیرە لە جۆرێك رەوشت و رەفتاری کۆمەڵایەتی، شتێکە دەکرێ فێری بیت، چونکو دوامەبەستەکەی ئاشکرا و روونە. ئەگەر بپرسی «بۆ پێویستە وابکەین؟» وەڵامەکەی ئەمەدەبێ: بۆ ئەوەی ئێمە بە سروشتمان وەها خولقاوین وابکەین: چونکو شتێکی دیکەمان پێ ناکرێ. ئەگەر دوامەبەستی شتێك دیار بێ، لێکۆڵینەوەی پێ ناوێ: تاقە کاری پسپۆڕ، یان فەیلەسووف، ئەوەیە دەست بداتە خولقاندنی جیهانێك تێیدا ئەو ئامانجانەی مرۆڤ دەبێ دوایان بکەون و لێشیان ناچارن، بە کەمترین رەنجەوە، لە بنەڕەتیترین دەرکەوتەدا، زووبەزوو و بە کەمترین باجەوە دەستەبەر بن. ئەمانە قسەی هێلوێسیۆسن کە لای وایە فەیلەسووف وەك کاری میعماری بینایە، نەخشەی بیناکە هەیە، بەڵام نەدۆزراوەتەوە، کاری فەیلەسووفیش ئەوەیە بیدۆزێتەوە: نەخشەی کارەکەش ئەمەیە: گەڕان بۆ چێژ و دوورەپەرێزیی لە رەنج.

فەیلەسووفە فیزیۆکراتەکانیش کە لە پێشڕەوانی ئابووریی سەدەی هەژدەهەم بوون، دەیانگوت: قانووندانان[4] مانای دروستکردنی قانوون نییە، ـ دەبێ بەمەبڵێین *قانوونسازی* ـ قانووندانان مانای وەرگێڕانی ئەو شتەی لە سروشتدا هەیە و ئەگەری ئەوە هەیە پێی بگەین، واتە ئامانج و مەبەستەکان بە زمان و زاراوەی مافناسانە. ئامانج و مەبەستە راستەقینەکانی مرۆڤ دیاری کراوە و دەتوانین بیاندۆزینەوە، هەر چۆن قانوونەکانی فیزیك دۆزراونەتەوە.

3- Ethics
4- Legislation.



هەروەها وەڵامی ئەم پرسیارەش کە من بۆ دەبێ ملکەچی فلان یان فیسار حکوومەت و پادشا بم، دەبێ رێك وەك یاساکانی زانستی فیزیك، وەڵامێك بێت سەلمێندراو. هەر کات کارێك ببێتە هۆی بەختەوەری، واتە ئەگەر ئەم کارە لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا بێتەوە کە سروشت بۆی دیاری کردووین، ئەوا کارێکی باشە، بەڵام ئەگەر کارێك لە بەختەوەری دوورمان بخاتەوە یان لە بەختەوەریمان ببێتە کۆسپ، ئەوا کارێکی خراپە. ئەمە، یاسای سادەی گەڕانە بۆ حەقیقەت و دەبێ لە هەموو کاروبارێکدا پێڕەو بکرێ.

هێلوێسیۆس، بە پێچەوانەی بیرمەندانی دیکەی سەدەی هەژدەهەم زۆر بڕوای بە سروشتی مرۆڤ[5] نەبوو. لای ئەو مرۆڤ نە خێرخواز و نە شەڕخواز، بەڵکو بوونەوەرێکە تادوایی نەرم و شێوهەڵگر، بوونەوەرێك کە پەروەردە دەکرێ، جۆرێك ماددەی سروشتی کە دەستی سروشت و دۆخی جۆراوجۆر ـ بە تایبەت پەروەردە ـ چۆن بیەوێ دایدەڕێژێ. کەوابوو ئەو لای وایە هەوڵ بۆ چاکترکردنی مرۆڤ بە مشتومڕ و بەڵگاندن کارێکە بێهوودە و مەبەست لە چاکسازی دەبێ دروستکردنی هەندێ دامەزراوەی تازە بێ کە ئەرکیان زیاترکردنی چێژ و کەمکردنەوەی رەنجە، بۆ ئەوەی خەڵك تا دوایی بەختەوەر بکرێن و هەموو هۆکارەکانی بەدبەختی وەك نەزانی و نادادپەروەری لابرێ، بەڵام ئەم دۆخە بە ئامۆژگاری و پەندی رووت دروست نابێ، تەنیا لە رێگەی نموونە و ئایدیالسازیشەوە دانامەزرێ. خوتبە و نەسیحەتی رووتیش کارێکی ئەوتۆیان پێ ناکرێ، چونکو مرۆڤ ئێجگار گێل و زۆر لە دەوروپشتی خۆیان بێ ئاگان، چونکو مرۆڤ گیرۆدە و کۆیلەی شەهوەت و عادەت و دەمارگرژیی کوێرانە و بێمانا و ناماقووڵی خۆیانن. کۆی پەند و وانەکانی پەنددەرانی مەسیحی لە رابردوودا ئاکامێکی ئەوتۆی نەبووە، چونکو مرۆڤ هەر ئەوەن کە هەن و

5- Human Nature.

هۆکەشی پەروەردەی نالەبارە. دۆخی کۆمەڵایەتی خراپ و چەوت، هەژاری، لاوازیی، جەهل، ترس و کۆی ئەو هۆکارانە لە مەبەست و ڕێگەی حەقیقەتی خۆیان لایان داون و وەك دیاریشە گۆڕیونی بۆ هەندێ بوونەوەری نوقسان و لاواز و داماو.

ئەی ئەم دۆخە چۆن چارەی دێت؟ تاقە چارە **لاقەی دەستکردە**. هێلوێسیۆس بڕوای بەوە نییە مرۆڤایەتی خۆی لە خۆیەوە پێش بکەوێ، بەڵام هەندێ بیرمەندی سەدەی هەژدەهەم بڕوایان بەم جۆرە پێشکەوتنە هەبوو، وەك **تۆرگۆی** وەزیری مەزنی فەڕەنسا و، هاوڕێی هێلوێسیۆس، کۆندۆرسێ. ئەو، بە پێچەوانەوە، دەیگوت پێشکەوتن ئەو کاتە دروست دەبێ کە بڕێکی زۆری خەڵکی ڕۆشنگەر بە ورە و بەهرەی بێمەبەست دەستبدەنە چاککردنی دۆخی مرۆڤ، بە تایبەت ئەگەر ئەم خەڵکە بتوانن لە حاکمان بگەیەنن پێویستە فێری هونەری حکوومەتکردن بن، چونکو حکوومەتکردن بێگومان هونەرە و وەك هەموو هونەرێکی دیکە پێویستی بە زانیاری و ئاگاداری هەیە، هەر چۆن دروستکردنی پردێك کۆمەڵێك زانیاری و شارەزایی لە بیرکاری و میکانیك و فیزیك و شتی وەك ئەوانەدا پێویستە، ئەو کەسەش بە نیازی دەوڵەتدارییە دەبێ گەلێ زانیاریی لەسەر ئەتنۆلۆژی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و هەڵبەت عورفی گشتی و شتە ئەخلاقییەکان[6] هەبێ. هێلوێسیۆس لای وایە حاکمی سەرکەوتوو تەنیا لە ڕێگەی فێربوونی ئەم زانینانەوە تێدەگات کە تواناکانی مرۆڤ بەکردەوە چۆنن و کام یاسا بەسەر ڕەفتار و کرداری مرۆڤدا زاڵە. بەمجۆرەش دەتوانێ دەستبداتە هەندێ سیاسەت کە بەڕای خۆی شیاو و پێویستن. بێ ئەم زانیاریانە، حاکم تووشی هەڵەی گەورە و ترسناك دەبێ و وەها ئێستا و داهاتووی مرۆڤایەتی تێکدەدات هەزار جار لەوەی پێشووی خراپتر. کۆتاییەکانی سەدەی

6- Morals



هەژدەهەم، خەڵك چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد هەندێ لە حاکمان گوێ لە وانەی فەیلەسووفەکان بگرن، کە چاوەڕوانییەك بوو ڕاست و بەجێ: فرێدریکی گەورەی تزاری رووس، یان لەوانەشە کاترینی مەزن، مەلەکەی رووسیا و، بێگومان یۆزێفی دووهەمی پاشای هەنگاریا لەو حاکمانە بوون چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرا گوێ لەم ئامۆژە و وانە ڕۆشنگەرانانە بگرن و شان بدەنە بەر فێربوون.

ئەم کارە چۆن پێکدێنی؟ فەیلەسووف چی لە دەست دێت؟ چۆن دەتوانێ جیهان بگۆڕێ؟ دیارە نەك بە پەند و قسە، چونکو کەس گوێی لێ ناگرێ. بەڵکو ئەو دەبێ هەندێ چارەسەری کاریگەرتر بدۆزێتەوە و لە ڕێگەی دانانی قانوونەوە، فەزایەکی خەڵەتێنەر، ڕەنگامە و زۆر سەرنجڕاکێش دروست بکات؛ فەزایەکی وەك ئەو تەمسیلە عامیانەکەی گێزەر و کەرەکە، واتە گێزەرەکە بە کەر نیشان بدات بۆ ئەوەی بۆی ڕابکات و هەڕابە یان عارەبانەکە ڕابکێشێ. واتە فەیلەسووف کە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت دەبێ سیستەمێك بۆ خەڵات و سزا دامەزرێنێ، تاکو مرۆڤ کە شتێکیان کرد بەختەوەریی زیاتری بە دوادا هات خەڵات بکرێن و کە کارێکیشیان دژی بەختەوەری کرد، سزا بدرێن؛ وەکیتر مەرجیش نییە هاندەرەکانی خەڵك بۆ کارەکانیان پێوەندیی بە ئەنجامی کارەکەوە هەبێ، واتە گرنگ نییە خەڵك لەبەر ئەوەی چاك و خێرخوازن یارمەتی بەختەوەری دەدەن، یان بە پێی هاندەرێکی تایبەتی خۆیان، بۆ نموونە بە پێی خۆپەرستی و خوێڕیەتی. گرنگ نییە خەڵك لەبەر ئەوە دژی بەختەوەریی مرۆڤن کە شەڕخواز و پووتن، یان لەبەر ئەوەی کە هەندێ خەتاکاری نەزانن یان هەندێ شێتی ئایدیالیست. ئەو سوود و زیانەی کە بەرهەمی دێنن لە هەر دوو بواردا یەکسانە. کەوابوو دەبێ واز لە باسی هاندەر و نییەت بهێنین، چونکو لە هیچ بوارێك لەم بوارانەدا پێویست نییە. دژایەتی لەگەڵ پێشداوەری یان خورافەکانی مرۆڤ بێهوودەیە، چونکو ئەو نوقسان و ناتوانییانەی کە بەرهەمی جەهلن و لە

مێشكی خەڵكدا چەسپیون تەنیا لە درێژماوەدا چارە دەكرێن و هەر بۆیەش وەك پارێتۆی زانای ئیتالیی سەدەی بیستەم بە پارێزەوە وتوویەتی «لە باتی شەڕكردن لەگەڵ ڕەخنەكاندا، كەڵكیان لێ وەربگرە».

ئەمە ڕێك قسەی هێلوێسیۆسە: «ئێمەی چاكسازی ڕۆشنبین، نابێ لە بیری ئەوەدا بین كە بیروڕاكانی خەڵك بە بەڵگاندن و بورهان بگۆڕین، چونكو بە هۆی حوكمداریە هەڵەكانی پێشووەوە، خەڵكی ئێستا ئەوەندەیان ئەقڵ نییە لێمان تێبگەن». هێلوێسیۆس وتەنی دەبێ «زەمانی مەسڵەحەت» بخرێتە جێگەی «زەمانە گلەیی و ناڵە». وەك خۆی دەڵێ، گلەیی مەكە، بەرژەوەندی بێنە نێوان.

هێلوێسیۆس دەڵێ: «خوێژیەتیی مرۆڤ، تەنانەت ئەگەر بەقەد بیر و هۆشیان بەربڵاو و دەگمەن بێ، پێوەندیی بە منەوە نییە. ئەمە قانوونە كە حوكم دەدات و جڵەوی شتەكان بە دەستەوە دەگرێ». خەڵكی وریا، خۆیان چاكە و بەرژەوەندیی خۆیان دەناسنەوە. ئەمەی كە مرۆڤ لە بنچینەدا وێڵی چێژن و خۆ لە ڕەنج دەپارێزن و، ئەمەی كە مەبەستی سەرەكی یان تاقە مەبەستی دەسەڵات بەختەوەركردنی خەڵكە، ڕاست بێت یان هەڵە، ڕاستەقینە بێت یان ساختە، یەكێكە لە بنەما بڕواییە كۆنەكانی مرۆڤ و سەدەی هەژدە ناتوانێ بڵێ ئەو دایهێناوە، بەڵام ئەو شتەی ئەم سەدە كردوویەتی و تازەیە، تێكەڵكردنی ئەم بنەما بڕواییەیە لەگەڵ چەمكی بەكارهێنانی حەزە سروشتییەكانی مرۆڤ، بە بێ لە بەرچاوگرتنی لایەنی ئەخلاقی یان ڕۆحیی ئەم جۆرە حەز یان هاندەرانە. هەڵبەت، بەسەرهاتەكە زۆریش تازە نییە و دیرۆكی تایبەت بە خۆی هەیە و، ڕەگەكانی دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی كۆن، واتە بۆ ئەو بۆنە و ڕەسمانەی لە نێو هەندێ هۆگریی ئایینی یان نائایینیدا باو بووە، بەڵام گرێدانی لەگەڵ قوتابخانەی ئەقڵخوازیی[7] و

7- Rationalism



ماتریالیزم[8] و هێدۆنیزم[9] و بڕوا بە مەعریفە، هزر و جۆرێك سەیركردنی تایبەت بۆ تاكخوازی[10]، تەواو تازەیە و هەر ئەمەیە بنەڕەت یان ناوەڕۆكی قوتابخانەی گرنگایەتیی سوود، پێك دێنێ.

قانووندانەر دەبێ چەپەڵكاری و نوقسانەكانیش بە كاربێنێ و لە سەرەڕۆییەكانیش هەر وەك هەست، سۆز و تایبەتمەندییە بەهادارەكان كەڵك وەربگرێ. قانووندانەر، بۆ ئەوەی كارەكانی كاریگەر بن، دەبێ وا بكات كارەكانی لای خەڵك بەهادار دیار بن و، لە هەمانكاتدا كارێك بكات كە خەڵك بەوپەڕی دڵنیاییەوە داواكانی بەجێ بێنن. دەبێ خەڵك بۆ چاكە و ڕۆشتن لەسەر چاكە پاڵ بنێ ـ چ بیانەوێ و چ نەیانەوێ. بەڕای هێلوێسیۆس، دۆخی كۆمەڵایەتی ئایدیال بەرهەمی ئەو قانوونانەیە كە فەیلەسووفانی ڕۆشن بین دایان ناوە، جا لەم دۆخەدا كاتێ بەشێكی زۆری خەڵك جگە هاوبەشكردنەوەی بەرژەوەندییەكان بە مەبەستی بەختەوەریی، كارێكی دیكەیان نەكرد، ئەوا بێ ئەوەی خۆیان هەست بكەن، فێری هەڵسوكەوتی تازە و چاك دەبن.

لە ڕاستیدا ئەمە عادەتە خراپەكانی ئێستایە بەدبەختیان دەكات و هەر عادەتی چاكیشە بەختەوەریان دەكات. خەڵك نازانن چۆن خۆیان بەختەوەر كردووە و، لانیكەم تا ماوەیەك، نابێ لە چۆنێتی و ئەركی شێوەی ژیانی تازەیان تێبگەن، چونكو تەنیا لەم ڕێگەوەیە ڕادێن و خۆبەخۆ و بێ ئەوەی كەسێك هەوڵی بۆ دابێ

8- Materialism

٩- .Hedonism بە گرنگ و بنچینە زانینی چێژ و خۆشی بۆ مرۆڤ، بنچینەیەكی ئەم قوتابخانەیە كە شێوە ڕادیكاڵەكەی پەرستنی چێژە لە ئێستادا. لە لای فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری ئەم چەمكە زۆر دەبینرێ و لە سیاسەت، دەروونناسی و تاوانناسیشدا ڕەنگی داوەتەوە. ـ و. ك.

١٠- Individualism. بریتییە لەو ڕوانگەی كە تاك، جۆرێكی دەرهەست بە گرنگ و بنچینە دەگرێ و شێوە ڕادیكاڵەكەی دابڕینی مرۆڤە لە بوونێكی كۆمەڵایەتی و مێژوویی. ـ و. ك.

کردەوەکانیان دەبێتە کارێکی بەڵگەنەویست[11] و خۆبەخۆ و، ئەمەش بەختەوەریی بەدوادا دێت. مەرجی پەروەردەکردنی مرۆڤ و بەختەوەری، گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵگایە لە سەردەستی ئەو کەسانەی لە قانوونە کەم، بەڵام پێویستەکانی حکوومەتێکی راستەقینە تێگەشتوون، ئەو قانوونانەی تەنیا لە رێگەی بینینی زانستی و لەوانەشە ئەزموونی کردەوەیی و بەکارهێنانی ئەقڵەوە، لە سروشت هەڵهێنجراون. پاش ئەوەی یاسای زۆرەملی و لەبار دانرا، ئینجا سەرەی مامۆستایە، مامۆستایەك کە بە پشت و پەنای قانوون، دەتوانێ بێ ترس و خەمی قوتابییە گێلەکانی، مەزنیی مەعریفە و بەختەوەرییان فێر بکات، فێریان بکات بۆچی کەوتنە دوای چێژ و دووربوون لە رەنج ئاقڵانەیە؛ فێریان بکات چۆن بڕین؛ مامۆستایەك پێیان بڵێ بۆ زایدی و راهیبیکردن هەڵەیە، بۆ ئاقڵانە نییە و، تێگەشتنێکی هەڵەیە لە سروشت گەر وابزانی مرۆڤ دەبێ رەنج ببینێ و بەسەر لەشی خۆیدا زاڵ بێ.

هێلوێسیۆس گەلێ وانەی زۆر روونی بۆ مامۆستاکانی دوای خۆی پێیە و دەڵێ نابێ کاتی خۆیان بە مێژووەوە بەفیڕۆ بدەن، چونکو مێژوو چ نییە جگە حەکایەتی تاوان و شێتییەکانی مرۆڤ. لەوانەیە بکرێ هەندێ پەند لە مێژوو هەڵبکڕێنی. دەکرێ بەوانە بیلێیتەوە بۆ ئەوەی نیشان بدەی مرۆڤایەتی چۆن چۆنی بە هۆی دەسەڵاتی کەسانی فێڵەباز و بوودەڵە و مەکر و فێڵی حاکمانی کۆنەوە، ئەوەندەی پێویست بێ پێش نەکەوتووە، بەڵام خوێندنەوە و وتنەوەی مێژوو وەك مەبەست، کارێکە بێهوودە، چونکو تاقە مەبەست لە هەموو کار و کردارێك دەبێ بەختەوەرکردنی خەڵك بێت ـ کە پوختەکەی هەمان قوتابخانەی گرنگایەتیی سوودە.

هەر بەم جۆرە، پێویستە واز لە فێرکردن و پەرەدانی زمانە کۆنەکانیش بێنین، چونکو ئەم زمانە کۆنانە تەنیا هەندێ کەلهێووری مردوون و هیچ سوودێکیان نییە. ئەوی راستی بێت سوود جگە لە دەرەوەی کردەوەدا بێمانایە. هەر بۆیەش ئەو

11- Self-Evident.



شتەی کە پێویستە خەڵکی پێ پەروەردە بکرێ زانست و هونەرە و لە نێو هونەرەکانیشدا هونەرێك هەیە بەناوی هونەری ئەوەی هاوڵاتییەکی باش بێت. فێربوونی *رووت* و *پەتی*[12] نابێ لە کاردا بێ، چونکو هیچ شتێکی پەتی، واتە شتێك کە کەڵکێکی نەبێ، دڵخواز و ئایدیال نییە. فێربوون بۆ فێربوون، فێربوونی هەندێ باسە کە لە کۆن و لە سەدەکانی نێوەڕاستەوە ماوەتەوە و کەلهێووری ئەو سەردەمەیە کە تاقمێك جاهیل تاقمێك جاهیلی دیکەیان پەروەردە دەکرد، چونکو لایان وابوو هەندێ شت هەیە بەوە دەشێ لەبەر خۆیان دوایان بکەوی و فێریان بێت، با نەتوانی هیچ ئامانجێکی بەسوود و کەڵکیشیان تێدا بدۆزیتەوە. ئەوڕۆکە چیدی پێویستمان بەوە نییە کارێك بکەین کە نەتوانین ئامانج و مەبەستێکی بۆ دیاری بکەین. هەڵبەت ئەو مەبەست و ئامانجەش کە ئاماژەمان پێدا چ نییە جگە لە هەمان بەختەوەری.

ئەنجامێکی راستەوخۆی ئەم بڕوایە، روانگەیەکی سەیرە سەبارەت بۆ مافی مرۆڤ. مرۆڤ، پشتاوپشت لەسەر ئەوە رۆشتوون کە مرۆڤ هەندێ مافی هەیە، کە راناسپێردرێن. بڕوایەکی سەرەتایی نەریتی مەسیحییەت ئەمە بوو، کە مرۆڤ خاوەن رەوان و گیانێکی نەمرە و مادام مرۆڤ رەوان و رۆحێکی نەمری هەیە، کەسانی دیکە بۆیان نییە خۆی یان مافەکانی پێشێل بکەن. رۆح و ئەقڵی مرۆڤ دیارییەکە خودا داویە و راستەوخۆ سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زاتی خواوەند و هەر ئەمەش وادەکات مرۆڤ هەندێ مافی هەبێ کە بە گشتی پێیان دەڵێین مافە «سروشتی»یەکان. رۆحی مرۆڤ و ئەقڵیان، هەندێ چرکەن لە بوونی خواوەند و هەر بەم پێیەش هەندێ مافی «سروشتی»یان هەیە. مرۆڤ مافی خۆیانە ئەقڵیان بخەنە گەڕ، چێژ لە هەندێ شت ببینن، خاوەنی هەندێ شت بن، چونکو خاوەن تێگەشتن و ئەقڵن و ئەم مافانەش خودا یان سروشت پێی سپاردوون.

12- Pure.

فەیلەسووفانی سەدەی هەژدەهەمیش باسی مافەکانی مرۆڤ دەکەن و بە کردەوەش قوولّ بڕوایان پێی بوو و هەڵبەت ئەم بڕواش لەگەلّ قوتابخانەی گرنگایەتیی سوود دەقاودەق نەبوو. مافێك کە کەس نەتوانێ پێشێلی بکات، کەس نەتوانێ ئینکاری بکات، مافی کردنی ئەم یان ئەو کار و پیشە، لێرە یان لەوێ بوون، موڵکایەتی ئەم یان ئەو شت ئەویش بێ پێ خۆشبوون یان پێخۆشنەبوونی هەر کەسێك، هەموو ئەم مافانە لەمپەری بەردەم گۆڕانی کۆمەڵگان و رێگە لە بەختەوەریی زیاتری زۆربەی خەڵك دەگرن. ئەگەر من مافێکم هەیە رانەسپێردراو، وەك مافی موڵکایەتی و، تەنانەت مافی زیندووبوون و مافی ئەو ئازادییە سنووردارەی کە بە پێی عادەت کەسان سنوورەکانی دەناسن، ئەگەر ئەمانە مافی منن، کە وابوو قانووندانەر رەنگە لە هەوڵەکانی خۆیدا بۆ گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵگا و جیهان، تووشی ئەم لەمپەرە بێت کە بۆی نییە دەستکاریی مافەکانی من بکات، (بەڵام) ئەمە ئەو شتەیە کە قانووندانەر پێویستیەتی بۆ ئەوەی بتوانێ کۆمەڵگایەکی دوور لە ناکۆکی و ناتەبایی و خاوەن خۆشگوزەرانیی و دەستوور، دروست بکات.

ئەم دۆخە لای لایەنگرانی گرنگایەتیی سوود دۆخێکە نائەقڵانی. ئەگەر تاقە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی کردە، بەختەوەری یان بەدبەختی بێت، کە واتە ئەو مافە سەیرانەی کە خێرخوازە کۆمەڵایەتییەکان هێند لەسەریان سوورن و تەنانەت قانووندانەریش ناتوانێ لەگەلّ دۆخی کۆمەڵگا یەکیان بخات، دەبێ لە بنەوە لابرێن. کەوابوو ئەگەرچی هێلوێسیۆس لای وایە دەوڵەتی خێرخواز هەموو پێداویستیەکانی مرۆڤ دابین دەکات، بەڵام دیسان لای وایە ئەم مافە رەهایانە کە هیچ کەس ناتوانێ دەستیان لێ بدات (ئەو مافانەی تا ئەبەد دەژین، خەڵك بیانەوێ و نەیانەوێ، بەختەوەرییان لێ بکەوێتەوە یان نا) تەنیا هەندێ بەجێماوی دژە ئەقڵین کە لە کۆنەوە ماونەتەوە.



ئەمە رێك ئەو قسەیە کە **بێنتامیش** دەیکات. بێنتام پێڕەوکەرێکی پڕاوپڕی هێلوێسیۆس بوو و ئەگەرچی زاراوەی «قوتابخانەی گرنگایەتی سوود» لەگەلّ ناوی ئەودا لف بووە، بەڵام ئینساف حوکم دەکات بڵێین کەم ئایدیای بێنتام هەیە راستەوخۆ لە هێلوێسیۆس وەرنەگیرابێ. بێنتام سەربەستانە و بەوپەڕی راستگۆییەوە قەرزداریی بیری خۆی بۆ هێلوێسیۆس رادەگەیەنێ و دەڵێ زۆر شتی لێ فێر بووە، بەڵام بەڕای من تەنانەت ئەم وتەش دادی قەرزدارییەکە نادات.

ئەی رێکخستنەکانی ئەم کۆمەڵگا تازە و پڕ خێر و بێرە چ جۆرە رێکخستنێکە؟ بێگومان ئەم کۆمەڵگا ناتوانێ کۆمەڵگای دیموکراتیك بێ، چونکو (بە پێی ئەم بڕوا) خەڵك بەزۆری گێل و نەزان و پووتن و، دەشزانین گەر بیروڕای گشتی رکێفی کاروباریان بەدەست بێ، بە دەگمەن کارێك بکرێ، چونکو مرۆڤ تەمەنێکی زۆر لە تاریکیدا ژیاون و کاتێ لەپڕ خۆیان لە رووناکیدا دەبیننەوە، سەرسام دەبن و نازانن چی بکەن. مرۆڤ هەندێ کۆیلەی ئازادکراون و بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێ لە ژێر رێنوێنی و سەرپەرشتیی رێبەرانی رۆشنگەر، واتە هەمان مودیرانی رۆشنگەری کۆمەڵگای مرۆییدا بمێننەوە. ئەمە تاڕادەیەکی زۆر، بۆچوونی لیبراڵەکانی سەدەی هەژدەهەم بووە، واتە فەیلەسووفانی پێش رۆسۆ. ڤۆلتێر دەڵێ: «ئای لەو وەختەی کۆمەڵان دەست بدەنە بەڵگاندن[13]» و پاشان دەڵێ: «خەڵك وەك گاگەلن و تاقە شتێك کە پێویستیان بێت کۆت و داخ و ئالفە». لە ئینسکلۆپیدیای مەزندا کە **دیدرۆ** و **دالامبێر** چاپیان کرد و پێشکەوتووترین بەڵگەنامەی ئەو کاتەیە و بڵاوکەرەکانی رێك پاش (فەرمانی) سانسۆری ئایینوانان گیرۆدە بوون، لە وتارێکدا بە ناوی *کۆمەڵان*[14] ئەم رستە هەیە «لە بواری فیکریەوە، دەنگی کۆمەڵان پڕە لە نییەتچەپەڵی، گێلی، خراپە، گەندەڵی و پێشداوەری ... پڕە لە جەهالەت و کەللەپووتی ... لە بواری

13- Argument.
14- Masses.

ئەخلاقیدا، زۆر وریا بن: (کۆمەڵان) کاری راستەقینە و شەریفانەیان پێناکرێ ... لای ئەوان قارەمانی یەکسانە بە شێتی». هەر لەم بەرهەمەدا، شتێك لەسەر «سیستەمی چینی» هەیە کە بێئاگادارییەکی ئەوتۆ، زۆری بەسەردا هەڵدراوە و نووسراوە کە لەم سیستەمەدا **ماندارینەکان** کە تاقە کەسانی ئاقڵن گوێ لە قسەی کۆمەڵان ناگرن، بەڵکو بەرەبەرە بەرەو ژیانێکی رۆشنگەرانە پاڵیان دەنێن و ئەم کارەش بە دانانی هەندێ قانوون دەکەن کە کۆمەڵان چی لێ تێناگەن، بەڵام لەم رێگەوە جۆرێکی هەست پێنەکراو بەرەو رێگەی باش، واتە بەرەو بەختەوەری دەبرێن.

تاقە بنەمایەك هێلوێسیۆس پێی لەسەر دادەگرێ و وازی لێ ناهێنێ ئەم بنەمایە کە دەتوانی بە پەروەردە و دانانی قانوون، هەموو شتێك دەستەبەر بکەی. لە سەدەی هەژدەهەمدا گەلێ باس لەسەر ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی بارودۆخی خەڵك هەیە لە ئارادا بوو و بە جۆرێك هەموو فەیلەسووفەکانی ئەو سەدە، مرۆڤیان وەك شتێکی نێو سروشت سەیر دەکرد و لایان وابوو شتێك ناوی رۆحی نەمر بێ و تەواو لە ماددە جودا بێ، پاشماوەی بڕوا تاریکەکانی سەردەمانی پێشووە، (واتە سەردەمی پێش زاڵبوونی زانست بەسەر هەموو شتێکدا، ئەو سەردەمەی ئەفسانە جێگەی لێکدانەوەی زانستیی هۆکاری شتەکانی گرتبۆوە). لای ئەم فەیلەسووفانە، رۆحیش یەکێکە لەو ئەفسانانە و چەمکێکی وەك رۆح ناتوانێ وەڵامی پرسیار لە هۆکارەکانی چۆنیەتی ژیانی مرۆڤ و دۆخی ئێستای مرۆڤ بداتەوە. هەندێ کەس دەیانگوت هۆکاری هەرەگرنگ بۆگۆڕانی بارودۆخی خەڵك، ژینگەیە. هەندێ میکانیزمی جەستەیان بە گرنگ دەزانی و، هەندێکی وەك مۆنتسکیۆش لایان وابوو کە ئاوهەوا هۆکارە گرنگەیە، یان جۆری خاك و، هەندێ جاریش دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بە گرنگ دەزانران. لەپاڵ ئەمانەدا، کەسانێکی وەك هێلوێسیۆسیش لایان وابوو ئەو هۆکارانەی دیکە زۆر گەورە کراونەتەوە و ئەوەی دەتوانێ هەر کەسێك تاڕادەیەك بەو جۆرەی بە دڵی خۆیەتی لەکەڵ دەربێنێ، چ نییە جگە پەروەردە.



بەپێی ئەم بڕوا، کە بەرەبەرەش گۆڕا بۆ بنەمایەکی بڕوایی فەیلەسووفەکان، مرۆڤ شتێکە نەرم و شێوەهەڵگر، وەك گڵی دەستی گۆزەکەر کە دەتوانێ بە دڵی خۆی شێوەی پێ بدات. کەوابوو سپاردنی مرۆڤ بە خۆی، واتە بەرەڵاکردنی بۆ ئارەزوو و حەزی خۆی تاوانە، چونکو وەك رێگەدانە بە گێل و نەزانان بۆ خەڵەتاندنی مرۆڤ و کۆیلەکردنی. ئەم دۆخە ناتوانێ گەرەنتی بەختەوەریی مرۆڤ بکات.

بەڕای هێلوێسیۆس ئەوە تەنیا سوودە کە حوکمی مرۆڤ دەکات و، ئەو سوودەش خۆی شتێکە «رێژەیی»، چونکو بەرژەوەندیی و سوودی حاکم لەگەڵ بەرژەوەندی بندەستان یەکانگیر و دەقاودەق نییە و بەرژەوەندیی ئەوانی لە گەرمێن دەژین لە دانیشتووانی کوێستان جیاوازە، بەڵام بەمانەشەوە، پاڵنەری سەرەکی هەمیشە سوودە. هێلوێسیۆس ئەم ئایدیا لە تەمسیلێکی کورت و سەرنجڕاکێشدا وێنە دەکێشێ و داوامان لێدەکات حاڵی کۆمەڵێك مێشوولەی ورد کە لە مێرگێکدا دەژین و هەستی ئەو مێشوولانە بۆ ئەو حەیوانانەی پێشێلیان دەکەن، وێنا بکەین. ئەو بەرخۆڵەی لای ئێمە هێدی و ئارام لەم مێرگدا خەریکی لەوەڕینە، لای ئەوان دێوێکی گەورە و گرانە، مێشوولەکان دەڵێن:

**با لە دەستی ئەم حەیوانە بێ رەحم و تەماحکارە، لە دەستی ئەم دێوەی کە خۆمان و ژیانمان لەژێر کەڵبەیدا دەتلیقێینەوە هەڵبێین. بۆ ئەم دێوە رەفتاری وەك رەفتاری شێر و پڵنگەکان نییە؟ وەك رەفتاری ئەو حەیوانە میهرەبانانەی کە ماڵ و حاڵمان لێ وێران ناکەن، خوێنمان ناڕێژن، بەڵکو تۆڵەمان لەم تاوانکارانە دەکەنەوە و بەرخە نگریسەکان سزا دەدەن.**

ئەمە وێنای مێشوولەکانە بۆ جیهان و، ئەم روانینە لە هەموو لایەنەکانەوە روانینێکە هەموو بوونەوەرێك بە پێی تێگەشتنی خۆی بۆ جیهان، هەیەتی. کاری دانەری قانوون ئەوەیە هەلومەرجی ژینگەیی و خووی بوونەوەرانی مرۆیی بە جۆرێك

بگۆڕێ کە مرۆڤ چیدی نەبێتە قوربانیی گێلی و نەزانی و بەرژەوەندیی راستەقینەی مرۆڤ لەگەڵ ئەوشتەی وادەزانن بۆیان باشە، یەك بگرێتەوە و، ئەو شتەی بە راستی بێهوودەیە، بەشتێکی باش و بە کەڵك نەبینن. بەمجۆرە، مرۆڤ بەرخەکە وەك شتێکی بێڕەحم و پڵنگەکە بە مێهرەبان و نەجیب لە قەڵەم نادەن و شتەکە بەو جۆرە دەبینن کە شیاوە، بەڵام ئەم شتە تەنیا ئەو کاتە بەدیدێت کە، وەك زانیارەکان، (مرۆڤەکانی دیکەش) تێبگەن جیهان چییە، چۆنە و، چۆن بەڕێوەدەبرێ و رووی لە کوێیە.

خاڵێك ئاشکرایە: ئەو جیهانەی هێلوێسیۆس وێنەی دەکێشێ جێگەی ئازادیی فەردیی تێدا نابێتەوە و ئەگەریش جێگەی ببێتەوە، جێگەیەکی بچووکی پێ دەدرێ. لەم جیهانەدا، رەنگە مرۆڤ بەختەوەر بن، بەڵام ئازادی و مانای ئازادی بەرەبەرە کاڵ دەچنەوە، چونکو ئازادیی واتایەکی بەربڵاوی هەیە و کاری نەشیاویش لەخۆ دەگرێ. ئێمە وەك حەیوانەکان، پەروەردەمان بە جۆرێکە تەنیا داوای ئەو شتە بکەین کە بۆمان بە کەڵك و سوودە. لە وەها هەلومەرجێکدا، ئازادی هەر کات بریتی بێت لە رێگەدان بۆ دەستدانە هەموو کارێك، کردنی ئەم یان ئەو کار، بڕیاردان و هەڵبژاردن، تەنانەت بڕیاردان بۆ تێدابردنی خۆمان، ئەوا ئەم جۆرە ئازادییە بەرەبەرە بە هۆی پەروەردەیەکی سەرکەوتووەوە، تێدا دەچێ.

با کەمێك لەسەر «مەرجەکانی» ئەم جۆرە ئازادییە (کە لە راستیدا شتێکە وەك «جیهانی نوێ»ی *ئالدۆس هاکسلی*) بدوێین.

یەکەم: هەموو ئەو پرسیارانەی کە بابەتیان بەهاکانە، واتایەکی راستەقینە و هەستپێکراو وەردەگرن و وەڵامەکەیان دەبێ بە بەڵگاندن و بینین بدۆزرێتەوە. تەنانەت زانستی ئەخلاق و سیاسەتیش وەك زانستێکی سروشتی دەنرخێندرێن. هەندێ کەس ئەرك و یاساکانی کارکردن بەو زانستانەی لێی شارەزان، لە خەڵکی تر چاکتر دەزانن. هەندێ شتی وەك ئەخلاقی تایبەت و زانیاریی سیاسی و شارەزایی



لە کاردا هەیە، کە پسپۆڕان دەبێ شارەزای بن. ئەم پسپۆڕانە دەبێ دەسەڵاتی تەواویان هەبێ.

دووهەم: کۆی ئامانج و مەبەستەکان پێکەوە دەگونجێن و ناتوانن پێکەوە ناتەبا بن. ئەم پرسە زۆر جاران لە ئەزموونکردندا ناسەرکەوتوو دەبێ. بۆ نموونە دەزانین ئازادی وەك ئامانجی تاقمێك لەگەڵ یەکسانی کە ئامانجی تاقمێکی دیکەیە، نایەکانگیرە. یان گران بتوانین بەوە رازی بین کە بۆ «شانازی» دەبێ هەمیشە و خوبەخۆ لەگەڵ «نیشتیمانپەروەری»دا بگونجێ. ئەو تراژیدیا گەورانەی لەسەر دەستی نووسەرانی یوونانی کۆن و نووسەرانی هەنووکە خولقاون، تا رادەیەك هەموویان دەربارەی بەریەککەوتنی هەندێ بەهان کە ئاشت ناکرێنەوە، بەڵام ئەم خاڵە (واتە ناتەبایی بەهاکان) لە سەدەی هەژدەهەمدا ئینکار دەکرا، چونکو بە پێی بڕوایەکی هەرە باوی ئە و سەدەیە، سروشت هارمۆنییەت و تەباییەکی تەواوی تێدایە و لە ئەنجامی ئەم تەباییەشدا، لە سروشتدا هیچ شتێکی راستەقینە یان خاوەن بەها لەگەڵ شتێکی بە راستی خاوەن بەهای دیکە، ناتەبا نییە.

بنچینەی ئەم بڕوا، بەراوردێکی هەڵەیە کە لە لۆژیك و هێندسە وەرگیراوە. دەڵێن هەر چۆن لە سروشتدا هاوکێشەیەکی راست لەگەڵ هاوکێشەیەکی راستی دیکە ناتەبا نییە، (هەر بەم جۆرەش) ئەگەر ئەخلاقی گشتی هارمۆنییەتی تەواوی هەبێ و زانستێکی لێ دروست بکرێ، هیچ بەهایەك لەم ئەخلاقە گشتییەدا لەگەڵ بەهایەکی دیکە ناتەبا نابێ. بە دواشیدا کۆندۆرسێ دەتوانێ پێداگرانە بڵێ «سروشت، حەقیقەت و بەختەوەری و فەزیلەتی[15] بە زنجیرێکی نەچڕ پێکەوە بەستووە». ئەنجامی ئەم شتەش ئەوەیە کە کێ تەواو ئاگاداری حەقیقەت بێت، هەم فەزیلەتی هەیە و هەم بەختەوەرە. زانیاران حەقیقەت دەزانن، کەوابوو خاوەن فەزیلەتن، هەر بۆیەش دەتوانن بەختەوەرمان بکەن، کەوابوو با کاروبار بە ئەوان

15- Dignity.

بسپێرین. ئەو شتەی ئێمە پێویستمانە جیهانێکە زانیاران بەڕێوەبەری بن، چونکو چاکبوون، زانابوون، زانیاربوون و شەریفبوون، لە دواییدا یەکێکە.

نەریتێکی قووڵ و دێرین لە ئەورووپا هەیە، کە ئەم تیۆرە پشتڕاستدەکاتەوە بە پێی ئەو نەریتە دەسەڵاتی زانستی باشترین جۆری حوکمدارییە و هەندێ چاکسازی وەك **ئێچ. جی. وێلز** بەردەوام بە گوڕوتینێکی تێکەڵ بەرقەوە پرسیویانە کە بۆ نابێ دەسەڵات بە دەستی نوخبەیەکی زانیار بێ. لە راستیدا مێژووی ئەم جۆرە بۆچوونە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم و بۆ ئەو کاتەی کە حەقیقەت و بەختەوەری و فەزیلەت لایان لەگەڵ یەك ناتەبا نەبوون، چونکو لایان وابوو لە سروشتدا هیچ شتێك ناتوانێ لەگەڵ شتێکی دیکە ناتەبا بێ و هەر بۆیەش هەموو تراژیدیاکان بەرهەمی هەڵەن، چونکو لە جیهاندا هیچ شتێك نییە لە خۆیدا تراژیك بێت. هەموو تراژیدیا و ناتەباییەك چارەسەر و دەربازی هەیە.

پێشمەرجێکی دیکەی ئەم نەریتە ئەمەیە، کە مرۆڤ لەگەڵ سروشت یەکە و درێژکراوەی سروشتە. هەر بۆیەش بێگومان زانستێك هەیە کە پێوەندیی بە مرۆڤەوە هەیە[16]. وەکی تر، مرۆڤیش وەك هەموو شتێکی نێو سروشت، شێوە هەڵگر، نەرم و بگۆڕە. ئەم خاڵەش پرسیاری لەسەرە، بەڵام بێگومان فەیلەسووفانی ئە و سەدە بڕوایان پێی بوو. **بارۆن دێلباخ** دەڵێ «پەروەردە تەنیا چاندنی زیەنە». حکوومەتکردن بەسەر مرۆڤدا وەك پەروەردەکردنی حەیوانە. کەوابوو، مادام ئامانج و دوا مەبەستەکە دیارە و مرۆڤیش بوونەوەرێکە دەکرێ فۆرمی پێ بدرێ، پرسەکە لەپڕ لایەنێکی تەکنیکی وەردەگرێ: چون مرۆڤ لەگەڵ یەك و لەگەڵ جیهانی دەوروپشتیان **تەبا** و جووت بکەین بۆ ئەوەی لە ئاشتی وخێر و خۆشیدا بژین؟ بێگومان بەرژەوەندیی کۆی مرۆڤ لە یەك شتدا نییە، هەر بۆیەش دەبێ لەگەڵ یەك تەبا بکرێن و ئەمەش ئەرکی قانووندانەرانە. هەر وەك هێلوێسیۆس دەڵێ، مەرج

16- Science of man.



نییە بەختەوەریی مرۆڤێك بە حەتمی بە بەختەوەریی کەسانی دیکەوە بەسترابێ، بەڵام گوشاری کۆمەڵ و کاری فەیلەسووف ئەم بەختەوەرییانە پێکەوە دەبەستێ. کەوابوو دەسەڵاتی رەهای نوخبە و زانایانمان پێویستە.

رەنگە کەسانێك هەبن ئەم پێداویستییە پشتڕاست بکەنەوە. **لۆ مپرسی دۆ لا دیوییرێ**، فیزیۆکراتی گەورە، دەڵێ: «ئۆقلیدێس جەببارێکی راستەقینەیە و ئەو بابەتە هێندسیانەی ئەو دۆزیونیەوە و بۆ ئێمەی بەجێهێشتووە، هەندێ قانوونی تەواو جەببارانەن[17]. جەبباریەتی ئەم قانوونانە و جەببارییەتی تاکەکەسیی دانەری قانوون، جیاواز نین و یەکێکن. هەردووکیان بەڵگە نەویستێکی بەرپەرچنەدراون». مادام هێندسەکارەکان دەتوانن جەببار بن، بۆ فەیلەسووفەکان نەتوانن وابکەن؟ مادام لە حەقیقەتەکانی هێندسە راناکەین، ئەی بۆ لە حەقیقەتی فەیلەسووفەکان بسڵەمێینەوە؟ ئەوە سروشت و تەنیا سروشتە فێری فەیلەسووفەکان دەکات ئامانجی راستەقینەی مرۆڤ کامانەن.

راستە، سروشت بەردەوام و بە زمانی جۆراوجۆر دەدوێ و گەلێ دەرکەوتەی جۆراوجۆری هەیە. بۆ نموونە **سپینۆزا** دەڵێ: سروشت سیستەمێکە لۆژیکی و **لایبنیتز** دەڵێ ئۆقیانووسێکی قووڵە لە رۆحی جۆراوجۆر، لای **دیدرۆ** جیهان ماشێنێکە بە تەسمە و قژقژە و فەننەرەوە، لە کاتێکدا بۆ **هێردێر** جیهان گشتێکە ئۆرگانیك و زیندوو. مۆنتسکیۆ باسی جۆراوجۆریی بێکوتا و بەهای ئەم جۆراوجۆرییە دەکات و هێلوێسیۆس باسی یەکهەوایی نەگۆڕ. رۆسۆ دەڵێ ژیار و زانست و هونەر جیهانیان خراپ و پیس کردووە و، دالامبێر بەڵێن دەدات نهێنییە شاراوەکانی ئاشکرا بکات. کۆندۆرسێ و **پێین** لایان وابوو سروشت هەندێ مافی رانەسپێردراوی لە سروشتی مرۆڤدا داناوە؛ بەرای بێنتام ئەم جۆرە قسەکردن لەسەر سروشت دەکرێن «تەنیا هات و هاوارێکە لەسەر لاپەڕە» و هەندێ «قوڕپیاتی زژ».

17- Tiranic.

بەڕای **بێرکلی** سروشت زمانی خودایە و بۆ مرۆڤ کۆڵێ قسەی پێیە. هۆلباخ دەڵێ هیچ خودایەك لە کاردا نییە و کەنیسەکان تەنیا پیلانن. **پاپ** و **شافتسبری** و رۆسۆ سروشت بە هارمۆنیایەکی بەشکۆ و سەیری دەزانن و، **هێگل** لای وایە سروشت دەشتێکی بەرینی پڕ لە شانازییە کە شەوان تێیدا لەشکری گەورە دەجەنگن. **دۆمێستیر** سروشت وەك گیانەڵڵایەکی پڕ لە خوێن و گیانفیدایی و تۆقین دەبینێ.

سروشت چییە؟ مەبەست لە «سروشتی» چییە؟ گێسنی ستێچێن دەڵێ کەسێکی ئینگلیزی کە سەدەی هەژدە سەفەری فەڕەنسەی کردبوو، بینیبووی سەربازەکان لەبەرکردنی جلی شینیان لا «ناسروشتی»یە مەگەر ئەوەی ئەندامی تۆپخانە یان لەشکری سوارە بن. بێگومان سروشت بە گەلێ هەوا و زمان دەدوێ، جا ئەگەر ئێمە بمانەوێ کار بە هەموو ئەو حوکم و زمانانە بکەین تووشی کێشەیەکی گەورە دەبین: کۆمەڵێك فەرمان و داوای جۆراوجۆر و ناتەبا، کە نە هیوایان پێیە و نە چارەسەر.

هێلوێسیۆس زۆر لەسەر ئەو شتەی سروشت فێری کردووە پێدادەگرێ و راشکاوانە دەڵێ **دەزانێ** سروشت پێی گوتووە کە تاقە کارێك مرۆڤ دەتوانن و دەبێ بیکەن ئەوەیە دوای چێژ بکەون و لە رەنج دووری بکەن. هێلوێسیۆس سیستەمی سوودخوازیی هەر لەسەر ئەم بنەڕەتە دامەزراند، ئەو سیستەمەی بە باشترین ورەی پتەو و چاکترین نییەت بۆ نەهێشتنی ناعەدالەتی، دژی نەزانی، دژی دانانی سەرەڕۆیانە و بەدلەخۆی قانوون، دژی کۆی ئەو ترس و قرێژیانەی سەدەی هەژدەهەمی ئاخنیبوو، پڕ چەك کرابوو، بەڵام ئەم سیستەمە چ نەبوو جگە جۆرێك سەرکوتکاریی تەکنۆکراتیك.

بەمجۆرە، سەرکوتکارییەکی دیکە جێگەی جەهالەت، سەرکوتکاریی ترس و تۆقین، دەسەڵاتی قەشەی خورافەپەرست و سوڵتانە سەرەڕۆکان و کۆی ئەو دێوانەی گرتەوە کە رۆشنگەریی سەدەی بیستەم دژیان راپەڕیبوو؛ سەرکوتکارییەکی نوێ لە



شێوەی سەرکوتکاریی تەکنۆلۆژیا، ئەقڵ و هزردا دەرکەوت، سەرکوتکارییەك کە ئەوەندەی دوژمنی ئازادییە، ئەوەندەش دوژمنی واتای هەڵبژاردنە، هەڵبژاردن وەك خاوەن بەهاترین شتی ژیانی مرۆڤ و نەك تەنیا وەك (هەڵبژاردنی) شتێکی باش، بەڵکو هەڵبژاردن تەنیا لەبەر هەڵبژاردن. ئەم ئایدیاش، تا رادەیەك پاساوێك بووە بۆ کۆمۆنیزم و فاشیزم[18] و هەموو هەنگاوێك کە بۆ بەرگرتن بە ئازادیی مرۆڤ هەڵگیراوە، هەروەها پاساوێکیش بووە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگای مرۆیی بۆ گشتێکی یەکە و هارمۆنیك و بەردەوام، کە تێیدا مرۆڤ لە داهێنانی فەردی، بە هەر رادەیەك کە ببێ، بێبەش و بێبەرییە. ئەمە سیستەمێکە زۆر راست و تیر و پڕوێتەو کە تێیدا جێگەیەك بۆ جووڵان نەماوە. رەنگە ئەم سیستەمە بتوانێ شتێك لە بەختەوەری بداتە مرۆڤ، بەڵام هیچ گەرەنتییەك نییە، لە سەدەی هەژدەهەمدا وەها گەرەنتییەك نەبووە و بێگومان دواتریش نابێ، گەرەنتییەك کە بتوانێ ئەوە بسەلمێنێ بەختەوەری تاقە بەهای راستەقینەی ژیانە، گەرەنتییەك کە لە چاونووقانێکدا مرۆڤ بەختەوەر بکات.

---

١٨- دەرکەوتەی هەرە زەقی بەیەککردنی کۆمۆنیزم و فاشیزم، وەك لای بێرلینیش بە زەقی هەیە، کۆکرانەوەی لە ژێر چەمکی تووتالیتەردا لای هانا ئارێنت، بەڵام هەنووکە ئەم جۆرە روانینە، تەنانەت لە کارە دواییەکانی هانا ئارێنت خۆیشیدا، رەخنەکراوە، لانیکەم لەبەر ئەوەی کۆمۆنیزم و فاشیزم دوو گوتارن لە بنچینەدا جیاواز. کۆمۆنیزم جیهانییە و رزگاریی مرۆڤایەتی بە بنچینە دەگرێ و فاشیزم رەگەز و وڵات و نەتەوە. ـ و. ك.

# ژان ژاك رۆسۆ

لۆرد ئاكتۆن، مێژوونووسی بە ناوبانگ، سەبارەت بە ژان ژاك رۆسۆ وتوویەتی «كاریگەری قەڵەمەكەی لە ئەرەستۆ، سیسرۆن، سەن ئۆگۆستین، سەن تۆماس ئاكویناس، یان هەر كەسێكی دیكە زیاتر بووە». ئەم رایە ئەگەرچی بە ئاشكرا گەورەكردنەوەی تێكەڵە، بەڵام تەعبیرە لە شتێك كە زۆریش ناراست نییە. بە پێچەوانەی ئەم وتە، دەتوانین ئەم وتەیەی مادام دۆستایل بگێڕینەوە كە دەڵێ: «رۆسۆ شتێكی تازەی نەوت، بەڵام هەموو شتێكی ئاگردا».

بەردەوامیی ناوبانگی رۆسۆ لە چیدایە؟ بۆ بە بیرمەندێكی گەورەی دەزانن؟ مەگەر چی وتووە؟ ئاخۆ شتێكی تازە و بنچینەیی دۆزیوەتەوە؟ ئاخۆ (ئەگەر قسەی ستایل راست بێ) قسەیەكی تازەی نەكردووە؟ ئەی ئەگەر قسەی تازەی پێ نەبووە، چۆنە بۆچوونی وەك رایەكەی لۆرد ئاكتۆن لەسەری راستە؟

هەندێ كەس دەڵێن نبووغی رۆسۆ تەنیا هی فەساحەتی سەیر و شێوازە تواناكەیەتی، بۆ نموونە پەخشانی بەبڕشتی كتێبی *دانپێدانان*، ئەو كتێبەی كەم كەس دەتوانێ بە سادەیی واز لە خوێندنەوەی بێنێ، كتێبێك كە بە جۆرێك زیاد لە هەر بەرهەمێكی ئەدەبیی هاوشێوەی خۆی، كاری لە خوێنەرانی كردووە. ئاخۆ، ئەگەر وابێ، وتەكانی رۆسۆ هیچ شتێكی تازەی تێدا نییە؟ ئایا ئەوە هەمان، وەك دەڵێن، قسە حیكمەتاوییەكانی حەكیمانی پێشووە كە بە دەنگ و دەربڕینێكی دیكە بە زمانی رۆسۆدا دێتەوە؟ هەندێ كەس گرنگایەتی رۆسۆ لەوەدا دەبینن كە بەسەر سۆز و هەڵچووندا هەڵدەدات، لە كاتێكدا بیرمەندانی پێش ئەو رووی قسەیان لە ئەقڵ و ئاوەزە، بەڵام لە بەرهەمەكانی دیدرۆ و هێلوێسیۆس، شافتسبری و هیوومیشدا گەلێ باسی سۆز و هەڵچوون دەكرێ. ئەم بیرمەندانە لایان وایە نەك



نابێ ـ وەك هەندێ ئایین و هەندێ فەیلەسووفی وەك ئەفلاتوون و سپینۆزا دوای دەكەون ـ هەستەكانی مرۆڤ سەركوت بكرێن، بەڵكو داوای ئەوەش دەكەن كە بە پێچەوانەی ئایین و ئەو دوو فەیلەسووفە، خووی خۆهاندەر و بێ ركێفی مرۆڤ نابێ بەند و سەركوت بكرێ. گومانی تێدا نییە كە هەڵچوون و سۆزەكان دەبێ ئاراستەیان پێبدرێت و بەرەو رێگەی دروست پاڵبنرێن، بەڵام نابێ بە هیچ جۆرێك سەركوت بكرێن. بە پێچەوانەوە، بیرمەندانی قوتابخانەی وەك دەڵێن گرنگایەتیی ئەزموون[19]ی سەدەی هەژدەهەم، زیاد لە هەموو بیرمەندێكی دیكە پێیان لەسەر بایەخی هەستەكان، ئەمەگناسیی و نەرمیی مرۆڤ داگرتووە. لەم بوارەدا، كەم نووسەر هەیە بەقەد دیدرۆ بەهەست و سۆز بێت.

ئەگەر نووسراوەكانی رۆسۆ سەیر بكەین، رواڵەتی بابەتەكە بە پێچەوانەیە. رۆسۆ بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ هەستی بێبەربەستدا نییە. بە پێچەوانەوە و بە پاڵپشتی نەریتێكی فەلسەفیی گەورە دەڵێ هەست، خەڵك پەلپەل دەكات، لە كاتێكدا ئەقڵ كۆیان دەكاتەوە. هەست شتێكە زیەنی و فەردی كە بەپێی جۆراوجۆریی كەسان، شوێن و كەش و هەوا دەگۆڕێ، بەڵام ئەقڵ لە هەموو مرۆڤێكدا یەكە و تەنیا ئەقڵیشە كە راستە. بێگومان، وەك لە نووسینەكانی رۆسۆوە دیارە، بانگی ئەوەی كە رۆسۆ پێغەمبەری هەڵچوون و هەستەكانە دژی ئەقڵی وشك و سارد، بانگێكە زڵ و ناحەقیقی.

بە رای رۆسۆ، هەندێ پرسیاری وەك پرسیار لە شێوەی ژیان و چارەسەر و پێژەوكردنی كام سەرچاوە، گەلێ وەڵامی ناكۆك وەڵام دراونەتەوە، واتە هەندێ وەڵام كە خۆیان بەرهەمی كەڵەكەبوونی هەست و خواستی مرۆڤ، پێشداوەری و خورافەیەكن كە گەلێ هۆكاری سروشتی كاری لە سەر كردوون و وایكردووە خەڵك بەدرێژایی چەندین سەدە هەر جارە و شتێك بڵێن، بەڵام ئەگەر بۆ وەڵامی حەقیقیی

19- Empiricism

ئەم پرسیارانە بگەڕێین، ئەم شێوە بەکەڵکمان نایەت. دەبێ پرسیارەکە جۆرێك بپرسرێ بکرێ وەڵام بدرێتەوە و ئەمەش تەنیا بە ئەقڵ دەکرێت. هەر چۆن لە زانستدا وەڵامی راستی زانستوانێك بۆ زانستوانی دیکەش جێی بڕوایە، هەر بەم جۆرەش لە زانستی ئەخلاق و سیاسەتیشدا دەبێ وەڵامی ئەقڵانی بە وەڵامێکی دروست دابنرێ، چونکو حەقیقەت یەکێکە و تەنیا هەڵەیە لە یەکێك زیاترە.

ئەمانە هەمووی کۆمەڵێك کێشەی رووکەشی و بە جۆرێك بەڵگەنەویستن کە جگە هەندێ فەیلەسووف، فەیلەسووفانی دیکە بە باشی دەرەقەتی پەرەدان و لێکدانەوەیان نەهاتوون. رۆسۆ کاتێ دەڵێ ئەقڵ لای مرۆڤ یەکێکە و دەبێتە یەکگرتن (بەڵام هەستەکان پەلپەلبوونی مرۆڤ بەرهەم دێنن) لە راستیدا تەنیا بڕواکانی پێشینانی خۆی دووپات دەکاتەوە. کەوابێ کام وتەی ئەو راستە؟ هەڵبەت نێوی رۆسۆ هاوتایە لەگەڵ ناوی کتێبی *پەیمانی کۆمەڵایەتی*، بەڵام ئەم کتێبەش شتێکی تازەی تێدا نییە. لە لایەنی مێژووییەوە، لە کۆمەڵگادا، مرۆڤ ناچاربوون بۆ پاراستن و مانەوەی خۆیان جۆرێك پەیمان پێکەوە گرێبدەن، یان بە هەر جۆرێك، بە چەشنێك هەڵسوکەوتیان کردووە چما بڕیار و پەیمانێك لە ئارادایە و، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگادا هەندێ لە هەندێکی دیکە بەهێزتر یان نییەت خراپترن، خەڵك ناچار هەندێ دامەزراوەیان دروستکردووە کە زۆرینەی کەم هێز بتوانن بەر بە سەرەڕۆییەکانی زۆرینەی خاوەن هێز بگرن. دیرۆکی ئەم ئایدیایانە بێگومان تا یۆنانی کەونارا درێژە.

کەوابوو ئایا رۆسۆ جگە هەندێ گۆڕان و دەستکاریی کەم، شتێکی بەم بابەتە زیاد کردووە؟ رەنگە هەندێ کەس بڵێن رۆسۆ ئازادیی فەردی و دەسەڵاتی ئاشت کردۆتەوە، بەڵام ئەمەش هەر لە لایەن کەسانی پێش ئەوەوە باسکراون. لە راستیشدا ئەمە کەڵکەڵەی ماکیاڤێل، بوودێن، هابز و لاك بوو. لە مێژووی بیری سیاسیدا پرسیار نییە بەقەد ئەم پرسیارە ئاسایی و ناسراو بێت کە «چۆن ئارەزووی



مرۆڤ بۆ ئازادی لەگەڵ پێویست بوونی دەسەڵات، ئاشت بکرێنەوە؟» کۆی بیرمەندانی سیاسی لە سەر ئەم خاڵە تەبان کە مرۆڤ دەیانەوێ ئازاد بن، واتە چییان ویست بیکەن و کەسیش بەریان پێ نەگرێ و ئازاد بوون لە هەر کۆت و بەندێك بەهایەکە مرۆڤ ئامادەن خەباتی بۆ بکەن و ئامانجێکە بەدیهێنانی بۆ دابینکردنی ژیانێك کە زۆربەی خەڵك داوای دەکەن، پێویستە.

لە لایەکی دیکەوە رێکخستنی ژیانی خەڵکیش پێویستە. مرۆڤ لە کۆمەڵگادا دەژین (جا لە بەر هەر هۆیەك بێت) و مادام لە کۆمەڵگادا دەژین، وەك ئەندامی کومەڵگا ناتوانن چییان پێ خۆش بوو بیکەن، چونکو رەنگە ببنە کۆسپی بەدیهاتنی ئامانجی کەسانی دیکە. کەوابوو پێویستە جۆرێك پەیمانی کۆمەڵایەتی گرێ بدرێ.

پێش رۆسۆ، بیرمەندان گەلێ جۆر وەڵامی ئەم پرسەیان داوەتەوە. وەڵامەکانیش بە پێی روانگەی هەر کەسێك لەم کەسانە بۆ مرۆڤ، وەڵامێکە جیاواز. هابز کە سروشتی مرۆڤی بەشێکی زۆرباش نەدەزانێ و لای وابوو مرۆڤ زیاتر خراپە تاکو چاك و زیاتر وەحشییە تاکو ماڵی و دەستەمۆ، پێی وابوو پێویستە دەسەڵاتێکی بەهێز هەبێ کە کەف و کوڵی لە پڕ و دیارە وەحشی و حەیوانیی مرۆڤ رکێف و کۆنترۆڵ بکات. هەر بۆیەش هابز لە نێوان ئازادی و دەسەڵاتدا، دەسەڵاتی هەڵدەبژارد، چونکو بە رای ئەو پێویستە بڕێکی زۆر لە دەسەڵات بخرێتە گەڕ بۆ ئەوەی مرۆڤ نەتوانن یەکتر تێدا ببەن، ژیان تێکبدەن و دۆخێك دروست بکەن کە ئازاردەر، ناخۆش و پڕ لە توندوتیژی بێت و تەمەنی ئەندامانی کۆمەڵگای نێو ئەو دۆخە، کورت. هەر بۆیەش هابز بواری ئازادیی فەردی زۆر کورت و تەنگ دەکاتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، لاك کە پێی وابوو مرۆڤ زیاتر لەوەی خراپ بن، چاکن. لای وایە پێویست ناکات سنوورەکانی قانوون هێند بەرتەسك و تەنگ بکرێتەوە و

دەکرێ کۆمەڵگایەك دابمەزرێ تێیدا هەندێ لەو مافانەی مرۆڤ پێش کۆمەڵگا هەیانبووە (ئەو کاتەی «ژیانی سروشتی» دەژیان) لە کۆمەڵگای مەدەنیدا بپارێزێ. لاك، بەراورد بە هابز، مافێکی فەردیی زیاتری بۆ مرۆڤ لە بەرچاو دەگرت و دەیگوت مرۆڤ بە سروشت و لە خۆیاندا بوونەوەرێکی خێرخوازن و پێویست ناکات زۆریان لێ بکرێ و برووخێندرێن و مامەڵەی بوونەوەرێکی نەگۆڕیان لەگەڵ بکرێ. لە کاتێکدا ئەم (زۆرە) هەر ئەو شتەیە هابز بۆ دابینکردنی شتێك لە ئاسایش و بۆ مانەوەی کۆمەڵگا، بە پێویستی دەزانێ.

خاڵی گرنگ لای من ئەمەیە کە مشتومڕی ئەم بیرمەندانە تەنیا مشت و مڕە لە سەر سنوورەکانی ئازادی و دەسەڵات هەروەها ئەمەی کە ئەم سنوورانە، بە هەر جۆر، سنوورێکن بگۆڕ. سەدەکانی نێوەڕاست، ئەو کاتەی کە بڕوای سیاسی رادەیەکی زۆر بە تیۆلۆژیاوە بەسترابوو، ئەم خاڵە بە شێوەی ناتەبایی لە سەر ئەم پرسیارە رەنگیدایەوە کە ئایا لە مرۆڤدا گوناهی یەکەمین کە وادەکات مرۆڤ وەحشی و خراپ و چنۆك و کۆنترۆڵ و چاودێرێنەکراو بێ، بەهێزە یان ئەقڵی سروشتی و خوداداو کە وادەکات مرۆڤ دوای ئامانجێکی خێر بکەوێ؟ سەدەکانی دواتر، کە کۆمەڵگا *دونیایی* (یان سێکۆلار)تر ببۆوە، ئەم چەمکانە جۆرێکی هەست پێنەکراو بۆ زاراوەی *دونیایی* وەرگێڕدران و مشتومڕ لە سەر دەسەڵات و هێز، لە لایەنی مێژوویی یان دەروونناسییەوە شێوەیەکی دونیایی لە خۆگرت و پرسیارەکە لەم کەولەدا دەرکەوت کە «ئازادی چەندە، دەسەڵات چەندە، زۆر چەندە، بەرامبەر چ بڕێك لە ئازادی» و چونکو دەبوا مەسلەتێك بکرێ، زانایانی ئەو کات مەزنەی چارەسەرێکیان کرد. چارەسەرەکە گرێدراوی ئەوە بوو کە بە راستی پێکهاتنی سروشتی مرۆڤ بە پێی فلانە پیدراوی زانستی وەك کاریگەریی کەش و ژینگە و هتد ـ کە بۆ نموونە مۆنتسکیۆ جەختی لە سەر دەکردەوە ـ دەبێ چۆن بێ.

بەڵام ئەسڵبوونی وانەکانی رۆسۆ لە بەر ئەوەیە کە دەڵێ ئەم تێگەشتنە هیچی



لێ ناکەوێتەوە. سەیرکردنی رۆسۆ بو ئازادی و دەسەڵات، لە بۆچوونی زانایانی پێش خۆی جیاوازە و، ئەگەرچی رۆسۆش هەمان زاراوە بەکار دێنێ، بەڵام ناوەڕۆك و واتایەکی دیکەیان بە بەردا دەکات. رەنگە ئەم خاڵە سڕێکی گەورەی فەساحەت و بڕشتی وتەکانی بێ، واتە رۆسۆ هاوکاتی ئەوەی بە رواڵەت هەندێ قسە دەکات کە لەگەڵ قسەی کەسانی پێش خۆی زۆر جیاواز نییە و، ئەگەرچی ئەو رستانە بەکار دێنێتەوە، بەڵام واتاکەیان جۆرێك دەگۆڕێ و وەها دەستکارییان دەکات کە خوێنەر بێ ئەوەی بزانێ، لە رێگەی هەندێ زاراوەی ئاشناوە، بەرەو خاکێکی تەواو جیاواز رادەکێشرێ. رۆسۆ شتێك دەڵێ و شتێکی دیکەی مەبەستە. بەڵگەهێنانەوە و مشتومڕەکەی لە رواڵەتدا لە هەمان بابەتی کۆن دەدوێن، بەڵام ئەو روانگەی بە سەر خوێنەردا دیکاتەوە، تەواو جیاوازە لەو گەڵاڵەی کە بە رواڵەت لە پێشینانی خۆی قەرز کردووە. با بۆ نموونە باسی هەندێ چەمکی وەك ئازادی، پەیمان و سروشت بکەین لە ئامۆژە یان دۆکترینەکانی رۆسۆدا.

یەکەم، ئازادی. رۆسۆ لەگەڵ ئەوەدا نییە ئازادی بکرێتە قۆچی قوربان و بە ناوی نەرمی و هەڵکردنەوە بۆ مەسلەت بیبوێری و بڵێی «مادام ناتوانین هەموو ئازادیمان هەبێ، چونکو ئازادیی تەواو خۆی دەبێتە هۆی ئاژاوە و، مادام ناشتوانین بە دەسەڵاتێکی رەها و بێ سنوور قاییل بین. چونکو دەبێتە هۆی شکاندنی کەسان و ستەمکاریی لێدەکەوێتەوە، کەوابوو دەبێ سنوورێکمان لە نێوان ئەم دوانەدا هەبێ (خاڵێك بە قازانجی هەر دوولا بێت) و مەسڵەتێك بدۆزینەوە». رۆسۆ دژی ئەم بۆچوونەیە. بە رای رۆسۆ ئازادی بەهایەکە رەها. سەیرکردنی رۆسۆ بۆ ئازادی وەك سەیرکردنە بۆ بنەما و چەمکێکی ئایینی. بۆ رۆسۆ گوزارەی «مرۆڤ مرۆڤە» و «مرۆڤ ئازادە» تا رادەیەك دەقاودەقن.

مرۆڤ لای رۆسۆ چییە؟ کەسێکە بەرپرس لە کارەکانی خۆی و توانا بۆ چاکە و خراپە، کەسێکە دەتوانێ رێگەی راست یان چەوت بگرێ و، ئەگەریش ئازاد نەبێ،

جیاوازیکردنی بۆ چاکە و خراپە و راست و چەوت، بێ مانایە. مرۆڤ گەر ئازاد نەبێ، گەر لەو کارەی دەیکات بەرپرس نەبێ، گەر ئەو کارەی دەیکات لە بەر حەز و ویستی خۆی نەبێ، لە بەر ئەوە نەبێ ئەم کارە مەبەستی تاکەکەسیی مرۆییەتی، لە بەر ئەوە نەبێ بەم کارە دەگاتە شتێك کە ئەو ساتە خۆی نەك کەسێکی دیکە دەیەوێ، کەواتە ناتوانی پێی بڵێی بوونێکی مرۆیی، چونکو ئەم کەسە لەوەی دەیکات بەرپرس نییە. بۆ رۆسۆ ئەو بەرپرسایەتی ئەخلاقییەی کە تەنانەت بە جۆرێك زیاد لە ئەقڵیش جەوهەری مرۆڤ پێکدێنێ، بە تەواوی بەم راستیەوە گرێدراوە کە مرۆڤ بوونەوەرێکە هەڵدەبژێرێ، واتە لە نێوان لایەنی جۆراوجۆردا تەڵبژێر دەکات و ئەم تەڵبژێرەش سەربەستانە و بێ زۆر و جەبری کەسێکی دیکەیە.

گەر مرۆڤێك لە ژێر زەبر و جەبری گەورە، جەببار، یان تەنانەت دۆخی ماددیدا بێ، بانگی ئەوەی ئەم کەسە هەڵدەبژێرێ، قسەیەکە بێ ناوەرۆك. لای رۆسۆ ئەم مرۆڤە دەگۆڕێت بۆ شت، بۆ گایەك، شتێك لە سروشتدا. شتێك کە ناتوانی چاوەڕێی هیچ بەرپرسایەتییەکی لێ بکەی. ناتوانی سەبارەت بە مێز و کوورسی و حەیوان، باسی راست و هەڵە بکەیت، چونکو ئەمانە یان هیچ ناکەن، یان نازانن چی دەکەن و ئەگەریش نازانن چی دەکەن، کە واتە ناتوانی بڵێی فلانە کار دەکەن. کار نەکردنیش یەکسانە بە مرۆڤ نەبوون. کردە، مانای هەڵبژاردن. هەڵبژاردن مانای جیاکاریکردن لە نێوان رەهەندی جۆراوجۆردا. ئەو کەسەی بە هۆی بوون لە ژێر زۆر و جەبردا ناتوانێ لە نێوان دوو مەبەستی جیاوازدا هەڵبژێری، مرۆڤ نییە، بەڵکو شتێکە لە سروشتدا؛ یان بە زمانی زانیارانی زانستە سروشتیەکان، ئەو کەسە کۆمەڵێکە لە رەگ و دەمار و خوێن و ئێسك، کۆمەڵێك ئەتۆمە، کۆمەڵێك کە وەك هەموو بێگیانی نێو سروشت، پێڕەوی رێسا ماددییەکان دەکات. ئەگەریش وەك شتە دێتێرمینەکانی نێو سروشت، دیاریکراو نەبێ و، کەچی بە هۆی زەبر و زۆر و هەڕەشەی ستەمکارێکەوە، دۆخێکی دیکە پەیدا بکات و بگۆڕێ بۆ بوونێك



لە ژێر دەسەڵات و ئیختیاری کەسانی دیکەدا، بوونێك کە رکێفی ترس، هیوا و خۆ پەرستییەکانی بە دەستی کەسانی دیکەیە، ئەوا چ کات ناتوانێ تەواو ئازاد بێت، کارێك بە تەواوی بکات، کەوابوو دیسان ئەو کەسە بوونەوەرێکی مرۆیی تەواو نییە.

هەڵبەت ناتوانی بڵێی ناکرێ ئەو مرۆڤەی لە وەها دۆخێکدایە و لای رۆسۆ کۆیلەیە، بەختەوەر بێ. ئەوا ئەگەری ئەم شتە هەیە، بەڵام ئامانجی مرۆڤ بەختەوەری نییە، ئامانجی مرۆڤ ژیانی ژیانێکی دروستە. کەوابوو لای رۆسۆ ئەوەی کە رەنگە کۆیلەکان لە مرۆڤی ئاسایی بەختەوەرتر بن، ناتوانێ یاساوی کۆیلەتی بێ، هەر لەبەر ئەمەش ئەو دژی بۆچوونی کەسانێکی وەك هێلوێسیۆسە و لە بنەوە بە هەڵەی دەزانێ. رەنگە کۆیلەیی بەختەوەری بهێنێ، بەڵام لە هەر حاڵدا بێ رەحمییە. دەشێ لای کەسێك ئارەزوو بۆ کۆیلەتی ناوی جۆرێك خوپاراستن بێت، بەڵام وەها ئایدیایەك قێزەونە و پلەی مرۆڤ دادەبەزێنێ، چونکو «کۆیلەتی ... بە پێچەوانەی سروشتە و هاوڕایی کۆمەڵێك کۆیلە لەگەڵ هاوڕایی و کۆبوونەوەیەکی حەقیقی مرۆڤەکان جیاوازە». رۆسۆ دەڵێ: «وازهێنان لە ئازادی، وازهێنانە لە مرۆڤبوون، پێشێل کردنی مافە مرۆییەکانە ... ئەم وازهێنانە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ ناتەبایە».

واتە دۆڕاندنی ئازادی یەکسانە بە وەستانی مرۆڤییەتی و هەر بۆیەش مرۆڤ ناتوانێ خۆی وەك کۆیلە بفرۆشێ، چونکو کە مرۆڤ بووە کۆیلە، چیدی مرۆڤ نییە و هەر بۆیەش نە ئەرکی هەیە و نە ماف. مرۆڤ ناتوانێ خۆی *ببەتڵێنێ* ناتوانێ کارێك بکات کە چیدی نەتوانێ کارێك بکات. ئەم کارە یەکسانە بە خۆکوشتن و خۆکوشتنیش کارێکی مرۆڤانە نییە، «مەرگ رووداوێکی نێو ژیان نییە». کەوابوو، لای روسۆ، ئازادی شتێك نییە بتوانی دەستکاری و سیستەماتیك، یان مامەڵە و مەسڵەتی لە سەر بکەی: بوت نییە نەختێکی بدەیت و نەختێکی زیاتر بستێنی،

بۆت نییە بڕێکی ئازادی لەگەڵ بڕێك لە ئاسایشدا بگۆڕییەوە، بۆت نییە مامەڵە بکەیت و شتێك لە ئازادی لەگەڵ شتێك لە بەختەوەری سەودا بکەی. تەسلیم کردنی **نەختێك** لە ئازادی یەکسانە بە مردن، واتە یەکسانە بە دۆڕاندنی مرۆڤیەتی. ئەو بڕوای کە ڕۆسۆ زیاد لە هەر شتێکی دیکە لە سەری دەوەستێ و داکوکی لێدەکات و، یەکێکە لەو بەهایانەی کە زیاد لە هەر شتێکی دیکە قسەی لێکردووە، چەمکی پاراستنی کۆیەتی مرۆڤ بوون و ئەم ئایدیایە کە گەورەترین تاوان، تاوانی نەبەخشراو، دۆڕاندنی مرۆیەتی، چەواشەکردن و چەوساندنەوەی مرۆڤە. بڕێکی زۆری قسە ئاگراوییەکانی ڕۆسۆ بۆ لێدانی ئەو کەسانە تەرخانە کە بۆ نییەتە خۆپەرستانەکانی خۆیان مرۆڤەکانی دیکە بەکاردێنن و ئەم بەکارهێنانەش نەك بۆ بەختەوەرکردنی کەسانی دیکە، بەڵکو بۆ ئەوەیە لە شان و شکۆیان بخەن و وابکەن کەسانی دیکە تەنانەت شێوە و بیچمی مرۆییشیان بدۆڕێنن. لای ڕۆسۆ ئەم کارە گوناه و تاوانێکە دژی «روحی پیرۆز و گەورە». بە کورتی، لای ڕۆسۆ ئازادیی مرۆیی (واتە توانای هەڵبژاردنی مەبەست و ئامانج) بەهایەکە ڕەها و کە بەهایەکی ڕەها بوو، مانای ئەوەی هیچ مامەڵە و مەسلەتێکی لە سەر ناکرێ.

تائێرە کێشەیەك نییە. ڕۆسۆ ڕاشکاو ڕایگەیاندووە کە بینینی ئەو بۆ مرۆڤ گرێدراوی ئەوەیە ئازادی وەك پیرۆزترین چۆنێتی مرۆڤ سەیر بکرێ و لە ڕاستیدا نەك وەك چۆنێتی بەڵکو وەك جەوهەری مرۆڤبوون، بەڵام کۆمەڵێ بەهای دیکەش هەن و ناتوانین بڵێین ئەم جۆرە ئازادییە، واتە ئازادیی فەردی، واتە ڕێگەدان بە مرۆڤ بۆ کردنی هەر شتێك کە پێی خۆش بوو، تەعبیرە لە دۆخێکی ئایدیال بۆ مرۆڤ. لە بەر دوو شت: یەکەمیان بە هۆی ئەزموونی یان مێژوویی. مرۆڤ بە هەر هۆیەك بێ، لە کۆمەڵگادا دەژین، هۆی ئەمە چییە؟ ڕۆسۆ هیچ کات ئەم خاڵەی تەواو ڕوون نەکردۆتەوە. لەوانەیە ئەم جۆرە ژیانە کۆمەڵایەتییە لە بەر ئەوە بێ کە بەهرەو تواناکانی مرۆڤ یەکسان نییە و هەر ئەمەش وابکات دەستەیەك لە کەسانیدیکە بە هێزتر بن و بتوانن دەسەڵاتی خۆیان زاڵ بکەن و کەسانی دیکە کۆیلە بن. لەوانەشە لە بەر قانوونێکی ناچاریی کۆمەڵایەتی بێت، یان بە هۆی غەریزەی کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ، کە خەڵکان بەرەو پێکەوە ژیان هاندەدا، یان ڕەنگە لە بەر ئەو هۆیانە بێت کە نووسەرانی ئینسکلۆپیدیا دەستنیشانیان کردووە، هەندێ هۆی وەك دابەشکردنی کار و هاوکاری بۆ دەستەبەرکردنی جۆرێکی ژیان کە تێیدا داواکانی بەشێکی هەرە زۆری خەڵك زیاد لە ژیانی تەرەی وەحشیانە، دابین بکرێ.

ڕۆسۆ هەندێ جار وەها باسی وەحشی دەکات چما وەحشی کەسێکە چاك، شاد و بێگوناه و، هەندی جاریش وەك بەربەر و ساویلکە دەینەخشێنێ، بەڵام مرۆڤ هەرچی بێ، بێ سێ و دوو لە کۆمەڵگادا دەژین و هەر بۆیەش دەبێ هەندێ بنەما و دەستوور دابڕێژن کە مرۆڤ ڕەفتاریان پێ بکەن و پێکەوە نەکەونە کێشە، یەکتر ئازار نەدەن و هێزی خۆیان جۆرێك بەکارنەهێنن بەر بە ئامانج و مەبەستەکانی کەسانی دیکە بگرێ. کەوابوو ئێمە ئەم گرفتەمان لە بەردەمدایە کە: بوونەوەرێکی مرۆیی چۆن دەتوانێ ڕەها و ئازاد بێ (چونکو گەر ئازاد نەبێ، مرۆڤ نییە) و لە هەمانکاتدا بۆی نەبێ بە شێوەی ڕەها هەرچی ویست بیکات؟ ئەگەریش بەری بگرن، چۆن ئازاد بێ؟ مەگەر ئازادی جگە لەوەیە مرۆڤ چی ویست بکات و کەسیش ڕێگەی لێ نەگرێ؟

دووهەم، لای ڕۆسۆ ناچاریی خەڵك هۆیەکی قووڵتری هەیە. دەبێ بیرمان بێ ڕۆسۆ هاوڵاتییەکی ژنێڤە و قووڵ لە ژێر کاریگەریی **نەریتی کالوین**-یی ئەو شارەدا بوو. وەکی تر، بەمجۆرە ڕۆسۆ ڕوانینێکی کردەبینی بۆ شێوەی ژیان هەبوو. ڕۆسۆ قووڵ نیگەرانی چاك و خراپ، دادپەروەری و نادادپەروەرییە. هەندێ شێوەی ژیان بە دروست و ڕاست دەزانێ و هەندێك بە ناڕاست و، وەك بیرمەندانی دیکەی سەدەی هەژدەهەم، لای وایە پرسیاری «دەبێ چۆن بژین» پرسیارێکە ڕاستەقینە و، بە ئەقڵ بیری لێ بکرێتەوە یان بە هەر شتێکی دیکە، هەمیشە وەڵامێکی هەیە.

ئەگەر، با بڵێین، من ئەم وەڵامەم دۆزیوەتەوە (یان وا بزانم دۆزیومەتەوە) وەڵامەکە تەعبیر دەبێ لە قانوون و شێوەی ژیانێك کە پێم دەڵێ «ئەم کارە بکە، ئەوەیان مەکە» یان روونکردنەوەیەك دەبێ وەك «ئەمە هەڵەیە، ئەمە راستە، ئەم عادڵانەیە، ئەمە نادادپەروەرانە، ئەمە چاکە، ئەمە خراپ، ئەمە جوانە، ئەمە ناحەز»، بەڵام کاتێ هەندێ قانوون و بنەمامان هەبێ کە داوای هەڵسوکەوتێکی تایبەت و دیاریکراو بکەن، ئەو کات ئازادی چی بە سەر دێت؟ ئایا ئازادی لەگەڵ قانوون و دەستوور یەکدەگرێتەوە، ئەویش قانوونێك کە لە هەموو لایەکەوە مرۆڤ دەتەنێ و پێی دەڵێ چی بکە و چی مەکە، قانوونێك کە هەندێ شتی لێ مەنع و بە جۆرێك کۆنترۆڵی دەکات؟

ئەم پرسیارە رۆسۆ دەهەژێنێ و دەڵێ ئەو قانوون و دەستوورانەی پێوەندییان بەژیانەوە هەیە نابێ وەك پەیمان وەربگیرێن، چونکو ئەمانە کەرەستەی پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە نین کە مرۆڤ بۆ دابینکردنی مەبەستی کورت یان درێژماوەی تاکەکەسی رووت داینابن، با لە زمانی خۆیەوە ئەم شتە بڵێین. رۆسۆ باسی قانوونێك دەکات: «قانوونی سروشت، قانوونێکی پیرۆزی نەگۆڕ کە دڵ و ئەقڵی مرۆڤ دەدوێنێ» و پاشان دەڵێ ئەم قانوونە «باشتر لە هەموو قسە بێ‌ماناکانی ژۆستینیان لە دڵی مرۆڤدا نەخشە» و دەڵێ توانای ویستن یان هەڵبژاردنی رێگەی راست بە هیچ قانوونێکی میکانیکی لێکنادرێتەوە، چونکو شتێکە جەوهەریی مرۆڤ و لێی دانابڕێ و بابەتی هیچ زانستێکی سروشتیش نییە. ئەو قانوونە ئەخلاقیانەی مرۆڤ پێڕەویان دەکات. رەهان و شتێکن کە مرۆڤ دەزانێ نابێ لێیان لابدات. هەر بۆیەش، تیۆرەکەی رۆسۆ لێکدانەوەیەکی نائایینیی کالوێنیسمە، چونکو ئەو شتەی رۆسۆ بەردەوام پێی لەسەر دادەگرێ ئەمەیە ئەم قانوونە ئەخلاقیانە پەیمان نین، کەرەستەی پاراستنی بەرژەوەندی و سوود نین، بەڵکو تەنیا هەندێ دەستوورن کە بە پێی رۆژگار و خەڵك و شوێنی تایبەت دارێژراون و ئەو



حەقیقەتە پیرۆزانەیان لە خۆگرتووە کە دەستکردی مرۆڤ نین، بەڵکو ئەبەدی، رەها و هەمەگیر یان یوونیوپرساڵن.

ئێستا لە بەردەم پارادۆکسێکداین، لە بەردەم مەتەڵێکدا، چونکو دوو بەهای رەهامان لەسەر رێگەیە، بەهایەکیان بەهای رەهای ئازادی و ئەویدیکەیان بەهای رەهای دەستووری دروست. بۆشمان نییە بە مەسڵەت قایل بین، واتە بۆمان نییە ئەو کارە بکەین کە هابز لەوانە بوو بیکات، واتە بە شێوەی هێزەکی دۆخێك دروست بکەین تێیدا بڕێك لە ئازادی رێگەپێدراوە و بڕێك لە هێزیش، بڕێك لە کۆنترۆڵ و بڕێك لە داهێنانی فەردی، چونکو ناتوانین لە هیچ یەك لەم دوو بەها رەهایە لابدەین: لادان لە ئازادی یەکسانە بە کوشتنی رۆحی نەمری مرۆڤ و لادان لە رێسا یەکسانە بە رێگەدان بە شتێکی تەواو هەڵە، خراێ و شەڕخوازانە و، کارێکە دژێ ئەسڵ و سەرچاوەی ئەو یاسا و رێسایانە، کە هەندێ جار سروشت، هەندێ جار ویژدان و هەندێ جار خودای ناوە و لە هەموو ناوێکیشدا رەهایە. ئەمە دۆخێکە مەتەڵاوی کە رۆسۆ خۆی تێدەخات و شتێکە تەواو جیاواز لە کێشەی ئەو زانایانەی پێشوو کە بڕوایان بە جۆرێك سازان و هەڵکردن و «گونجاندن»، واتە کەرەسەیەکی ئەزموونی و چارەسەرێك بوو کە ئەگەرچی ئایدیال نییە، بەڵام هەر باشە، چارەسەرێك کە نە تەواو باشە و نە تەواو خراپ، بەڵکو زیاتر چاکە تاکو خراپ، شتێك کە توانای ئەوە بە مرۆڤ دەدات ژیانیان نەك لە سەر شتێکی زۆر خراپ، بەڵکو لە سەر بنەڕەتێکی کەم تا زۆر باش دامەزرێنن و بەردەوام بکەن، شتێك بە پێی ئەقڵی هاوبەش و رەچاوکردنی پەسەند و نێوەنجی زۆربەی داواکانی کەسانی دیکە، بە جۆرێك کە خەڵکان بە گشتی گەر نەتوانن کۆی ئەو شتەی دەیانەوێ دابینی بکەن، لانیکەم شتێك لە مافەکانیان هەبێ و، ئەم لانیکەمەش باشترە لەو شتەی کە دەیانتوانی لە سیستەمێکی دیکەدا دەستەبەری بکەن. وەها تێگەشتنێك کە تایبەتە بە هابز و لاك و هیلوێسیۆس، لای رۆسۆ لە بنچینەوە هەڵەیە.

ڕەهابوونی بەهایەك مانای ئەوەی ناتوانی سەودای پێ بکەی یان بیگۆڕی. ڕۆسۆ ئەم وتە زۆر بە گوڕ و تینەوە دەڵێ و ڕادەگەیەنێ کێشەی ئەو «دۆزینەوەی جۆرێك لە کۆبوون و کۆمەڵەبوونە تێیدا هەموو تاکێك هاوکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ کەسانی دیکە، هێشتا بتوانێ تەنیا و تەنیا گوێڕایەڵی خۆی بێ و هەر وەك پێش (چوونە نێو کۆمەڵ) ئازاد بێ».

ئەم کێشە، پارادۆکسەکەمان دەخاتە دۆخێکی نائاساییەوە: چۆن دەتوانین لە یەککاتدا لەگەڵ خەڵك یەکبگرین و جۆرك ئەنجوومەن دامەزرێنین کە دەبێ شتێك لە جەبر و هێز بەکاربێنێ کە تەواو لەگەڵ ئازادی یان تاقانەیی سروشتی ناکۆکە و، لە هەمانکاتیشدا ئازاد بمێنێتەوە، واتە پێڕەوی هەر ئەو خەڵکە نەکەین؟

وەڵامە زۆر بە ناوبانگەکەی ڕۆسۆ لە *کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا* بەم جۆرە باسکراوە: «هەموو مرۆڤێك بە بەختکردنی خۆی بو هەموان خۆی بۆ هیچ کەس بەخت ناکات». ئەم فۆرموولە بەناوبانگە، وێڕای توانای زۆری بۆ وێناکردن، ئەوڕۆکەش بە قەد یەکەم ڕۆژی ڕاگەیەندرانی ئاڵۆز و ڕازاوییە. ڕوسۆ حەزی لە «پارادۆکس» بوو، بەڵام سەیربوونی ئەو وەك زانایەك لەمەش قووڵترە. بێگومان ڕۆسۆ زۆر ئازاری لە پارادۆکسی بە ڕێککەوتنی ئازادی و هێزی ئەخلاقی دەبینی و لە هەمانکاتدا نەیدەتوانی لەگەڵ هەردووکیشیان هەڵبکات، بەڵام لە پڕ ڕێگەیەکی بە مێشکدا هات کە وەك بریسکەیەك زیەنی ڕووناك کردەوە. ڕۆسۆ لە نامەیەکی خۆیدا بۆ **مالزریب** بە پوختی باسی ئەم کەشفەی خۆی کردووە. ڕۆسۆ بە ڕێگەی زیندانەوە بووە بۆ چاوپێکەوتنی دیدرۆی هاوڕێی، کە لە پڕ چارەسەری کێشەی مەزنی و پووتیی ڕووناك و تیژ پێ ئیلهام دەبێ. هەست دەکات زانایەکی بیرکارە و لە پڕ پرسێکی کۆن و ئاڵۆزی وەڵام داوەتەوە، چما هونەرمەندێکە و لە پڕ خەیاڵێکی بە مێشکدا هاتووە، یان عارفێك کە لە پڕ حەقیقەتی موبارەکی بەرزی دۆزیوەتەوە. ڕۆسۆ دەیگێڕێتەوە کە چۆن لە پاڵ ڕێگە دادەنیشێ، شاگەشکە دەبێ و بە



خوکدەگری و، باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەم ڕووداوە ڕووداوی ناوەندی و گەورەی ژیانی بووە. دەنگ و تۆنی دوانی ڕۆسۆ چ لە *کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتی* و چ لە بەرهەمەکانی دیکەیدا تەواو دەنگی کەسێکە ئایدیایەك هەموو بوونی داگیرکردووە، دەنگی شێتیکە لە پڕ وادەزانێ ڕێگە چارەیەکی ئاسمانی بە ئەو و تەنیا بە ئەو ئیلهام کراوە، دەنگی کەسێکە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، لە ناکاو وەڵامی کێشەیەکی زانیوە، کە چەندین سەدە مرۆڤ پێوەی گیرۆدە بووە، وەڵامێك کە ڕەنگە ئەفلاتوون و تەنانەت مەسیحیش تا ڕادەیەك بەدییان کردبوو، بەڵام ئەمە تەنیا ئەوە کە لە دواییدا پڕ و تەواو دۆزیویەتەوە بۆ ئەوەی چیدی پێویست نەبێ کەس زەحمەتی دۆزینەوەی بکێشێ.

ڕۆسۆ لەم چەمکەدا وەك بیرکارێکی شێتۆکە وەڵامێکی بۆ پرسەکە دۆزیوەتەوە کە نەك هەر ڕاستە، بەڵکو دەکرێ بسەلمێندرێ، ئەویش لە ڕێگەیەکی هێند لۆژیکییەوە کە پاش ئەو کەس دەست نەداتە وەڵامدانەوەی ئەو پرسە و تاقیکردنەوەی. ئەم چارەسەرە کامە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەم جۆرێك سادەیی تێدایە و هەم جۆرێك شێتی کە بە زۆری کەسانی شێت دەتوانن بیدۆزنەوە. باسەکە **سازان** نییە. پرسەکە دەبێ لە گۆشە نیگایەکی تایبەتەوە سەیر بکرێ تاکو لە پڕ ئاشکرا ببێ ئەم دوو بەها لێکدرە نەك هەر ناکۆك، بەڵکو تەنانەت جیاوازیش نین و، نەك دوو بەها، بەڵکو یەك بەهان. ئازادی و دەسەڵات ناتوانن ناتەبا بن، چونکو هەر دووکیان یەکێکن، یەکانگیرن، بەرویشتی یەك پێڵاون. ئازادییەك هەیە، کە تەواو لەگەڵ دەسەڵات دەقاودەقە و، دەکرێ ئازادییەکی فەردیت هەبێت، کە هاوکات کۆنترۆڵی تەواوە لە لایەن دەسەڵاتەوە. چەندە ئازادتر بێت هێزت زیاترە و هەروەها چە ندە گوێڕایەڵتر بێت، ئازادیی زیاتر، کونترۆڵی زیاتر.

خاڵی ڕازاویی پێکگەشتنی ئەم دوو هێڵە، چۆن دروست دەبێ؟ چارەسەرەکەی ڕۆسۆ ئەمەیە کە ئازادی، بە گشتی و بەو پەڕی سادەییەوە، بریتییە لەوەی مرۆڤ

بتوانن هەندێ شت داوا بکەن و کەس بەریان پێ نەگرێ، بەڵام دەبێ بزانین مرۆڤ، چییان دەوێ؟ من شتێکم دەوێ کە بۆم باشە و تەنیا ئەو شتەیە دادی دڵم دەدات، بەڵام ئەگەر نەزانم چی بۆم باشە، بێگومان ڕەنج دەبینم، چونکو ڕەنگە شتێك بەدەست بێنم کە دواتر بزانم بۆم گرنگ نەبووە. کەوابوو تەنیا ئەوانە ئازادن کە نەك شتێکیان دەوێ، بەڵکو دەشزانن کە چی تێریان دەکات. هۆی ئەوەی کەسێك دەزانێ چی تێری دەکات ئەوەیە ئەو کەسە ئەقڵی هەیە. کەوابوو ئەقڵی چارەسەرەکەی پێ دەڵێ: بۆ ئەوەی تەواو ڕازی ببم، واتە سروشتم تێر ببێ، دەبێ دوای چی بکەوم؟ ئەو شتەی بۆ مرۆڤێکی ئاقڵ، واتە خاوەن ئەقڵ، حەقیقەتە، بۆ مرۆڤی ئاقڵی دیکەش هەر حەقیقەت دەبێ، هەر چۆن لە بواری زانستەکاندا ئەو شتەی زانیارێك لێی دڵنیایە و بە حەقیقەتی دەزانێ، پەسەندی زانیاران و ڕانستوانانی دیکەشە. بە مجۆرە، مادام تۆ بە هەڵبژاردنی میتۆدێکی بڕوا پێکراو، چنینی پێشەکیی دروست و بەکارهێنانی ڕێسای دروست، بگەیتە چارەسەرێك، دەتوانی دڵنیا بی کەسانی دیکەش ئەگەر ئاقڵ بن هەمان چارەسەر دەدۆزنەوە. یان، لە حاڵەتێکی دیکەدا، ئەگەر تۆ لە ئەقڵانیبوونی بیرکردنەوەت دڵنیا بی بەڵام کەسانی دیکە بە چارەسەرێکی جیاواز گەشتبێتن، ئەم خاڵە پێتی دەسەلمێنی کە ئەوان ئاقڵ نین و، دەتوانی بێ هیچ ترسێك، چارەسەرەکەی ئەوان لە بەر چاو نەگری.

لای ڕۆسۆ مادام سروشت پڕاوپڕ ڕێکێتی و هارمۆنیایە (ئەمەش گریمانێکە جێی گومان، گریمانێکی گەورە کە تارادەیەك لە کۆی سەدەی هەژدەدا زەقە) هەر بۆیەش ئەو شتەی من داوای دەکەم ناتوانێ لەگەڵ ئەو شتەی کەسێکی تر بەراست داوای دەکات ناتەبا بێ، چونکو خێر ئەو شتەیە کە داوا ماقووڵەکانی هەموو کەسێك تێر بکات، بەڵام ئەگەر ئەو شتەی من بە ڕاست دەمەوێ لەگەڵ ئەو شتەی کەسێکی دیکە بە ڕاست، واتە بە پێی ئەقڵ، دەیەوێ دەقاودەق و یەکانگیر نەبێ، کەواتە ئێمە دوو وەڵامی ڕاستمان بۆ یەك پرسیاری ڕاستەقینە هەیە، کە بەرپەرچی یەکترن



و ئەمەش بە پێی لۆژیك شتێکە نەکردە و مەحاڵ. دۆخێکی وەها تەعبیر دەبێ لەوەی سروشت ڕێکی و هارمۆنیای نییە و تراژیدیاش شتێکە حەتمی، ناتوانین بەر بە دژایەتی بگرین، ناخی شتەکان شتێکی نائەقڵانیان تێدایە و منیش هەرچی بکەم، چەندە بیرم باش کار بکات و چەند ئاقڵ و ژیر بم، دیسان ڕەنگە داوای شتێك بکەم کە هەر ئەو چرکە کەسێکیتر کە بە قەد من ژیر و خاوەن ئەقڵ و چاکەیە، پێچەوانەکەی داوا دەکات. شتێك کە پێوەری من یان ئەو بێت بۆ هەڵبژاردن، نییە: نە پێوەرێکی ئەخلاقی هەیە و نە بنەمایەك لە عەداڵەت، عەداڵەتی مرۆیی بێت یان خودایی. کەوابوو دەردەکەوێ کە قەومانی ئەم کارەساتە زادەی هەڵەی مرۆڤ، گێلی و خەتایەکی مرۆڤ نییە، بەڵکو زادەی ناتەواوی و نوقسانێکە لە کەوندا و نە ڕۆسۆ بە وەها نوقسانێك قایلە و نە هیچ بیرمەندێکی گەورەی سەدەی هەژدەهەم ـ هەڵبەت جگە **مارکی دۆساد**، بەڵام هەموان دەزانن مارکی دۆساد، شێتێکی خراپەکار بوو و کاتێ ڤۆلتێر و هیووم بە سووسە و نەخت ئاماژەیان بە بوونی وەها نوقسانێك کرد لە جیهاندا، ئەم شتە بۆ یەکەمیان وەك *ناخ ێیسی و شەیتانی* و بۆ ئەوی دووهەمیان بە *گومانکاریی* لە قەڵەم درا ـ دوو شت کە حسێبێکی ئەوتۆیان بۆ نەدەکرد. لە ڕاستیشدا هیووم و ڤۆلتێر هیچیان پێیان لە سەر ئەم بەشەی بیرکردنەوەی خۆیان دانەگرت.

کەوابوو، ئەگەر سروشت لێوانلێوە لە هارمۆنیا و ڕێکیەتی، چی شتێك مرۆڤیکی ماقووڵ تێر و ڕازی بکات، دەبێ لەگەڵ ئەو شتەی کە مرۆڤ ماقووڵەکانی دیکەش تێر دەکات، بسازێ و بگونجێ. بە ڕای ڕۆسۆ، ئەوەی پێویست بێت ئەوەیە مرۆڤ دوای مەبەستێك نەکەون لەگەڵ مەبەستی کەسانی دیکە ناتەبا بێ، بەڵام لە بنەڕەتدا چۆنە مرۆڤ دوای وەها مەبەستێك دەکەون؟ چونکو گەندەڵن. ناماقووڵن، سروشتی نین. ئەم مانای سروشت ئەگەرچی لای ڕۆسۆ لە هە ندێ لایەنەوە لە مانای سروشت لای زانیارانی دیکە دەچێ، بەڵام خاوەن تۆنی تایبەت بە خۆیەتی و ڕۆسۆ

دڵنیایە دەزانێ مرۆڤێکی سروشتی چۆنە. بە رای ئەو سروشتی بوون مانای چاکبوون و ئەگەر مرۆڤ هەموویان سروشتی بن، خەڵك هەموو چاك دەبن و بەم پێیەش دوای شتێك دەکەون یەك بە یەك و هەموویان، پێکەوە و وەك گشتێکی هارمۆنێك، تێر دەکات، چونکو هاوڕایی بوونەوەرانی ماقووڵ، مەبەستی ئەقڵانی و ماقووڵیان هەیە، کە بە پێی گریمانی رۆسۆ یەك مەبەستە و ئەگەرچی بابەتی ئەو داوایانە جۆراوجۆر و زۆربن، بەڵام حوکمی یەکیان هەیە. با دیسان لە رۆسۆ بگێڕینەوە: «تا ئەو کاتەی چەندین کەس، لە یەك کۆمەڵدا، خۆیان وەك لەشێکی یەکە ببینن، ئیرادە و داواکانیان یەکێك دەبێ. داوای بەردەوامی کۆی ئەندامانی دەوڵەت، ئیرادەی گشتییە. ئەم *ئیرادە گشتییە* شتێکە دزە دەکاتە ناخی مرۆڤ و خۆی لەگەڵ ئیرادەی مرۆڤ و هەروەها لەگەڵ کردەوەکانی مرۆڤ، پێوەند دەدات».

لێرەدا دەتوانین بپرسین ئەم ئیرادە گشتییە چییە و چی لە ئەندامەکانیدا هەیە، کە وادەکات شتێك بە ناوی ئیرادەی گشتی، کە پەسەندی هەمووانە، دروست ببێ؟ وەڵامەکەی رۆسۆ بەمجۆرەیە: هەر چۆن کاتێ مرۆڤ بەڵگاندن دەکەن ئەو حوکمانەی پێی دەگەن (جگە لە ئەخلاق و لە سیاسەتدا) یەکسانە و ئەو حەقیقەتانەی دەیدۆزنەوە تەبان، هەر بەم جۆرەش ئەو مرۆڤانەی لە هەمان دۆخی سروشتیدا دەژین، واتە گەندەڵ و چەواشە نین و تووشی خۆپەرستی نەهاتوون و بەرژەوەندیی ناوچەیی یان لۆکاڵ راینەکێشاون و گیرۆدەی ترس و هیوا بێ بەهاکانی خۆیان نین، مرۆڤی نەتۆقێندراو، ئەو مرۆڤانەی کە خراپە و شەڕخوازیی مرۆڤەکانی دیکە سروشتی تایبەتیانی نەشێواندووە، ئەم جۆرە مرۆڤانە دەبێ داوای شتێك بکەن، کە ئەگەر بەدیهات، بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە وەك خۆیان باشن، بە کەڵك بێ. کەوابوو کاتێ بتوانین ئەو دۆخەی لای رۆسۆ حاڵەتی بێگەردیی سروشتییە سەر لە نوێ بدۆزینەوە، واتە ئەو دۆخەی تێیدا مرۆڤ هێشتا بە هەوەس و ئارەزووی جۆاروجۆر نەگلاون و بەندیواری ئەم هەموو هاندەرە خرای و شەیتانیانە نین کە ژیار



لە ناخیانیاندا چاندوویەتی، جارێکیتر هارمۆنیا و رێکیەتیەکی سروشتی، بەختەوەری و چاکە، باڵ بە سەر کۆمەڵگای مرۆییدا دەکێشێتەوە.

بێگومان وێنای رۆسۆ بۆ مرۆڤ (بۆ چەشنی مرۆڤ کە رۆسۆ خۆیشی یەکێکە لەو چەشنە) گەلێ کاریگەریی لە سەر بوو. روسۆ گەورە بۆرژوایەکی ژنێڤی بوو کە سەرەتای ژیانی لە باری کۆمەڵایەتییەوە دۆخ و شوێنێکی باشی نەبوو، لەگەڵ کۆمەڵگای سەردەمی خۆی گرفتی هەبوو و هەندێ نوقسانیی تێدا بوو کە ئەمڕۆکە ناوی گرێی سووکایەتیە. هەر بۆیەش، وێنای ئەو بۆمرۆڤی سروشتی حاڵەتی ئایدلیزەکراوی خاڵی بەرامبەری ئەو کەسانە بوو، کە خۆی بە تایبەت رقی لێیان بوو. رقی رۆسۆ تەنیا دەوڵەمەندان و دەسەڵاتداران ناگرێتەوە ـ لە راستیشدا تەنیا بەشێکی کەمی ئەخلاقخوازان ئەم دوو چینەیان بە دوژمنی کۆمەڵگا نەزانیوە ـ بەڵکو رقەکەی گرووپێکی زۆری خەڵکیش دەگرێتەوە و، لەم بوارەدا رۆسۆ رەچەشکێنە و ئەم روانگەی کاریگەری لەسەر وشیاری سەدەی دوای خۆی دەکات. ئەگەرچی رۆسۆ ئاوازدانەر و تیۆریسیەنی مۆسیقا بوو، بەڵام لە هونەر و زانست بێزار بوو. لە بنچینەدا رۆسۆ رقی لە هەر چەشنە باریکبینی، زەرافەت و بنجکۆڵی بوو. ئەو یەکەم کەسە راشکاو دەڵێ مرۆڤی باش، تەنیا سادە و هەژار نییە ـ ئەگەرچی ئەم شتانە وەك بەها لە لایەن زۆر بیرمەندی مەسیحییەوە وەرگیراوە ـ (بەڵکو لەمەش تێدەپەڕێ و دەڵێ) تیژ لە نەرم، وەحشی لە کەوی و دەستەمۆ و، شێرز لە ئارام و هێدی چاکترە. هەموو گیانی بێزارییە لە گرووپ، کۆمەڵ و لانیکەم زیاد لە هەموو کەسیش لە رۆشنبیران رەنجاوە و لەوانەش کە فێ بە ژیری و زیرەکی خۆیانەوە لێدەدەن و خۆیان لە پسپۆڕان و شارەزایان بە گەورەتر دەزانن. هەموو ئەو بیرمەندانەی سەدەی نۆزدەهەم کە توند دژی رۆشنبیری و بە واتایەکی تر دژی کولتوور بوون و، لە راستیدا مرۆڤە بێ کولتوور و بێ زەوق و ماددی و توندەکانی

دوو سەدەی دوایی، واتە ئەوانەی نیچە پێیان دەڵێ Kultur philister[20]، بە نیچە خۆیشییەوە، نەوەی سروشتیی ڕۆسۆن.

گیانی ئازارچێشتووی ڕۆسۆ وایکرد لە پاریس بە رقەوە لەگەڵ هەندێ کەسی وەك دیدرۆ، دالامبێر و هێلوێسیۆس هەڵسوکەوت بکات. بە رای ڕۆسۆ ئەوان هەندێ کەسی نەمرچ، باریکبین، دەستکرد و ناسروشتین و ناتوانن لەو هەڵچوون و سۆز و ئازارە قووڵانە بگەن کە دڵی مرۆڤێکی بەراستی سروشتی و لە نیشتیمان دووری ئازار داوە. لای ڕۆسۆ مرۆڤی سروشتی کەسێکە برێك لە زانایی غەریزی و قووڵی هەیە، کە زۆر جیاوازە لە باریك بینی و ئەلەم و قەڵەمی شاری. ڕۆسۆ گەورەترین دوژمنی چەشەنزمی (ژیار)ە لە مێژوودا، منداڵێکی بەرەڵای هەڵکەوتووە و هەندێ سیمای وەك **کارلایل** و تا ڕادەیەك نیچە و بێگومان **دی. ئیچ. لارێنس** و **دانۆنزیۆ** و هەروەها هەندێ وردە بۆرژوای دیکاتۆری ڕاپەڕیوی وەك هیتلەر و مۆسۆلینی، میراتبەری ڕۆسۆن.

بەستنەوەی ئەم دۆخە بە دیاردەیەکی باڵی چەپی یان باڵی ڕاستییەوە نەك هەر گرانە، بەڵکو ڕاستیش نییە. ئەم دۆخە لە ڕاستیدا جۆرێك ڕاپەڕینی وردە بۆرژواییە دژی ئەو کۆمەڵگای کە تێیدا ئەو کەسەی لە چینی کۆمەڵایەتی خۆی دابڕاوە، هەست دەکات لە کۆمەڵگا دەرکراوە. ڕۆسۆ خۆی بەخەمخۆری دەرکراوان، یاخییەکان و هونەرمەندانی کۆت و پێوەرشکێن دەزانی و هەر ئەمەش دەیکاتە دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕۆمانتیسم و تاکخوازیی بێ کۆت و بەند و هەروەها بونیاتنەری گەلێ بزووتنەوە لە سەدەی بیستەمدا وەك سوسیالیزم، کۆمۆنیزم، ئۆتۆریتاریانیزم، نەتەوە خوازی، لیبراڵیزمی دیموکراتیك، ئانارشیزم و تا ڕادەیەك هەر شتێك جگە لەو شتانەی لە ماوەی دوو سەدە پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی *پەیمانی کۆمەڵایەتیدا* دەتوانین پێی بڵێین ژیاری لیبراڵ کە ئەشقێکی گران پەسەند، ئاشقی کولتوورە.

٢٠ـ بەرەڵاکانی کولتوور



ڕۆسۆ رقی لە ڕۆشنبیرانە، لەو کەسانەی کە خۆیان لە ڕەوتی ژیان دادەبڕن، لەوانەی خۆیان لە نێو جۆرێك گرووپ و دەستەدا دەبەستنەوە، چونکو لای وایە دڵ هەر دەم دەبێ کراوە بێت تاکو ئیلهامێکی تەکاندەری پێدا بێت و هەروەها لای وایە ڕوانینی ئەو وەرزێرە سادەی لە ژێر دار بە ڕوویەکی پیردا دانیشتووە و بیر لە ژیان و سروشت و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکاتەوە، زۆر قوولترە لە ڕوانینی ئەو ڕۆشنبیرە ئوتووکراوە، ناسك خەیاڵە فیزن و پێچە شاریانە. مادامیش هەموو ئەمانە هەست دەکات، دەستدەداتە دامەزراندنی نەریتێکی جیاواز لە نەریتی ڕاپەڕیوی ڕۆمانتیکی سوننەتی کە تەشەنە دەکاتە هەموو ئەوروپا و پاشان دەگاتە وڵاتە یەکگرتووەکان و بنەڕەتی چەمکێکی ناسراوە کە بە «شێوە ژیانی ئامریکایی» بە ناوبانگە و بە پێی ئەو چەمکە خەڵکی سادەی شار هەستیان بۆ واقیع، خێرخوازی و مەزنی و تێگەشتنیان بۆ بەها ئەخلاقییەکان زۆر لە هەست و تێگەشتنی مامۆستاکانی زانکۆ قوولترە، چونکو ئەم کەسانە (مامۆستاکان) بە جۆرێك خۆیان «ناسروشتی» کردۆتەوە و پێوەندیی خۆیان بەو شتە سەییالەی ناخیانەوە، کە ڕۆژگارێك تەعبیر بوو لە ژیانی ڕاستەقینە و زانایی حەقیقی مرۆڤ و کۆمەڵگاکان، دابڕیوە.

ئەمە ئەو هەستەیە کە ڕۆسۆ کاتی باسکردنی سروشت لە خوێنەردا دەیچێنێ و، ئەگەرچی وەك وتراوە لە سەدەی هەژدەهەمدا سروشت لانیکەم بە شەست مانا کاری پێ کراوە، بەڵام ڕۆسۆ تەنیا کەر بە یەك مانای سروشت دەکات و نەك هەر سروشت و سادەیی بە یەك دەزانێ، بەڵکو کەسیش نییە بە قەد ئەو رقی لەو بەها زانستی و هونەریە شارستانی و ورد و مامۆستایانە بێت. بە ڕای ئەو نە هونەرمەندان و نە زانستوانان هیچیان نابێ ببنە ڕێبەری کۆمەڵگا، هەر بۆیەش لە هیلوێسیۆس و نووسەرانی ئینسکلۆپیدیا بێزارە. لای ئەو ڕێبەری کۆمەڵگا دەبێ لەگەڵ حەقیقەت پێوەندیی هەبێ. ئەو کەسەش کە لەگەڵ حەقیقەت لە پێوەندیدا

بێ درگاکانی دڵی خۆی بە سەر ڕەحمەتی خوداوەندی، واتە بە سەر ئەو حەقیقەتەدا کە تەنیا بە دەستی سروشتەوەیە، دەکاتەوە: ئەم کارەش تەنیا لە باوەشی سروشتدا دەکرێ، مەرجەکەشی ئەویە ژیانمان سادە بێت. لای روسۆ، ژیانی سادە، یەکەمجار تەنیا لێکدانەوەی ئەو بارودۆخەیە کە گەر دروست ببێ تێیدا حەقیقەتی راستەقینە روو لە مرۆڤ دەکات، بەڵام، بەرەبەرە، بۆ ئەو کەسانەی کە تامەزرۆی ژیانی سادەن، ئەم ژیانە خۆی دەگۆڕێ بۆ حەقیقەت. لە کتێبی *ئێمیل* و لە کتێبی *ئێلۆئیزی نوێشدا* گران بتوانی لە نێوان پرسیار لەو دۆخەی کە بۆ زانینی وەڵامی پرسیارەکان پێویستە و وەڵامی پرسارەکاندا، جیاکاریی بکەیت. لە دواییشدا وەڵامەکە بۆ رۆسۆ بریتییە لە جۆرێك مرۆڤ بوون: مرۆڤێك کە چاکە و جۆرێك زانین دەزانێ. ئەم مرۆڤە تایبەتە کلیلی کۆی گرێکانە.

لە بواری تیۆریکەوە، گوتاری رۆسۆ وەك کۆی فەیلەسووفانی سەدەی هەژدەهەمە و دەڵێ: «دەبێ ئەقڵمان بخەینە کار». رۆسۆ بۆ هەڵهێبخانی ئەنجام، جۆرێك بەڵگاندنی قیاسی بەکاردێنێ کە هەندێ جار زۆر رازیکەرە و هەمیشە زۆر روون و راشکاو و زۆر باشیش دەوترێ، بەڵام ئەم بەڵگاندنە قیاسییەی رۆسۆ لە لۆژیکێکی رەق و وەڕەزکەر دەچێ کە بەر بە هەڵقوولانی خەیاڵی هەژاری ناخی کە جۆرێك شێتی تێکەڵە، دەگرێ. هەر ئەم تێکەڵبوونەی خەیاڵی تامەزرۆ و تێکەڵ بە شێتی لەگەڵ لۆژیکی وشك و ساردی کالوینیەیە کە پەخشانی رۆسۆ وەها بە هێز و راکێشەر دەکات. بە رواڵەت خەریکی خوێندنەوەی بەڵگاندنێکی لۆژیکیت، واتە جورێك بەڵگاندن کە لە نێوان چەمکەکاندا جیاکاری قایلە و لە پێشەکییەکانەوە دەگوێزتەوە بۆ ئەنجامگیری، کەچی هەموو ئەو کاتە بە پێچەوانەوە رۆسۆ خەریکە قسەی رەقت لەگەڵ دەکات و روانینێکی تایبەتت بە سەردا دەسەپێنێ، واتە هەموو ئەم ماوە کەسێك دەیەوێ لە رێگەی پشت بەستن بە جۆرێك بینینی ژیانەوە کە ئەگەرچی لۆژیکییە و پێوەندیشی هەیە، بەڵام جۆرێکی لە شێتی تێکەڵە، بە



سەرتدا زاڵ بێ. ئەم دۆخە، وێڕای ئارامی و ریزبەندییەکەی لە دەربڕیندا، لە راستیدا جۆرێك جادووکردنە، نەك جۆرێك بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکی.

ئەم قوولبینی و تیژبینییە ناوەکییە مانای گریمانێکی رازاوییە بە ناوی دەقاودەقیی ئازادی و دەسەڵات. ئەم دەقاودەقییەش خۆی لەو گریمانەوە دێت کە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا ئازادبن و بشتوانن پێکەوە بژین و هاوکات پێڕەوی قانوونێکی ئەخلاقیش بکەن، پێویستە تەنیا داوای ئەو شتە بکەن کە قانوونی ئەخلاقی رێگەی پێدەدات. بە کورتی کێشەکە بەمجۆرە باسدەکرێ: دەمانەوێ خەڵك بێسنوور ئازاد بن، چونکو لە دەرەوەی ئەم حاڵەتەدا مرۆڤبوونیان دەوەستێ و لە هەمانکاتیشدا دەمانەوێ خەڵك پێڕەوی قانوون بکەن. ئەگەر بتوانین وا بکەین خەڵك قانوونیان خۆش بوێ، ئەوسایە ویستنی خەڵك بۆ قانوون لەبەر خۆشەویستی قانوونە نەك لە بەر ئەوەی کە قانوونە. رەنگە بپرسین مرۆڤ چۆن دەتوانێ لە یەککاتدا ئازادیش و زنجیر و کۆتکراویش بێ، وەڵامەکەتان ئەمەیە «ئەی ئەگەر ئەو کۆت و زنجیرە شتێکی داسەپاو نەبێ چی؟ چونکو هەڵبژاردنی (مرۆڤ بۆ ئەم زنجیرە) تەعبیرە لە سروشتی مرۆڤ، شتێکە لە ناخییەوە، وەك ئامانجێکی ناوەکی، هەڵدەقوڵێ. ئەگەر ئەم دۆخە هەر ئەوە بێت کە ئەو لە دونیادا داوای دەکات. کەواتە زنجیرەکە ئیدی زنجیر نییە». ئەو مرۆڤەی خۆی زنجیر و کۆت دەکات، زیندانی نییە. هەر بۆیەش رۆسۆ دەڵێ: «مرۆڤ ئازاد لە دایك بووە، بەڵام لە هەموو لایەك لە زنجیر و کۆتدایە». زنجیری چۆن؟ ئەگەر زنجیرەکە پەیمانێك بێت، زنجیری ستەمکارێك بێت، هی ئەو کەسانە بێت کە بە نیازی چەوساندنەوەتن، ئەو کات ئەو زنجیرانە بە راستی زنجیرن و دەبێ شەڕیان بکەی و، نابێ هیچ شتێك بەر بە شەڕی تۆ بو ئازادی و راگەیاندنی بوونی خۆت بگرێ، بەڵام ئەگەر ئەو زنجیرە دەستکردی خۆتان بن، ئەگەر زنجیری ئەو قانوونە بێ کە خۆت بە ئاوەزی ناخی خۆت داتناوە، چی؟ یان زادەی ئەو رەحمەتە بێ کە بە هۆی ژیانی سادەتەوە بەریکەوتووی، یان بە

هۆی دەنگی ویژدان یان بانگی خودا یان دەنگی سروشتەوە بێ (ڕۆسۆ وا دەدوێ چما لای ئەو هەموو ئەم دەنگانە یەك شتن)، ئەگەر زنجیرکە تەنیا قانوون بێت، پێڕەوکردنی ئازادانە، بە هێز و خۆبەخۆترین ڕاگەیاندنی سروشتی ناختانە و کە وابوو ئەو زنجیرە کۆتت ناکات، چونکو کۆنترۆڵ کردنی خۆت بۆ خۆت، مانای کۆنترۆڵکران نییە، بەڵکو یەکسانە بە ئازادی. بە**مجۆرە**، روسۆ بەرەبەرە بەرەو ئەم ئایدیا دەکشێ کە ئایدیالی ڕاستەقینەی ئەو مرۆڤانەن دەیانەوێ پێکەوە پەیوەست و پێوەند بن، هەر چۆن دەوڵەت بە زۆر پێکەوەیان دەبەستێ.

زنجیری سەرەکی و ڕاستەقینە جۆرێك جەبر و زۆرە کە ستەمکار بە کاری دێنێ بۆ ئەوەی مەجبوورت بکات ملی پێبدەیت و هەر ئەم زنجیرەیە کە شاعیران بێشەرمانە بە ئەڵقەی گوڵ ڕازاندوویانەتەوە و، هەر ئەم زنجیرەیە کە نووسەران بەو پەڕی زێدەبێژی و خوێریەتییەوە، لە ڕێگەی ئەو پێهەڵدانانەوە کە بۆ پارە دەیکەن، تەنیا وەك دەسەڵات و کارکردن بە دەسەڵات وێنەی دەکێشن، بەڵام ئایدیالەکە، شتێکی دیکەیە. ئایدیالەکە، دیسان بە زمانی ڕۆسو خۆی: «تەسلیمبوونی هەموو تاکێکە، بە هەموو مافەکانییەوە، بە کۆی کۆمەڵگا». ئەگەر خۆتان بە کۆی کومەڵگا تەسلیم بکەن، چۆن دەکرێ ئازاد نەبن؟ چونکو کەس مەجبووری نەکردووی وا بکەی، نە فلان و فیسار کەس و نە فلان و فیسار دامەزراوە، ئەمە دەوڵەتە مەجبوورت دەکات، بەڵام دەوڵەت خۆی چییە؟ دەوڵەت تۆیت و ئەو کەسانەی کە وەك تۆ عەچداڵی خێری گشتین. روسۆ بڕوای بە خێرخوازییە، چونکو ئەگەر شتێك نەبێ کە بۆ کۆی ئەندامانی کومەڵگایەك خێر بێ و لەگەڵ خێرە فەردیەکانیش ناتەبا نەبێ، پرسیار لەوەی «چۆن دەڕین و وەك گرووپێك کە پێکەوە بن، چی دەکەین؟» بێ مانا دەبێ، ئەمەش شتێکە بە ئاشکرا بەتاڵ.

ئەنجامیش ڕۆسۆ دەستدەداتە پەرەدانی چەمکی **ئیرادەی گشتی** کە بە چەمکی بێ زەرەری **پەیمان**ەوە دەستپێدەکات. ئەم پەیمانە شتێکە وەك مامەڵەیەکی نیوە



بازرگانی، جۆرێك بەڵێنی ئیدارییە بۆ کارکردن بە پەیمان و بەدواهاتەکانی، کارێکە ئەو بوونەوەرە مرۆییانە دەیکەن کە لێكکۆدەبنەوە و ڕێکدەکەون کە بۆ دەستەبەرکردنی بەختەوەری هاوبەشیان بیکەن، بەڵام ئەم پەیمان و بڕیارە لەم قۆناغەدا هێشتا ڕێکەوتنێکی مەسڵەحەتییە و ئەگەر بووە هۆی چارەڕەشی هەمووان، ئەوا خەڵك وازی لێدێنن. ئەمە سەرەتای کارەکەیە. ڕۆسۆ هێدی هێدی لە چەمکی پەیمانێکی کۆمەڵایەتییەوە کە کارێکە کۆمەڵێك کەس هاوکاتی پاراستنی دۆخی فەردیی خۆیان و درێژەدانی مەبەستی تاکەکەسیی خۆیان دەستی تێدەدەن، بەرەو چەمکی ئیرادەی گشتی دەڕوات کە بە جۆرێك دەرکەوتنی ئیرادەی کۆیەکی بەربڵاوە کە لە تاکەکان گەورەترە و، شتێکە بە ناوی *دەوڵەت* کە ئێستا ئەو عەزیا (لێچیاتان) ترسناك و ڕووخێنەرەکەی هابز نییە، بەڵکو شتێکە وەك *تیم* یان *کڵێشە*یەك، یەکگرتنێکە لە شێوەی شتێکی گەورەتر لە مندا، شتێکە من کەسایەتی خۆمی تێدا دەتوێنمەوە، بۆ ئەوەی جارێکیتر دەستەبەری بکەمەوە.

چرکەیەکی ڕازاویی و سەیر هەیە، کە لێیەوە ڕۆسۆ دەستدەداتە تێپەڕین، پەڕینەوە لە چەمکی گرووپێکی خاوەن پێوەندیی ئازادەوە کە هەر کەسیان بە دوای مەبەستی خۆیدا دەگەڕێ، بۆ چەمکێك کە تێیدا مرۆڤ تەسلیمی شتێك دەبن کە خۆیانە و هاوکات لە خۆشیان گەورەترە: بۆ گشتێك، کۆمەڵگایەك. قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ئەم تێپەڕینە، دەگمەن و تایبەتن و بەوە دەشێ بە کورتی لە سەریان بوەستین.

بە خۆم دەڵێم هەندێ شت هەن حەز دەکەم هەمبن، ئەگەریش بەرم پێ بگرن دیارە ئازاد نیم و ئەمەش خراپترین شتێکە دەکرێ تووشم بێت. هەر بۆیەش بە خۆم دەڵێم: «من چیم دەوێ؟». من تەنیا دەمەوێ سروشتی خۆم تێر بکەم. ئەگەر ژیر بم و ئەقڵانی تێفکرێم، ئەگەر وشیار و ڕۆشنبین بم، تێدەگەم ئەم تێربوونە مانای چی. تێربوونی ڕاستەقینەی مرۆیەك ناتوانێ لەگەڵ تێربوونی ڕاستەقینەی کەسێکی

دیکە ناتەبابێ، چونکو ئەگەر ناتەبا بێ، ئاشکرا دەبێ سروشت هارمۆنیا و ڕێکێتی نییە و، حەقیقەتێك لەگەڵ حەقیقەتێکی دیکە ناتەبایە و ئەمەش لە لایەنی لۆژیکییەوە مەحاڵە. ڕەنگە ببینم کەسانی دیکە دەیانەوێ کارەکانم نەزۆك بکەنەوە، بەڵام بۆ وا دەکەن؟ ئەگەر من لە سەر هەقم، ئەگەر دەزانم ئەوەی بەدوایەوەم خێری ڕاستەقینەیە، کەواتە ئەو کەسانەی دژی منن لە داواکانیاندا هەڵەن. بێگومان ئەوانیش لایان وایە بە دوای خێرەوەن، ئەوانیش شەڕ بۆ ئازادی خۆیان دەکەن، بەڵام لە شوێن و دۆخی خۆیدا بۆی ناگەڕێن. کەواتە من بۆم هەیە بەریان پێ بگرم، بەڵام مافی من بۆ بەرگرتن بەوان لە کوێوە دێت؟ بنەمای ئەم مافەی من ناکۆکیی داواکانمان، باشتربوونی من، هێزی من یان ژێریی زیاتری من نییە چونکو ئەوانیش ڕۆحێکی نەمریان هەیە ـ لەم بوارەوە ڕۆسۆ پڕوێتەو بڕوای بە یەکسانییە ـ بەڵکو ئەم مافەی من بۆ بەرگرتن بەوان لەوەوە دێت کە ئەگەر ئەوانیش دەیانزانی **بەراستی** بە دوای چیدا وێڵن، ئەوانیش دوای ئەو شتە دەکەوتن کە من بۆی دەگەڕێم. ئەم ڕاستییەی کە ئەوان بە دوای شتێکەوەن کە من **عەچداڵی** نیم، تەعبیرە لەوەی ئەوان بە ڕاستی بێ ئاگان و ئەم **ڕاستەقینە**، **بەراستی** و **حەقیقییەیە** کە وەك زۆر وشەی دیکە تەنیا سەر لێ شێواندن دەخاتەوە.

مەبەستی ڕۆسۆ ئەمەیە کە هەموو کەسێك لە خۆیدا توانای چاكبوونی هەیە و کەس نییە هەموو شتێکی خراپ بێت. ئەگەر مرۆڤ ڕێگە بەو چاکە ناوەکییەی ناخیان نەگرن، تەنیا ئەو شتەیان دەوێ کە ڕاستە و، ئەوەش کە مرۆڤ بە دوای شتی ڕاست و دروستەوە نین، تەعبیرە لەوەی سروشتی خۆیان ناناسن و لێ تێناگەن، بەڵام سروشت بەردەوام هەیە و بۆ هەمووانیشە. بە ڕای ڕۆسۆ وتنی ئەمەی کە کەسێك داوای شتێکی خراپ دەکات لە کاتێکدا لە بواری تواناوە و لە خۆیدا داوای شتی چاك دەکات مانای ئەوەیە بڵێین لە ناخی ئەو کەسەدا بەشێکی شاراوە هەیە کە خودی «ڕاستەقینە»ی ئەو کەسەیە و ئەگەر خودی ڕاستەقینەی خۆی بوایەت، دوای



چاکە دەکەوت. لێرەوە تا قۆناغی دواتر هەنگاوێکی بچووك هەیە. ڕاستە دە کرێ ئەو کەسە هەندێ مەبەست و ئامانجی خراپ لە وەڵامی پرسیار لە «چیت دەوێ»دا بەرز بکاتەوە، بەڵام مرۆڤە ڕاستەقینەکەی ناخی ئەو، ڕۆحە نەمرەکەی، ئەو شتەی دێتەگۆ، بەو مەرجەی ئەو بهێڵێ سروشت دزە بکاتە ناخییەوە و، ئەگەر جۆری ژیانێکی دروست بڕی، ئەگەر خۆی بەو جۆرە سەیر بکات کە بە ڕاستی هەیە، خودە ڕاستەقینەکەی داوای شتێکی جیاواز لەو شتە دەکات کە ئەم بەرزی دەکاتەوە.

من دەزانم خودی ڕاستەقینەی هەموو مرۆڤێك بە دوای چیدا وێڵە، چونکو دەبێ دوای ئەو شتە بکەوێ کە خودی من عەچداڵییەتی، هەڵبەت کاتێ بزانم ئەو شتەی من عەچداڵیم هەر ئەو خودە ڕاستەقینە و حەقیقیەی منە و نەك ئەو خودەکەی دیکە کە گومراکەر و لاڕێیە. لای ڕۆسۆ کاری سەرەکی لە ئەستۆی ئەم دوو خودەیە. کاتێ من بەر بە کەسێکی نییەت خراێ دەگرم و ناهێڵم زەرەر لە کەسانی دیکە بدات، تەنانەت ئەگەر زیندانی بکەم یان وەك تاوانبارێکی تەسلیمبوو لە سێدارەی بدەم، ئەم کارەی من نەك بۆ بەرژەوەندپەرستی، بەڵکو بۆ بەختەوەرکردنی کەسانی دیکەیە. ئەم کارەی من تەنانەت بۆ سزادانی ئەو کەسە نییە، بەڵکو ئەمە ئەو کارەیە کە خودی ناوەکی و باشتر و ڕاستەقینەی ئەو کەسە، ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسایەت کە خۆی دەربخات، دەیکرد. ئەم کارەی من لەم نموونەدا ئۆتۆریتەیە لە سەر کردارەکانی ئەو، نەك بەکارخستنی ئۆتۆریتە بۆ کارەکانی خۆم، مەبەستیش لەو ڕستە ناسراوەی ڕۆسۆ سەبارەت بە مافی کومەڵگا بۆ مەجبوورکردنی مرۆڤ بۆ ئازاد بوون، ئەمەیە.

مەجبوورکردنی مرۆڤ بۆ ئازادبوون، مانای زەبر خستنە سەری بۆ ڕەفتاری ئەقڵانی. ئەو کەسە ئازادە کە هەرچی دەیەوێ دەستەبەری دەکات و، ئەو شتەی بە ڕاستی مروڤێك دەیەوێ ئامانج و مەبەستێکی ئەقڵانییە. ئەگەر مرۆڤ داوای مەبەست و ئامانجێکی ئەقڵانیی نەکات، بە ڕاستی داوای ئەو شتە ناکات کە داوای

دەکات. ئەگەر داوای ئامانجێکی ئەقلانی ناکات، ئەو شتەی دەیەوێ ئازادییەکی راستەقینە نییە، بەڵکو ئازادییەکە ساختە. من بۆ هەندێ کار مەجبووری دەکەم کە ئەو کارانە بەختەوەری دەکات و، ئەگەر ئەو رۆژێك بزانێ کە خودی راستەقینەی خۆی چییە، بۆ ئەم زۆرەملی و مەجبوورکردنە مەمنوونم دەبێ. ئەمە دڵی دۆکترین یان ئامۆژە ناسراوەکەی رۆسۆیە و چ دیکاتۆرییەك نییە لە رۆژئاوادا بەم پارادۆکسە ترسناکە کارەکانی خۆی پاساو نەدابێ.

ژاکۆبینەکان، رۆبسپێر، هیتلەر، مۆسۆلینی، کۆمۆنیستەکان، هەر هەموویان ئەم بەڵگاندنەی رۆسۆیان بەکاردەهێنا و دەیانگوت خەڵك نازانن بە راستی چییان دەوێ و هەر بۆیە ئێمە لە رێگەی داواکردنی ئەو شتە حەقیقییەوە بۆ خەڵك، بە داواکردنی ئەو شتە لە باتی ئەوان، شتێکیان پێ دەبەخشین کە ئەوان بە هەستێکی رازاوی، بێ ئەوەی خۆیان بزانن، تێبگەن ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە بە راست دەیانەوێ. کاتێ من تاوانبارێك دەکوژم، کاتێ چۆك بە بوونێکی مرۆیی دادەنێم، تەنانەت کاتێ دادگای پشکنینی[21] بیر و بڕواکان دادەنێم، کاتێ مرۆڤەکان ئەشکەنجە دەدەم و دەیانکوژم، تەنیا کارێك ناکەم کە بۆ ئەو کەسانە خۆیان باشترە، ئەگەرچی ئەمە ئاشکرا و بەڵگە نەویستە کە بۆ خۆیان باشترە، بەڵکو ئەو کارە دەکەم کە ئەوان بە راستی دەیانەوێ، ئەگەرچی رەنگە هەزاران جار ئینکاری ئەو شتە بکەن. هۆی ئەم ئینکارەشیان ئەوەیە خۆیان نازانن چین، چییان دەوێ و دنیا چۆنە. کەوابوو من لە باتی ئەوان، لە لایەن ئەوانەوە قسە دەکەم. ئەمە ئامۆژەی بنەمایی رۆسۆیە کە کۆیلەیەتی راستەقینەی لێدەکەوێتەوە و بەرەبەرە، لە باتی بوتاندنی چەمکی ئازادیی رەها، لە چەمکی سەرکوتکاریی رەها هەڵدەکەوین. کاتێ رێگەی راست، تەنیا و تەنیا یەك رێگە بێ، مرۆڤ ئیدی توانای هەڵبژاردن و

٢١ـ ئاماژەیە بۆ دادگایەکی سەدەکانی نێوەڕاست کە حوکمی کوفری بە سەر زۆرکەسدا سەپاند و نموونەیەکە بۆ هەموو کۆنترۆڵکردنێکی بیروڕا. ـ و.ك.



جیاکارییان نابێ. بێگومان مرۆڤ دەبێ هەڵبژێرن، چونکو ئەگەر هەڵنەبژێرن، سەربەست نین، ئازاد نین، مرۆڤ نین، بەڵام ئەگەر رێگەی راست هەڵنەبژێرن، ئەگەر بە لاڕێدا بڕۆن، لە بەر ئەوەیە کە خودی راستەقینەیان کار ناکات و نازانن خودی راستەقینەیان چییە. هەر بۆیەش، منی ژیر، من کە بڕوام بە بنەما ئەقلانییەکان هەیە، من کە قانووندانەر و خێرخوازی گەورەم، ئەمە دەزانم. رۆسۆ کە خواستی دیموکراتیکی هەبوە، زۆری حەز لە ئەو شتانە نەبوو، کە فەردی بن و زیاتر دڵی لای کۆمەڵ و کۆژ بوو، ئەو کۆمەڵ و کۆڕانەی کە وێرای مەیلی رۆسۆ بۆیان، تەنیا ئەو کاتە بڕێك راست بوون کە بڕیار بۆ کارێك بدەن کە هزری ناوەکی کوی ئەندامانی ئەم کۆمەڵ و کۆژە، واتە خودی راستەقینەیان داوای بکات.

هەر لە بەر ئەم دۆکترین یان ئامۆژەشە کە رۆسۆ بە بیرمەندێکی سیاسی لە قەڵەم دەدرێ. ئەم ئامۆژەی رۆسۆ هەم خێری لێکەوتۆتەوە و هەم شەڕ، لەبەر ئەوەی جەختی لەوە کردۆتەوە کۆمەڵگا بێ ئازادی، بێ بڕوا و ئارەزوو، شیاوی بوون نییە و، کۆمەڵگا بەو جۆرەی لایەنگرانی قوتابخانەی گرنگایەتی سوود لە سەدەی هەژدەهەمدا وێنایان دەکرد، واتە کۆمەڵگایەك تێیدا چەند پسپۆڕێك ژیانی خەڵك بە جۆرێك رەنگرێژیدەکەن و رێکدەخەن کە بێ بەریەککەوتن، بڕێکی زیاتری خەڵك بەختەوەر بکات، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە مرۆڤ رقی لەم جۆرە کۆمەڵگایە، چونکو بوونی مرۆیی ئازادییەکی بێ بەند و مەرج و یاخیانەی خۆبەستی[22]، بەو مەرجەی خۆی بەشی تێیدا هەبێ، پێ باشترە و تەنانەت ئەم دۆخەی لە زیاترین بەختەوەری لا پەسەندترە کاتێ بەختەوەرییەکە زادەی سیستەمێکی دەستکرد بێت، نەك بەرهەمی ئیرادە و داوای خۆی، بەڵکو بەرهەمی ئارەزووی جۆرێك پسپۆڕی گەورەتر، جۆرێك مودیر، واتە کەسێك کە کۆمەڵگا بە پێی مۆدێلێکی لە پێشدا دیاریکراو رێکدەخات.

22- Autonym

لایەنی شەڕی ئامۆژەکەی ڕۆسۆ، پەرەگرتنی ئوستوورەی «خود»ی ڕاستەقینەیە، ئەو ئوستوورەی کە بە پێی ئەو من بۆم هەیە زۆر لە خەڵك بکەم. بێگومان هەموو پشکنەرێکی بڕواکان، هەموو ڕێکخستنێکی گەورەی ئایینی، ویستوویانە هەڵمەتی سەرکوتکارانەی خۆیان بەم ناوەوە لە ئاوەڵناوی بێڕەحمی و نادادپەروەری دابشۆرن، بەڵام ئەم کەسانە لانیکەم بۆ یاساوی کارە چەپەڵ و سەرکوتکارانەکانیان پشتیان بە ئەمر و فەرمانی بان سروشتی دەبەست و باسی هەندێ فەرمانیان دەهێنایە ئارا کە ئەقڵ و هزری مرۆڤ ڕێگەی پێ نەدراوە لێیان بپرسێتەوە. کەچی ڕۆسۆ لای وابوو هزری بێبەرگر و لەمپەری مرۆیی دەتوانێ لە ڕێگەی بینینی بێبەربەستی سروشتەوە، سروشتێکی سێ ڕەهەندی یان سێ بەر، ئەو سروشتەی کە بریتییە لە بوونەوەرانی نێو فەزا ـ واتە بوونەوەرانی مرۆیی، حەیوانەکان و شتە بێگیانەکان ـ دەتوانێ هەموو شتێك کەشف بکات. ڕۆسۆ مادام یارمەتی هێزێکی بان سروشتیی لە پشت نەبوو، پشتی بەو پارادۆکسە ترسناکە بەست کە ئازادیی دەگۆڕێ بۆ جۆرێك کۆیلەتی و تێیدا داواکردنی شتێك، بە هیچ شێوە مانای داواکردنی ئە و شتە نییە، مەگەر ئەو شتە بە جۆرێکی تایبەت داوا بکەی، بۆ ئەوەی بتوانی بە کەسێك بڵێی «ڕەنگە وابزانی ئازادی، ڕەنگە لات وابێ بەختەوەری، دەکرێ بە خەیاڵی خۆت ئەمە یان ئەوەت بوێ، بەڵام من باشتر لە تۆ دەزانم تۆ چیت، چیت دەوێ و چی ئازادت دەکات». ئەمە هەمان ئەو پارادۆکسە شوومەیە کە پشت بە ئەو مرۆڤێك بە دۆڕاندنی ئازادی سیاسی خۆی، لە کیسدانی ئازادی ئابووری خۆی، جۆرێکی قووڵ، ئەقڵانی و سروشتیتر، خۆی بە ئازاد دەزانێ و، تەنیا دیکتاتۆر، دەوڵەت، کۆمەڵ و دەسەڵاتی بەرز لەمە تێدەگات. بەمجۆرە و لێرەدا ئازادیی هەرە ئازاد لەگەڵ توند و کۆیلەکارترین دەسەڵات دەقاودەق دەبێتەوە.

لە بەر ئەم چەواشەکارییە گەورەیە کە ڕۆسۆ زیاد لە هەموو بیرمەندێکی دیکە



بەرپرسیارە. ئەنجامەکانی ئەم چەواشەکارییەی ڕۆسۆ لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا پێویستیان بە ئاماژە نییە، چونکو هێشتا لە بەر چاوماندا زرێ و زیندوو ئامادەن. هەر بۆیەش سەیر نییە بڵێین ڕۆسۆ، ئەو کەسەی لای خۆی بە جۆشترین لایەنگری ئازادییە لە هەموو جیهاندا، ئەو کەسەی بە ڕای خۆی ویستوویەتی کۆت و بەندی هەموو پەروەردە و وردەکاری و کولتوور و پەیمان و زانست و هونەر و هەر شتێکی دیکە لە مرۆڤ بکاتەوە، چونکو هەموو ئەمانە بەسەر مرۆڤدا دەسەپێندرێن و بە جۆرێك ئازادییە سروشتییەکەی وەك مرۆڤ ڕادەگرن، خۆی یەکێکە لە دوژمنە هەرە سەرسەختەکانی ئازادی لە کۆی مێژووی بیرکردنەوەی مرۆیی و بە تایبەت لە سەردەمی مۆدێرندا.

## فیشتە

بە رای من یووهان گۆتلیب فیشتە زیاد لە هەر بیرمەندێکی ئەڵمانیایی دیکە لە بڵاوکردنەوەی ئایدیایەك لە ئازادی بەرپرسە کە جیاوازە لە لێکدانەوەی بیرمەندانی رۆژئاوایی دیکە، بە ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەمریکییەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا بۆ ئازادی. ئەگەر سالانی ١٨٠٠ بۆ ١٨٢٠ سەفەری ئەوروپاتان کردبا، پێتان سەیر دەبوو کە ئەگەرچی وشەی ئازادی لە رۆژهەڵات تا رۆژئاوای ئەوروپا بەسەر زاری هەمووانەوەیە و ئەگەرچی ئەڵمانی و هەنگارییەکان بەگوڕ و تینتر لە فەرەنسی و ئینگلیزییەکان باسی ئازادی دەکەن، بەڵام واتای ئەم وشە، واتە ئازادی، لە هەر بەشێك لە دوو بەشی ئەوروپا جیاوازە و ماناکەی لای ئەڵمانییەکان شتێکە و لای بیرمەندانی فەرەنسی و ئینگلیزی شتێك. (بۆ تێگەشتن لەم مانا جیاوازانە) پێویستە لەوە بکۆڵینەوە کە نووسەرە سیاسییە گەورەکانی ئەو کاتی رۆژئاوا، بۆ نموونە کۆندۆرسێ، پیەن یان بنجامین کۆنستانت، واتە سێ بیرمەندی ئەو خولە کە بە کەفوکوڵ و تینەوە دەربارەی ئازادی بابەتیان نووسیوە و هەروەها بۆ هەموو ئەو نووسەرانەی کە بۆچوون و راکانیان کاری لە هاوچەرخان و داهاتووانیشیان کردووە، مانای چی بووە. با وتەیەکی کۆنستانت بگێڕینەوە. کۆنستانت لیبرالێکی میانەڕەو و ژیر بووە و نووسینە سیاسییەکانی ەی سەرەتای سەدەی نۆزدەیە و وەك دەمڕاستی گەلێ دیموکراتی سەردەمی خۆی چاوی لێدەکرێ. کۆنستانت لە لێدوانێکی ساڵی ١٨١٩ی خۆیدا مانای کۆن و مۆدێرنی ئازادی بەراورد دەکات و تێگەشتنی هاوچەرخانی خۆی بۆ ئازادی بەمجۆرە دەردەبڕێ:



«مافی هەموو تاکێکە تەنیا پێڕەوی قانوون بکات. مافی هەموو تاکێکە لەبەر داوا و ئارەزووی کەس یان کەسانێك نەگیرێ، نەکوژرێ، ئەشکەنجە و ئازار نەدرێ. هەموو مرۆیەك مافی ئەوەی هەیە بیروڕای خۆی دەربڕێ، کار و پیشەی خۆی هەڵبژێرێ، دەست بەسەر ماڵ و سامانی خۆیدا بگرێ و تەنانەت ئەگەر ویستی تێیدا ببات؛ هاتوچۆ بکات، بێ ئەوەی پێویست بێ مۆڵەت داوا بکات یان هۆ و هاندەرەکەی بۆ کەسێك روون بکاتەوە. هەموو مرۆیەك بۆی هەیە لەگەڵ کەسانی دیکە شەریکی بکات و ئەگەر حەزی کرد لەسەر بەرژەوەندیەکانی خۆی لەگەڵ شەریکەکانی قسە بکات، لەسەر ئایینی خۆی بدوێ یان چۆنی پێ خۆشە کاتی خۆی تێپەڕێنێ. لە دواییشدا، مافی هەموو تاکێکە کاریگەریی لە کاروباری حکوومەتدا هەبێ، جا لە رێگەی دیاریکردنی کۆ یان برێك لە کارمەندانی دەوڵەتەوە بێ. یان لە رێگەی نوێنەرایەتییەوە، یان بە داوا و بەرزکردنەوەی سکالا، کە کاربەدەستانی دەوڵەتی کەم و زۆر ناچارن لەبەر چاوی بگرن». کۆنستانت پاشان دەڵێ، لە دونیای کەونارادا دۆخەکە بەمجۆرە نەبووە و ئەگەرچی ئەوکات تاك دەسەڵاتی لە شتە گشتی و هەموویەکاندا هەبووە، بەڵام لە ژیانی تایبەتی خۆیدا زیاتر سنووردار و کۆنترۆڵکراو بووە، لە کاتێکدا لە دەوڵەتی مۆدێرندا، تەنانەت لە دەوڵەتە دیموکراتیەکاندا، تاك تا رادەیەك و بە رواڵەت، ناتوانێ کاریگەریی لەسەر بڕیاری کاربەدەستانی سیاسی هەبێ و هەر بۆ دابینکردنی ئەم کاریگەرییەیە کە خەبات دەکات. ئەم پێناسەکردنەی ئازادی، نموونەیەکی باشە بۆ واتای ئازادی لای لایەنگرانی نەرمڕەوی ئازادی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، بەڵام واتای ئەم وشە لە ئەڵمانی ئەوکاتدا زۆر لەو پێناسەیەی پێشوو جیاوازە. فیشتە بەردەوام دەیگوت کە ئازادی لای ئەو تاقە شتی گرنگە: «سیستەمەکەی من، هەر لە ئەلفەوە تا یا، لە بن و بنچینەوە لێکدانەوە و شیکردنەوەی چەمکی

ئازادییه ... و هیچ شتێکی دیکه ڕێی تێ نابات». پاشانیش زۆر ڕاشکاوانه خوێنەر ئاگادار دەکاتەوە کە دۆکترینەکانی زۆر لێڵ و پێڵن و خەڵکی ئاسایی لە زمانی تێناگەن و جۆرێك کەوڵاوکەوڵ و ئیشراق بۆ تێگەشتن لە کاکڵی وتە قووڵەکانی پێویستە. فیشتە دەڵێ: «گریمانە فەلسەفییەکەی ئێمە دەبێ ڕەها لە تێگەشتنی ئەو خەڵکەی خوێندەوارییەکی ئاساییان هەیە بەدەربێ، چونکو بابەتی ئەم گریمانە بۆ ئەو کەسانە بوونێکی دەرەکیی نییە، ئەم خەڵکە لە ئەو بەهرە بێبەرین کە پێی و لە ژێر کاریگەریی ئەودا بابەتە فەلسەفییەکەی ئێمە بوونێکی دەرەکی هەبێ بۆیان. واتە باسکردنی بابەتە فەلسەفیەکەی ئێمە بۆ ئەوان وەك قسەکردنە لەگەڵ کەسێکی کوێری زگماك، کەسێك کە شتەکان تەنیا بە دەستپێداهێنان دەناسێ و کەچی باسی ڕەنگ و پێوەندیی لەگەڵ ڕەنگی بۆ دەکرێ». تێگەشتن لە گریمانە فەلسەفییەکەی فیشتە بۆ خەڵکانی ئاسایی گرانە چونکو ئەم خەڵکە ئەو بەهرە و هێزە تایبەت و قووڵ و میتافیزیکییەیان نییە کە توانای تێگەشتن لەم حەقیقەتانە دروست دەکات. ئەمانە کۆمەڵێك حەقیقەتن کە تەنیا بڕێکی کەمی هەر بەرەیەك لێی تێدەگەن. فیشتە خۆی بە یەکێك لەم کەسانە دەزانێ و توانای خۆیشی بۆ تێگەشتن لە جەوهەر و ناخی ئازادی قەرزداری دزەیەتی بۆ نێو ناخی بوون و کەون. با ئەم باسە زیاتر لێکبدەمەوە. کەڵکەڵەی سەرەکیی زۆربەی بیرمەندانی ئەورووپای ڕۆژئاوا ئەوە بوو ئازادیی هەر کەسێك لە دەستکاریی کەسانی دیکە بپارێزن و مەبەستیان لە ئازادی دەستێوەرنەدان بوو، کە چەمکێکە لە بنچینەوە نەرێنی. ئەم تێگەشتنە بۆ ئازادی، بابەتی نامیلکە کلاسیك و مەزنەکەی **جان ئێستوارت میلە** بە ناوی *نامیلکەیەك دەربارەی ئازادی* کە تاکو ئەمڕۆ خۆش و ڕەوان و ڕاستگۆیانەترین داوایەکە بۆ ئازادی مرۆڤ نووسرابێ. ئەمە ئەو ڕاڤەیە کۆندۆرسێ بۆ ئازادی دەیکرد، واتە ەی ئەو تێگەشتنەی کە لای زۆربەی ڕاپەڕیوانی فەڕەنسی هەبوو،



واتە ئەو کەسانەی کە ئاڵای شۆڕشیان بۆ ئازادکردنی تاك بەرزکردەوە و پاشان لەشکرەکانی خۆیان ناردە هەموو ئەورووپا بۆ ئازادکردنی نەتەوەکانی دیکە. لێرەدا گریمانەی بنچینەیی ئەوەیە، کە هەموو تاکێك هەندێ حەز، ئارەزوو و داوای هەیە و دەیەوێ ژیانی خۆی بە جۆرێکی تایبەت بەڕێوە ببات. بێگومان ناتوانین ڕێگە بەم کەسە بدەین، کە هەموو ئەم شتانە بە دڵی خۆی بکات چونکو لەم کاتەدا گەلێ لێکدری لەگەڵ داوای وێکچووی کەسانی دیکەدا بۆ دروست دەبێ. دەبێ لە دەورووپشتی ئەم کەسەدا بۆشاییەك دروست بکرێ، واتە بوار و فەزایەك تێیدا ئەو کەسە بۆی هەبێ ئەو شتانەی کە ناوی داوا ماقووڵەکانی ئەو کەسەیە، بەدی بهێنێ. هیچ کەس دەست بەسەر ئەم داوایانەدا ناگرێ، مەبەستەکانی هەر تاکێك پێوەندیی بە ئەو کەسە خۆیەوە هەیە. کاری دەوڵەتیش لەم ناوەدا ئەوەیە کە نەهێڵێ کەس بەر بەم داوا (ماقووڵ)انە بگرێ، واتە دەوڵەت کاری جۆرێك پاسەوانی هاتووچۆ یان وەك **لاسالی** سوسیالیستی ئەڵمانی بە تانەوە دەڵێ جۆرێك عەسعەسە. واتە دەوڵەت کاری ئەوەیە بەدیهێنانی داواکانی کەسێك لەگەڵ داواکانی کەسانی دیکەدا بەر یەك نەکەوێ. ئازادی مانای دەستدرێژی نەکردن، کەوابوو ئازادی، واتە ئەوەی کەسێك سنوورەکانی کەسێکی دیکە نەبەزێنێ. ڕۆسۆ ئەم خاڵەی زۆر بە ڕوونی باسکردووە و دەڵێ: «چییەتی شتەکان تووڕەمان ناکات، تەنیا نییەت خراپیە وامان لێدەکات». کۆیلەتی مانای کۆیلەی کەسێك بوون، نەك کۆیلەتیی بۆ چییەتی شتەکان. هەڵبەت ئێمە وشەی ئازادی بە مانای میتافیزیکی جۆراوجۆریش بەکار دێنین. کاتێ باسی کۆیلەتیی خەڵکان دەکەین، مەبەستمان تەنیا کۆیلەتی نییە بەو مانای کە **مامە تۆم** لە کتێبی *کەپری مامە تۆمدا* کۆیلەی **سیمۆن لۆگرییە**، بەڵکو جگە لەوە بەو ماناشە کە دەڵێن مرۆڤ کۆیلەی شەهوەتەکانی خۆیەتی، کۆیلەی خواردنەوەیە، کۆیلەی فلان و فیسار و کۆیلەی

ئەفسوون و وەسوەسەی دیکەیە. ئەم مانای کۆیلەتی ئەگەرچی مانایەکە باو، بەڵام جۆرێك خوازەیە. بێگومان کۆیلەتی واتای ورد و هەستپێکراوتریشی هەیە، واتە کەسێك کە بە درەختێکەوە شەتەك درابێ یان کەسێك کە لە زیندانێکدا بێ، چی وشەیەکی دیکەشی بۆ بەکاربێنین، بمانەوێ و نەمانەوێ ئازاد نییە. لە لایەکی دیکەشەوە ناتوانی بە بۆنەی نوقسانیی کەسێکەوە پێی بڵێی کۆیلە. گەلێ کار هەن من ناتوانم بییان کەم، بەڵام ئەمە مانای کۆیلەتی من نییە. من ناتوانم بفڕم، زیاد لە پەنج ملیۆن بژمێرم یان لە هێگڵ تێبگەم. واتە زۆر شتم پێ ناکرێ، بەڵام ئەم نەتوانینە تەعبیر نییە لەوەی من کۆیلەم. کۆیلەتی نە مانای ناتوانی بۆ کردنی هەندێ کارە، کۆیلەتی مانای ئەوەیە نەهێڵن کارێکی دیاریکراو بکەی، نەك مانای ئەوەی چییەتی شتەکان بە جۆرێك بێت تۆ نەتوانی ئەو کارە بکەی، بەڵکو کۆیلەتی ئەو کاتەیە کەسانی دیکە بەرت پێ بگرن. تەنانەت کۆیلەتیی ئابووری کە لە نووسراوە سۆسیالیستییەکاندا گەلێ ئاماژەی پێدراوە، مانای ئەوەیە دانی ماف بە خەڵك، کاتێ خەڵك ناتوانن کەڵکی لێ وەربگرن، واتە کاری پێ بکەن، کارێکە بێهوودە. بێهوودەیە بە کەسێکی برسی و بێپارە مافی خواردن و کڕینێك بدەی کە ناتوانێ بیخوا و بیکڕێ. ئەم خاڵە بە زۆری بەمجۆرە دەوترێ کە ئازادیی سیاسی بە بێ ئازادیی ئابووری بێهوودەیە، بەڵام گریمانی پشتەوەی ئەم وتە ئەوەیە کە نەتوانینی خەڵك بۆ کڕینی ئەم شتانە نەك بە هۆی نوقسانێکی سروشتییە، وەك ناتوانی بۆ ڕۆشتن بە هۆی ئیفلیجییەوە، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە کەسانی دیکە بەریان پێ دەگرن. تا کاتێ چەمکی بەرپێگیران نەیەتە ئاراوە، باسێکیش لە ئازادی نییە. ئازادی مانای ئازادبوون لە دەستێوەردران، لە دەستێوەردان. ئەگەر ئەم دەستێوەردانە بە ڕێکەوت بێ، ئەوا هۆی نەبوونی ئازادی بەدشانسی یان نوقسانی بەڕێوەبردن و بەرنامەیە، بەڵام کاتێ ئەنقەستێك



لە کاردا بێ مانای ستەم دەگەیەنێ. ڕەنگە هەموو ئەم وێناکردنانەی ئازادی بۆ بیرمەندانی ڕۆژئاوای ئەورووپا ڕاست و ڕەوا بێ، چونکو لەوێ باسی گرنگ ڕاگرتنی حوکمی سەرەڕۆیانەی هەندێ حاکم بوو، کە خۆیان لە زۆرینەی خەڵك بە گەورەتر دەزانی، بەڵام پێناسەیەکی دیکەش بۆ ئازادی هەیە، کە لای بیرمەندانی ئەڵمانی گەشەی کرد و پێویستە لەسەری بووەستین. ئەڵمانییەکان زیاتر لە خەمی ئەو شتانەدا بوون کە ڕۆسۆ وەك هەندێ شتی «لە خۆڕا» پێناسەی کردبوون و، بە پێچەوانە کەمتر بیریان لە نییەت خراپی دەکردەوە کە ڕۆسۆ جەختی لەسەر کردبوو. بەڕای ئەڵمانییەکان ئازادی نە مانای ئازادیی لە دەستی هەندێ کەسی شێت، خراپەکار یان ئازادیی لە بێدەستووری و بشێویی کۆمەڵایەتی، بەڵکو مانای ئازادی لە بەندی پێداویستی و پێویستییە گیرۆدەکەرەکانی جیهان، مانای ئازادی لە بەندی قانوونەکانی جیهانی دەرەوە. ئەم تێگەشتنەش بۆ ئازادی، خۆی هۆکرد و زادەی دۆخی سیاسی ئەڵمانیایە لە سەدەی هەژدەدا، چونکو لە هەموو ئەم سەدەدا ئەڵمانییەکان گیرۆدەی ئەو سووکایەتییە ترسناکە بوون کە سەرکەوتنەکانی **ریشیلیۆ** و **لوویی چواردەهەم** لە سەدەی هەڤدەدا بەسەر ئەڵمانیادا، تووشی کردبوون و هەروەها پەرتەوازەیی سیاسی، نوقسانی ئابووری، تاریکبیری، کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی هاوڵاتیانی چینی مامناوەندیی ئەڵمانیا، لەو سەدەدا کە پاش جەنگە سی ساڵەکان دەستی پێ کردبوو، بەڵام هۆکارێکی گرنگی دیکەش گرێدراویی ڕەهای ئەڵمانیا بوو بۆ ئیرادەی خۆپەرستانەی میر، کە ئەم هەستەی لای ئەڵمانی دروست دەکرد کە خۆی بە کەمتر لە هاوڵاتییەکی فەرەنسی یان ئینگلیزییەکی ئازاد و سەربەرز بزانێ. ئازادی بۆ کەسێکی وەها دەتوانێ مانای چی بێ؟ ئەگەر تۆ لە دۆخێکی نالەباردا بی، یەکەم شتێك بە خەیاڵتدا بێت ئەوەیە کە تەنیا هەندێ شتت پێ دەکرێ، واتە یان توانای ماددیت بە دەستەوە نییە، یان دەسەڵاتدارەکەت

کەسێکە بێڕەحم و گێل یان بەڵا و بێ شانسی زۆر رووی تێکردووی. یان ئەم دۆخە نالەبارەی تۆی تێدایت هۆیەکی دیکەی هەیە: واتە تۆیان خستۆتە دۆخێکەوە کە تەنیا هەندێ شتت پێ دەکرێ. لە وەها دۆخێکدا ئایدیای ئازادی زوو دەگۆڕێ بۆ شتێکی بەدینەهاتوو و هەر بۆیەش ئایدیالیزە دەکرێتەوە و دەبێتە بابەتی تاسە و تامەزرۆییەکی فراوان. وەك لە مێژووشدا گەلێ جار روویداوە، مرۆڤ لەم حاڵەتەدا بە خۆی دەڵێ: «مادام ناتوانم ئەو شتەی کە دەمەوێ دەستەبەری بکەم، کە واتە رەنگە بتوانم بە تێدابردنی ئارەزووەکەی، ژیانێکی رەحەتترم هەبێ. بێگومان لە رێگەی پەلکوتان و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو شتە دڵخوازەوە کە فڵانە کەسی دەسەڵاتدار ناهێڵێ پێی بگەم، بەختەوەرتر نابم، کەوابوو رەنگە لە رێگەی کوشتنی ئارەزووی خۆمەوە بتوانم بەو ئارامی و دڵنیاییە بگەم کە لەم دۆخەدا دەتوانێ جێگرێکی باش بێت بۆ ئەو شتانەی کە دەمەوێن و ناتوانم بە دەستیان بێنم». ئەمە ئەو حاڵەتە بوو کە کاتی نوشوستی دەوڵەت ـ شارەکانی یۆنان **ئێپیکووری** و **رەواقییەکان** روویان تێکرد، هەروەها ئەمە هەمان حاڵ و رێچکە بوو کە رۆمیە رەواقییەکان لە سەدەکانی یەکەمی پاش زایین و یەکەم مەسیحیەکان لە وانە و پەندەکانی خۆیاندا روویان تێدەکرد. بە جۆرێك ئەمە ببوە ئەم حەقیقەتەش کە بۆ ئەڵمانیەکان لە سەدەی هەژدهەمدا روون و ئاشکرا دەرکەوتبوو: زۆر شت هەن کە من حەز دەکەم دەستەبەریان بکەم، بەڵام دۆخەکە رێگەم پێ نادات. کە وابوو دەبێ دژی ئەم جیهانەی دەرەوە بووەستم، تا دەتوانم نوقسانەکانی خۆم کەم بکەمەوە. لە باتی ئەوەی پەل بۆ پێشەوە بکوتم بۆ ئەوەی هەندێ شت دەستەبەر بکەم کە ناتوانم بیکەم و هەرەس بێنم و تێدابچم، واباشترە دەست بدەمە پاشەکشێیەکی ستراتژیك. دەبێ بەرەو جێگەیەك بکشێمەوە کە دەستی ستەمکارم پێ نەگات. ئەگەر زۆر پەل نەکوتم و خۆم دەرنەخەم و زۆر لەو شتە



نالەبارانە نەکەوم، رەنگە ژیانم باشتر ببێ. ئەم کارە، لە روانگەی دەروونناسی و کۆمەڵناسیشەوە کردەوەیەکی لێدەکەوێتەوە کە پێی دەڵێن: «ژیانی ناوەکیی پەلامارنەدراو»: من هەوڵ دەدەم خۆم لە جیهانی ناوەوەمدا چڕ بکەمەوە. بە خۆم دەڵێم: «ستەمکار دەیەوێ بەختی پێشکەوتنم لێ بستێنێ، ناخم بڕووخێنێ، دەی باشە، با بیکات، ئەمانە گرنگ نین، چی پێ دەبرێ با بیبات، من هەموو ئەمانە لە خۆم دەکەمەوە، چونکو بۆم گرنگ نین، ئەگەر ئەوانەم بۆ گرنگ نەبێ، کاتێ ئەو ئەیانبات، هەست بە نوقسان ناکەم». ئەمە پاشەکشێیەکی سەیر و ستراتژیکە بۆ نێو قەڵای ناخ. بە خۆم دەڵێم: «ئەگەر ورە بەر نەدەم، ئارامیی ناخی خۆم بپارێزم، خۆم بۆ رامان تەرخان بکەم، ئامانجە ناوەکیەکانم پەروەردە بکەم، چیدی ستەمکار دەستی بە ناخم ناگات. بلا لە لەشم بدات. بلا سامانم بڕفێنێ، بەڵام من خۆم بۆ شتێك تەرخان دەکەم دەستی ئەوی پێ ناگات: بۆ ورەی ناخم، بۆ خودی هەناوم». ئەم ئایدیا سەرچاوەی هەڵقوڵانەوەی دۆکترینێکە کە دەڵێی قووڵ بە بە مەسیحییەت و جوویەتیدا رۆچووە و بنەڕەتەکەی لەسەر وێناکردنی بوونی دوو خودە، خودێکی مینۆکی و رۆحی، ناوەکی و نامادی، واتە هەمان رۆحی نەمر؛ خودێکی ئەزموونی، دەرەکی، فیزیکی، واتە هەمان خودی ماددی کە تووشی نامورادی دێت و ملکەچی قانوونە گران و ئاسنینەکانی جیهانی ماددییە، کە هیچ مرۆیەك لێی رزگار نابێ.

لای زانستوانانی زانستە سروشتیەکانی سەدەی هەڤدە و هەژدەهەم و بۆ هەندێ فەیلەسووفی سەدەی هەژدە (کە مرۆڤ لە لایان کۆمەڵێك مۆلکولە و وەك دیکەی شتەکانی نێوسروشت مرۆڤیش بەندیواری ئەو رێسا نەگۆڕانەیە کە بەسەر ئەم مۆلکوولانەدا زاڵە)، دەنگهەڵبرین دژی سروشت شێتییە، چونکو ئێمە قانوونەکانی جیهانی ماددیمان پێ ناگۆڕێ و ئەم قانوونانە بە زاڵمانە بزانین

یان نا، دیسان لێیان ناچارین. كه واته من دەبێ له دەستی دوو دوژمن رابكەم: یەكێكیان ئەو قانوونه پتەو و نەگۆڕانەیە كه حوكمی جیهانی ماددی دەكات و، دووهەمیان ئیرادەی سەرەڕۆی كەسانی خراپەكار و شەڕژه. من به یارمەتی دۆكترینێكی بەرزی نێو ئەم پەنده لەم دۆخه رزگار دەبم: «پشیله دەمی به دۆ نەدەگەشت، دەیگوت ترشە». واته به خۆم دەڵێم مادام ناتوانم ئەو شتانە دەستەبەر بكەم، هه ر له بنچینەوه داوایان ناكەم. ئەگەر بتوانم ئارەزووی ئەم شتانه له خۆمدا بكوژم، چیدی تێرنەبوون و (بەدینەهاتنیی ئارەزوو) ئازارم نادات. به كورتی ئەم دۆكترینه دەڵێ ئارەزووی تێركراو و ئارەزووی سەركوتكراو، یەك شتن. ئەم كاره دۆخێكی سەیر و سەمەره دەخاتەوه. ئایا ئەو كەسەی چل ئارەزووی هەیە و دەیان هاتۆتەدی، لەو كەسە بەختەوەرترە كە تەنیا دوو ئارەزووی هەبووه و هەر دووكیان هاتۆتە دی؟ ئەگەر مانای ئازادی ئەوە بێ من بتوانم چیم حەز كرد بیكەم، ئایا ئەو كەسەی حەزێكی كەمتری هەیە و هەر بۆیەش دەبێ كارێكی كەمتر بكات، لەو كەسە بەختەوەر و ئازادترە كە داوای زیاتری هەیە و شتێكی كەمتر لەو كارەی پێ دەكرێ كە (بۆ ئاواتە زۆرەكانی) دەبێ بیكات؟ دیسان ئەمە هەر رۆسۆیە دەڵێ ئەو كەسه به راستی ئازادە كە «تەنیا داوای شتێك كە پێی دەكرێ و ئەو شته دەكات كە دەیەوێ». ئەگەر ئاوات و ئارەزووەكانم كەمتر بن، نامورادی و بێزاریشم كەمتر دەبێتەوه. ئەم تیۆره گەر تا دواژادەی (لۆژیكی) خۆی پەره بدرێ، له خۆكوشتن نزیك دەبێتەوه، واته ئەنجامەكانی له دواییدا دەبێته خۆكوشتن. ئەگەر پێم ئازاری هەیە، دوو رێگەچارەم لەبەره: دەوا و دەرمان و، قرتاندنی پێ. ئەگەریش كەسێكی ستەمكار زۆرم لێ دەكات، دوو رێگەم بۆ خۆڕاگریی لەبەره: كوشتنی كەسی ستەمكار؛ یان سڕكردنی خۆم بەرامبەر به ستەمكار له رێگەی بیرنەكردنەوە لێی، دانی هەرچی داوای كرد، دەستبەردان له ئارەزووی هەر شتێك كه رەنگبێ



ئەو جارێك لێمی بستێنێ. ئەم شتە، له بنەڕەتدا پشت بەستنه به هەمان خودی ناوەكی وەك قەڵا و شوورایەكی قاییم كه هیچ هێرشێكی خودی دەرەكی ناتوانێ درگاكانی بشكێنێ. ئەم خوده دەرەكییەش، ئەو خودەی وازی لێدێنم، هەردەم دەشێ لەبەر زەبری قانوونه دەرەكییەكاندا تووشی نەگبەتی بێت یان ببێته دەستكەڵلای كەسێكی خراپەكار. ئەم دۆخه لای كانت گەلێ ئەنجامی گرنگی لێدەكەوێتەوه كه كاریگەرییەكی زۆری لەسەر فیشته و كۆی فەیلەسووفەكانی رۆمانتیك و هەر بۆیەش لەسەر وشیاریی ئەوروپییەكان به گشتی هەبوو و یەكێك لەو ئەنجامانه ئەم دۆكترینەیە كه دەڵێ تاقه شتی بەهاداری ئەم جیهانه، «حاڵ»ی ئەم خوده ناوەكییه راستەقینه و مینۆكییەیە. بەختەوەری شتێكە رەنگە پێی بگەم یان نەگەم، چونكو له دەستی من بەدەره و گرێدراوی گەلێ مەرجی ماددییە. كەوابوو ئەگەر بڵێم ئامانج و مەبەستی مرۆڤ بەختەوەرییە، كه واته مرۆڤمان تووشی بێزرانێكی هەمیشەیی و جۆرێك خۆرووخاندن كردووه. ئایدیالی راستەقینه ناتوانێ پشتی به شتێك بەستبێ كه به دۆخی دەرەكییەوه گرێدرابێ، بەڵكو دەبێ گرێدراوی ئایدیالێكی ناوەكی بێ و پێڕەوكردنی ئەم ئایدیاله ناوەكییەش دەبێ گرێدراوی بەدیهاتنی شتێك بێ كه خودی راستەقینەی من ئەمر به كردنی دەكات. ئایدیالی راستەقینه پێڕەوكردنی قانوونەكانی ئەخلاقە. ئەگەر قانوون له لایەن هێزێكی له دەرەوەی منەوه و به جۆرێك دانرابێ كه من هیچ بەشدارییەكم تێیدا نەبووبێ، كه واته من چ نیم جگه كۆیلەیەك، بەڵام ئەگەر ئەوه خۆمم كه ئەمر به خۆم دەكەم بۆ كردنی فڵانەكار، كه واته وەك رۆسۆ پێشتر وتوویەتی، من كۆیلە نیم، چونكو دەتوانم خۆم كۆنترۆڵ بكەم. من سەربەستیی رەفتاری خۆمم به دەسته و ئازادیش یانی ئەمە. ئەو مانا قووڵەی كه كانت مەبەستییەتی ئەمەیە كه ئەو شتەی گرنگە، تاقه شتێك كه بەهایەكی بەرزی بۆمان هەیه (مەبەستیش له بەها مەبەستێكه

لەبەر خۆی دوای دەکەوین، نەك لەبەر ئەوەی کەرەستەیەکە بۆ گەشتن بە شتێکی دیکە)، ئەو مەبەستەی کە خۆی هەموو شتێکی دیکە یاساو دەدات و پێویستی بە یاساو نییە، ئەو شتەی ئێمە لەبەر خۆی دەیکەین یان لەبەر ئەو شتێك ناکەین، ئەو شتەی لەبەر ئەو وەها رەفتارێك پێڕەو دەکەین و ئەگەر پێویست بێ گیانمانی بۆ بەخت دەکەین، بنەمایەکی وەها پیرۆز و بەرز کە حوکمی کرداری ئێمەی بەدەستە، لە لایەن خۆمانەوە ئەمر کراوە، هەر بۆیەش ئێمە ئازادین. بەم پێیە، لای کانت ێیرۆزترین شتی جیهان، تاقە شتێك کە تەواو خێر و چاکەیە، هەمان ئیرادەی خێرە، واتە خودی ئازاد، ئەخلاقی و مینۆکیی ناخی مرۆڤ. ئەمە تاقە پیرۆزە و هیچی تر. چونکو (جگە لەمە) چی شتێك دەتوانێ پیرۆز بێ؟ چی شتێکی تر هەیە بەهای هەبێ؟ ئەوشتەی من دەیکەم تەنیا لەبەر پێڕەوکردنی ئەو قانوونەیە کە خۆم بەسەر خۆمدا سەپاندوومە. لایەنگرانی قوتابخانەی گرنگایهێتی سوود دەڵێن مەبەست و ئامانجی تایبەت لە هەموو کردەوەیەك بەختەوەرکردنی برێکی زیاتری خەڵکەو، هەڵبەت کە مەبەستەکە ئەمە بێت، دەتوانی مرۆڤ، تەنانەت کەسانی بێتاوانیش بکەیتە قوربانیی بەختەوەریی کەسانی دیکە. (بە پێچەوانەی کانت) هەندێ کەس دەڵێن من دەبێ ئەو کارە بکەم دەقێکی ێیرۆز، ئایین، یان خودا ئەمری کردووە، یان دەبێ ئەو شتە بکەم کە سوڵتان داوای کردووە یان خۆم حەز دەکەم بیکەم، یان شتێك بکەم کە سیستەمێکی ئەخلاقی کە بۆم ماوەتەوە یان بێپرسیار وەرم گرتووە بۆمی رەوا دەکات. بە رای کانت کۆی ئەم یاساوانە کفرە. لای کانت تاقە شتێك لەم جیهانەدا بەهای هەبێ تاکی مرۆییە. ئەوەی کە دەوترێ فڵانە شت بەهادارە، مانای ئەوەیە ئەو شتە بۆ بوونەوەرێکی مرۆیی ئایدیالە، واتە شتێکە مرۆڤێك، کانت جەختدەکاتەوە، مرۆڤێکی «ئەقڵدار» ئەمری کردنی بە خۆی دەکات. مرۆڤ دەکرێ فیدای چی بکرێ؟ تەنیا فیدای شتێك کە لە خۆی بەرزتر



بێ، لە خۆی رەواتر بێ، بەهادارتر بێ، بەڵام هیچ شتێك بەهای لەو بنەما زیاتر نییە، کە بوونەوەرێکی مرۆیی برِوای پێیەتی، چونکو ئەگەر بڵێین فڵانەشت بەهادارە، مانای ئەوەیە کە بڵێین ئەو شتە کەرەستەیەکە بۆ گەشتن بە شتێك کە کەسێك لەبەر خۆی یان لەبەر ئەو شتە و وەك مرۆڤێکی ئاقڵ داوای دەکات یان لەگەڵی یەکسانە. کانت گەلێ شتی لەسەر گرنگایەتیی پشتبەستن بە توخمی ئەقلانییەت وتووە (ئەگەرچی ئاشکرا نییە هەمیشە ـ یان لانیکەم بۆ برێك لە قوتابییەکانی ئاشکرا نییە ـ مەبەستی لە توخمی ئەقلانییەت چییە) و لای وایە هەموو مرۆڤە ئاقڵەکان دەبێ بەحەتمی لە دووی جۆرێك رەفتاری بە تەواوی چون یەك بگەڕێن. لێرەدا کارمان بەسەر راست و هەڵەی بۆچوونەکانی کانتەوە نییە، چونکو لە باسە سەرەکییەکە دامان دەبڕێ. خاڵی گرنگ بۆ باسەکەمان ئەمەیە، کە بیرمان بێت لە دابی کانتدا کاتێ دەڵێین شتێك بەهای هەیە، مەبەستمان ئەوەیە کە ئەو شتە (بەهادارە) بۆ خۆدی ناوەوە شتێکە ئایدیال، ئایدیالێکە کە نابێ بخرێتە ژێر زەبری هێزێکی دەرەکییەوە، ئایدیالێکە نابێ وێران یان کۆیلە بکرێ. داکۆکیی گەرمی کانتیش لە تاك وەك تاك هەر ئەمەیە. تاقە شتێك کە بۆ کانت، تا دوایی هەڵەیە ـ هەروەها بۆ رۆسۆش ـ (ئەگەرچی لەم بوارەدا قسەکانی کانت زۆر رەق و راشکاوترە) ئەمەیە کە بوونەوەرێکی مرۆیی لە مافی هەڵبژاردن بێبەش بکرێ. تاقە گوناهی گەورە ئەوەیە مرۆڤێکیتر دابەزێنێ و بچووکی بکەی، یان وەك بوونەوەرێکی بێبەها هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەی؛ چونکو ئەو شتەی لەم جیهانەدا بەهای هەیە، ئەو شتەیە کە خەڵك لەبەر خۆی رێزی دەگرن. خەڵەتاندن، کۆیلەکردن، بەکارهێنانی کەسێکی دیکە، یەکسانە بەوەی کە بڵێین مەبەستەکانی ئەو بوونەوەرە مرۆییە وەك مەبەستەکانی من ئەقلانی و پیرۆز نین. وتنی ئەم شتەش هەڵەیە، چونکو کاتێ دەڵێین شتێك بەهای هەیە، مانای ئەوەیە ئەو شتە لە خۆیدا مەبەستە و مەبەستی هەموو

بوونێکی مرۆیی ئاقڵە. ئەنجامی ئەم تیۆرە، دۆکترینێکە بە کوڵ کە بە پێی ئەو من دەبێ ڕێزی بوونەوەرانی مرۆیی دیکە بگرم، چونکو تاقە شتێکی نێو ئەم جیهانەن کە ڕێزێکی وەها ڕێزیان دەگرم، چونکو مرۆڤ تاقە بوونەوەرێکن بەها دەخولقێنن و دەیهێننەدی، تاقە بوونەوەرێکن چالاکییان شتێکە کە لەبەر ئەو شتە هەموو شتێکی دیکە بە کردن دەشێ و، لەبەر ئەوە کە ژیان بەهای ژینکردن، یان ئەگەر پێویست بێ، بەخشینی هەیە. ئەنجامی دووهەمی ئەم تیۆرە ئەمەیە کە ئەخلاق، واتە بنەما ئەخلاقییەکان، شتێك نییە من بتوانم، هەر چۆن دۆخی کردەیی شتەکان دەدۆزمەوە، بیدۆزمەوە. کۆی سەدەی هەژدەهەم و نەك هەر ئەم سەدە، بەڵکو لە تێکڕای مێژووی فەلسەفەدا، جگە لە تیۆلۆژیای مەسیحی و یەهوودی، جەخت لەسەر ئەوە دەکرایەوە کە کێشە ئەخلاقیەکانیش دەکرێ وەك کێشە زانستیەکان وەڵام بدرێنەوە. لە بەشەکانی پێشوودا هەوڵماندا ئەوە ڕوونبکەینەوە کە چۆن هێلوێسیۆس و هاوژێیانی لەسەر ئەم ڕا بوون. بە ڕای کانت ئەم وتە ڕاست نییە. جێنشینەکانی کانتیش ئەم شتەیان زیاد لە ئەو بە هەڵە دەزانی. من ئەگەر بمەوێ لەوە بگەم کە دەبێ چی بکەم، دەبێ گوێ لە دەنگی ناخم بگرم. ئەوە دەنگی ناخە ئەمر دەکات، فەرمان دەر دەکات، باسی ئەو ئایدیالانە دەکات کە من دەبێ شیاوی ئەوە بم پێیان بگەم. ئەمر کردن، فەرمان دەرکردن، ڕاگەیاندنی ئەوەی کە من دەبێ چی بکەم، دەرکردنی ئەو شتەی کانت «فەرمانی ڕەها»ی پێ دەڵێ مانای ئەوە نییە کە شتێکی وەها هەیە. جیهانی دەرەوە بۆ دۆزینەوەی مەبەستە ئەخلاقییەکان، پووچەڵە. مەبەستە ئەخلاقیەکان شت نین؛ دۆخێکی شتەکان، بۆ نموونە گەشەی درەختێك نین؛ هەندێ ڕاستیی وەك پەڕینەوەی سێزار لە ڕووباری ڕۆبیکێن نین. مەبەستە ئەخلاقییەکان ئەمر و فەرمانن و بە ڕاست و هەڵە ناپێورێن. شتێك نین بە بینین بدۆزرێنەوە. ڕەنگە ڕاست یان هەڵە بن، ڕەنگە ڕووکەشی یان



بنچینەیی بن، ڕەنگە فامکراو یان فامنەکراو بن، بەڵام شیکردنەوەی هیچ شتێك نین، بەڵکو فەرمان و ئەمر و هاندان و جووڵاندنن. لە مێژووی وشیاریی و ژیریی ئەوروپادا، ئەم چرکە، چرکەیەکە گرنگ. لەم چرکە بەدوا چیدی ئەخلاقیات کۆمەڵێك ڕاستی نییە کە بۆ دۆزینەوەیان بەهرە و هێزێکی تایبەتی دۆزینەوەی ڕاستیە ئەخلاقییەکان پێویست بێ (هەر وەك گەلێ فەیلەسووف، لە ئەفلاتوونەوە تا کاتی ئێمە وایان بیر دەکردەوە). لەمە بەدوا ئەخلاقیات شتێکە ئەمر دەکرێ و کە واتە شتێك نییە بۆ کەشف و دۆزینەوە. ئەخلاقیات دادەنرێ، نادۆزرێتەوە. دروست دەکرێ، نایەتەدی. بەمجۆرەش ئەخلاقیات دەگۆڕێ بۆ شتێکی وەك داهێنانی هونەری. کانت کە باسی هەندێ قانوونی بابەتی و یوونیوپرساڵ دەکات کە بە جۆرێك لە ڕێگەی بەکارهێنانی دروستی ئەقڵەوە دەدۆزرێنەوە، ناگاتە ئەم ئەنجامە تا ڕادەیەك جوانیناسانە، بەڵام لێی نزیك دەبێتەوە. کانت بڕوای بە هەندێ پێوەری ئەقڵانی و یوونیوپرساڵە کە بە نیسبەت هەموو مرۆڤەوە ڕاستە: بەڵام تێزەکەی، واتە زمانی دەنگەکانی ناخ (یان ویژدان) دەتوانێ بەرەو ئاراستەی دیکە بکشێ. ئەم خاڵە کاتێ دەگەینە ڕۆمانتیکە ئەڵمانیەکانی سەرەتای سەدە بەرجەستەتر دەبێتەوە. کاتێ هونەرمەند بەرهەمێکی هونەری دەخولقێنێ، چی دەکات؟ هونەرمەند بە پێڕەوکردنی جۆرێك هاندەری ناوەکیی توند و لەهێز، خۆی ڕادەگەیەنێ. لە وەڵامی جۆرێك داوای ناوەکیدا دەستدەداتە خولقاندن و بەمجۆرە خۆی دەردەهاوێژێ و لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە کارێك دەکات، دەستدەداتە کردەیەك، جۆرێك هەڵسوکەوت هەڵدەبژێرێ، شتێك دروست دەکات، فێر نابێ، نادۆزێتەوە، ئەنجامگیری ناکات، هەڵناسەنگێنێ، بیر ناکاتەوە. بۆ بیرمەندانی پێش ئەم چرکە، جۆری دۆزینەوەی حەقیقی (بۆ نموونە دۆزینەوەی ئەمەی کە بەختەوەریی ئامانجی ڕاستەقینەی مرۆڤە، بەختەوەری ئامانجێك نییە شیاوی بەرزیی مرۆڤ

بێ، ژیان شتێکە ماددی یان رۆحی یان هتد) دەبوا جۆری کارکردن هەمان شێوەی کارکردنی نیوتۆن بێ بۆ دۆزینەوەی ئەو قانوونە فیزیکیانەی بەسەر جیهاندا زاڵن، بەڵام کاتێ هونەرمەند شتێك دەخولقێنێ، ئایا شتێك دەدۆزێتەوە؟ گۆرانی، بەر لەوەی بوترێ لە کوێیە؟ گۆرانی بەر لەوەی دابنرێ، لەکوێیە؟ ئایا گۆرانی وتنی گۆرانییە یان دروستکردنی ریتمی گۆرانی. وێنە بەر لەوەی بە شێوەکاری بکێشرێتەوە لە کوێیە، بە تایبەت ئەگەر شێوەکارییەکە وێنەی کەس یان شتێك نەبێ، هەر چۆن مۆسیقا تەعبیر نییە لە کەس یان شتێك؛ کەوابوو وێنای شێوەکار بۆ ئەو وێنەی دەیخولقێنێ، بەر لە خولقاندن، لە کوێیە؟ کاری هونەرمەند جۆرێك چالاکیی بەردەوامە، کردنی شتێکە و، یاساوەکەشی ئەوەیە کە بە هاندانی هاندەرێکی ناوەکیی توند و بەهێز کراوە. پێڕەوکردنی هاندەری ناوەکی، بەدیهێنانی ئایدیالێکە، ئایدیالێك کە هونەرمەند لەبەر ئەو دەڕی، خۆی بۆ تەرخان دەکات و لای یەکسانە بە ئەرك و کار و پیشەی خۆی. خاڵی گرنگ لەم ناوەدا ئەوەیە بیرمان بێت ئەگەرچی کانت خۆی بە وەها ئامانجێك نەگەشت، بەڵام بنەمای وەها تێگەشتنێکی لە ئەخلاق دامەزراند و ئەم دامەزراندنەش دوو توخمی ناوەندیی هەیە: یەکەمیان ئەم توخمەیە کە ئەخلاق جۆرێك چالاکییە. نووسەرانی فەرەنسی ئینسکلۆپیدیا و سیما ئەڵمانیە ناسراوەکانی سەردەمی رۆشنگەری لایان وابوو سەرەتا دەبێ لە هەر بابەتێکدا حەقیقەت بدۆزینەوە و ئەوسا مەعریفە و زانینی خۆمان (لەو حەقیقەتە) بەکاربێنین، بەڵام بە پێی ئەم تیۆرە تازە، ئەخلاقیات سەرەتا تیۆر و پاشان کردەوە نییە، بەڵکو خۆی جۆرێك چالاکییە. توخمی دووهەم شتێکە بە ناوی **خۆبەستیی** مرۆیی. خۆبەستی و سەربەخۆیی مرۆڤ مانای ئەوەی لەبەر زەبری هێزێکدا نەبی کە نەتوانی کۆنترۆڵی بکەی. پێشتر ئەم رستەیەی رۆسۆمان گێڕایەوە کە دەڵێ «ئەوە چییەتی شتەکان نییە تووڕەمان دەکات، بەڵکو ئەو



نییەت خراپیە»، بەڵام مرۆڤ زیاد لە هێزی مرۆڤەکان لە هێزی رووداو و شتەکان دەترسێ. واتای **دیبەستی**، واتە خاڵی بەرامبەر **خۆبەستی**، ئەمەیە کە من سەربەخۆ نیم، چونکو شەهوەتەکان بەسەرمدا زاڵن، چونکو ئارەزوو و ترس و هیوا دایانگرتووم و هەندێ شتم پێدەکەن کە، بە مانایەکی قوولتر، من نابێ حەز لە کردنیان بکەم و، دوای کردنیان پەشیمان دەبمەوە و بە خۆم دەڵێم کە ئەگەر بە دەستی خۆم بوایەت، ئەگەر بە راستی خۆم بوایەم، نەمدەکردن. کەوابوو **دیبەستی** مانای ئەوەی تۆ بە جۆرێك گیرۆدە و کۆیلە و هۆکاری کردنی هەندێ شتی کە دەستت بە سەریاندا ناڕوات. **خۆبەستیش** پێچەوانەی ئەم حاڵەیە. خۆبەستیی مانای ئەوەی تۆ فلانە شت دەکەی چون دەتەوێ، ئەوە خۆتی کارێك دەکەی، نەك کەسێکی تر پاڵت بنێ. ئەم تۆیەی کە دەستبەکار دەبێ، بێگومان جەستەی مرۆڤ نییە، چونکو مرۆڤ لە بەردەم زەبری هەموو نەخۆشینێك و هەموو قانوونێکی فیزیکیدایە. ئەوە شتێکی دیکەیە کە لە هەرێمێکی ئازاددا هات و چۆیەتی. خۆبەستی مانای ئەوەی بتوانم خۆم لە هەرێم و دەسەڵاتی ئەو هێزە نەیار یان کوێرانەی کە من لێیان بەرپرس نیم، هێزی وەك قانوونە فیزیکییەکان یان ئارەزووەکانی کەسێکی ستەمکار، دەرباز بکەم. سەربەخۆیی راستەقینە مانای دەرکرانی ئەمرێك (لە خۆمەوە) بۆ خۆم، ئەمرێك کە من، چونکو ئازادم بە دڵی خۆم بجووڵمەوە، پێڕەوی دەکەم. ئازادی، ملدانە بەو ئەمرانەی کە خود دەیانسەپێنێ. ئەمە هەمان چەمکی *ئازادیی ئەخلاقیی* رۆسۆیە و کانتیش وەریدەگرێ. هەموو بوونەوەرێکی مرۆیی، لە خۆیدا، سەرچاوەی بەهایە و هەربۆیەش دەبێ لە لایەن هەموو بوونێکی دیکەوە رێز بگیرێ. هەر بە پێی ئەم حوکمەش گۆڕین، دەستکاریکردن، داڕشتنی بوونەوەری مرۆیی، بە ناوی هەر بنەمایەکی بابەتییەوە (واتە بنەمایەك لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەوە) و بە ناوی بەختەوەرییەوە ـ وەك هێلوێسیۆس

دەیگوت ـ کارێکە ناڕەوا. هەربۆیەش، ئەو شتەی کە گرنگە و حسێبی بۆ دەکرێ، هاندەرە. ئەگەر تۆ توانای کارێکت نەبێ، ناکرێ داوای کردنیت لێ بکرێ. هەربۆیەش، من هەندێ ئەرکم هەن و، ئەگەر ئەخلاقێك، ئامانج و مەبەستێك لە کاردا بێ، ئەگەر هەندێ شت هەن، کە من دەبێ بیکەم و هەندێ شتیش هەن کە دەبێ لێیان دووربم، (ئەوا بە پێی ئەخلاقیات) دەبێ ئەو شتانە لە سنوورێکدا بێ کە تەواو لە دەرەوەی دەستکاری و دەسەڵاتی دەرەکیدا بێ. کەوابوو کەوتنە دوای بەختەوەری ئەرکی من نییە، چونکو بەختەوەری لە دەرەوەی دەسەڵاتی منە. ئەرکی من لەو سنوورەدایە کە کۆنترۆڵ و دەسەڵاتم بە سەریدا هەیە. ئەرکی من ئەوە نییە شتێك سەرکەوتوانە بکەم، بەڵکو ئەرکی من تەقەللا و هەوڵە، واتە خۆئامادەکردنە بۆ کردنی ئەو شتەی کە دەتوانم بە دروستی بیکەم. من تەنیا لە پەناگەی خودی ناوەکیی خۆمدا ئازادم. ئەنجامەکانی ئەم تیۆرە گەلێ کاریگەریی سیاسیان هەبووە. ئەنجامی خێرا و راستەوخۆی ئەم تیۆرە، جۆرێك دەست لەخۆ بەردان و دەروێشیگەرییە. مادام ئەرکی مرۆڤ ئەوەیە وریای ئەخلاقی ناوەکیی خۆی بێ، ئەگەر تاقە شتی گرنگ هاندەرە، ئەگەر تاقە شتێك مرۆڤ لێی بەرپرس بێت راستگۆیی و کەرامەتی خۆی، دەغەڵی نەکردن و ئەمینی و درۆ نەکردنە، کەوابوو جیهانی دەرەوە، بە ئابووری و سیاسی و بە فەزا و هۆکاری دەرەکیی فیزیکی و نافیزیکیەوە، لە دەرەوەی بازنەی چالاکیی تایبەتی ئەخلاقەوەن. فیشتە لە خولی یەکەمی ژیانی فیکریی خۆیدا، وا بیردەکاتەوە. بەڕای ئەو مرۆڤ دەبێ رەها و ئازاد بێ. دەڵێ: «من تەنیا هەر دەستکردی خۆمم. من قانوونەکانی سروشت لەبەر ئەوە وەرناگرم کە دەبێ وەریان بگرم، بەڵکو وەریاندەگرم چونکو حەز دەکەم وەریان بگرم (و کاریان پێ بکەم). بەڕای ئەو گرنگ ئەو شتە نییە کە پێم دراوە، بەڵکو ئە و شتەیە بەسەرمدا دەسەپێ، ئەرکی منە و ئەمری بە من کراوە؛ گرنگ ئەو



شتەیە کە بەشێکە لە راسپاردەکەی من. بە رای ئەو، ئەم قانوونە لە پانتای واقیع هەڵنەهێنجراوە، بەڵکو سەرچاوەکەی خودی خۆمانە، خودی بێگەرد و شێوەی راستەقینەی خود کە شتەکانی جیهانی دەرەوە بە پێی ئایدیا و ئامانجەکانی دروست دەکات، چونکو تەنیا لەم حاڵەتەدایە کە من دەبمە گەورەی ئەو شتانەی (دەرەوە) و ئەوان خزمەتی من دەکەن. ئەو ئایدیا رۆمانتیکەی کە تاقە شتی گرنگی دونیا لای راستی و دروستکاری و خۆبەختکارییە، لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم ئایدیا هێند گرنگە حەز دەکەم پوختتر باسی بکەم.

به درێژایی سەردەمانی رابردوو و لانیکەم لە ئەفلاتوون بە دوا، مرۆڤی زانا جێگەی رێز و ستایشی کەسانی دیکە بووە و کەسی زاناش مانای ئەو کەسە بووە کە زانیویەتی چۆن بژی. هەندێ کەس لایان وابووە کەسی زانا لەگەڵ خودا پێوەندیی هەیە و خودا پێی دەڵێ چی بکات و حەقیقەت کامە. لای هەندێ کەس زانا ئەو کەسەیە لە تاقیگایەکدا دەژی (وەك **پاراکلێسۆس** یان **دکتۆر فاوست**، یان کەسێك کە لە رێگەی جودا لە لێکۆڵینەوە و ئەزموونی کردەوەییەوە، واتە لە رێگەی جۆرێك شەوود و بەسیرەت و خەیاڵێکی تایبەتەوە، ئەو شتانەی دۆزیوەتەوە کە دەیانزانیێ). ئەو کات، ئەخلاق شتێك بوو وەك شێوەکانی دیکەی مەعریفە و رەوتێك بوو، بۆ دۆزینەوەی هەندێ حەقیقەت و، گرنگترین شت بوو بۆ گەشتن بە حاڵی ناسینی حەقیقەت. ئەگەریش کەسێك خۆی نەیدەتوانی ئەم حەقیقەتانە بناسێ، دەیتوانی پەنا بباتە لای کەسێکی پسپۆڕ. پسپۆڕیش کەسێك بوو جێگەی ستایش و رێزی کەسانی دیکە. پێغەمبەرێك بوو، کەسێکی قووڵبین، زانستوان، فەیلەسووف یان هتد، کەسێك بوو دەبوا رێز بگیرێ، چونکو لە ناخ و قوڵاییی شتەکان دەگات و دەزانێ جیهان لە چی دەچێ. کەسێکە رەنگە بتوانێ مس بکاتە زێڕ و ئاوی حەیات بدۆزێتەوە. پسپۆڕی سیاسیش کەسێك بوو دەیزانی حکوومەتکردن چۆنە، چونکو لە

دەروون و جەستەی مرۆڤ دەزانێ و ئاگاداری گیان و جەستە و سروشتی مرۆڤ و کاروباری کۆمەڵگایە و هێند لە دارشتەی گشتیی و بنەمایی جیهان دەزانێ کە شارەزایی و وەستایی خۆی لەگەڵی بگونجێنێ. ئەو ڕێزدارە، کارەکانی بە باشی رادەپەڕاند و وەڵامی راستی پرسیارەکانی دەزانی. ئەو زانا بوو. هەندێ جار هەیە، کە پێویستە لەبەر ئامانجەکان، لەبەر تیشکی مەعریفەکەتدا نەك هەر بڕیت، بەڵکو گیانیش بەخت بکەیت. شەهیدە مەسیحییەکان مردن، بەڵام گیانی خۆیان بۆ حەقیقەت بەخت کرد. ئەوان مردن، چونکو دەیانەویست بە پێی ئەزموون و شەهادەتیان لەسەر حەقیقەت، شاهید بن لەسەر ئەو زانایی و ئەقڵەی کە بە خۆیان یان کەسانی جێ بڕوای ئەوان، درابوو، بەڵام گیانبەختکردنی رووت، مردن بۆ بڕوا، قوربانیکردنی خۆت بۆ ئایدیالێکی ناوەکی و تەنیا لەبەر ئەوەی ئایدیالی تۆیە نەك هی کەسێکی دیکە، جێگەی رێز و ستایش نەبوو. (پێشتر) ئەگەر کەسێکی سەر بە ئایینێکی دیکە ئەوەندە ئازا بوایەت کە بۆ ئیمانەکەی بمرێ، تفتان لە تەرمەکەی نەدەکرد و گاڵتەتان پێی نەدەهات، بەڵکو پەسنی ئازایی و ورەیتان دەکرد؛ لای خۆتان دەتانگوت حەیفە کەسێکی هێند ئازا و چاك، بۆ شتێکی بێهوودە و زڕ بمرێ، بەڵام بە بۆنەی خۆبەختکاری و ملکەچیی بۆ ئەو بڕوایانەوە، ستایشیان نەدەکرد. کاتێ دێینە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، ئەمانە بە تەواوی دەگۆڕێت. لەم کاتە بەدوا دەبینین ئەوەی بەسەریدا هەڵدەدرێ ئایدیالیسمە، بەڵام ئایدیالیسم مانای چی؟ ئایدیالیست ئەو کەسەیە بۆ تێرکردنی ئایدیالێکی ناوەکیی خۆی، لەبەر خولقاندنی ئەو شتەی خودی ناخی داوای لێ دەکات، واز لە هەموو ئەو شتانە دێنێ کە خودی نزمی مرۆیی حەزی لێیانە (دەوڵەمەندی، دەسەڵات، پلە و پایە، خۆشەویستی). ئەمە، ئایدیالی قارەمانی رۆمانتیسمی ئەڵمانی و هەروەها قارەمانی لایەنگرانی رۆمانتیسمە وەك **کارلایل**، **میشێلێ** و **رادیکاڵە**



**رووسەکان** لە کاتی گەنجییاندا. هونەرمەندێکی ناسراو کە سەدەی نۆزدە قووڵ کاری لە خەیاڵی خەڵکی ئەوروپا کردبوو، **بێتهۆڤنە**. وێنای خەڵك بۆ بێتهۆڤن، کەسێکە لە ژوورێکی بنمیچدا دەڕی، هەژار و پەشێوە، گرنگی بە رواڵەت و سەروسیمای خۆی نادات، ناشیرینە و وازی لە دنیا هێناوە، دەستی لە سامانی دونیا بەرداوە و چی پێ دەدرێ بەرەڵای دەکات بۆ ئەوەی خۆی تێربکات و لە خزمەتی خەیاڵ و روانینی ناوەکیی خۆیدا بێ و ئەو شتە بەدیبێنێ کە قووڵ و قورس حەزی لێیەتی. خراپترین کارێك مرۆڤ پێی بکرێ خیانەت کردنە لە ئایدیالێك و تەنیا ئەم کارە شیاوی سەرکۆنەکردنە. هۆی لۆمە و سەرکۆنەکەش ئەوەیە کە تاقە شتێك ژیان دەکاتە شیاوی ژینکردن (دەگەڕێینەوە بۆ کانت)، تاقە شتێك بەهاکان دەکاتە بەها و شتێك ناراست دەکات، تاقە شتێك یاساوی رەفتارێکی تایبەتە، هەر ئەم روانینە ناوەکییەی ناخە. خاڵێکی گرنگ لەم جۆرە بیرکردنەوەدا کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا دەگاتە لووتکەی خۆی ئەوەیە کە چیدی پێویست نییە یان بێ‌مانایە کە بپرسم ئەو شتەی ئەم کەسانە دەیانەوێ راستە یان هەڵە. ئەو شتەی لات گرنگە مرۆڤێکە دەستەویەخەی ژیان دەبێتەوە و دژی ناخۆشیەکان رادەپەڕێ، بێ ئەوەی لە خۆی بپرسێ ئەنجامی ئەم کارەی مردنە یان ژیان. ئەو مرۆڤەی وادەکات و جگە لەمەی پێ ناکرێ، ئەو سیمایە کە لووتێر ستایشی دەکات و کە سێکە ئازا و بەورە، چونکو خزمەتی ئایدیالە ناوەکییەکانی خۆی دەکات. مەبەستیش لە راستگۆیی و دروستکاری، ملکەچی، بەدیهێنانی خۆ و رێبەریکردنی خۆ، ئەمەیە. هونەرمەندبوون، قارەمانی، حەکیمی و زۆر سادە مرۆڤێکی چاك بوون، یانی ئەمە. ئەم شتەش، تەواو تازەیە. **موزار** و **هایدن**، پێیان سەیر دەبوو گەر دیبایان کەسێك بەسەر هاندەر و قەڵەمبازی رۆحیی ناخیاندا هەڵدەدات. ئەوان دوو هونەرمەندبوون کە هەندێ بەرهەمی مووزیکاڵیان خولقاند کە جوان بوون. ئەم بەرهەمانە لەسەر

داوای گەورەکانیان دروستکرابوون و لەبەر ئەوەش پەسن دەکران، چونکو جوان بوون. موزار و هایدێن دوو کاسبکار بوون کە کاریان دروستکردنی مووزیك بوو. قەشە و پێغەمبەر نەبوون. بەرهەمهێنەر و بڵاوکەرەوەی کاڵاکانی خۆیان بوون. هەندێ کەس مێز و کورسی دروست دەکەن و هەندێکی دیکە سەمفۆنیا. سەمفۆنیاکەش ئەگەر چاك بێت و گرنگتر لەوەش، ئەگەر کاری کەسێکی نابغە بێت بێگومان خولقێنەرەکانی پەسن دەکرێن یان دەبێ بکرێن، بەڵام کە دەگەینە سەدەی نۆزدە، هونەرمەند دەگۆڕێ بۆ قارەمان و خەباتکاریی هونەرمەند دەبێتە چەقی ژیانی. هونەرمەند دژی دەسەڵات، دەوڵەمەند، خراپەکار، گەندەڵ و گەر پێویست بێ دژی رۆشنبیرانی بێسۆز و بیانووگر و ترسەنۆك رادەپەڕێ، واتە دژی هەموو ئەوانەی کە رۆسۆ رقی خۆی لە سەریان چڕ دەکاتەوە و دواتریش کارلایل، نیچە و دی. ئێچ. لاورێنس رێچکەی ئەویان گرت. هونەرمەند دژی ئەمانە دەبێتەوە بۆ ئەوەی بوونی خۆی دەربخات، قسەی خۆی بکات، کەسێکی سەربەخۆ بێت نەك کەسێك کە دەستکەللای ئەو دۆخ و هەلومەرجانەیە کە خۆی بە خودی ناوەکیی خۆی دروستی نەکردوون، بۆ ئەوەی لەباتی ئەم دۆخ و هەلومەرجانە خۆی رێبەری خۆی بێت. ئەم ئایدیالە، تا کاتێ تەنیا لە پانتای هونەرمەنداندا بن، ئایدیالێکە جێگەی رێز و ئەسڵ کە ئەوژۆکە کەس نییە بە ئاشکرا بەرەنگاری ببێتەوە. لە راستیشدا، ویژدانی ئەخلاقی، ئەوڕۆکە تا رادەیەکی زۆر هەر بە پێی ئەم چەمك و بنچینە رۆمانتیکانە گیرساوە و بە پێی ئەو ویژدانەش، ئێمە رێزمان بۆ کەسانی ئایدیالیست و راستگۆ هەیە، جا لەگەڵ ئایدیالەکانیاندا هاوڕا بین یان نا و، تەنانەت گەر بە شێتیشیان بزانین: هەر چۆن سەدەی هەژدە و پێش ئەو سەدە، ئەگەرچی ئەم کەسانە جێگەی پەسنی خەڵك نەبوون، و ئەگەرچی خەڵك بە گێلیان دەزانین، بەڵام خۆشیان دەویستن، بەڵام ئەم کێشە دەرکەوتەیەکی دیکەشی هەیە، کە شوومترە: ئێستا ئەخلاقیات بە شتێك



دادەنرێ کە ناتوانێ بۆی بگەڕێی، بەڵکو دەبێ دابنرێ و دابهێنرێ. لەمە بەدوا ئەخلاقیات هەندێ کێشە نییە کە پێوەندیی بە هەندێ واقیعەوە هەبێ و بتوانی لە سروشتدا بیدۆزیتەوە. (لەمە بەدوا) سروشت (و واقیع) هیچ پێوەندییەکی بە ئەخلاقەوە نییە، چونکو بە رای کانت و فیشتەش، سروشت کۆمەڵێك ماتریالی مردووە کە مرۆڤ ئیرادەی خۆی بە سەریاندا دەسەپێنێ. بەمجۆرەیە کە ئێمە لە دەستووری وانە و نموونە وەرگرتن لە سروشت، پێڕەوکردنی سروشت، وەك سروشت بوون دوورکەوتووینەوە، چونکو چیدی سروشت، تەنیا ماتریاڵ و بەگژاچوونەوەیە. ئەگەریش وابن، ئەگەر ئەخلاقیات یەکسان بێ بە دەرهاوێژیی خۆ بۆ دەرەوە، کە واتە چالاکیی سیاسیش جۆرێکە لەم دەرهاوێژییە و کەوابوو ناپلیۆنیش کە کەسایەتی خۆی بۆ نەخشەی هەموو ئەورووپا دەهاوێژێ و ئەو کارە لەگەڵ خەڵکی فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ئیتالیا و رووسیا دەکات کە هونەرمەند لەگەڵ ماتریاڵ و مووزیسییەن لەگەڵ دەنگەکان و شێوەکار لەگەڵ رەنگ دەیکات، بەرزترین نموونەی ئەخلاقە، چونکو خەریکە کەسایەتیی خۆی دەردەخات، خۆی رادەگەیەنێ و خزمەتی ئەو ئایدیالە ناوەکییەی ناخی خۆی دەکات کە رایدەچەنێ. لەم خاڵەدا، بیرکردنەوەی فیشتە بازێکی گەورە دەدات و لە تاکەوە بەرەو گرووێ دەکشێ، گرووێ وەك «بابەت» (یان هەڵگر) یان خودی راستەقینە. ئەم بازە چۆن دەدرێ؟ من ئەو کاتە ئازادم کە کەس نەتوانێ بۆ کردنی ئەو کارانەی دەمەوێ بەرم پێ بگرێ، بەڵام تەنیا ئەو کاتە دەتوانم ئەو کارانە بکەم کە خودی ناوەوەم چالاك بێ و هیچ (لە دەرەوەڕا) بەسەرمدا نەسەپێندرابێ. خود یان نەفس رۆحێکە، جەوهەرێکە، بەڵام نەك رۆح و جەوهەرێکی تەریك. لێرەوە فیشتە بە رێچکەیەکدا دەڕوات کە ئەنجامێکی تایبەتی لێدەکەوێتەوە، بە رێچکەیەکدا کە بە حوکمێك دەگات کە بە پێی ئەو خود بە هیچ شێوە بوونێکی مرۆیی تەرە و تەنیا نین، بەڵکو خود لەگەڵ

کۆمەڵگادا پێوەندیی هەیە و ڕەنگە خود، خودی مرۆیی، تەنیا دەستکردی مێژوو و سوننەت نەبێ، بەڵکو جگە لەوە بە گەلێ بەند و پێوەندی مینۆکی و ڕۆحیی نەچڕاو ـ کە بووركێ ئاماژەی پێدەدات ـ بە مرۆڤەکانی دیکەوە بەسترابێ و بوونی تەنیا بوون بێت وەك بەشێك لە مۆدێل و گەلاڵەیەکی گشتی و توخمێك بێت لەو گشتە گەورە. بە پێی ئەم حوکمەی سەرەوە، هەڵەیە گەر بڵێین خود تاکێکە ئەزموونکرد کە فلانە ساڵ لە دایك بووە و لە شوێنێکی فیزیکی فڵلانە جۆردا لە دایك بووە و لە فلانە ڕۆژ و فیسار شوێندا مردووە. بەمجۆرە فیشتە بەرەو تێگەشتنێکی ئایینی بۆ خۆد دەڕوات و دەڵێ خودی ڕاستەقینە و ئازاد، ئەو خودە ئەزموونکردە[23] نییە لە جەستەدایە و لە ژێر کاریگەریی کات و شوێندایە، بەڵکو ئەو خودەیە لە هەموو جەستەکاندا هاوبەشە، **سۆپەر خودە**، خودێکە گەورەتر و ئاسمانی کە بەرەبەرە لەگەڵ سروشت، خودا، مێژوو، و لە دواییدا لەگەڵ نەتەوەدا بەیەکدەبێ. فیشتە لە تاکی تەنیا و تەرەوە دەستپێدەکات، تاکێك خزمەتی ئایدیالی ناوەکی خۆی دەکات و دەستکەللای دەستی سروشت و کەسانی ستەمکار نییە و، بەرەبەرە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە تاك، لە خۆیدا، هیچ نییە، مرۆڤ بە بێ کۆمەڵگا نییە، مرۆڤ بێ گرووێ هیچ نییە و (لە دەرەوەی ئەم حاڵەتە) گران بتوانی بڵێی مرۆڤ هەیە. فیشتە بەرەبەرە دەگاتە ئەم ئایدیای کە تاك لە بنەڕەتدا بوونی نییە و تەنیا گرووێ هەیە. سەرەتای ئەم ئەنجامە لێرەوە دەستپێدەکات کە تاکی مرۆیی دەبێ هەوڵ بدات ئەرکی خۆی بەرامبەر کۆمەڵگا جێبەجێ بکات. دەبێ جێگەی خۆی لە نێو مرۆڤەکاندا بکاتەوە و هەوڵبدات ئەو مرۆڤایەتییەی کە زۆر شتی بۆ ئەم کردووە، بەرەو پێش پاڵ بنێ. فیشتە دەڵێ: «مرۆڤ تەنیا لە نێو مرۆڤەکانی دیکەدا دەبێتە مرۆڤ» و «ژیان لە کۆمەڵگادا لە چارەی مرۆڤ

23- Empric



نووسراوە، مرۆڤ دەبێ کاری پێ بکات و ئەگەر خۆی تەریك بکاتەوە، مرۆڤێکی تەواو و گەشە کردوو نییە و لەگەڵ سروشتی خۆی ناکۆکە». فیشتە بەرەبەرە دەگاتە ئەم بڕوا، بەڵام دواتر لەمەش تێدەپەڕێ و دەگاتە جێگەیەك کە لە فەلسەفە بە تەواوی پەرەسەندووکەیدا، خودی ڕاستەقینە، نە تۆیت و نە من، نە کەسێکی تایبەت و نە گرووپێکی نیشانکراو، بەڵکو خودی ڕاستەقینە شتێکە لە نێو هەموو مرۆڤدا هاوبەشە، بنەمایەکە جەستاو کە وەك خوایەتی، «چەند خودایی» خۆی لە ڕێگەی هەندێ ناوەندی کەم و دیارەوە، لە ڕێگەی من و تۆ و خەڵکانی دیکەوە، ئاشکرا دەکات. جەستانی ئەم بنەما لەسەر گۆی زەوی، کۆمەڵگایەکی واقیعییە کە وەك کۆمەڵگای کەسانێك کە جۆرێکی میتافیزیکی پێکەوە گرێدراون، وەك بڵێسەی بچووکی ئاگرێکی ناوەندیی گەورە، وێنا دەکرێ. ئەم بڵێسانە هەر یەکیان لە پڕۆسەی ئاگاداربوونەوە لە ئەمر و فەرمانە ئەخلاقییەکان کە وەك بڵێسە بێ سرەوت و تەنیا هەندێ هاندەری کاتی و لە یژن، بەرەو ئەم ئاگرە ناوەندییە دەکشێن. ئەم دۆکترینە ەی تیۆلۆژیایە و لەم لایەنەوە فیشتە تیۆلۆگە و تەنانەت هێگلیش و بێهوودەشە وابزانین ئەوان بیرمەندێکی سێکۆلارن. هەر دووکیان قووڵ لە ڕێر کاریگەریی نەریتی مەسیحیەتدان و چەندەش تازەکارییان کردبێ، دیسان هەر لە نێو ئەو سوونەتەدان. ئەوان زانای تیۆلۆژیا بوون، زیاد لەو شتەی ئەمڕۆکە فەلسەفەی پێ دەوترێ، خەریکی تیۆلۆژیا بوون. بەمجۆرە فیشتە بەرەبەرە لە گرووپەوە بەرەو دەستوور و تێگەشتنێك دەکشێ کە بە پێی ئەو تێگەشتنە کەسی ڕاستەقینە، تاکی ڕاستەقینە، کە خۆڕاگەیاندنی ئەو مانای بزووتنی ئەخلاقە لە مێژوودا، واتە سەپاندنی فەرمانە ئەخلاقییەکان بەسەر سروشتێکی شێوەهەڵگر و نەرم و قابیلی دەستکاریدا، ئەم کەسە تەنانەت لەو پەڕی وشیاربوونەوەشدا بوونێکی مرۆیی نییە، بەڵکو گشتێکە، کۆیەکە: ڕەگەز، نەتەوە، مرۆڤایەتییە. ئەم خاڵە

کاکڵی لێدوانەکانی فیشتەیە لە ساڵانی ١٨٠٧ و ١٨٠٨دا، واتە کاتی داگیرکرانی بێرلین لە لایەن سوپای ناپلیۆنەوە. فیشتە لەم لێدوانانەدا داوای لە خەڵکی ئەڵمانیا کرد بەرخۆدان بکەن و راپەڕن. با بەشێك لەو لێدوانانە بگێڕمەوە تاکو هەم بیروڕای فیشتە و هەم رادەی تێپەڕاندنی نیشان بدەم. فیشتە باسی خووی ئەڵمانی دەکات و دەڵێ لەم جیهانەدا دوو خوو هەیە: یان تۆ بڕوات بە بنەمایەکی تازە و ناوازە هەیە لە مرۆڤدا، واتە بە ئازادی، گەشەکردن و پێشکەوتنی بێکۆتایی مرۆڤ، یان بڕوات بە هیچ یەك لەم شتانە نییە. لەوانەشە تەنانەت بە هەڵەش لێیان تێبگەی. هەموو ئەوانەی لە گیانیاندا هێزێکی داهێنەری ژیانخولقێن هەیە یان هەیانە و لێیان درێغ کراوە، ئەوانەی سووکایەتی بەرپەرچدەدەنەوە و چاوەڕێی ئەو چرکە دەکەن کە لافاوی بەخوڕی ژیانی راستەقینە لەگەڵ خۆی دەیانبات یان لانیکەم ئەگەریش وانین وێنایەکیان بۆ ئازادی هەیە و لەباتی رق خۆشیان دەوێ، هەموو ئەو کەسانە سەر بە مرۆڤایەتی بنەڕەتین و وەك گەل، گەلی بنەڕەتی پێکدێنن. بە کورتی، گەلن. مەبەستم گەلی ئەڵمانیایە. لە لایەکی دیکەوە، هەموو ئەوانەی ملیان بەوە داوە کە نوێنەری شتی لاوەکی، واتە بوونێکی پلەدوو بن، ئەوانەی خۆیان وەها وێنا دەکەن، لە کردەوەشدا چارەیان هەر وا دەگەڕێ و تۆڵەی ئەم بڕوا و وێنایان دەدەنەوە. ئەوان تەنیا بە ژیان زیادکراون و ئەو کانییە روونەی لە بەر دەمیاندا تریفەی دێ و بە دەوروپشتیاندا دەڕوات، بەشی ئەوانی پێوە نییە. ئەوان تەنیا دەنگدانەوەی هەندێ دەنگن کە لە بەریەککەوتن (ی ژیان) لەگەڵ بەردێك، دەکەوێتەوە، ئەو دەنگەی کە ئێستا کز بووە. ئەوان وەك گەل لە گەلی بنەڕەتی دەرکراون. ئەوان بێگانەن. هەندەرانین. ئەو نەتەوەی تاکو ئەمڕۆ ناوی ئەڵمانیای هەڵگرتووە (یان ساناتر، گەل) هێشتا لە گەلێ شوێن و پانتای جۆراوجۆر بەڵگەی ێتەوی چالاکیی داهێنەرانە و تازەی خۆی دەردەخات. ئێستاش کاتی



ئەوەیە فەلسەفە، کە یێژاوێژە لە وشیاریی، ئاوێنەیەك لەبەردەم ئەم نەتەوەدا رابگرێ تاکو ئەم نەتەوە خۆی بە روونی ببینێ و ئەو راسپاردە ببینێ کە تەواو لێی تێنەگەشتووە و کەچی سروشت پێی سپاردووە. ئەمڕۆ بە ئاشکرا داوا لەم نەتەوە دەکرێ راشکاو و لەسەر خۆ بۆ ئازادی تێهەڵبچێ، ئەو بنەما و دیسیپلینانەی کە لە چوارچێوەیاندا گیرساوە، تا دوایی پێبگەیەنێ و ئەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی راپەڕێنێ.

«کێ بڕوای بەم شتانە بێ، دەچێتە پاڵ ئەو خەڵکەی داهێنانیان پێ راسپێردراوە. هەموو ئەو کەسانەش کە بڕوایان بە بوونەوەرێکی وەستاو، رەوتی بەرەو کزی و نەمان (نەك گەشە)ی خولەکانی مێژوو هەیە، یان ئەوانەی رکێفی کاروباری جیهان بە سروشتی بێگیان دەسپێرن، خەڵکی هەر کوێ بن و زمانیان هەرچی بێت، ئەڵمانی نین، ئەوان لە ئێمە بێگانەن و دەبێ هیوادار بین لە نێوماندا نەمێنن». ئینجا فژوفیشاڵ دەستپێدەکات. هاوار و نەڕەی نەتەوە و نیشتیمانپەرستانە بەرز دەبێتەوە. داوای فەردی، دەگۆڕێ بۆ توانای بە کۆمەڵ و نەتەوە دەگۆڕێ بۆ کۆبوونەوەی ئەو ئیرادە یەکگرتوانەی کە ئاراستەی بزووتنیان بەرەو دۆزینەوەی حەقیقەتی ئەخلاقییە؛ بەڵام ئەم رێێوانە روو لە پێشە بە کۆمەڵە، ئەگەر بێت و رێبەرایەتی نەکرێ، ئەگەر بە رووناکایی جۆرێك رێبەرایەتیی نیمچە خودایی رووناك نەکرێتەوە، بێ مەبەست و سەرگەردان دەبێ. فیشتە دەڵێ: «ئەوەی پێویستمانە، رێبەرە، کەسێکە شێوە و فۆرمان پێ بدات» و هێژیش دەنرکێنێ: «لێرەیە، ئێمەی ئەڵمانی بۆ ئەڵمانیبوون پاڵ دەنێ. هیواداریشین پادشا ئەم خزمەتە لە ئەستۆ بگرێ، بەڵام هەر کەسێك بێ، ئێمە دەبێ چاوەڕێی بکەین تاکو بێت و هەیکەلمان پێ بدات، بێت و بنیاتمان بنێ». بەمجۆرە سووژەکەمان تەواو دەبێ: لە چەمکی تاکێکی سەربەخۆوە دەستمان پێکرد، تاکێك کە نایەوێ هیچی بەسەردا بسەپێ و داوای ژیانێك دەکات بە

ئازادیی ڕەهاوە و تەنیا ملکەچی میکانیزمی وشیاریی ناوەکی خۆی و ویژدانی ناخی خۆیەتی و ئێستاش دەڵێین: ژیان هونەرە، ژیان قاڵبێکە، خولقاندنی شتێکە، ئافراندنە لە ڕێگەی پرۆسەیەکی «ئۆرگانیك»ەوە؛ هەندێ بوونەوەر نزمن و هەندێ بەرز، هەر چۆن لە ناخی منیشدا سروشتێکی بەرزتر و سروشتێکی نزمتر هەیە و دەتوانم لە چرکەی قەیراندا، خۆم تا بەرزایی هەڵبکێشم و شەهوەت و ئارەزووەکانم سەرکوت بکەم و، بە ناوی ئەو بنەماوە کە ئەم پلە بەرزەی پێ بەخشیوم، کاری قارەمانانەی خۆ بەختکارانە بکەم، ئەو کارەی کە وەك فیشتە دەڵێ تا ترۆپکی ژیان بەرزم دەکاتەوە.

گەر من بتوانم شتە سووك و نزمەکانی ناخم سەرکوت بکەم، کەوابوو ڕێبەر یان ڕەگەزیش دەتوانێ بەسەر ناخیدا زاڵ بێ، واتە ئەو کارەی کە گیان لەگەڵ جەستەی گوناهکار دەیکات. ئێستاش، ئەنجام، دەگەینە قۆناغی ناسراو و حەتمیی یەکگرتنی تاك و نەتەوە، دەگەینە خوازەیەکی ئۆرگانیك کە لە ڕادەی وێنەیەکی ئایینی تێدەپەڕێ و لە سەردەستی بۆرکێ و ڕۆسۆ حاڵەتێکی سێکۆلار لەخۆ دەگرێ و لە فیشتەدا زۆر بەهێز ئامادەیە. فیشتە بەرامبەر **کۆمێۆزتیۆم** کە پێکهاتەیەکی دەستکردی رووتە، **تۆتۆم** بەرز دەکاتەوە کە تەعبیرە لە کۆ و هەموو نەتەوە و شتێکە ئۆرگانیك، یەکە، بێنوقسان، شتێکە تێیدا بنەمایەکی زاڵ هەیە، بنەمایەك کە دەتوانێ لە شێوەی نەتەوەیەکی گەورە یان مێژوودا دەرکەوێ. گەورەترین هۆکاری ئەم هێزەش، قارەمان و فاتحێکی خوداییە یان ڕێبەرێکە کاری ئەوەیە بە کاروباری نەتەوەکەیەوە خەریك بێ، هەر چۆن هونەرمەندێك کاری ئەوەیە بە سازەکەیەوە خەریك بێ و مووزیسییەن دەنگەکان پێکەوە تێکەڵ دەکات و پەیکەرساز ماتریاڵەکان دەکاتە نێو قاڵبێکەوە، ئەم ڕێبەرەش



کاری ئەوەیە نەتەوەکەی بڕژێنێتە نێو قاڵبی گشتێکی ئۆرگانیکەوە، بەڵام ئەی لەم ناوەدا ئازادی، ئازادی فەردی و ویژدانی فەردی، ڕاستی و هەڵە بوونەکەی، دۆزراوە یان داهێنراوبوونی ئەم ئازادی ویژدانە چییان بەسەر دێت؟ ئەی ئەو ئازادییە چی لێ دێت کە نووسەرانی فەڕەنسی و ئینگلیزی پێیان لەسەر دادەگرت، واتە ئازادیی مرۆڤ بۆ ئەوەی، لانیکەم لە هەندێ بواردا، بەوجۆرەی خۆی دەیەوێ بڕی، کاتی بە دڵی خۆی تێپەڕێنێ، خراپە و چاکەی بە دڵی خۆی بێ و، مادام ئازادی بەهایەکی پیرۆزە، چی پێ خۆش بوو بیکات؟ ئەو ئازادیەی لای کانت بەهایەکی پیرۆزە، لای فیشتە دەگۆڕێ بۆ تەڵبژێرکردن، هەڵبژاردنێك کە بە شتێکی «بانتاکەکەسی» دەکرێ. ئەمە ئەو (شتە بانتاکەکەسیەیە) من تەڵبژێر دەکات، من هەڵنابژێرم و ملدان بە ئەو (شتە بانتاکەکەسییە) خۆی گەورەییە، ئەرکە، هەڵکشانە، جۆرێك بەرز و باڵا بوونەوەیە بەرەو ئاستێکی بەرزەجێتر. ئازادی و، بەگشتی ئەخلاق، مانای ملکەچی بۆ «خودی بەرزتر»ی جیهانی بزۆکی بوون. بەمجۆرە دەگەینەوە بەو ڕای کە بە پێی ئەو ئازادی هەمان تەسلیمە. فیشتەش خۆی باسی جۆرێك ئیرادەی بەرزی ئایدیال دەکات کە پێوەندییەکی ئەوتۆی بە ژیانی ڕاستەقینەی زەمینیی مرۆڤەوە نییە. فیشتە تەنیا لە کۆتایی تەمەنیدا باس لە ئەگەری دابەزینی ئەم داوا بەرزەجێیانە بۆ نێو ژیانی خاکی دەکات، بەڵام لایەنگرانی فیشتە ئەم وتانەیان دونیاییتر کردەوە. ترازانی چەقی وتەکان لە «ەزر»ەوە بۆ «ئیرادە»، مانایەك لە ئازادی دەخاتەوە کە بە مانای ئازادیی هەموو کەسێك بۆ هەڵبژاردنی بێبەرگریی نییە، بەڵکو تێیدا ئازادی مانای «خۆڕاگەیاندن و خۆنواندنە»، مانای خۆسەپاندنە بەسەر «ناوکۆ»[24]دا، مانای لابردنی لەمپەرەکانی سەر ڕێگەیە،

24- Mediate

بەڵام گرفت و لەمپەرەکان تەنیا لە ڕێگەی کۆیلەکردنیانەوە، لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنیانەوە لادەبرێن. لە ژیانی ماددیدا لە ڕێگەی دەست خستن و دابینکردنیانەوە، لە سیاسەتدا لە ڕێگەی داگیرکردنیانەوە. ئەم تیۆرە لە دڵی ئەو تێگەشتنەوە دێت کە لای وایە نەتەوەی ئازاد، نەتەوەی سەرکەوتوو فاتحە و، ئازادی دەسەڵاتە و فەتح و ئازادی یەك شتن. بۆ ئەوەی نیشانی بدەم ئەم بیرکردنەوانە بە کوێ دەگەن، ڕێگەم بدەن قسەکانی چاودێرێکی ورد بێن، شاعیرێکی ئەڵمانی بەناوی **هاینریش هاینێ** بکەم، کە ئەو ساڵانە لە پاریس ژیاوە. ئەو لەم وتانەیدا، کە ساڵی ١٨٣٤ نووسیویەتی، فەرەنسیەکان ئاگادار دەکاتەوە کە هێزی بیرکردنەوە بە کەم نەزانن: «بیرکردنەوە هەوڵدەدات بگۆڕێ بۆ کردەوە و قسە و تەقەللایەتی لەش و گیانی بەربەردابێ و، بڕوانە چۆن مرۆڤێك ... بە ڕاگەیاندنی بیروڕای خۆی دەتوانێ شێوەی جیهانی خۆی دیاری بکات ... جیهان هیچ نییە جگە لە جیسمانی دەرەکیی وتە. ئەی مرۆڤە بە ڕێزە چالاکەکان، ئێوە چ نین جگە کەرەستەی ناوشیاری مرۆڤە بیرمەندەکان. ئەو مرۆڤە بیرمەندانەی لە بێدەنگی لێبووردانەی خۆیاندا پلان و نەخشەی هەرە بنەبڕ و حەتمیی کارەکانی ئێوەیان داڕشتووە. ماکسی میلیان و ڕۆبسێیر، هیچ نین جگە دەستی ژان ژاك ڕۆسۆ، دەستێکی خوێناوی کە جەستەیەکی لە هەناوی زەمەن دەرهێنا کە ڕۆسۆ ڕۆحی بە بەردا کردبوو... *ڕەخنەی ئەقڵی پەتیی* کانت شیرێکە سەری قوتابخانەی **دێئیزمی** پێ پەڕێندرا... **جۆزیا ڕۆیسی** فەیلەسووفی ئەمریکی،خۆش فیشتەی بەم قسانە وەسف کردووە: دونیا شیعرێکە ... کە دونیای ناوەوە لە خەوندا (ئەو شیعرە) ژیاوە». کەوابوو ئەگەر ئێمە لە لایەنی ڕۆحییەوە جیاواز بین، دونیاکانیشمان جیاواز دەبێ. مووزیسییەن، بانکدار و دز، هەر یەك جیهانی خۆی دەخوڵقێنێ. هاینریش هاینێ، ئاگا



بووبێت یان بێئاگا، بێگومان لەم ڕەوتە زۆر تۆقاوە و ڕوانینی باش لە ڕەهەندە مەرگاویەکانی ئەو کارەساتە گەشتووە کە بەڕێوە بووە. هاینێ دەنووسێ: «هەندێ لایەنگری کانت بەڕێوەن کە لە دونیای یەکسەر دیاردەدا هیچ پیرۆزێك ناناسن و بێترس بە شیر و تەورەوە دەکەونە گیانی ڕەگەکانی ژیانی ئەورووپیی ئێمە و، ڕابردوو تا قووڵترین ڕەگەکانی، لەبن دێنن. دەستەیەك فیشتەخوازی چەکدار بەڕێوەن کە ئیرادەی دەمارگرژانەیان نە ترس دەناسێ و نە بەرژەوەندیی تاکەکەسیی». ئەم کەسانە، ئەم «پانتێئیستانە» بێترس و ڕکێف بۆ بڕواکانیان دەجەنگن، چونکو ئەم بڕوا و بنەمایانە لە لایان شتێکە ڕەها و، ترس لە لایان تەنیا خەیاڵە. فەیلەسووفانی سروشتخواز دەچنە پاڵ هێزە بێبەربەستە هەمیشە ڕووخێنەرەکان و پاشان خودای «سوور» چەکوشە گەورەی خۆی بەدەستەوە دەگرێ و کڵێسە گووتیکەکان دەڕووخێنێ. مەسیحییەت تاقە هێزێك بوو بەری بە ژێرمەنە بێکولتوور و بێڕەحمەکانی جاران گرتبوو و کەی ئەم تەلیسمە هەڵوەشێتەوە، کارەساتێکی ترسناك دەقەومێ. هاینێ ڕووی قسەی دەکاتە فەرەنسییەکان و دەڵێ «بیر لە تێدابردن یان کوژاندنەوەی ئەم گڕە مەکەنەوە، چونکو تەنیا پەنجەتان دەسووتێ». بە تایبەت، بەم شاعیرە پڕ لە خەونە و دالغە شۆڕشگێڕانەکانی پێمەکەنن «بیرکردنەوە، لە پێشە، هەر چۆن برووسکەی هەور لە گرمە و شریخە لە پێشە. برووسکەی ئەڵمانیش، ئەڵمانییە، پەلەی نییە و هێدی و هێور دێت و ئەوەی حەتمییە دێت و کاتێ شریخەتیان بیست، شریخەیەك کە جیهان بە خۆیەوە نەدیوە، ئەوسا بزانن برووسکەی ئەڵمانی ئاخری نیشانی خۆی پێکاوە. لە عەزرەت گرمە و شریخەی هەڵۆکان لە ئاسمانەوە بە مردوویی دەکەونە خوار و شێری دوورترین بیابانەکانی ئافریقا بەو دەنگە دەخزێنە کونە شایانەکانی

خۆیانەوە ... درامایەك لە ئەڵمانیادا ڕوودەدات کە لە بەرامبەریدا شۆڕشی فەڕەنسا تەنیا خولێکی ئارام و هێمن دیار دەبێ». فەڕەنسییەکان ئاگادار دەکرێنەوە کە چەپڵە بۆ ئەو شانۆ گلادیاتۆرییە گەورە لێنەدەن کە لە ئەڵماندا دەستپێدەکات. هاینێ بە فەڕەنسیەکان دەڵێ: «بۆ ئێوە، ئەڵمانی ڕاپەڕیو، مەترسیەکەی زیاترە لە کۆی **یەکیەتی پیرۆز بە قازاق و کرۆوات**ەکانیەوە ... چونکوو ئێمەی ئەڵمانی هیچ شتێك فەرامۆش ناکەین». بیانوویەك بۆ جەنگ هەر دەبێ. هاینێ پێیان دەڵێ: «بیرتان بێت کە لە نێو ئەو خودایانەی کێوی ئولەمپدا کە ڕووت و قووت و مەست خەریکی سەما و خواردن و خواردنەوە و جێژن کردنن، خودایەك هەیە، کە لە نێو شادی و خۆشییەکاندا هێشتا زرێ و خوودەی دانەگرتووە و رم و نێزەی دانەناوە، ئەو خودا، خودای هزرە». قەدەر ئەوە بوو ئەم بە دیکردنەی هاینێ ڕۆژێك بێتەدی. بێهوودەیە لەبەر کارێکی کۆمەڵان لە مێژوودا، بیرمەند یان فەیلەسووفێکی تایبەت سەرکۆنە بکرێن، بەڵام وێڕای ئەمەش، لە نێوان لیبرالیزمی ڕادیکاڵی کانت (سەرەڕای ئەو ڕێزەی کانت بۆ سروشتی و مرۆیی و مافە پیرۆزەکانی ئەو سروشتە هەبووی) و تیۆرەکەی فیشتەدا (لە بواری بەیەکزانینی ئازادی لەگەڵ خۆڕاگەیاندن، لەگەڵ سەپاندنی ئیرادەی خۆ بەسەر کەسانی دیکەدا، لابردنی ئەو لەمپەرانەی بەر بە ئارەزووەکان دەگرن، و لە دواییدا بەیەککردنی ئازادی لەگەڵ ئەو نەتەوە سەرکەوتووەی کە بۆ بەدیهێنانی چارەنووسی خۆی ڕێگەی بەدیهێنانی ئەو داوا ناوەکیانەی گرتۆتە بەر کە هزرێکی بەرزەجێ پێی بەخشیوە و دەبێ هەموو شتە ماددیەکان لە بەردەمیدا لابچن) پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و سەیر هەیە. سەفەرەکەمان زۆری خایەند، لە مانای ئازادی لای فەڕەنسی و ئینگلیزییەکان دوورکەوتینەوە کە لایان ئازادی مانای ئەوە بوو هەموو



مرۆڤێك بۆی هەبێ هەرێم و بوارێکی خۆی هەبێ، واتە فەزا و بوارێکی بچووك، بەڵام پێویست کە مرۆڤ تێیدا دەتوانێ چی پێخۆش بوو بیکات، خراپە بکات، یان ڕوو لە چاکە بکات و، لەبەر هەڵبژاردن خۆی، هەڵبژێرێ، ڕاڤەیەك لە ئازادی کە تێیدا بەهای هەڵبژاردن شتێکە پیرۆز. ئەمانە دوو مانا و ڕاڤەن بۆ ئازادی کە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەورووپادا بڵاوببوونەوە. ئەوەی کامیان ڕاستە و کامیان ناڕاست، پرسیارێکە ڕووکەشی و بێوەڵام. ئەم دوو ڕاڤە بۆ ئازادی، نوێنەری دوو جۆر سەیرکردنی ژیانن، دوو جۆری ئاشتی هەڵنەگر: جۆری لیبراڵی ئازادی و جۆری دەسەڵاتخوازی ئازادی، جۆری کراوە و جۆری داخراوی سەیرکردنی ئازادی. ئەمەش کە لە هەر دوو نموونەکەدا وشەی ئازادی لە بنەڕەتدا هێمایەکی ناوەندی بووە، هەم جێگەی سەرنجە و هەم شووم.

# هێگل

لەم بەشەدا دێینە سەرباسی خولێکی مێژوویی تایبەت کە گەلێ ڕوانگەی فەلسەفی تێیدا سەریانهەڵدا، بەڵام هاوکات سیستەمی فەلسەفیی هێگل لە سەرووی هەموو ئەم ڕوانگانەوە بووە و هەر بۆیەش دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین دەزگا فەلسەفییەکەی هێگل زیاترین کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی هاوچەرخ هەبووە. سیستەمی هێگلی جۆرێك ئوستوورەناسی یان میتۆلۆژیای تێدایە، میتۆلۆژیایەك کە وەك هەموو نموونەیەکی خۆی توانایەکی زۆری بۆ ڕوونکردنەوە و هاوکات بۆ لێڵ و پێڵکردنەوەش هەیە؛ هەڵبەت زۆربەی توێژەران و هێگلناسانی سەرکەوتوو لایان وایە توانای سیستەمی هێگل بۆ لێڵ و ئاڵۆزکردن زۆر لە ڕوونکردنەوە زیاترە. چما هێگلناسان لەم بارەوە هاوڕانین.

بەهەر جۆرێك، مادام واقیعبینانە بڕوانین، دەبینین دەزگا فەلسەفییەکەی هێگل وەك بێشەڵانێکی چڕە و کێ چووبێتە نێوی، ئەگەر ون نەبووبێ، بە دەگمەن ڕێگەی گەڕانەوەی دۆزیوەتەوە و تەنانەت ئەگەریش گەڕابێتەوە کەسێکی ڕۆحگۆڕیوە و ناتوانێ باسی ئەو شتانە بکات کە بینیویەتی. ئەو کەسانەی دەچنە ئەو بێشەڵانەوە، وەك ئەو کەسانەن کە تەنیا لە مۆسیقای واگنێر تێدەگەن و تەنیا ئەو مۆسیقایان پێ خۆشە. هەر بۆیەش، بە هۆی تێرمینۆلۆژیای تازە و داهێنەری سیستەمە فەلسەفییەکەی هێگلەوە گران بتوانین لە بیروڕای لایەنگرانی فەلسەفە سەبارەت بە دەزگای هێگلی تێبگەین.

بەڵام خاڵێکی حەتمی لێرەدا هەیە، ئەویش ئەم خاڵەیە کە لایەنگرانی هێگل دەڵێن ئەگەر پێشتر ڕووکار و ڕواڵەتی[25] شتەکانیان دەدی و پێی ڕازی دەبوون،

25- Outer surface (phenomena).



ئەوا ئێستا (پاش هێگل) ناخ و ناوەوەی[26] شتەکان دەبینن. ئەو کەسانە دەڵێن کە پێشتر تەنیا بە ڕواڵەت و ڕووکاری شتەکانەوە خەریك دەبوون، بەڵام ئێستا دەتوانن ناخی شتەکان ببینن و لە جەوهەر و سروشتی ناوەکیی شتەکان بکۆڵنەوە و ئەمەش مانای دۆزینەوەی ئەو بن و بنچینە و ئامانجە ناوەکییەی کە هەموو شتەکان لێیەوە دێن و ڕووشیان لێیەتی. لایەنگرانی هێگل لایان وایە دەتوانن نەك لە دەرەوە، بەڵکو لە ناوەوە لە شتەکان ڕامێنن و پێویستە بیرمان بێت کە بۆ تێگەستن لە دەزگای هێگل تێگەشتن لە جیاوازیی ناوەوە و دەرەوە، ڕواڵەت و ناخ، ناونشین و دەرنشین، شتێکە حەتمی و پێویست.

کاتێ سەیری شتێکی ماددی وەك مێز، کورسی، درەخت، بەرد و ... دەکەین لە ڕاستیدا سەیری کۆمەڵێك شتی جۆراوجۆر دەکەین و هاوکات چاومان لە گۆڕانی بەردەوامی ئەم شتانەشە؛ بە پێی ئەم پێشەکیانە (واتە جیاوازی شتەکان پێکەوە و ئەو گۆڕانانەی بەسەریاندا دێت) دەتوانین ئەم شتانە وەسف و خانەبەندی بکەین؛ دەتوانین پۆلێن یان خانەبەندییەکەمان بە شێوەی فۆرمولی گشتی دابڕێژین، بەم فۆرمولانە دەتوانین لە ئەرك و کردەوەکانی شتەکان تێبگەین. کردەوەکانی داهاتوویان بەدیبکەین و تەنانەت هەندێ شتیش لە ڕابردوویان بزانین. ئەگەر لێمان بپرسن کە بۆ شتەکان بەوجۆرە دێنەدی کە ئێستا هەن، دەبێ بیرمان بێت وشەی بۆ لێرەدا بە دوو واتا بەکار هاتووە. جارێك وەڵامدانەوەی ئەم بۆ ئەرکی زانستە سروشتییەکانە. بۆ نموونە ئەگەر بپرسین «مێز بۆ نافڕێ؟» زانستە سروشتییەکان لە وەڵامدا کۆمەڵێك فاکتی فیزیکی نێوسروشتمان بیردەخەنەوە کە پێوەندیی بە مۆلکوولەکان و پێوەندیی نێوانیان و هەروەها ئەو قانوونە فیزیکیانەوە هەیە کە بەسەریاندا زاڵە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو زانیاریانەی کە زانستە سروشتییەکان پێمانی دەدەن، کۆمەڵێك

26- Interior (nomen)

قانوونی گشتییە دەربارەی ئەو شتانەی کە لە هەندێ خاڵدا تایبەتمەندییەکی چۆنیەکیان هەیە. گرنگیی و مەزنیی نیوتۆن و گالیلە لە ئێستادا ئەوەیە ئەو کەسانە توانییان قانوونە فۆرموولەکراوە زانستییەکان تا دوایی کەم بکەنەوە و بە یارمەتی دەستکەوتەکانی ئەوان ئێمە ئێستا دەتوانین ئەرك و کردەوەی شتەکان واقیعبینانە خانەبەندی بکەین و کارەکانی خۆمان پوخت و تادوایی ورد و ئاگایانە بەڕێوە ببەین.

نبووغی نیوتۆن و گالیلە ئەوەیە بڕی ئەو فۆرموولانەیان تا دەکرا کەمکردەوە کە من دەتوانم پێیان توانا و ئەرکی شتەکان ورد و پوخت و کۆنترۆڵکراوترین جۆر، خانەبەندی بکەم.

بەڵام با بێینە سەر جۆری دووهەمی پرسیاری بۆ. من دەڵێم تێدەگەم، تۆ دەڵێی مێز چییە و کەڵکی چییە و مێز نافڕێ، بەڵکو لە عەرزدا دەمێنێتەوە چونکو سەر بەو خانەی دیاردەکانە کە پێڕەوی قانوونی راکێشانی زەوی[27] دەکەن، بەڵام من دەمەوێ شتێکی دیکە بزانم. دەمەوێ بزانم بۆ وایە، واتە دەمەوێ بزانم بۆ مێز وەهایە، یان میزەکان بۆ نافڕن؟ درەختەکان گەشە دەکەن، بەڵام مێز نا؟ وەڵامی ئەم بۆ لە شیکردنەوەی ئەو رووداوەدا کە روویداوە، یان لە قانوونی بزووتن و شوێنی مۆلکوولەکاندا نییە. من دەمەوێ بزانم بۆ شتێکی وەها روودەدات و مانای بۆ لێرەدا لە شێوەی ئەم پرسیارەدا دەردەکەوێ کە دەپرسێ «بۆ وابوو و جورێکیتر نەبوو»، یان بۆ فلانە کەس وەها کارێکی کرد؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ناڵێین وەها بوو، چونکو هەندێ مۆلکلوول بە جۆرێك گەرانی تایبەتەوە لە خوێنیدا بوون و وایان کرد ماسولکەکانی بجووڵێن و هەر بۆیەش دەستی ئەو بەرز بۆوە و هتد. هەموو ئەمانە، بە واتایەك راستە، بەڵام دیسان ئەم وەڵامە راستانە، وەڵامی پرسیارەکەی من نییە. ئەگەر لە وەڵامی

27- Gravitation



پرسیارەکەی مندا وتباتان ئەو کەسە فلانە کاری کرد، چونکو تووڕە بوو، یان چونکو دەیەویست مەبەستێکی خۆی بێنێتە دی، وەڵامەکەتان تا رادەیەك روون، سروشتی و رازیکەرتر دەبوو. فلانە کەس لە کەسێکی دیکەی دا بۆ ئەوەی تۆڵەی لێبکاتەوە یان هەست بە خۆشی بکات. لێرەدا دەردەکەوێ کە ئەگەرچی دەتوانین ئەم جۆرە پرسیارانە بە نیسبەت مرۆڤەوە بپرسین (لەوانەشە بتوانین بە حەتمییەتێکی کەمترەوە سەبارەت بە حەیوانەکان، لە پلەیەکی خوارتردا لە سەر بۆ نموونە درەختەکان بپرسین)، بەڵام ئاقڵانە نییە بە نیسبەت شتە ماددییەکانەوە، یان بە نیسبەت ئەو بوونەوەرانەوە کە گیاندار نین، ئەم پرسیارە بپرسین.

بە رای فەیلەسووفە رۆمانتیکە گەورەکانی ئەڵمان، هەڵەیەکی زانست لە سەدەی هەژدەهەمدا کە خۆی درێژکراوەی لوژیکیی سەدەی هەڤدەیە، یان بە گشتی هەڵەی راڤەکارانی فەلسەفیی زانستەکان، تێکەڵکردنی ئەم دوو جۆر شیکارییە و بڕوایان بوو بۆ بوونی یەك جۆر لێکدانەوە و شیکردنەوە کە تەنیا بۆ شتە ماددییەکان کاری پێدەکرێت. واتە، کاتێ دەپرسین بۆ؟ مەبەستمان تەنیا پرسیار کردنە لە واقیع. ئێمە هەمیشە دەپرسین «چی روویدا؟ کەی روویدا؟ بە دواهاتی هەبوو؟ بەر لەوە چی روویدابوو؟ دوای ئەوە چی روو دەدات؟» ئێمە هیچکات ناتوانین لە هۆ و زنجیرەی سەرەکی ئەم رووداوانە بگەین و هەر لە بەر ئەمەشە دیکارت دەڵێ مێژوو بە هیچ جۆرێك ناچێتە خانەی زانستەوە، چونکو هیچ قانوونێکی گشتی بە سەریدا زاڵ نییە. بە رای دیکارت، مێژوو پانتای گۆڕانکارییەکانە و بەستێنێکە هەموو شتەکانی نێوی لە شەپۆلان و گۆڕان و بوونبەدان و گۆڕان و بوونبەش جەوهەری مێژووە. مێژوو بەریانێکی گەورەیە کە جیاوازی و جوداییەکانی زۆر لە شتە هاوبەشەکانی زیاترە و، مەحاڵ بابەتێکی هێند بگۆڕ و بێ سەقام بتوانێ بابەتێتیی (مەبەست بابەتێتیی زانستییە)

هەبیّ. بەم پێیە، لای دیکارت مێژوو کۆمەڵێك گێڕانەوە و هەواڵ و بەسەرهاتی بڕواپێنەکراو و بی بەڵگە و، کۆمەڵێك حەکایەت و ئەفسانەیە کە هیچ کات ناتوانی بزانی چەندە لە حەقیقەتی ئەو شتەی روویداوە، دوور و جودان. کەواتە ئاساییە ناوزەدکردنی وەها کومەڵێك بە زانست، گران بیّ.

راستییەکەشی ئەوەیە ئایدیالی گشتیی زانستوانانی سەدەی هەڤدەهەم ئەوە نەبوو کاتی خۆیان بۆ شتێك دابنێن کە ئەو کات پێیان چارەسە نەدەکراو، مەبەستیشیان لە میتۆدی سیستەماتیك، میتۆدی زانستە سروشتییەکان بوو.

دەسکەوتێکی گەورەی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، پێداچوونەوە بوو بەم چەمکرێژییەدا. هەڵبەت ئەمە دوا قسە نەبوو، چونکو پرسیاری بۆ لەوە سەرنجراکێشتر بوو کە لە روالەتدا دەردەکەوت. کاتێ **چیکۆ**، بیرمەند و مێژووزانی ئیتالی سەدەی هەژدەهەم کە وێرای نبوغە سەیرەکەی نەناسراو ماوەتەوە، دەستیدایە نووسینی مێژوو، رایگەیاند کە بێهوودەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ، وەك لێکۆڵینەوە لە مێز و کورسی و دەرخت، کاربکەی، چونکو ئێمە لە مرۆڤ شتی زیاتر دەزانین تاکو لە مێز و کورسی. بە رای ئەو رەوایی و برەوی زانستە کومەڵایەتییەکان لە سەر هەڵەیەك وەستاوە. لە سەر مێز و کورسی تەنیا دەتوانین ئەو جۆرەی دیارن و لە سەر جنسیان، یان دۆخی پێشتر و دواتریان بدوێین، واتە لە بواری کات و شوێن و برەوە لە لیستێکی شتەکانی جیهاندا خانەبەندییان دەکەین، بەلام بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی مرۆڤ دەتوانین لەم ئاستە تێپەڕین. گەر لێمان بپرسن ژوول سێزار بۆ وای کرد، تەنیا باسی بەڕن و بالا و هەڵسوکەوتی سێزار ناکەین، بەڵکو هەوڵدەدەین لە هاندەرەکانیشی بدوێین. بە نیسبەت مێز و کورسییەوە ناتوانین باسی هاندەر بکەین، تەنانەت ئەگەر وەهاش گریمان بکەین کە رەنگە مێز و کورسیش هاندەرێکیان هەبیّ، چونکو بە پێی گریمانەکەمان ئێمە نازانین



مێز و کورسی بوون چۆنە و تەنیا دەزانین شێوەیان چۆنە. بە رای چیکۆ دەتوانین لە رێگەی جۆرێك روانینی خەیاڵسازانەوە، هەندێ شتی زیاتر لە سەر ژوول سێزار بزانین. لە رێگەی بەراوردی سێزار لەگەڵ خۆمان تێدەگەین ئەویش ئیرادە، سۆز و هەستی هەبووە. واتە بە کورتی مرۆڤ بووە. دەتوانین هەوڵبدەین لە سەر کەسایەتییە مێژووییەکان جۆرێك بدوێین چما باسی خۆمان دەکەین و، نەك هەر کارەکەیان باسبکەین، بەڵکو لە مەبەستیشیان بکۆڵینەوە، ئامانجەکانیان بێشکنین و هەوڵبدەین بزانین لە ناخەوە هەستیان بە چی کردووە. هەر ئەم جوداییەی ناوەوە و دەرەوەیە کە گرنگ دەبێتەوە.

هەر بەم پێیە، **هێردێری** مامۆستای میتافیزیکی ئەڵمان لە سەدەی هەژدەهەمدا، لای وابوو ئەگەر ئێمە هەوڵبدەین ژیانی نەتەوەیەك شیبکەینەوە، ئاساییە دەپرسین «سەر بە نەتەوە بوون چۆنە؟»، پاشان، ئاساییە بپرسین «لە بنەڕەتدا مەبەست» لە ەی یان سەر بە نەتەوە بوون چییە؟. «ئەگەر من بڵێم فلانە کەس ئەڵمانییە» تەنیا هەر ئەوە بەس نییە بڵێم ئەو کەسە لە ولاتێکی دیاریکراو، کەش و هەوا و بەروارێکی تایبەتدا لە دایك بوو و لە باری فیزیۆلۆژیکییەوە لە هەندێ کەسی دیکە دەچێ کە ئەوانیش بە ئەڵمانی حسێن. کاتێ دەڵێین ئەو لەوانە و تەنانەت کاتێ دەڵێین ئەو هەست دەکات لەوانە و«هەستدەکات ئەڵمانییە»، مانای ئەم وتانە ئەوەیە ئەو هەمان ئەو شتانەی خۆش دەوێ ئەڵمانییەکان خۆشیان دەوێ: گۆرانی ئەڵمانی، جۆری خواردن و خواردنەوەی ئەڵمانی، داب و نەریتی ژیانی ئەڵمانییەکان، چۆنیەتی دارشتنی قانوونی ئەڵمانییەکان و هەروەها وردترین چۆنێتی و هەڵس و کەوت و بۆنەیان. هەستی ئەڵمانیبوون مانای بوونی جۆرێك پێوەندیی لەگەڵ ئەڵمانییەکانی دیکەدا کە بۆ شیکردنەوەیەکی ماددی یان رەفتارێکی روالەتی کورت نابێتەوە. واتە بەو جۆرەی کە رەفتار ناسێك دەتوانێ تۆماری بکات.

کاتێ دەڵێین فلانی ئەڵمانییە و بەدەنگی گۆرانیە ئەڵمانییەکان دێتە جۆش و بە هەڵکردنی ئاڵای ئەڵمان شاگەشکە دەبێ. وشەیەکی وەك «گۆرانییە ئەڵمانییەکان» نابێ تەنیا بە جۆرێکی ماددی، زانستی یان فیزیکی لێکبدینەوە. بۆ ئەوەی گورانییەك ئەڵمانی بێ، دەبێ جۆرێکی تایبەت، لە لایەن خەڵکێکی تایبەت و بە مەبەستێکی تایبەت دانرابێ. گۆرانییەکەش خۆی دەبێ جۆرێك توانای دەربڕینی هەبێ، دەبێ لە چۆنێتی، روانگە و داب و نەریتێکی تایبەتی ژیانەوە هەڵقولابێ. ئەم داب و نەریتەی ژیان، ئەم چۆنێتییە تایبەتانەی کە گۆرانییەکی ئەڵمانی رایاندەگەیەنێ، دیسان لە دامەزراوەی گەورە و بە سەقامتردا، لە قانووندانانی ئەڵمانی، لە سیستەمی سیاسی ئەڵماندا، لە شێوەی هەڵس و کەوتی ئەڵمانییەکان لەگەڵ یەکتر، لە زاراوە ئەڵمانیەکان، لە رێنووس و هەموو کارێکی ئەڵمانییەکان و هەموو هەستێکیاندا رادەگەیەندرێ.

ئەو چۆنێتیە هاوبەشە کە نەتەوەیەك دەکاتە ئەڵمانی، کامەیە؟ بە رای هێردێر ئەم چۆنێتیە سەر بە گرووپێك کەسی تایبەت بوونە، بەڵام مەبەستی هێردێر لە کەسانی تایبەت چییە؟ بە رای هێردێر، کاتی باسی مەبەست دەکەین، پێویست ناکات و نابێ خۆمان بە کەسەکانەوە ببەستین. کاتێ دهپرسی فلانەکەس بۆ ئەو کارەی کرد؟ وەڵامەکەت وتەزایەکی دەروونناسییە: چونکو حەز دەکات، «چونکو مەبەستییەتی»، بەڵام دەتوانی ئەم پرسیارە بە نیسبەت دیاردەکان یان شتە نا تایبەتەکانیشەوە، بپرسی. دەتوانی بڵێی: «بۆ ئەڵمانیەکان بە رێنووسی گووتیك دەنووسن و فەرەنسییەکان پێی نانووسن؟» وەڵامی ئەم جۆرە بۆ زیاتر لە وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارە دەچێ کە دەپرسێ «بۆ فلانە کەس بە کەوچك نان دەخوا و، فلانەکەسی دیکە بە دەست؟» تاکو لە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارەی کە دەپرسێ «بۆ ئەم جۆرە مۆلکوولانە ئەم جۆرە



کاریگەرییەیان هەیە، لە کاتێکدا مۆلکوولەکانی دیکە کاریگەرییان جیاوازە؟».

لێرە بە دوا، دەبێ خۆمان بۆ دەستەویەخەبوون لەگەڵ مانایەك ئامادە بکەین کە هەموو مەبەستێکی ناتاکەکەسی، یان تاکەکەسی و لەوانەیە کۆیی (وەك کۆی نێوان ئەم دوو مەبەستە) دەگرێتەوە. هەڵبەت لێرەدا چیدی لەگەڵ جۆرێك مێتۆلۆژیا رووبەڕووین، میتۆلۆژیایەکی وردەکار و لە بار کە لۆژیکی تایبەت بە خۆی هەیە و لە یە ك جێگەدا چڕ بۆتەوە. (لە باتی چوارچێوەی تایبەت: لە ئێستاوە، تا .... واتە شتکی ئامادە و بەردەست)، چونکو گەر وانەبوایەت هیچ کات نەماندەزانی چۆن باسی گرووپەکان یان کۆمەڵەکان بکەین. کاتێ دەڵێین نەتەوەیەك نبووغێکی تایبەتی هەیە، یان کاتێ دەڵێین نبووغی پۆرتۆگاڵییەکان لە نبووغی چینییەکان تەواو جیاوازە، مەبەستمان ئەوەیە کە پۆرتۆگاڵییەکان کەشتییەکان بە جۆرێك دروست دەکەن و بیروڕای خۆیان جۆرێك دەردەبڕن کە لە کەشتیسازی و خۆدەربڕینی چینییەکان جیاوازە و ئەم نیشانە و فۆرمالانە، وەك هێڵەکانی سیما و شیکردنەوەیان بۆ دۆزینەوەی شۆناس، هەر ئەو شتەیە کە تەفسیر یان روونکردنەوەی مێژوویی پێ دەوترێ. کاتێ کەسێك دەپرسێ «بۆ فلانە کەس وەها دەنووسێ؟»، ئەگەر تۆ بڵێی لە بەر ئەوەی لە نەتەوە پۆرتۆگاڵییەکانە، سەر بە گرووپێکی تایبەتە لە دانیشتوانی برازیل یان پۆرتۆگال یان دوورگەکانی گۆئا کە خاوەن روانگەیەکی تایبەتن، بەهاکانیان جۆرێکی تایبەتە و هەندێ ئەزموونی تایبەت دەناسن و بە هەندێ ئەزموونی دیکە نامۆن، روونکردنەوەکەتان وەك وەڵام وەردەگیرێ. ئەم جۆرە وەڵامدانەوەی پرسیاری بۆ لە بنەڕەتەوە لەگەڵ وەڵامی زانست بۆ ئەو پرسیارە جیاوازە و، هەر ئەم جۆرە بۆیە کە چیکۆ و هێردێر باسی دەکەن و هێگڵ هەوڵدەدات بیگشتێنێ و لای وایە هەموو ئەو پرسیارانەی لە جیهان دەکرێن، دەکرێ بە یارمەتی بۆ، جۆرێکی قووڵتر وەڵام بدرێنەوە.

هێگل ئەم خاڵە لەم فۆرموولەدا رادەگەیەنێ کە جیهان لە راستیدا «خۆ پەرەدانی»[28] رۆحی جیهانییە. رۆحی جیهانی شتێکە وەك رۆحی فەردی، بەڵام بەو جیاوازییەوە کە کۆی جیهان دەگرێتەوە و لەگەڵ هەموو جیهان یەکە. ئەگەر بتوانی جیهان وەك بوونەوەرێکی زیندووی خاوەن رۆح وێنا بکەی، کە ئەگەرچی گەورەترە، بەڵام مانای رۆحدارییەکەی هەر بەو مانەیە کە لە خاوەن رۆح و مەبەست و ئیرادە بوونی کەسانی ئاسایی تێدەگەین، دەتوانین بپرسین «ئەم شتانە بۆ بەمجۆرە روو دەدەن» و وەڵامەکەش ئەمە دەبێ کە وەهان، چونکو بەشێکن لە بزووتنێکی بەربڵاوی رۆحێك کە هەروەك مرۆڤ خاوەن مەبەست و ئاراستە و ئامانجە. چۆن دەزانین ئەم ئاراستەیە بەرەو کوێیە؟ وەڵام: چونکو ئێمە خۆمان بەشێکین لێی. لە بەر ئەوەی هەموو تاکێك خۆی بەشێکی کۆتامەندە لە گشتێکی بێکۆتا، گشتێك کە بە گشتی مەبەست و ئاراستەیەکی دیاریکراوی هەیە.

بەڵام رەنگە بپرسین بەڵگەی ئەم قسە چییە؟ هەڵبەت هێگل هۆیەکی ئەزموونی یان زانستی دەستنیشان ناکات و لە دواییدا دەردەکەوێ ئەم تیۆرە تەنیا زادەی خەیاڵ و روانینێکی میتافیزیکی یان جۆرێك ئیمان و بڕوایە. هێگل دەڵێ ئەگەر قسەکەی ئەو راست نەبێ، لەگەڵ گەلێ واقیعی بێ ئەقڵ رووبەڕووین و ئەگەر کەسێك بپرسێ بۆ بەردەکان وەهان و رووەك جۆرێکیترن، وەڵامەکەی ئەوە دەبێ کە بە راستی بۆ؟ واتە ئەگەر بپرسرێ کێ ئەم شتانەی وەها لێکردووە، وەڵامان پێ نادرێتەوە. بەر لە هێگل، چیکۆ وتبووی تەنیا ئەو کەسانەی شتێك دروست دەکەن دەتوانن لە قووڵایی دەستکردەکەی خۆیان بگەن. روماننووس هەموو شتێك لە کەسایەتییەکانی خۆی دەزانێ چونکو خۆی خولقاندوونی. ئەم مانای تێگەشتن لە جیهانیش، تەنیا لای خودا هەیە، چونکو

28- self-development



خۆی جیهانی خولقاندووە. ئێمە تەنیا لەو شتانە تێدەگەین کە خۆمان خولقاندوومانن. تێگەشتنی سەعات سازێك بۆ میکانیزمی سەعاتەکەی وەك تێگەشتنی رۆماننووسە بۆ میکانیزمی کەسایەتییەکانی، بەڵام رەنگە ئێستا بپرسن، ئەی کەسانی دیکە چی؟ ئایا دەتوانین لەوان تێبگەین؟ بێگومان بە مانایەك، کاتێ کەسانی دیکە قسەمان لەگەڵ دەکەن یان حاڵێکی تایبەت دەردەکەون، کاتێ شاد یان تووڕە یان خەمگینن، دەتوانین لە حاڵیان تێبگەین و ئەم مانای تێگەشتن جیاوازە لە مانای تێگەشتن لە مێز و بەرد. ئێمە لە مەبەستی مێز و کورسی ناکۆڵینەوە و بە کورتی لامان وانییە مێز و کورسی بە نیازی کارێك بن. مێز هەر ئەوەیە کە هەیە. پرسیاری وەك «مێز بە نیازی چییە»ش لامان پرسیارێکە بێەوودە، چونکو ئەم پرسیارە یەکسانە بەوەی مێز گیان و ئەقڵی هەبێ، لە کاتێکدا لای ئێمە مێز ئەقڵی نییە، بەڵام ئەم پرسیارە بە نیسبەت مرۆڤەوە راستە و هێگل و بە گشتی رۆمانتیکەکان، وا گریمان دەکەن کە بەڵگەی ئەوەی دەتوانین ئەم پرسیارە بپرسین ئەوەیە کە خۆمان بە واتایەك لەو «رۆح»ە گشتییەدا بەشدارین کە هەمو بوونەوەرانی مرۆیی خاڵ و چەقی کۆتامەندی ئەون و، ئەگەریش دەرکێکی بەجۆرێك میتافیزیکیمان بۆ چۆنیەتی مرۆڤ هەیە کە خۆی جۆرێك روانین یان بەسیرەتی «تێلیێ پاتیك»ە هۆکەی ئەوەیە کە خۆشمان مرۆڤین. کەوابوو مێژوو بە سەرهاتی ئەزموونەکانی بوونەوەرانی مرۆییە. مێز و کورسی مێژوویان نییە، چونکو بێ ئەزموونن. مێژوو، چیرۆکی خولقاندن، خەیاڵ، ئیرادە، نییەت، سۆز و خواستەکانی مرۆڤ و هەموو ئەو شتانەیە کە مرۆڤ دەیکات یان هەستی پێدەکات، نەك چیرۆکی ئەو شتەی بەسەریان هاتووە. مێژووی مرۆیی شتێکە ئێمە بە هەست، بیر و چالاکی دەیخولقێنین و هەر بەم خولقاندنەش دەتوانین لێی تێبگەین. هەر بۆیەش، تێگەشتن لە مێژوو بینینێکە «ناوەکی»، لە کاتێکدا کە بینینی ئێمە بۆ مێز و

کورسی بینینێکە «دەرەکی». بە پێی ئەو شتەی وتمان، هێگل دەتوانێ بڵێ مادام هەموو جیهان گشتێکی گەورەی ئاقڵە، ئێمە دەتوانین بزانین هەر بەشێکی چی دەکات، بەو مەرجەی بە سیرەتی میتافیزیکی پێویستمان هەبێ، لەو جۆرە بەسیرەتەی کە زیەنە هەرە بە هێز و ەوشە هەرە قووڵبینەکان هەیانە. گەر وا نەبێ، کومەڵێك واقیع لە ئارادا دەبن کە دەرەقەتی روون و شیکردنەوەیان نایەین. ئەگەر من بپرسم «بۆ ئەم بەردە لە سەر عەرزدا ماوە، لە کاتێکدا ئەو بەردە لە ئاسمانەوە دادەکەوێ؟» وەڵامەکەم دەبێ ئەوە بێ کە ئەم جۆرە بۆ نابێ بۆ بەرد بپرسرێ، دۆخەکە هەر ئەوەیە کە هەیە و واقیع بێ مانایە، بەڵام بۆ هێگل و هەموو میتافیزیسییەنەکانی لایەنگری، بوونی واقیعێکی «بێ مانا» یەکسانە بە سووکایەتی بە ئەقڵی مرۆیی و ناتوانین لە بەر ئەوەی مرۆڤ دەرەقەتی لێکدانەوەی واقیعێك نایەت. مل بە «بێ مانا» بوونی ئەو واقیعە بدەین و دەستەوەستان بهێڵین ئەم شتە پرسیار لە ئەقڵمان بکات. ئەم واقیعەش هەر بێ مانا دەمێنێتەوە، مەگەر ئەوەی بتوانین بیبەستین بە سیستەمێکی «مەبەستدار»ەوە، واتە لە سەر **نموونەیەکدا** بیگونجێنین، بەڵام سەرنموونە چییە؟ شتێکە خاوەن نەخشە بێ. تابلۆیەکی شێوەکاری سەرنموونەی هەیە، چونکو کەسێك بەمجۆرە نەخشاندوویەتی. سەمفۆنیایەك سەرنموونەی هەیە چونکو تەنیا ئەم نموونەیە وادەکات بەشە جیاوازەکانی لەگەڵ یەك «بێنەوە»، چونکو سەمفۆنیا مەبەست و ئامانجێکی تایبەتی هەیە، جا ئەم مەبەستە لە زەینی دانەردا بێ، لە زەینی ژەنیاردا، یان لە زەینی گوێگردا، ئەوە مەبەستەی وادەکات توخمە جیاوازەکان، واتە دەنگە جۆراوجۆرەکان، لە نێو سەرنموونەیەکدا پێکەوە کار بکەن. ئەگەر لە **سەرنموونە** نەگەین، ناتوانین **تێبگەین**.

ئەم فام و تێگەشتنە تایبەتە مانای ئاگاداری لە سەرنموونە. ئەمە ئەو مانایە ریگەمان پێدەدات لە ئەڵمانیبوون تێبگەین، یان بزانین فەرەنسیبوون



چییە. ئەڵمانیبوون مانای بەشێك بیت لە سەرنموونەی گشتی ئەڵمانیبوون، مانای ملدان بە ئەزموونی ئەڵمانی و خەم و هیوای ئەڵمانی، جۆری بە ریگەدا رۆشتن، هەستان و هەڵسوکەوتی ئەڵمانییەکان، مانای هەموو ئەو شتانەی کە پێوەندیی پێیانەوە هەیە. ئەگەر بپرسین «باشە ئەم ئەڵمانیبوونە لەو سەرنموونە بەرفراوانەدا کە هەموو جیهان دەگرێتەوە، دەوری چییە»، وەڵامەکی ئەمەیە تەنیا ئەو کەسە لەوە دەگات کە هەموو ئەم گشتە ببینێ. ئێمە تەنیا بەشەکانی ئەم گشتە دەبینین، هەندێکمان بەشێکی بچووکتر و هەندێکمان بەشێکی گەورەتر، بەڵام هەر برێکی تێگەشتن لەم گشتە تەنیا لە شێوەی تێگەشتن لەو بەشە وەك لەتێکی گشتێکی گەورەتر، روودەدات. لەم قۆناغەدا، پرسیارێکی دیکە دەرِسکێ: **رۆحی جیهانی** چۆن کار دەکات و میکانیزمەکەی، سەرنموونەکەی چۆنە؟ هێگل لای وابوو وەڵامی ئەم پرسیارەی دۆزیوەتەوە و دەیگوت رۆح بە پێی سیستەمی **دیالێکتیك** کار دەکات. بۆ هێگل دیالێکتیك زیاتر پێوەندی بە بیرکردنەوە و خولقاندنی هونەرییەوە هەیە و ئەگەر ئەو ئەم شتەی سەبارەت بە جیهانیش کارپێکردووە لە بەر ئەوەیە لای وایە لە جیهاندا جۆرێك، بیر، جۆرێك کردەی «خۆخولقاندن»[29] لە کاردایە.

بۆ «خۆخولقاندن»؟ چونکو جگە لەوە هیچ شتێکی دیکە نییە. ئەم دیالێکتیکە چۆن کار دەکات؟ دیالێکتیك هەر بەو جۆرە کار دەکات کە کاتێ خەڵك بیر لە وەڵامی پرسیارێك دەکەنەوە، کار دەکەن. سەرەتا ئایدیایەك بەزیەندا دێت. پاشان لە لایەن ئایدیای دیکەوە دەستکاری دەکرێ، **قاڵ** دەبێ و نامێنێ. ئایدیای دیکە لەگەڵ ئایدیای یەکەمدا بەریەکدەکەون و لە ئەنجامی لێکدان و تەنگژەی ئایدیایەك و دەستکاریکران و رەخنەکرانیدا، ئایدیای یەکەم و ئەو ئایدیایانەی دیکە کە لێی کەوتوون و کاریان لێ کردووە، شتێك دروست

29- self-creation

دەکەن کە نە ئایدیای یەکەمە و نە ئایدیاکەی بەرامبەریەتی، بەڵکو شتێکە توخمەکانی هەردووکیانی لە خۆ گرتووە، شتێکە وەك هێگل دەڵێ ئەوان جێ دێڵێ و تێدەپەڕێ[30]، دەبێتە «سەنتێز». ئایدیای یەکەم تێزە، ئایدیای دووهەم ئانتی تێزە و ئایدیای سێهەم سەنتێزە. بۆ نموونە (ئەگەرچی هێگل خۆی ئەم خوازەی بە کارنەهێناوە) لە سەمفۆنیایەکدا تێم هەیە، کە بریتییە لە رستەیەکی مووزیکال یان میلۆدییەك. پاشان میلۆدییەکی دیکە هەیە، کە بە رواڵەت دژی میلۆدیی یەکەمە و، پاشان گوێتان لە شتێك دەبێ کە نە نەفیی «تێم»ی یەکەم لە لایەن تێمی دووهەم و نە بەردەوامیی تێمی یەکەمە لە میلۆدیی دووهەمدا، بەڵکو جۆرێك تێکەڵەیە، کە دوو میلۆدی یەکەم تێدا دەبات و شتێك دروست دەکات کە برێك بە گوێ ئاشنایە، چونکو بە جۆرێك ئەنجام و بەری لێککەوتن و دژایەتی دوو میلۆدییەکەی یەکەمجارە و کەچی هیچیشیان نییە و تازەیە. بە رای هێگل جیهان بەمجۆرە دەگەڕێ، چونکو لە جیهانی فیکر و لە هەموو چالاکییەکی وشیارانەدا سەرنموونە بەمجۆرە کار دەکات.

بە رای هێگل لە جیهاندا چەند بەشێك هەن: «وشیار»، «خۆوشیار» و «ناوشیار». رووەك و حەیوان وشیارن، واتە جۆرێك مەبەستیان هەیە و بە رادەیەکی کەم و نزم ئیرادە و لەوانەشە ئاوەزیان هەبێ. تەنیا مرۆڤ «خۆوشیارە»، چونکو نەك هەر خاوەن ئەقڵە، بەڵکو دەتوانێ لە نێو خۆیدا ئەم پرۆسە دیالێکتیکییە درێژە بدات. مرۆڤ دەتوانن ئەم پەرەسەندنە، ئەم بەریەککەوتنەی ئایدیاکان و ئەو رێچکە تاریکە ببینن کە ژیانیانی پێدا دەڕوات، دەتوانن ببینن چۆن ئایدیای یەکەم دەست بە کار دەبێ و پاشان لە نیوەی رێگەدا رادەگیرێ و دیسان بە قۆناغی رۆشتن و راگیرانی دیکە دەگات. مرۆڤ دەتوانن لە نێو خۆیاندا ئەم پرۆسە ئاڵۆزە درێژە بدەن. هێگل هەوڵدەدات

30- translating



هەموو مێژوو بە پێی ئەم وتەزا لێکبداتەوە و جەخت دەکاتەوە کە لە سەدەی هەژدەهەمدا خەڵك دەیانتوانی جیاوازییەکان لێکبدنەوە، بەڵام توانای روونکردنەوەی گۆڕانەکانیان نەبوو. بۆ نموونە مۆنتسکیۆ بە دەنگێکی زۆر رازیکەرەوە و بە وردی باسیدەکات کە چۆن کەش کاریگەریی لە سەر خەڵکان دادەنێ و هێلوێسیۆسیش رەنگە بۆ شیکردنەوەی کاریگەریی پەروردە لە سەر خەڵك، زۆر توانا بووە. بیرمەندانی دیکەی سەدەی هەژدەهەم لە رێگەی بەراوردی زۆر نزیك لە نێوان مرۆڤ و بوونەوەرانی بێ گیاندا، ئەوەیان لێکداوەتە کە مرۆڤ چۆن لە بواری ئەندام و بیۆلۆژیك و توانای زیەنییەوە، گەشتوونەتە ئەم دۆخەی ئێستایان، بەڵام چۆن بتوانین ئەم گۆڕانکاریانە روونبکەینەوە؟ مەگەر ئیتالیای کاتی رۆمییەکان و ئیتالیای ئەوڕۆکە لە بواری فیزیکییەوە کەم تا زۆر هەر یەك شتن نین و ئەو دەریایانەی کەنارەکانیان دەشۆردەوە هەمان دەریا نین و خۆ رووەك و کەشیشی لە پڕ نەگۆڕاون؟ کەچی ئیتالییەکانی ئەوڕۆکە زۆر لە ئیتالییەکانی کاتی ئیمپراتۆریای رۆم جیاوازن.

بیرمەندانی بەرجستەی سەدەی هەژدە لایان وابوو ئەم گۆڕانانە زادەی پەرەسەندنی مرۆڤەکانە و بەرهەمی پەروەردە و حکوومەتەکەیان. کەسانێکی وەك هێلۆێسیۆس دەیانگوت هۆی ئەم گۆڕانکارییانە لە لایەکەوە دەسەڵاتی خراپە، یان باشترە بڵێین جارێك ئەو حکومدارییە خراپەیە حوکمی خەڵکانی کردووە: کۆمەڵێك کەسی خوێڕی و پووت، یان رەنگە کۆمەڵێك شێتی مەرەخەس، دەسەڵاتی نالەباری خویان بە سەر برێکی زۆر لە شێتەکاندا سەپاندووە؛ لە لایەکی دیکەشەوە ئەو بەلا و کارەساتانە کاریگەرییان لەم گۆڕانکاریانەدا هەبووە کە کۆی مێژوو تاکو سەردەمی دەسەڵاتی ئەقڵ، بەڵگەی ئەم خراپەیەن.

بە رای هێگل، ئەم روونکردنەوانە تەواوکەر نین و دەڵێ ئەگەر مرۆڤ وەك

زانایانی سەدەی هەژدەهەم دەڵێن بە پێی پێداویستییە ماددییەکانیان دەکەونە ژێر کاریگەریی هۆکاری دەرەکی، کەوابوو جیاوازییە گەورەکان و ئەو پێشکەوتنەی دروست بووە، بەم تیۆرەی سەرەوە ناخوێنرێتەوە. تەنیا دیالێکتیك دەتوانێ ئەم دۆخە لێکبداتەوە، واتە لە رێگەی ئەو بزووتن و دینامیزمانەوە کە لێیان دەکەوێتەوە. ئەم پێشکەوتنە بەرهەمی لێککەوتنی تێز و ئانتی تێزە، واتە لێکدانی بەردەوامی وزەکان، ئەو وزانەی تەنیا هەندێ ئایدیا نین لە مێشکی کەساندا، بەڵکو لە دامەزراوەکان، کڵێسەکان (ئاینییەکان)، دامەزراوە سیاسییەکان و، لەوانەشە لە هەموو دامەزراوەیەکی گەورەی مرۆییدا، لە کۆچی خەڵکان، لە شۆڕشەکان، یان راپەڕینی گەورەی رۆشنبیریدا، ئەو کاتەی کە نێز و ئانتی تێز دەگەنە ئەوپەڕی بەریەککەوتن و تەنگژە، دەجیسمێت، راپەڕینێك روودەدات و سەنتێز، وەك **قەقنەس** لە نێو خۆڵەمێشی تێز و ئانتی تێزەوە رادەبێ. مەرج نییە ئەم شتە لە شێوەیەکی هەستپێکراو و بابەتیدا دەرکەوێ. مەرج نییە لە شێوەی شۆڕشێکی خوێناویدا دەرکەوێ، لەوانەیە سەنتێز لە شێوەی ئاگاداربوونەوەیەکی کولتووری گەورەدا دەرکەوێ، وەك رۆنسانس یان جۆرێك دۆزینەوەی هونەری، فیکری یان رۆحیی تازەی چاوەڕێنەکراودا، بەڵام هەمیشە (سەنتێز) بازدانێکە بەرەو پێش. پڕۆسەیەکی وەها بەردەوام و یەکهەوا نییە، بەڵکو جووڵانەکەی لە شێوەی بازداندایە. سەرەتا تەنگژەیەکی پەرەستێن هەیە لە نێوان دوو هێزدا، پاشان ئەم تەنگژە دەگاتە تەشق و دوا رادەی خۆی و بازێکی گەورە هەیە، بازێکی گەورە کە زیەنی مرۆیی و نەك تەنیا هەر زیەنی مرۆیی، بەڵکو کۆی جیهان بەرەو ئاستێکی نوێ، بەرەو پلەیەکی نوێ دەبات. پاشان جارێکی تر پڕۆسەکە دەست پێدەکاتەوە و جیهانی تازە خولقاو گیرۆدەی هێز و ناتەبایی ناخی خۆی دەبێتەوە، جارێکی تر تەنگژە زیاد دەبێتەوە، دەگاتە تەشق و بازێکی دیکە دەدرێ.

به رای هێگل مێژوو ئەمەیە و هەر ئەمەیە روونیدەکاتەوە کە بۆچی



هەڵوێستە و کارەساتەکان روو دەدەن. کارەساتەکانی ژیان بریتین لەم ناتەبایی و دژایەتییە ناچاریانە، بەڵام ئەگەر لە نێوان دوو نەتەوە، دامەزراوە یان بزووتنەوەی کولتووریدا دژایەتی نەبێ، هیچ بزووتن و جووڵانێك نابێ. نەمانی دژایەتی و لێککەوتن مانای مردن. هەر بۆیەش، بە رای هێگل کۆی بەڵا و رەنج و نەگبەتییەکان تەنیا بەری هەڵە، کاڵفامی، نە شارەزایی و ناتوانییە، بەڵام لاشی وایە لە سیستەمێکی کارمەدا هەموو شتێك رێکوپێك دەبێ و هەموو شتێك پێکەوە رێك و کۆکە، ئەگەرچی دەبێ بیرمان بێ لای هێگل ئەم جۆرە لێکدانەوانە رووکەشی، ناتەواو و بێ جێن. بە رای هێگل بوونی دژایەتی، نیشانەی گەشە و پەرەسەندنە، تەعبیرە لەوەی کە شتێك لە رووداندایە و رەوتی ژیان خەریکە پێستی ئەزموونی پێشوو دەدڕێنێ و ئەنجامیش ئەو قاوغە کۆنە دەشکێنێ و دەیکاتە کۆگایەك لە تلپەی بێ کەڵك و ناتوان کە کاتیان بە سەر چووە و سەر بە رابردوویەکی مردوون. ئەم پەرەسەندنە، هەندێ جار لە شێوەی چالاکیی نەتەوەییدا دەردەکەوێ و هەندێ جار لە کەوڵی قارەمانێکدا خۆی دەردەخات کە بە تەنیا خۆی جیسمانی بازدانە، لە شێوەی کەسانی وەك ئەسکەندەر، سێزار یان ناپلیۆندا. بێگومان ئەم کەسانە گەلێ وێرانییان خستەوە، بەڵام ئەم وێرانییانە ئەنجام و هاوتەکی ناچاریی هەر چەشنە پێشکەوتنێکن. ئەگەر لێککەوتن و تەنگژە نەبێ، پێشکەوتنیش دروست نابێ.

بەر لە هێگل، کانت و بەر لە ئەویش **ماندویل** و تا رادەیەك چیکۆ شتی لەم جۆرەیان باسکردبوو. ئەو پرسیارەی ئێستا قوت دەبێتەوە ئەوەیە «مەبەست لەوەی مێژوو پڕۆسەیەکی ئەقلانییە، چییە؟» بە رای هێگل ئەوەی کە دەوترێ پڕۆسەیەك ئەقلانییە، مانای ئەوەیە کاتێ بە شێوەی راستەقینەی تێگەشتن، واتە لە رێگەی ئەو تواناوە کە لای هێگل ناوی ئەقڵە، لەو شتە گەشتی، ئەو کات دەبینی ئەو پڕۆسە شتێکە ناچاری و حەتمی و جۆرێکی جودای لەو جۆرەی کە روویداوە، ناتوانێ

ڕووبدات. ڕەوتی بیرکردنەوەی هێگل بەمجۆرەیە: ئێمە چۆن دەگەینە حەقیقەتێکی وەك دوو جار دوو، چوار؟ یەکەمجار ئەم حەقیقەتە وەك ڕاستییەکی زبر دەردەکەوێ. سەرەتا قوتابی دەبێ خشتەی لێکدان لە بەر بکات و نازانێ بو دو جار دو دەکاتە چوار. هەر بۆیەش ئەم دۆخە لە ئەقڵ و بیری دەبێتە بارێکی گران، ئەمە دۆگمێکە ئەو دەبێ فێری بێت و لە بەری بکات و، تەنیا ئەو کاتەش کە بنەما سەرەتاییەکانی ژماردن و بیرکاری فێر ببێ، تێدەگات دوو جار دوو نەك هەر دەکاتە چوار، بەڵکو ناتوانێ جگە لەوەش بێ و چیدی پێویست ناکات وەك تووتی لە بەر خۆیەوە بیڵێتەوە، چونکو بۆتە بەشێك لە شارەزایی قوتابییەکە.

هەر بەم جۆرە، گریمانی هێگل کە لە خوێندنەوەی مێژوودا دەگەینە ئاستێکی ئەقڵانی، واتە قوناغێکی ڕووناك کە یارمەتیمان دەدات لەوە بگەین ڕووداوە مێژووییەکان تەنیا بەو جۆرە نەبوون کە ڕوویانداوە، بەڵکو دەبوا بە حەتمی بەو جۆرە ڕووبدەن، (ئەم حەتمیەتە) نەك بە مانای هۆدارێتییەکی میکانیکی کە زانستی فیزیك باسی دەکات، بەڵکو، بۆ نموونە، وەك قۆناغەکانی درێژەدانی سەلماندنی حوکمێکی ماتماتیکی، واتە نموونەیەك کە هەندێ ڕێسای بنەبڕ و نەگۆڕی هەیە؛ نموونەیەکی دیکەش بۆ ئەم باسە سەمفۆنیایە کە تێیدا ئەو ڕێسایانەی هەن زۆر جێگیر نین، بەڵام دەبینین هەر قۆناغێکی یەك لە دوای یەك، بە ناچاری هەر بەو جۆرە ڕوودەدات کە ڕوویداوە، یان وەك ڕەنگە هێگل بیوتبایەت، هەر قۆناغێك دەبێتە «جێنشینی ئەقڵانی» قۆناغی پێش خۆی، بە جۆرێك کە دەتوانین بڵێین قۆناغی پێشوو «بێ مانایە» مەگەر ئەوەی قۆناغی دوای ئەو بێت و ئەو قۆناغە تەواو بکات، هەر چۆن سەر نموونەی فەرشێك دەکێشیتەوە. ئەگەر بەم جۆرە فێری بیرکاری یان مۆسیقا بوویێتین، دەتوانین بە دڵی خۆمان تێیاندا بجووڵێینەوە.

بەمجۆرە سەرنموونە لەگەڵ شێوەی بیر و هەست و کردەی ئێمە بە یەك دەبێ و



چیدی وەك گوشار زەبر یان شتێکی دەرەکی نابینین یان وەك قانوونێکی بە کردەوە بێڕەحمانەی کۆتکار کە مەجبوورمان دەکات خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین، قانوونێك کە بەشێك نییە لەو شتەی ئێمە هەین و دەمانەوێ و، بەشێك نییە لە ژیانمان. بە ڕای هێگل، تێگەشتن لە دونیای دەرەوە، مانای جیاکارییە لە نێوان ئەو شتانەدا کە دەتانەوێ، بە دوایاندا دەچن و لە لایەکی دیکەشدا، ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی تۆوەن: ئەو شت و کەسانەی کە هەر بوونیان، بەر بە گەشەی پڕ و تەواوی کەسایەتیت دەگرێ، بەڵام هەر کاتێ زانیت شتەکان بۆ ئەو جۆرەن کە هەن و دەبێ بن، هەر تێگەشتن لەم خاڵە خۆی وادەکات کە ئارەزوو نەکەی شتەکان جۆرێکی دیکەبن. کاتێ لەوە گەشتی کە نەك دوو جار دوو دەکاتە چوار، بەڵکو بۆ دەشکاتە چوار، چیدی ناتوانی ئارەزوو بکەی هاوکێشەکە جۆرێکی دیکە بێت و ناتەوێ دوو جار دوو بکاتە پێنج. واتە ئەمە دەبێتە بەشێك لە مۆدێلی فیکریت: ڕێساکانی حسێب لە ڕێسا گشتییەکانی بەڵگاندنتدا دەتوێتەوە و دەبێتە بەشێك لە شێوەی بیر و ڕەفتارت. چەمکی (قاڵبوون) یان توانەوە چەمکێکی هەرە گرنگی هێگلە. چونکو تێگەشتنی هێگل بۆ قانوون وەك تێگەشتنی زانست یان وەك تێگەشتنی جەماوەری خەڵك نییە کە قانوون بە گشتاندنی ئەو شتە دەزانن کە ڕوو دەدات.

هێگڵ قانوون وەك ڕێسا، مۆدێل و نۆرم سەیر دەکات، بەو مانای کە حسێب، بیرکاری، مێعماری یان مۆسیقا پێڕەوی هەندێ بنەما و ڕێسای گشتی دەکەن. واتە تێگەشتنێك بۆ قانوونێکی گشتی وەك شتێك کە ناتانەوێ جگە لەوە بێت کە هەیە، واتە نرخاندنی وەك یاسایەك کە خۆت لەگەڵی بە یەك دەزانی، وەك میتۆدێك کە هەمیشە بەو بیر دەکەیتەوە، یان دابێك کە بە پێی عادەت کاری پێدەکەیت، نەك قانوونێکی ئاسنین کە کەشفت کردووە و لە دەرەوەی خۆتەوە کار دەکات و وەك لەمپەر گرفتێکی بێچارە دەردەکەوێت،

بەڵام بوونی ڕێسا و داب، پێویستی بە کارگێڕێکە، واتە کەسانێك، واتە تۆ ڕێسایەك پێڕەو دەکەی، بەڕێوەی دەبەی یان لەگەڵی دەگونجێی و، ئەگەر جیهانیش ڕێسا و یاسایەکی هەیە، زوو ئەم ئایدیات لا دروست دەبێ کە جیهان بە شانۆییەکی گەورە بزانی کە تێیدا کەسایەتییەکان ئەو دەورە دەگێڕن کە پێیان دراوە، بەڵام کە وابێ، دەبێ شانۆنامە نووسێکیش هەبێ. ئەگەر بتوانی وێنای ئەوە بکەی کە چۆن شانۆنامەنووس بڕوای بە کەسایەتییەکانی شانۆکەیە و ئەمان چۆن چۆنی لە نییەت و مەبەستەکانی ئەو دەگەن، شتێك دەدۆزینەوە وەك چەمکی هێگلیی میکانیزمی جیهان.

بە پێی بڕوایەکی کۆنی تیۆلۆژیا و میتافیزیك، ئەو ڕێسا کە سەرەتا وەك گرفت و بەرگرێك دیارە، وەك شتێك کە دەرۆستی نایەت، کاتێ لە مەبەستەکەی گەشتی، چیدی گرفت و لەمپەر نابێ، هێدی هێدی لە ناختدا هەڵدەنیشێ و سانا و سەربەست کاری پێ دەکەیت. کەوابوو، کاتێ بوویتە بیرکار، تاڕادەیەك بە شێوەی نەستەکی بە پێی پێوەری بیرکاری بیر دەکەیتەوە.

هەر بەمجۆرەش، کاتێ ڕێزمان لە ناخماندا توابێتەوە، خۆبەخۆ دروست دەنووسین بێ ئەوەی ئەو ڕێسایانە وەك شتێکی زیادی و وەك زەبر ئەزموون بکەین. ئەگەر بتوانی لەگەڵ سروشت جۆرێکی وەها ڕێکەوی و جۆرێکی وشیارانە وەها لەگەڵ میکانیزمەکانی خۆت بەیەکبزانی کە قانوونەکانی سروشت لەگەڵ ڕێسا و سەرنموونەکانی بەڵگاندن و هەڵهێنجان و ویست و هەستی تۆ ببنە یەك، چاوی ناخت دەکرێتەوە و لەم حاڵەتەدا دەڵێین تۆ لەگەڵ سروشت، لە لایەنی مەبەستەوە، «یەکگرتوو» بوویت. ئەم یەکیەتییە، ئەم یەکبوونە لەگەڵ سروشت، بەردەوام، لە کەوڵی جۆراوجۆردا، ئامانجی کۆی تیۆلۆگ و میتافیزیسییەنە گەورەکان بووە. هێگل ئەمە بە زمانێکی وەڕەزکەر و شاراوە و جارجارە بەشکۆ باسدەکات و پارادۆکسە بە ناوبانگەکەی خوی لێ



هەڵدەهێنجێ: «ئازادی ناسینەوەی پێویستییە». گرفتێکی هەرە کۆنی سیاسەت، ژیان، میتافیزیك، ئەخلاقیات و هتد ئەوەیە کە ئەگەر چارەنووسی من دیاریکراوە، ئەگەر چاودێرێکی هەمووشتزان هەموو شتێکی من پێشتر بنووسێ، چۆن بڵێم ئازادم؟ ئەگەر هەموو ئەو شتانەی پێشتر و ئێستا و لە داهاتووشدا کردوومن و دەیانکەم، خۆیان و قانوونەکانیان لای کەسێکیتر ڕوون و ئاشکرا بێت، مانای چییە بڵێم چیم پێ خوشە دەیکەم؟ ئاخۆ بوونی من لەم جیهانەدا بوونی توخمێك نییە چارەنووسی بێ سێ و دوو (لە دەرەوەی خۆیەوە) نووسراوە؟

هێگل لای وابوو ئەم گرفتە هەرە کۆنەی چارە کردووە. بە بڕوای ئەو جەیان ئەو جۆرەی لە ئێمەوە دیارە، شتێکە لە پەرەسەندن و بەربڵاوبوونەوەدایە، هەندێ جار ئەم پەرەسەندنە گوشراوە و هەندێ جار لە پڕە و هەڵتەکێنەر. ئەو هێزانەی ناتەبایی و دژایەتییان بزووتن دەخاتەوە و دوا لێکدانیان بازێکی گەورەیە بەرەو قۆناغی دواتر (دەرکەوتەی جۆراوجۆریان هەیە)، هەندێ جار لە شێوەی دامەزراوەی وەك ئایین، دەوڵەت، کولتوور و دەزگای مافناسیدا دەردەکەون و هەندێ جار لە شێوەی داهێنانی گەورە، دۆزینەوە و کەشف و شاکاری هونەریدا؛ هەندێ جاریش لە شێوەی تاك، گرووێ، پارت و پێوەندیی تاکەکەسیدا دەردەکەون. ئەمە هەمان بزووتنی دیالێکتیکییە و، ئەگەر من لێی تێگەشتبێتم، چۆن دەتوانم دژی بم؟ ئەگەر من لە زانست، هونەر، مانای پارچەمۆسیقا یان چارەسەرێکی (هاوکێشەیەکی) بیرکاری بگەم، چۆن ئاوات دەخوازم وانەبێ؟ تێگەشتن، تەنیا مانای وەرگرتنی شتەکە نییە، بەڵکو داواکردن و ویستنی چالاکانەی ئەو شتەیە کە لێی تێگەشتووم، چونکو تێگەشتن لە شتێك مانای گۆڕینی ئەو شتە بۆ بەشێك لە خۆت، گۆڕینی بۆ بەشێك لە مەبەستەکانت و پێشکەوتن بەرەو ئەو مەبەستە.

ئاشکرایە ئەم گریمانەی هێگل نە گریمانێکی ئەزموونکردە و نە تیۆرێکی

زانستی؛ هیچ واقیعێکیش ناتوانێ ئەم مۆدێلە هێگلییە ببەتڵێنێ. ئەم گریمانە، روانین و خەیاڵێکی میتافیزیکی بەربڵاوە کە تێیدا هەموو شتێك یان **تێزە** یان **ئانتی تێز** و هەموو شتێکی تێدا جێگە دەبێتەوە، هیچ شتێك نییە تێیدا نە گونجێ و رێژپەڕی بێ، چونکو لە جیهاندا هەموو رووداوێك هەموو کەس و هەموو توخمێك لەگەڵ کەس، توخم و رووداوێکی تر یان کۆکە یان ناکۆك و لە هەر حاڵێکیشدا لەم فورموولەدا دەگونجێ، جا بە شێوەی تەبایی بێت لەگەڵ شتێکدا یان لە شێوەی دژایەتی لەگەڵ شتێکدا. ناتوانی هیچ بەڵگەیەك دژی ئەم بۆچوونە بەرز بکەیتەوە، چونکو هەموو ئەو شتانەی کە تێیدا ناتەبا و دژکار دیارن، دەتوانن وەك توخمی پێویستی ناتەبایی و دژایەتی، تێیدا بتوێنەوە. هەر بۆیەش ئەم گریمانەیەی هێگل لێکدانەوەیەکی زانستی یان ئەقڵانی نییە، چونکو بۆ نموونە ناتوانی وەك سیستەمی نیوتۆنی یان داروینی تاقیی بکەیتەوە و بەڵگەی لە دژ بێنیتەوە. لەم خەیاڵە میتافیزیکیەدا، ئازادیی مرۆڤ چی بە سەر دێت؟ لەم بارەوە هێگل زۆر توانا و سەرکەوتوو هەڵسوکەوت دەکات. مەگەر ئازادی جگە لەوەیە من بتوانم ئەوەی پێم خۆشە بیکەم. ئەوەی دەمەوێ دەستەبەری بکەم و ئاواتەکانم بێنمە دی؟ بەڵام بەمانەشەوە، من ئەو کاتە دەتوانم ئاواتەکەم بەدیبێنم کە بە پێچەوانەی ئەو قانوونانەی حوکمی جیهان دەکەن نەجووڵێمەوە. گەر دژی ئە و قانوونانە ببمەوە، بێ سێ و دوو شکست دێنم. بنەمای یەکەمی ئەقڵانییەت ئەوەیە بمەوێ شتێك بم، چونکو لەگەڵ ئەقڵدا ناگونجێ کە من بمەوێ تێدا بچم و، دۆخێك دروست بکەم کە چیدی نە داوایەکی تێدا بێ و نە مەبەستێك. ئەگەر بە نیازم لە بواری بیرکاریدا کار بکەم و بە جۆرێك هەڵسوکەوت بکەم کە چما دوو جار دوو ناکاتە چوار، ئەم هەڵسوکەوتەم یەکسانە بە بڕینی شکست بە سەر خۆمدا. ئەگەر بە نیازی دروستکردنی فڕۆکەم، خۆ گێلکردن لە قانوونەکانی ئایرۆدینامیك، یەکسانە بە خۆکوشتن.



ئەگەر من بە نیازم لە ئاسۆی مێژوودا کاریگەر و چالاك دەرکەوم، نابێ دژی ئە و قانوونانەی حوکمی مرۆڤ و دامەزراوەکان دەکەن بوەستم. ئەم خەباتنەکردن و لانەدانە، رەزابوون یان دژایەتینەکردنێك نییە من وشیارانە و بە تەسلیمبوون ملم پێ دابێ، چونکو وام پێ باشترە ئازاد بم. تێگەشتن لەوەی بۆچی کاروبار ناتوانێ جۆرێکی جودا بێ لەو جۆرەی کە هەیە، یەکسانە بەوەی من نەمەوێ جۆرێکی تر بن، چونکو تێگەشتن لە شتەکان یەکسانە بە تێگەشتن لە هۆی شتەکان. ئەوەی کە من بمەوێ شتەکان جۆرێکی جودا لەو جۆرەی کە هەن بن، یەکسانە بەشێتی. بە رای هێگل ئەوەی بمانەوێ جیهان جۆرێکی جودا بێت لەوەی کە هەیە، مانای ئەوەیە بمانەوێ دووجار دوو بکاتە هەڤدە. ئەگەر قانوونەکانی مێژوو لە ناخی بیرکردنەوەی مندا هەڵنیشتن، وەك هەڵنیشتنی قانوونەکانی حسێب، کەوابوو داوای من بۆ ئەوەی ئەم قانوونانە شتێك بن جودا لەوەی کە هەن، یەکسانە بەوەی داوا بکەم خۆم، خۆم بم و شتێکی تریش جگە لە خۆم، یەکسانە بەوەی ئەو قانوونانە هەم رێنوێنم بن و هەم نەبن، یەکسانە بە بیرکردنەوە و بیرنەکردنەوە. ئەگەر لە مەبەستی **شێکسپیر** گەشتبێتین، ناتوانین داوا بکەین **هاملێت** وەك **فاستاف** بێت، چونکو ئەم داوامان مانای ئەوەیە لە مەبەستی شێکسپیر نەگەشتووین، یەکسانە بەوەی نەمانزانیوە شێکسپیر بۆ هەملێت و فاستافی بەو جۆرە خولقاندووە. نائەقڵانییە وابزانین **کراموول** دەیتوانی لە سەدەی نۆزدەدا، بڕی و **بیسمارك** لە سەدەی هەڤدەدا و تێنەگشتنیشە لە میکانیزمی جیهان و ناکۆکی پەرستییە. کەوابوو، من هەمیشە داوای ئەوە دەکەم ئەو جۆرە بم کە ئێستا مەجبوورم ببم؛ دەستەبەرکردنی ئەو شتەش کە دەمەوێ، یەکسانە بە ئازادی، چونکو ئەوەی کە هەموو شتێك بەو جۆرە بێت کە دەمەوێ و، هیچ شتێك دژی رای من نەبێ، یەکسانە بە ئازادیی رەها و، تاقە شتێك کە ئازادیی رەهای هەیە، رۆحی

رەهایە. کە هەموو شتەکان دەرکەوتەی ئەون. جیهان وەك گشتێك، تەواو ئازادە و ئێمەش ئەوەندەی خۆمان لەگەڵ بنەما ئەقڵانییەکانی جیهاندا بە یەك بزانین، ئازادین.

ئاساییە بیرکارێکی ئازاد ئەو کەسەیە بیرکارانە تێدەفکرێ و، لە مێژووشدا مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە بە پێی ئەو قانوونە ئەقڵانیانەی بە سەر ژیانی مرۆڤەکان و بە سە ر مێژوودا زاڵن، هەڵسوکەوت دەکات. بەختەوەری، ئازادی، تێگەشتننە لەوەی لە کوێین، لە چ کاتێکداین و لە کوێی نەخشەکەدا و، رەفتار کردنە بە پێی ئەو (فاکتەرانە)ی نەخشەکە. ئەگەریش خۆت وانەکەیت، وات پێ دەکرێ و دەبیتە دەستکەللای مێژوو و سێنێکا وتەنی دەبێتە ئەو کۆیلەی کە خوداوەندی چارەنووس جڵەوی گرتووە و رایدەکێشێ، نەك کەسێکی زانا و زیرەك کە چارەنووس رێگەی بۆ روون دەکاتەوە. هێگل مێژوو لە چاوی سەرکەوتووانەوە دەبینێ نەك قوربانیان. ئێمە مێژوو بەو جۆرە دەبینین کە سەرکەوتووان دیویانە و لێیگەشتوون. رۆمییەکان سەرکەوتوو بوون، بردیانەوە و سەرکەوتن مانای بوون لە کەناری دروستی رەوتی مێژوودا. لەوانەیە ئەو گەل و نەتەوانەی رۆمییەکان بندەستیان کردن، جۆرێکی تر سەیری شتەکانیان کردبێ و جیهانیان جۆرێکی تر دیبێ، بەڵام ئەگەر دروست لە دونیا دەگەشتن، نەدەشکان و مادام شکاون، کەواتە خرای لە جیهان گەشتوون.

کەوابوو، تێگەشتنی دروست لە شتەکان، سەرکەوتن، واقیعیبوون ـ بەو مانای هێگل لێی تێدەگات ـ بەجۆرێك خۆ بەیەکزانینە لەگەڵ مێژوو. دەشێ بەرەیەك مێژوو وەك کارەسات و تاوان ببینێ، بەڵام ئەمە نەریتی دیالێکتیکە. هێگل رادەگەیەنێ کە مێژوو ئارام و بێ کەسەر و ئازار تێناپەرێ، مێژوو، پانتایەك نییە چێنراو بە بەختەوەری، ئەو جۆگە سروشتییە نییە رۆسۆ وێنای دەکات، مێژوو «قەسابخانە»یە، «جێگەیەکە تێیدا بەختەوەری خەڵکان و



وریایی دەوڵەتەکان و فەزیلەتی کەسان قوربانی دەبێ». «مێژوو (شانۆی) نواندنی بەختەوەری نییە. خولەکانی بەختەوەریی لاپەڕە سپییەکانی مێژوون». مێژوو چۆن چێ دەکرێ؟ مێژوو تاقمێکی کەم دروستی دەکەن، ئەو تاقمەی تا دوایی ئەقڵانین، بەڵام مەرج نییە مێژوو بە حەتمی زادەی داوا و ئاواتی وشیارانەی ئەو کەسانە بێت. قارمانە گەورەکانی مێژوو، ئەو خەڵکەی لە تەشقدا، لە چرکەی «سەنتێز»دا دەردەکەون، لەوانەیە وابزانن رێگەی مەبەستەکانی خۆیان گرتووە، سێزار و ئەسکەندەر بەرزە فڕ بوون و بە تاسەی پەرەدانی خۆیانەوە بوون، یان بەزاندنی دوژمنانیان ـ لێ مێژوو لەو شتانە ئاقڵترە. مێژوو بەکاریان دێنێ، نیوە وشیار، وەك قەسابی خۆی کاریان پێ دەکات. لای هێگل ناوی ئەم شتە «مەکری ئەقڵ»ە. هێگل دەڵێ: «ئەمە مێژووە هەڵچوون و سۆزەکان جۆش دەدات و ئەوی بەم جۆشاندنانە (هەڵدەچی) و بوونی خۆی پەرەدەدات، زەبری بەر دەکەوێ و سزاکەی دەبینێ».

کورتەی قسە، ئەقڵ یان وەك هێگل دەڵێ رۆحێك هەیە پەرەسەندوو و تاقانە کە هەموو شتێك دەگرێتەوە و، ئەوی لە جیهاندا روودەدات پەرەسەندن و گەورەبوونەوەی ئەو رۆحەیە و، هەر بۆیەش جگە پەرەسەندنی ئەم رۆحە هیچ شتێکی دیکە نییە. ئەم رۆحە «خۆپەرە دەر»ە، چونکو هیچ شتێکی دیکە ناتوانێ پەرەی بدات. ئەگەر لەم ئەقڵە بگەین، دە بینە کەرەستەی ئیرادیی ئەو و ئەگەریش لێی تێنەگەین، دژی دەبین و دەدۆڕێین. خۆلادان لەوەی کە جۆرێکی ئەقڵانی چارەمان نووسراوە و وەستان دژی ئەم چارەنووسە (قەدەرەییە ئەقڵانییە)، خوکوشتن و گێلی و منداڵ مانەوەیە، نابالغییە. بۆ هێگل «زیەنی» وشەیەکە هەڵگری ئەو پەڕی سووکایەتی و پووتی. پەشمە خەیاڵ و رای قوتابییەکی سەرەتایی دەربارەی تیۆری ئۆقلیدیس، ئەنشتەین یان نیۆتۆن، خۆشنەویستنی دونیا، مەحکوومکردنی، وەستان دژی، بەدڵ نەبوونی،

گلەوگازندە و بۆڵەبۆڵ و بانگی ئەوەی کە واقیع هەر ئەمەیە و بارستاییەکی سەختە لە بەر دەمدا کە دزەی تێناکرێ و خەمۆکی بەم سەختییەی دونیا و لە دواییدا بەر بوونەوە بۆ نێو خەرەندی نووتەك و رژدی ژیان ...، هەموو ئەمانە لای هێگل جورێك سووکی، کوێری، نەفامی، گێلی و ئەوپەڕی خوێریەتی و گەندەڵییە.

با ئەم خاڵە نەختێك زیاتر لێکبدەینەوە: بە رای هێگل تێگەشتنی راستەقینە لە مێژوو مانای تێگەشتن لە سروشتی کاروبار و شتەکان، مانای جۆرێك یەکبوونی وشیارانە لەگەڵ مێژوو، مانای یەکبوونی ئازادبوون و ئەقڵانیبوون. ئەقڵانیبوون مانای تێگەشتن و، تێگەشتن، واتە لە خۆدا تواندنەوە. ئازاد نەبوون مانای ئەوەی لەمپەرەکانی دەرەوە بەرت پێ بگرن. کە لەمپەرەکەت «شکاند»، چیدی ئەم لەمپەرە دەبێتە هی تۆ، هەرچۆن پارچەیەك عەرد کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی تۆیە دەکڕیت و ئیدی لە دەرەوەی دەسەڵاتی تۆوە نییە و ئازادی. بە رای هێگل، ستایش یان نەفرەت کردنی ئەو پرۆسە پەرەسەندووەی کە هەموو شتێکی پێ لێکدەدرێتەوە، شتێك لە ناماقووڵی و گێلیی تێکەڵە. بەرای هێگل، ئەو کەسەی کە ئاگاداری مەبەست و رەوتی مێژوو بێت و پاشان بەشێکی بە حەزی خۆی پەسن بکات و بەشەکەی دیکەی بە ناوی بێڕەحمی و زێدەڕۆیی و نادادپەروەریەوە فڕێ بدات، تەنیا بەرەو رێچکەیەکی «زیەنی» بەر بۆتەوە، مانای پووتییەکە ناتوانێ «کۆمەڵگای مەدەنی» ـ واتە ئەو کۆمەڵگای لای هێگل دەستکردی ئارەزووە ئابوورییەکانی مرۆڤە، واتە ئارەزووی تایبەت و رووکەشی بۆ سامان، ئاسوودەیی و ژیانی بەختەوەرانە ـ تێپەڕێنێ، ئەو کۆمەڵگا مەدەنییەی کە هەندێ بیرمەندی وەك لاك لێیان تێنەپەڕاندووە. بە رای هێگل بینینی راپەڕینی مەزنی مرۆڤ و سەرکۆنەکردنی بە هۆی بێڕەحمانەبوون و ستەم لە بێ گوناهان، ئەو پەڕی شێتی



و شیاوی سەرکۆنەیە، ئەم کارە وەك سەرکۆنەکردنی ئەمەیە کە بۆ «سێ» ریشەی دووهەمی نییە. بۆ ئەو کەسەی دەیەوێ لە رووداوە گەورە جیهانییەکان بگات، ئەم نارەزایی و بۆڵەبۆڵانە، شتێکە رووکەشی و سووك و، تەنیا هەڵچوونێکی کاتیی کەسێکە.

شیاوی دەرفەتێکی تایبەت بوون، بە مانای تەواوی وشەی شیان، پێویستی بە هەڵکشانە بۆ ئاستی ئەو دەرفەتە و، تێگەشتنە لەوەی کە شتێکی گەورە و قەیراناوی خەریکی روودانە و، تێگەشتنە لە گرنگایەتی دەرفەتی مێژوویی، واتە ئەو دەرفەتەی کە رەنگە تێیدا مرۆڤایەتی بگاتە پلەو ئاستێکی بەرزتر و ئەو ئاستە تازەیەش خۆی دەبێتە هۆی گۆڕانی سەیرکردنی ئێمە بۆ واقیع و سیستەمی بەهاکان. هێگل جیاکارییەکی راشکاو و روون لە نێوان دوو وتەزادا دەکات: «زیەنی» و «عەینی». لای ئەو «زیەنی» تاکەکەسی، تاکخوازانە، ەی چینی مامناوەندی، کورتماوە و تێپەڕە و شتێکە بێگومان سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە کاتی بە سەر چووە؛ بەڵام «بابەتی» ئەقڵانی، سەلمێندراو، بە ەیز، حەتمی، بنەبڕ و هەستپێکراوە.

هێگل شەیدا و سێحری دیسیپلینی مرۆڤێکی گەورەیە کە بونیاتنەری کۆمەڵگاکان و رووخێنەریشیانە، بوونەوەرێك کە مێژوو بۆ یەك چرکە هێز و توانای خۆی لەودا چڕ کردۆتەوە، ئەو بوونەوەرەی هاوکات کەرەستەی پێشکەوتنی بێکۆتای مێژوو و مەبەست و ئامانجی مێژووشە. پرسیار لەوەی ئاخۆ ئەم مرۆڤە مەزنە، ئەم عەرد هەژێنە، چاکە یان خراپ، رێز و داد دەناسێ یان نا، بێ مانایە، چونکو ئەو بەهایانەی ئەم چەمکانە هەڵیان گرتووە، تێداچوون یان سەرهەڵدانیان گرێدراوی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە ئەم مرۆڤە مەزنە کارگێڕییەتی. بە رای هێگل، پرسیار لە چاك و خراپیی ئەم کەسە، پێوەندیی بە سیستەمێکی بەهایی تایبەتەوە هەیە، بە پانتای تایبەتی کردەوە، بە چرکەیەوە کە کاتێکی دیاریکراو لە مێژوودا روودەدات.

ئەمانە کۆمەڵێك بەهان کە مرۆڤە مەزنەکان خۆیان لە رابردوودا دروستیان کردووە، بەڵام کوژراوانی بەرەیەك، قانوون دانەرانی بەرەی دواترن. کەوابوو مەبەست لەوەی لە خولێکدا شتێك خرایێ، بەلا، هەڵە و قێزەونە تەنیا لەو ئاستەدا راستە کە پڕۆسەی ئەقلانیی مەزن لەو چرکە تایبەتەدا پێی گەشتووە، بەڵام کارێکی قارەمانانەی بنچینەیی، شۆڕش، سەرهەڵدانی قارەمانێکی گەورە کە بیر و کردەی مرۆڤ دەگۆڕێ، هەموو ئەمانە وادەکەن بەهاکانی خولی پێشوو خۆبەخۆ کاڵ ببنەوە و ئەو شتەی لای بەرەیەك خرایێ و قیزەون و هەڵە دیارە، لای بەرەیەکی دیکە جوان و چاك و بەرز بێت. کەوابوو باشتر ئەوەیە چاوەڕێ بکەین، چونکو تەنیا ئەو شتە بایەخی هەیە کە مێژوو بە راستی گەڕاندبێ. بێگومان مەرجی راست و واقیعیبوونی بەهایەك «بابەتی» بونیەتی و مەبەست لە بابەتیبوونیش ئەو شتەیە کە جیهانی ئەقڵ، مۆدێلی جیهانی، مەبەستییەتی، ئەو شتەیە کە جیهان لە پەرەسەندنی بەرگرینەکراوی خۆیدا دەریدەخات، لە رێگەی کردنەوەی تۆماری زەمەنەوە، لە رێگەی پێشکەوتنی بێوچانەوە کە هێگل پێی دەڵێ: «ێیاسەی خودا لە کەوندا» و لە دواییدا لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەگیرسێ. سەرنموونە لە تاك گرنگترە. مەگەر تاك چییە؟ تاك بە تەنیا وەك پەڵە رەنگێکی تەنیا، دەنگێکی تەرە یان وشەیەکی دابڕاو لە رستە بێ مانایە و ماناکەی گرێدراوی ئامادەبوونە لە رستە و سروشت یان بەرهەمێکی هونەری و ناوکۆیی ریتمێکدا. بۆ دەبێ مرۆڤ جیا لەمە بێت؟ هیچ قانوونك دەربارەی مرۆڤێکی تاق و تەنیا کاری پێ ناکرێ. من هەر ئەوەم کە هەم، چونکو لە دۆخی کومەڵایەتی کات و شوێنی خۆمدا تاق و تەنیام. من بە هەزاران بەندی نەبینراو بە مرۆڤیتر، بنەماڵە، شار، رەگەز، ئایین، نیشتیمان، زیندووان و مردوان و ئەوانەوە کە هێشتا نەهاتوون، بەندیوارم. من جۆرێك گرێم، چەقی گەلێ رێچکەی ژیان دێنەوە سەر من یان لەمنەوە وەك تیری



بازنەیەك بە دەوروپشتدا بڵاو دەبنەوە، لە من و هەر کەسێکی دیکەشەوە کە دەچێتە نێو کومەڵە، سەرنموونە و گرووپی بە رێکیتی زۆر یان کەمەوە، واتە هەمان کۆمەڵگای گەورەی مردوەکان و زیندووەکان کە بوورکێ باسی کردبوو. بۆ ناسینی کەسێك پێویستە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی، هاوژێ و پێوەندیەکانی، سەردەست و بندەستەکانی بناسی و بزانی چی دەکات، چی بە سەردا هاتووە، کەی هاتووە و کێ هێناویەتی. نەك لە بەر ئەوەی ئەم ناسینانە دۆخی ئەو کەسە ئاشکرا دەکات، بەڵکو لە بەر ئەوەی ئەو کەسە، پڕ بە پێستی وشە، تەنیا وەك بەشێك لە مۆدێلێکی گشتی بوونی هەیە، هەر چۆن دەنگێك (مەگەر جۆرێکی ناگرنگ و تەنیا وەك رووداوێکی فیزیکی) تەنیا وەك بەشێك لە مۆسیقایەك هەیە کە لە لایەن سازێکی دیاریکراو و لە دۆخێکی تایبەتدا کە مۆسیقاکەی تێدا بەڕێوە دەچێ، لێدەدرێ. ئەمە هەمان تیۆرە بە ناوبانگەکەی هێگلە کە پلەی تاك بۆ توخمێکی دەرهەست لە مۆدێلێکی کۆمەڵایەتی «هەستپێکراو»دا، دادەبەزێندرێ. هێگل لەگەڵ ئەوەدا نییە ئەم سەرنموونانە تەنیا رێکار و فێڵی کومەڵگان و دەوڵەت و قانوون تەنیا کەرەستەیەکی ساختەیی پاراستنی ئاسایش و خۆشگوزەرانیی کەسانن. هێگل دەوڵەت و قانوون بە هەندێ تۆڕ دەزانێ کە کەسەکان، بیانەوێ و نەیانەوێ، توخمێکن لێی و جۆرێکی ئۆرگانیك موتوربەیانن. هەر بۆیەش هێگل بە سەر دەوڵەتدا هەڵدەدات و وەك کەرەستەی کۆنترۆڵی ئارەزوو و ویستە فەردییەکانی فلانە هاولاتی سەیری دەکات. بێگومان دەبێ ئیعتیبارێکی زۆر بۆ بۆچوونی مافناسانی هاوچەرخی هێگل قایل بین. ئەم مافناسانە دەڵێن دامەزراوە قانوونیەکان زادەی فەرمانی خۆپەرستانەی پاشا و کۆرەکان، یان کەرەستەیەکی سوودخوازانە نییە کە وشیارانە و ئەنقەست دروست کرابێ بۆ ئەوەی سوود و بەرژەوەندیی کەس یان چینێك بپارێزێ؛ بەڵکو ئەم دامەزراوانە بەشێکن لە پەرەسەندن و گەشەی

ناوشیارانە یان نیوەوشیارانەی کۆمەڵگا و تەعبیرن لە شێوەی ژیان، بیر، داوای نیوەروون، ئایدیال و حەز و هیوا و بڕواکانیان، بە کورتی ئەم دامەزراوانە هێمای کۆمەڵگان و بنەڕەتی بوونی هەنووکەی ئەوان و ئەو شتەن کە بە نیازن بن. کەچی، کاتێ هێگل ئەم تیۆرە رادیکالێزە دەکاتەوە، تیۆرەکە خۆی دەگۆڕێت بۆ ئوستوورەیەکی شووم کە رێگە بە قوربانیکردنی گەلێ خەڵك دەدات بۆ هەندێ وتەزای دەرهەستی وەك دەوڵەت و ئیرادە یان چارەنووسی نەتەوە و رەگەز، بۆ هەندێ وتەزای دەرهەست کە هێگل بە هەستپێکراو و کۆنکرێتیان دەزانێ. راستە جیهان لە کەس و شت پێکهاتووە و جگە لەمەش نییە. کۆمەڵگا یان دەوڵەتەکان، نە کەسن و نە شت، بەڵکو رێسایەکن کە شت و کەسان بە پێی ئەوان دادەمەزرێن. سیستەمە کومەڵایەتیەکان نە حەزیان هەیە و نە ئیرادە، بێ ئارەزوو و چارەنووس و دەسەڵاتیشن، بەڵام هێگل وەها دەدوێ چما هەندێ مۆدێلی وەك دەوڵەت و کەنێسە، لە خەڵك راست و واقیعیترن، چما بۆ نموونە ئەوە ماڵەکان نین کۆڵان دروست دەکەن، بەڵکو ئەوە کۆڵانە ماڵەکان دروست دەکات، وەك ئەو شتەی لە چیرۆکە بەناوبانگەکەی هانس کریستییەن ئاندرسێندا روودەدات. لە نێو هەموو مۆدێلەکاندا، (بۆ هێگل) دەوڵەت لە هەموویان لە پێشە، دەوڵەت بەرزترین مۆدێلە، چونکو وەك ئەو ئەڵقە ئاسینەی کە فیشتە باسیدەکات، هەموو مۆدێلەکانی دیکە دەگرێتەوە و، دەرکەوتەی هەرە رێك و بە دەستووری خۆوشیاریی مرۆڤە. ئەگەر جیهانیش پیاسەیەك بێت، دەبێ بڕوا بەوەش بکەین ئەم پیاسە ئاراستەیەکی ماقووڵی هەیە، خاوەن دەستوور و مۆدێل و دەوڵەتیش رێك و بە دەستوورترین شتێکە هەبێ. چی دژی دەوڵەت ببێتەوە، تێداچوونی حەتمییە و ئەو تێدا چوونەش حەقە، چونکو دیاریکردنی چاك و خراپ، بە مێژووە نەك بە کەسێکی دیکە. تاقە سەرچاوەی بابەتیی راستیی شتێك، ئەو ئاراستەیە کە واقیعەکان



دەیگرن، نەك هەڵسەنگاندن و رای کەسان، کۆمەڵێك قانوون یان بنەمای ئەقڵانی، بەڵکو ئەو شتەیە کە مێژوو بە پێویستی دەزانێ، ئەو شتەیە کە ویستی مێژووە. هێگل زۆر لە سەر ویستەکانی مێژوو دەوەستێ و ئەو شتانەی مێژوو مەحکومیان دەکات و، ئەمڕۆکەش کاتێ ئێمە دەڵێین مێژوو فلان کەس یان نەتەوەی مەحکووم کردووە، ئەم وتەمان نموونەیەکی راستەقینەی ریالیزمی هێگلییە. ئەم تیۆرە، تیۆری جیسمان و ستایشی هێزە، بزووتنەوەی زۆر و توندوتیژیی لە بەر زۆر و توندوتیژی خۆیەتی و، بۆ هێگل ئەم زۆر و توندوتیژییە هەر ئەو پڕۆسە ئاسمانییەیە کە هەموو ئەو شتانەی بۆ تێداچوونن، تێدا دەبات و کێ کاتی دەسەڵاتی هاتبێ دەخاتە سەر تەختی خۆندکاری. بۆ هێگل، ئەمە جەوهەری پڕۆسەکە و سەرچاوەی ئیلهامی **قارەمانەکانی کارلایل** و **کەڵە پیاوی** نیچە و هەروەها هەندێ بزووتنەوەی بە ئاشکرا هێز پەرستی وەك مارکسیزم و فاشیزمە، کە هەر دووکیان (بە شێوەی جیاواز) ئەخلاقیان لە سەرکەوتنە مێژووییەکان هەڵدەهێنجا. ئەمەیە ئەو جیاوازییەی هێگل لە نێوان مرۆڤی گەورە و مرۆڤی ئاساییدا دەیکات، لە نێوان ئەو جەنگاوەرانەدا کە رێگەی خۆیان دەکەنەوە و مرۆڤایەتی بەرەو ئاستێکی دیکە دەبەن و ئەو میروولە مروچانە کە بێ پرسیار لە پێویستی کولەکەیان، بار هەڵدەگرن. ئەم جیاوازییە هێشتا لەو جیاکارییەدا کە خۆمان واقیعبینانە و ناواقیعبینانەی پێ دەڵێین، هەیە. واقیعبینانە زۆربەی کات مانای شتێکی رژد و توندوتیژ کە ئەو شتانەی پێی دەوترێ نائەخلاقی کاری تێ ناکات و بە بۆچوونی ئەخلاقیی سۆزدارانەش ناجوولێ.

به پێچەوانەی بۆچوونی مامۆستایانی وشکی ئەخلاق، هێگل پێ لە سەر پێویستیی کردەوەی توندوتیژ دادەگرێت. هێگل دەڵێ: «(نەخۆشینی) قانقاریا بە عەتری گوڵ دەرمان ناکەن». پێشکەوتن، کاری قارەمانەکانە. قارەمانان لە

سەرووی بەند و باوی ئەخلاقیی باوەوەن، چونکو خۆیان جیسمان و دەرکەوتەی ڕۆحی مرۆیین لە بەرزترین پلەیدا و، لە تەشقێکی هێند بەرزدان کە مرۆڤی ئاسایی گران بتوانن بزانن لەو ئاست و بەرزاییەدا چ باسە. هێگل دەڵێ: «سەرچاوەی ئیلهامی ئەم قارەمانانە، ئەو نەریتە ئاشتیخوازانە نییە کە کات پیرۆزاندوویەتی ... بەڵکو سەرچاوەیەکە ئاوەکەی نادیارە ... ڕۆحێکی ناوەکییە هێشتا کەس نەبین». کەوابوو فەزیلەتە ئاساییەکان ڕێگەیان ناکەوێتە ئێرە. تەنانەت هەندێ جار لە بارەی ئەم قارەمانانەوە بە کەف و کوڵەوە دەدوێ: ئەسکەندەر بە گەنجی مرد، سیزار کوژراو، ناپلیۆن نێردرایە سەنت هێلێن. هەندێ جاریش سێحری هێزی ێژ لە توند و تیژییان دەبێ. دوانی هێگل لە سەر گەلانیش وەك دوانیەتی لە قارەمانان. گەلان هەمیشە بەو ئەرکە گەورانەوە خەریکن کە مێژوو پێی سپاردوون، بەڵام مێژوو کاتێ کارێ پێیان نەمێنێ، فڕێیان دەدات. گەلان ئەو بەرگەن کە پڕۆسەی مەزنی «جیهانی مێژوویی» لە بەری کردووە و ڕۆژێك دایدەکەنێ و بە دڵی خۆی تووڕی دەدات. گەلان پاش ئەوەی ئەو شەرابە تاڵەی مێژوویان خواردەوە کە تامەزرۆی بوون، ئاواتیان دێتە دی و پاشان دەمرن. ئەو گەلەی پاش گێڕانی دەورەکەی خۆی پێ لە سەر مانەوە دابگرێ، چ نابێ جگە لەمپەرێکی لەکار کەوتەی سیاسی. مێژوو ڕێپێوانێکی بابەتی بەرفرە و پڕ لە گۆڕانکاریی گەورەیە، ئەوانەش ملی پێ نادەن، تەفروتوونایان دەکات، بەڵام بۆ ئەم بێڕەحمییانە نەبینین و لێیان گەڕێین؟ بۆچی هەر ئەم وتەی کە شتەکان بەو جۆرەن کە ڕوویانداوە، یاساوی ڕوودانیان بێت؟ ئایا ئێمە هێند دژی دوڕاوان، قوربانیانی مێژوو و دژی دۆن کێشۆتین؟ دژی ئەو خەڵکەی لە ژێر و تۆیی چەرخ و گەڕکی پێشکەوتندا ورد و خاش کراون؟ ئایا ئێمە هێند دژی ئەو دۆن کیشۆتەین کە ئەگەرچی شێتانە، بەڵام دژی گەندەڵی و سووکی و مەسخەرەیی، ئاژاوە و بێبەهایی ڕاستیەکان ڕاساوە و هەوڵیداوە



ئایدیالێکی ڕاستەقینەتر بەدیبهێنێ؟ هێگل بەم پرسیارە بێدەنگ نابێ. بۆ ئەو ڕوانگەی کوژراوان و بندەستان تەنیا بچووك و سووك و قێزەون نییە، بەڵکو بە مانایەك گەندەڵ و خراپەکارانەشە. تاقە شتی خراپ وەستانە دژی پڕۆسەی جیهانی، چونکو پڕۆسەی جیهانی، جیسمانی ئەقڵە و جیسمان لای هێگل ڕێك ئەم شتەیە و دژایەتی لەگەڵی خراپ و گێلانە. هەربۆیەش تاقەمێکی زۆر و جۆراوجۆر لای هێگل شیاوی سەرکۆنەن: سوودخوازان، سانتیمانتاڵی دڵ ناسك، ئۆمانیستی تا دوایی خێرخواز، شێواو و پەشێوحاڵان، ئەوانەی دیانەوێ بە هەر جۆرێك بووە خەڵك بەختەوەرتر بکەن، ئەوانەی کاتێ کارەساتێك، شۆڕشێك، ژووری گازێك، ڕەنج و بەڵایەك دەبینین، رادەچڵەکێن؛ ئەم کەسانە لای هێگل هەندێ کوێری شیاوی سەرکۆنەن کە ڕەوتی مێژوو نابین و بێگومان خوێژی و گەندەڵن، چونکو بە بەرزکردنەوەی ئەو شتە زیەنییەی کە بە خەیاڵی خۆیان باشە، دژی ئەو شتە دەوەستن کە بابەتی و ئاشکرا باشە. زیەنیی چاك شتێکە وەك بیرکاری زیەنی کە کۆمەڵێك شتی بێ مانایە و ڕەنگە بۆ ماوەیەك ڕەوتی پڕۆسەکە رابگرێ، بەڵام ئەنجام تەفر و توونا دەبێ. تاقە شتێك کە هێگل لە پەخشانی نیوە شاعیرانەی خۆیدا مەدحی بکات، دەسەڵاتە.

ڕستەیەکی ناسراو هەیە ئەم خاڵە باش ئاشکرا دەکات. ساڵی ١٨٠٦ە و هێگل خەریکە بە دوا لاپەڕەکانی بەرهەمە گەورەکەی، *دیاردەناسیی ڕۆح*دا، دەچێتەوە. ئەوسا لە شاری **یێنا** دەڕی و چاوی بە ئاگری مۆڵگەی سەربازانی فەڕەنسی دەکەوێ کە خۆیان بۆ جەنگێك کە بە **جەنگی یێنا** ناسراوە، ئامادە دەکەن، بە بینینی ئەم سەربازانە بە مێشکیدا دێت کە ئەمە هەمان مێژووە لەو پەڕی بابەتیبوونەوەیدا. کە دوای چەند ڕۆژێکیش ناپلیۆن لە کاتی تێپەڕین بە شەقامەکانی شاردا دەبینێ، زیاتر تێدەفکرێ و دەڵێ: «ئیمپراتوور، **ڕۆحی جیهان**م بینی کە بە شەقامەکانی شاردا تێدەپەڕی. بینینی مرۆڤێکی وەها کە

به جەستە لە شوێنێکی تایبەتی فەزا و لە سەر ئەسپێکە و، کەچی لە هەمانکاتدا بیری فەرماندەری لە هەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە و دەدرەوشێتەوە، هەسێکی سەیر لە مرۆڤدا دروست دەکات». هێزێکی هزریی بەربڵاو، دەسەڵاتێکی گەورە، لاتێکی گەورە کە خەڵك و شتەکان لە مشتی ئاسنینی خۆیدا ورد و خاش دەکات، ئەمەیە وێنای هێگل بۆ مێژووی بابەتی. لە سەر ئەمە چی بڵێین، جگە لەوەی کە وێنای ئەوەی کە باش و سەرکەوتوو یەك شتن سەیرە و لای، خەڵکی ئاساییش هەڵە.

تێگەشتنی ئێمە بۆ چاك و راست، بەمجۆرە نییە. کەس ناتوانێ پێمان بڵێ دژایەتیکردن لەگەڵ هێزێکی زاڵدا، لە خۆیدا هەڵە و نائەخلاقییە. هێگلیش ئەم کارە بە هەڵە و نائەخلاقی نازانێ، بەڵام بەو مەرجەی لە دواییدا جەنگەکە ببەیتەوە و، کوژراوانی ئەمڕۆ قارەمان و قانووندانەر و دیکتاتۆرەکانی سبەی ڕۆژ بن. هێگل لای وایە لە دواییدا، بە پێی مانای بەربڵاوی «جیهانی مێژوویی» چاك بوون و سەرکەوتن یەك شتن. ئەمجۆرە واقیعپەرستییە (پراگماتیزم) سیاسییە، ئەم سەرکەوتنپەرستییە، هەستی ئەخلاقیمان بریندار دەکات؛ بەرهەمەکانی هێگلیش هیچ بەڵگەیەکی راستەقینەیان دژی ئەم نەفرەت و بێزارییەی (ئێمە) لە خۆ نەگرتووە. لای هێگل دیمەنێکی تەخت یان فلات و روونی مێژوو هەیە کە هێگل لەگەڵ پەرستنی ئەو شتانەی لای خۆی بەهای راستەقینەن واتە ئە و بەهایانەی کاریگەر و بنەبڕن، یەکانگیری دەکات. مێژوو لەشکرێکی گەورەیە کە ڕێچکەی پانی غاردانی پڕە لە تەرمی ئەگەری بەدینەهاتوو، پڕە لە تەرمی شەهید و بەدیکار و قووڵبینان.

بنەمای ئەخلاقی لای هێگل بریتییە لە کڕنۆش بردن بۆ واقیع. یەکانگیرکردن و بەیەکزانینی راست و سەرکەوتوو، کاریگەر و چاك ، باش و بەرگری شکێن، لەگەڵ ئەو شتەی شیاوی ئەوەیە بەرگریەکانی (بەردەمی)



تێکبشکێنێ، تایبەتمەندییەکی ئاشکرای سیستەمی هێگلییە و تەرجەمە سیاسییەکەی ئەمەیە کە شۆڕشێکی سەرنەکەوتوو هەمیشە خراپە، هەر بەم پێیە رەنگە سەیر نەبێ کە هێگل لەگەڵ ئەو سانسۆرە هاوڕایە کە مێتێرنیخ دژی ئازادی رادەبڕین لە زانکۆکانی ئەڵمانیا، دەری کردبوو، یان سەیر نەبێ کە بۆ پادشای پرووس لە باتی مامۆستایەکی لیبراڵ، هێگل بۆ مامۆستایەتی زانکۆی بێرلین هەڵدەبژێرێ، بەڵام نابێ لە رەخنەکردنی هێگلدا ئینسافمان بیربچێ. هێگل گەلێ کاری گەورەشی بۆ پێشکەوتنی ژیار کردووە و، تا رادەیەك، بە تاقی تەنیا مێژوویەکی دامەزراوەیی بونیات ناوە. ئەگەرچی چیکۆ و تەنانەت هێردێریش هەندێ ئاماژەیان بەم بابەتە داوە، بەڵام ئەوە هێگلە ئەم حەقیقەتەی پتەو و قورس لە سەر هێزی خەیاڵی بەرەی خۆی هەڵکەندووە: مێژووی مرۆڤ، مێژووی دامەزراوەکانە ـ لانیکەم ئەوەندەی کە پێوەندیی بە مێژووی پادشا، ژەنەراڵ، سەوداسەر، سەرکەوتوان و دانەرانی قانوونەوە هەیە. جگە لەوە، هەر هێگل بوو ئاشکرای کرد ئەو شتەی خەڵك لە مێژوودا بۆی دەگەڕێن، شتە ناوازە و تاقانەکانە نەك شتە گشتییەکان و، لەم بوارەشدا مێژوو قووڵ و بنچینەیی لە زانستە سروشتییەکان جودایە. ئەو شتانەی هێگل لە سەر زانستە سروشتییەکان دەیڵێ بە ئاشکرا جەزمییەت و کاڵفامیی پێوەدیارە، بەڵام لە جێگایەکدا قووڵبینی و بەسیرەتی هێگل بە روونی دەدرەوشێتەوە، واتە ئەو کاتەی دەڵێ: زانستە سروشتییەکان بەردەوام بۆ ئەو خاڵانە دەگەڕێن کە لە بابەتی خوێندنەوەکەیاندا هاوبەشن و دەیانەوێ لێرەوە قانوونێك بدۆزنەوە کە لە سەر گەلێ نموونەی جودای وەك ئەتۆم، مێز، فیل، بوومەلەرزە و ... راست دەربچێ، بەڵام ئەمە دوایین شتێکە لە مێژوودا بۆی بگەڕێی. کاتێ من لە سەر رۆبسپێر یان ناپلیۆن شتێك دەخوێنمەوە، بۆ ئەوە ناگەڕێم کە ئاخۆ چی لە نێوان ناپلیۆن و

ئیمپراتورەکانی دیکە و سەوداسەرەکانی تردا هاوبەشە، بە دوای ئەوەدا ناگەڕێم کە ئاخۆ چ شتێکی رۆبسپێر بە راستی لە قانووندانەران و شۆڕشگێڕانی دیکە دەچێ، بەڵکو دەمەوێ بزانم لە ناپلیۆن و رۆبسپێردا چ چۆنێتیەکی تایبەت و ناوازە هەبووە کە لەوانی دیکە جویێ دەکاتەوە، دەمەوێ ژیانی رۆبسپێر و تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی، کارەکانی وەك تاکێك، بۆم زیندوو بکرێتەوە. کاتێ لە سەر شۆڕشی فەرەنسا یان رۆنسانس شتێك دەخوێنمەوە، مەبەستم ئەوە نییە بزانم چ شتێکی ئەم رووداوە گەورانە مرۆییانە لە دۆخی **بابل** یان **ئازتێکەکان** دەچێ. رەنگە ئەم خاڵە هاوبەشانە بۆ کۆمەڵناسان گرنگ بێ و لەوانەیە گەلێ خاڵی شاراوە ئاشکرا بکات، بەڵام کاری مێژوونووس ئەوەیە زیاتر جیاوازییەکان دەربخات نەك هاوبەشی و وێکچوونەکان. مێژوونووس دەبێ دۆخی ناوازە و بەرەهایی تایبەتی رووداو و کەسەکان وێنە بکێشێ، وێنەیەك کە پۆرترە بێت نەك رادیۆگرافی.

هێگل ئەم دیسیپلینە بۆ دامەزراوەکان و بۆ تاکەکانیش کار پێ دەکات. بێگومان بەر لە سەدەی نۆزدەهەم کەس بیری لەوە نەکردبۆوە دەکرێ بیۆگرافی لەشکر، ئیدارەیەکی دەوڵەتی یان، پەرەسەندنی ئایینێك بنووسرێتەوە. هەروەها تێگەشتنی هێگل بۆ مێژوو وەك خۆپەرەسەندنی رۆحێکی بەربلاو و تادوایی جیهانی، وێڕای هەموو ئەو ئوستوورە و تاریکبیریانەی لەگەڵییەتی، بەشێکی گەورەی لە دامەزراندنی مێژووی نوێ، واتە مێژووی پێکەوگرێدراویی هەموو شتەکاندا، هەبووە. لەوانەیە ئەسڵترین دەستکەوتی هێگل ئەمە بووە کە ئایدیای **مێژووی بیروڕاکانی** داهێناوە: چونکو بێگومان بەر لە ئەو هیچ کەس نە دەستی داوەتە نووسینەوەی مێژووی بیروڕا فەلسەفییەکان یان هەر جۆرێکی دیکەی



بیرکردنەوە، نە کەسیش بیری لێ کردۆتەوە، مێژوویەك کە کومەڵێك بابەتی دوور و پەرەوازە و بێهارمۆنی نەبێ، بەڵکو مێژوویەك بێت لە شێوەی پەرەسەندنی بەردەوامی بیروڕاکان لە بەرەیەك بیرمەندەوە بۆ بەرەی دواتر، هاوکاتی پێوەندییەکی وردکارانە و نزیك لەگەڵ گۆڕانکاریی ئابووری، کۆمەڵایەتی و هتد لە کۆمەڵگا یان کولتوورێکدا. ئەم شتانە، ئەورۆکە هێند ئاسایی بوونەتەوە کە گران دەتوانین لە گرینگی کارەکەی هێگل تێبگەین. جگە لەوە، وادیارە هێگل جەختێکی گەورە، جەخت لە سەر مێژوو و بەهای مێژوو دەکات و، لە سەر ئەوەش کە لە مێژوودا هەموو شتێك گرنگە و هیچ شتێك جگە لە مێژوو گرنگ نییە.

هێگل، تەنانەت بنەبڕانەتر لە هێردێر، جۆرێك دەدوێ چما لێکجوێکردنەوەی روون و راشکاوی ئەو راستیانەی کە لە لایەنی مێژووییەوە پەیوەستی یەکترن و ئەو رووداو و راستیانەی کە ناوازە و بێ پێوەندین، کارێکە گران. مادامیش جۆرێ جل لەبەرکردنی خەڵك، خواردن، دەریاوانیی، گۆرانی، رێنووس و زمانیان رەنگە زیاد لە کاری رەسمی و جیددیی وەك جەنگ، پەیماننامە و دەستوورەکانیان تەعبیر لە دۆخ و ژیانیان بکات، کەوابوو ناتوانین بڵێین (ئەم شتە بێ پێوەندی و ناگرنگانە) بە کەڵکی لێکدانەوەی تەواوی پرۆسەی مێژوو نایەن و دەبێ لە مێژوو فڕێ بدرێن، ئەو مێژووەی کە فڵان و فیسار خەڵك تێیدا دەورێکیان گێڕاوە و، لە قۆناغێکیدا، لە چرکەی دیاریکراودا، دەرکەوتوون و کە کاتیان بە سەر چووە کشاونەتەوە. رەخنەی هێگل لە مێژوونووسیی کۆن وەك مێژووی پەند و وەعز و وانەی ئەخلاقی و مێژووی دەرس و عیبرەت هەڵگرتن لە نوقسان و هەڵەکانی رابردوو و پەسن یان سەرکۆنەکردن و، داوای ئەوە لە مرۆڤە ئاقڵەکان بۆچوونە ریزی هێزە بزۆزە مەزنەکانی مێژوو تەنانەت ئەگەر

دەستیان داوەتە ستایشی مێژوو یان جورێك واقیعخوازیی توندوتیژی سیاسییان پێڕەوکردبێ، دەورێکی گرنگی لە روونکردنەوەی ئەم خاڵەدا هەبووە کە کۆی رووداو و واقیعە مێژووییەکان بە قەد یەك بەها و بایەخیان هەیە، چونکو بە رای هێگل چارەسەری هەموو پرسەکان دەبێ لە مێژوودا بدۆزرێتەوە و ئەگەرچی ئەم مێژووە لە پێش ئەزموونەوە و مێنوکی بێت، بەڵام دیسان مێژووە و گرنگایەتییەکەی بۆ لێکدانەوەی ئەوەی خەڵکان دەبێ چۆن بڕین، بە قەد گرنگایەتیی تیۆلۆژیایە لە رابردوودا. ئەمە «تیۆدیسی»یەکی نوێ، واتە تەفسیرێکی تازەی ئەو دابەیەکە خواوەند بۆ مرۆڤی داناوە. ئەم تیۆرانەی هێگل زەبری لە رەوایی و ئیعتیباری سەدەی هەژدەهەم وەشاند کە واقیعی بە پێی پێوەری زیەنیی چاك و خراپ دابەشکردبوو و، وایکرد تای تەرازوو بەلای مێژوویەکدا بشکێتەوە کە تێیدا هەموو واقیعەکان لە یەك ئاستدان و دەتوانی لە سووچ و قوژبنێکدا کە چاوەڕێ ناکرێ، بۆ راستییەکان بگەڕێی.

مێژوو ئێجگار گرنگە و تێیدا هەر شتێك بە سەرنجدان دەشێ، رەنگە بەسەرنجدانی هەر بەشێکی بچووکی ـ کە خۆی هاوکات ئاشکراکردنی ئەو بەشەشە ـ لە ناخی ئەم تۆژە تێکتەنراو، بێ گەڕانەوە و ناوازە (واتە هەمان مێژوو)ەوە بە زنجیرەیەك توخم بگەین کە کەسایەتی یەك بە یەکی مرۆڤی جیهان دروست دەکەن و دادەڕێژن، هەر ئەو جیهانەی کە مرۆڤیش یەکێکە لە توخمە دروستکەرەکانی و هاوکات بوونەوەرێکیشە لە بوونەوەرانی؛ بە سەرنجدانی ئەم هەمووە دەتوانین بەشە لە بیرکراو و تاریکەکانی کەسایەتی مرۆڤ و مێژوو روونبکەینەوە. جگە لەمە، گرنگییەکی دیکەی کارەکەی هێگل جەختکردنەوەیەتی لە سەر هۆکارە نەستەکییەکانی مێژوو، لە سەر هێزە تاریکەکان و ئەم پێداویستییە گرژ و بەربلاو و ناتاکەکەسیانەی نێو ناخی



مێژوو. لای هێگل ئەم هۆکارانە تەعبیرن لە هەوڵی نیوە وشیارانەی ئەقڵ بۆ بەدیهێنانی خۆی و ئەوڕۆکە ئەتوانین ئەو هۆکار و هێزانە وەك هێزێکی نیوەوشیاری رازاوی بنرخێنین کە گرنگایەتییەکەیان لە مەبەست و نییەتی وشیارانەی سەرۆك و پاشاکان یان شۆڕشگێڕانی رادیکاڵ کەمتر نییە. ئەم بیرۆکەش یارمەتیەك بوو، بۆ دەرهێنانی مێژوو لە لایەنی تاکەکەسی، یان گەر رەوا بێت وا بڵێین، بۆ لابردنی لایەنی ئەخلاقیی مێژوو.

میتۆدەکەی هێگل لە لایەنێکی دیکەشەوە گرنگە کە هەمان کاردانەوەیەتی بۆ لێکدانەوەی بەرهەمی هونەری و واتای مەزنایەتیی هونەر و جوانی و، جوانیناسی بە گشتی. هێگل لای وابوو زمانی لێڵ و شێرزی رۆمانتیکەکانی لە شتێکی رێکوپێك و یەکگرتوودا کۆکردۆتەوە، بەڵام ئەمە وەهمی رووت بوو. شێوە زمانی رۆمانتیکەکان لای هێگل هەندێ وردەکاریی تایبەت و تەکنیکیی بە بەردا کرا، بەڵام دیسان ناوەڕۆك وەك پێشتر لێڵ و تاریك مایەوە. چەمکەکانی زمانی رۆمانتیکەکان، وێرای هەوڵەکانی هێگل، هێشتا سست و ناوردکارانەن. کۆی ئەو زاراوە و تێرمە رۆمانتیکانەی کە هێگل و میتافیزیستەکانی دیکە و شاعیرانی ئەو خولەی ئەڵمان کاریان پێ کردوون، چەمکی وەك بەرزەجێیی، یەکپارچەیی کەسایەتی ئەڵمانی، لێکدریی ناوەکی، ئەو هێزانەی کە لە پڕ یەکتر تێدا دەبەن و لە هەمانکاتدا پێکەوە گژدەخۆنەوە و یەك بارگاوی دەکەن، چەمکی «یەکگرتن» کە هاوکات هەم مەبەستە و هەم بنەما و مودێل و ئامانج، «جەوهەر» کە هاوکات هەم هەبوونە و هەم پڕۆسە و «یەك» گرتن و «بوونبە»یەکی هەموویان، ئەگەرچی لە بواری لۆژیك، زانست یان مێژوودا جگە لە لێڵی و بەزۆری جگە بێ مانایی تەواو ناخەنەوە، بەڵام دەوری ناوازەیان لێکدانەوەی ئەو شتەیە کە لێکنادرێتەوە، لێکدانەوەی هەندێ لێکنەدراوەی وەك شتی جوان، پڕۆسە دەروونییەکان و بەرهەمی هونەری.

به گشتی زاراوەکانی زمانی رۆمانتیك لە لێکدانەوەی ئەو ئەزموونانەدا که سانا مل به شیکاری و لێکدانەوه نادەن زۆر توانا بووە، چونکو زمانێکە ئاخنراو به زاراوەی راچڵەکێنەر، ناوردکار، نادیار و لێڵ و، پڕه له شاراوەیی واتاکێشکار و، زۆر به وێنه و خوازه کار دەکات. شیعرێك، ئەزموونێکی جوانیناسانه چۆن باسدەکرێ؟ رەنگه باشترین کار ئەوەیه شی نەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر بڕیار بێ شی بکرێتەوه، ئەو زمانه روون و تەنکەی که هەندێ بیرمەندی وەك هێلویسیۆس، هیووم و ڤۆلتێر کاری پێ دەکەن، زۆر داد نادات. بۆ نمونه دەتوانین هەندێ جار له مۆسیقادا باسی گەشەی دیالێکتیکی بکەین: ریتمێك لەگەڵ رستەی موزیکاڵی دیکه لێکدەکەوێ و تێیدا دەتوێتەوه، ئەم دۆخەش هەر دووکیان تێدا دەبات، کەچی واش نییە، چونکو ئەم بەریەککەوتنه هەردووکیان بەرز دەکاتەوه و هێزه دژەکانیان دەگۆڕێ بۆ شتێکی خەملیوتر و، ئەگەر بۆمان هەبێ وا بڵێین، دەیانگۆڕێ بۆ شتێکی بەرز و تەواوتر له دۆخی یەکەمیان. لێرەدا دەتوانین باس له گەشەی لێڵ و نیوەوشیارانەی هەندێ هێز بکەین که له ێژ بەشکۆ و زێژین هەڵدەچن و فڕێ دەدرێنه دەر. زمانی شێواو ئێجگار به کاکڵی هێگل و زیاد لەو زمانی فەیلەسووفه رۆمانتیکەکان، زمانی شێلینگ، برایانی شێلگێل، نۆچالیس و کۆلریچ و تا رادەیەك زمانی کارلایل، بەو کارکردنەی که به ئیماژی موزیکاڵ و بیۆلۆژیکاڵ دەیکەن، هەندێ جار تا جێگەك که له دڵی پرۆسەی داهێنەرانه دەکات، رۆ دەچێ.

ئەم زمانه دەتوانێ تەعبیر لەو شته بکات که له پەرەسەندنی مودێل دەچێ و، هەروەها دەربڕی پێوەندیی گژخواردوو، بەڵام هەستپێنەکراوی دەنگ و سۆزەکان و، تەنانەت مەبەسته ئەخلاقییەکانه له سەمفۆنیا، ئوپێرا یان بۆنەیەکی **شێوی خوداوەندیدا**. ئەم جۆره قسەکردنه نیوه شاعیرانه



دەتوانێ هەستێکی روونتر لە سەر سنوورەکانی کولتوورێك، ئایدیالی رێبازێکی هونەری یان فەلسەفی یان رەفتاری بەرەیەك، بە دەستەوە بدات و، ئەمانەش هەندێ شتی هەندەکین که نابێ بۆ شیکردنەوە و ئانالیزەکردنیان پەنا بۆ زاراوەی دەقاودەق و پڕتر ببەین، واته ئەو زاراوانەی کە دیسیپلینی پسپۆڕانەیان گەرەنتی حەقیقەتێکی روون دەکات له لێکۆڵینەوەدا. کارکردن بەرێنوێنییەکانی هێگل، واته میتۆدی تێز و ئانتی تێز و شیکردنەوەی هەموو شتێك وەك تێپەڕینێکی بەردەوام بۆ دژی خۆی، وەك هاوکێشەیەکی ناسەقامگیری ئەو هێزانە کە دژی یەکترن، لە ئەدەبی رەخنەیی، مێژووی هونەر، مێژووی بیروڕاکان. شیکردنەوەی ژیارەکان و، لە هەر لقێکدا کە پەخشان و هۆنراوەی تێدا هەبێ، گۆڕانێکی بنچینەیی لە رادەی هەستیاری و چۆنیەتی دەربڕینی ئەو هەستاریەدا لای ئەوروپییەکان، دروست کردووە.

هەڵەی راستەقینەی هێگل ئەوە بوو جیهانی وەك بەرهەمێکی هونەری وێنا دەکرد کە خۆی خولقێنەری خۆیەتی و، هەر بۆیەش وایدەزانی باشترین زمان بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەم جیهانە هەر ئەم زمان و زاراوە نیوە بیۆلۆژیك و نیوە مۆسیقاییانەیە. هێگل بەم کارەی گەلێ روانگەی هەڵەی بە سەر مرۆڤایەتیدا سەپاند؛ بۆ نمونە ئەمەی کە لای وایە بەهاکان و راستیەکان یەك شتن، یان هەر شتك سەرکەوتوانە بکرێ باشە ـ کە ئەم بۆچوونانەی هێگل، بە حەق، پاش و پێش خۆی لای هەموو ئەوانەی کە لە ئەخلاق گەشتوون و لێی دواون، بەرپەرچداوەتەوە. گوناهی گەورەی هێگل ئەوە بوو ئوستوورەیەکی هێند گەورەی دروست کرد کە تێیدا دەوڵەت یەك کەسە و مێژوو یەك کەس و مۆدێلێکی یەك و تاقانە هەیە کە تەنیا بەسیرەتی میتافیزیکی تێی دەگات. هێگل قوتابخانەیەکی مێژوویی «لە پێش ئەزموون»ی خولقاندووە کە راستییە ئاساییەکان ئینکار دەکات،

چونکو فەیلەسووف بە یارمەتی بەسیرەتی بەرزتر و خەیاڵی ئەقلانیی دوو هێندەی خۆی، بە یارمەتی ڕۆشنبینیی خۆی دەتوانێ بزانێ چی بووە و بە یەقینێکی بیرکارانەوە بڵێ چی ڕوویداوە، بە پێچەوانەی میتۆدی کەسەرهێنەری ئەزموونی و سەقەت و ڕاڕا، کە مێژوونووسی ئاسایی کاری پێ دەکات. سەرەڕای هەموو ئەم نوقسانانە، دەبێ بیرمان بێت هێگل خولقێنەری سیستەمێکی مەزن و سەرسامکەرە کە لە کات و لە قووڵاییدا، کاریگەری لە سەر بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی هەبووە، بەڵام ئازادی: لە مودێلێکی وەها داخراو و چڕدا، هیچ باسێك لە ئازادی نییە. لە شوێنێکدا کە تاقە کەرەستەی حەقیقی ڕاگەیاندنی بوونی خۆ ملکەچییە بۆ مۆدێل، ئازادی ناتوانێ ببێ، چونکو لە نێو ئەو مۆدێلەدا ئەو شتەی کە ناوی ئازادییە، واتە توانای چالاکی لە نێو جۆرێك بۆشایی و فەزای ئەگەرچی کورت و تەسکیشدا ـ چالاکییەك کە خۆت هەڵت بڕاردبێ و کەسانی دیکە لاقەی نەکەن ـ لە ئارادا نییە.

ئازادیی هێگل سادە و سانا مانای داگیرکردن یان ڕکێفکردنی ئەو شتەی لە سەر ڕێگەتە و ئەم داگیر و جڵەوکردنەش تاکو داگیرکردنی هەموو شتێك درێژەی دەبێ و کە هەموو شتێکیشت داگیر یان جڵەو کرد یان کردتە موڵکی خۆت، ئەو کاتەیە لەگەڵ فەرماندەری جیهان یەکانگیر دەبی، بەڵام تا ئەو کاتەی بەم چەشنە یەکگرتنە نەگەشتووی، باشترین کار ئەوەیە هەوڵ بدەی بزانی بۆ دەبێ بەو جۆرە بیت کە هەیت و لە باتی قرتە و بۆڵە و خولادان لەو کۆڵەی لە کۆڵتە، شادانە شان بدەیتە بەری، بەڵام هەڵگرتنی شادانەی ئەم کۆڵە نە مانای ئازادییە. هەر لە کۆنی دونیاوە، گەلێ کەس هەبووە کون بە کون لە نێو ڕێکخستنی تەسك و داخراودا بۆ ئاسایش گەڕاوە، واتە کەسانێك کە لە سیستەمێکی جێگیر و نەگۆڕ و



پتەودا بۆ سووچێکی ئاسوودە و لە بار گەڕاون و ئەو سووچەیان لە ئازادی پێ باشتر بووە.

هێگل بۆ ئەم جۆرە کەسانە گەلێ مژدەی پێیە، بەڵام ئەم دۆخە لە بنەڕەتدا جۆرێك ئاژاوە و سەرلێشێواویی گەورەیە، چونکو لە لایەنی مێژووییەوە یەکسانە بەوەی ئازادی بەو مانای ئێمە تێی دەگەین لەگەڵ ئاسایش یەکێك بێت، ئاسایش بە مانای هەست بە ەی شوێنێکی تایبەت و ناوازەبوون کە تێیدا لە هەموو گرفت و لەمپەرێك دەپارێزرێ، بە جۆرێك کە دەتوانی ئەم لەمپەر و گرفتە پێشتر بەدیبکەی، بەڵام ئەمە ئەو شتە نییە لای ئێمە ناوی ئازادییە. ڕەنگە ئەمە جۆرێك زیرەکی، وشیاری، وەفاداری، بەختەوەریی یان پارسایی بێت، بەڵام جەوهەری ئازادی هەمیشە بەم چۆنێتییەوە بەند بووە کە بتوانی ئەو هەڵبژاردنەی دەتەوێ بیکەی، چونکو حەز دەکەی ئەو هەڵبژاردنە بکەی، هەڵبژاردن بێ زەبر و زەنگ و جەبر، بێ ئەوەی سیستەمێکی زەبەلاح هەڵتیلووشیبێ و، هاوکات مافی دژایەتی و خۆراگری، مافی داکۆکی لە بڕواکانی خۆت لە بەر ئەوەی بڕوای خۆتن. ئەمەیە ئازادی حەقیقی و بێ ئەوە نە ئازادییەکی دیکە هەیە و وەهمی ئازادی.

# سان سیمۆن

سان سیمۆن، یان بە وتەیەکی تەواوتر کۆنت هانری دۆسان سیمۆن بە دیکاری هەرە گەورەی رووداوەکانی سەدەی بیستەمە. بەرهەمەکانی، وەك ژیانی ئالۆز و تەنانەت شێواوە. هاوچەرخانی حسێبی شێتێکی داهێنەر و زیرەکیان بۆ دەکرد. قەڵەمی بەبڕشت و توانا نەبوو، بەڵام نووسینەکانی پڕن لە هەڵچوون و بریسکەی شەوودی تێکەڵ بە کاڵفامی و خەیاڵێکی ناوازە.

زیاتری ناوبانگی هی پاش مردنیەتی. ئەگەرچی کارل مارکس گەلێ لە راکانی وەرگرتووە، بەڵام وەك سۆسیالیستێکی ئایدیالیست (یان خەیاڵی) نرخاندوویەتی و هەر ئەمەش وایکردوە نەیارانی سان سیمۆن هەڵبکوتنە سەر ماکس ویبێر و سان سیمۆن و سیمۆن وەك کاڵفامێکی بەهرەداری شێتۆکە و وەسواسی بنرخێنن. کەچی، وێڕای ئەم رەخنە و بۆچوونانەش، ئەگەر بەدیکارییەکانی سان سیمۆن و کارل مارکس بەراورد بکەین، دەبینین بەراوردەکە لە بواری شێوەی نووسین و ... بە سوودی سان سیمۆن دەشکێتەوە. سیمۆن هەموو تەمەنی بەم سەوداوە دەتلایەوە کە ئەو مەسیحی گەورەی تازە سەرهەڵداوە و هاتووە فریای دونیا بکەوێ. بێگومان ئەو رۆژگارەی ئەوی تێدا دەژیا، گەلێ کەس تووشی ئەم هەستە سەیرە ببون و لە راستیشدا هیچ خولێك نییە بە قەد کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم کەسانی لەم جۆرەی تێدابێ کە تووشی نەخۆشینی «خۆبە گەورە زانین» بووبێتن و خۆیان بە مەسیح و مونجی زانیبێ. وەك دیارە ئەو رۆژگارە هەمووان وایاندەزانی هێز و هۆش و خەیاڵیان بەشی چارەسەرکردنی گرفتەکانی مرۆڤایەتی دەکات. سەرنجێکی نووسینەکانی رۆسۆ ئاشکرای دەکات کە رۆسۆ ـ ئەگەرچی خۆشی



دەڵێ یەکەم کەس و داهێنەری ئەم ئایدیا نیە ـ لای وابوو دوایین قسەی پێیە و مۆری خاتەمیی (چارەسەری گرفتەکانی مرۆڤایەتی) بەدەستە. فیشتەش خۆی وا دەبینی و کە بەرهەمەکانی دەخوێنیتەوە هەست دەکەی دەڵێ ئەگەرچی لووتێر کەسێکی گەورە بووە و مەسیح و فەیلەسووفانی یۆنانیش گەورە و گرنگ بوون، بەڵام دوایین تێڕامان و ئیشراق لای ئەمە، ئەرك و راسپاردەی ئەمە کە خۆ بەختکار و لێبووردانە ئەو درگایانە بۆ هەمیشە و یەکسەر بە سەر مرۆڤایەتیدا بکاتەوە کە تا کاتی ئەو یان نەکراونەوە یان تەواو ئاوەڵانەکراون.

لای هێگلیش ئەم خەیاڵە دەدۆزرێتەوە. ئەویش لای وابوو خۆی ئەنجام یان سەنتێزی کۆی ئەو بیرانەیە کە بەر لە ئەو هەبوون و ئەم بیرانە لای ئەو لە شێوەی پێکهاتە و(سەنیێزێك)دا کە کۆی ئەقڵ و مەعریفەی مرۆڤایەتی لە خۆ گرتووە، دەرکەوتووە؛ کەواشبوو تاقە ئەرکی لایەنگران و پێڕەوکەرانی ئەوەیە ئەو ئەنجامانەی ئەو هە لێهێنجاون لێکبدەنەوە و کاریان پێ بکەن. کە بەرهەمی هەندێ سۆسالیستی خەیاڵیی فەرەنسیی وەك سان سیمۆن، فۆریە و جێگیرانیان وەك بازاڕ و لۆرۆ دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت دەڵێن: «راستە، ناتوانی بڵێی بە لەر من کەس نەبووە. راستە مووسا و مەسیح و نیۆتۆن و دیکارت هەن، بەڵام ئەوان تەنیا رێگەکەیان پیشان داوە و بیرکردنەوەیان تەنیا ئاماژەیەکە بچووك و کاڵ و، گران تۆزقاڵێك لە حەقیقەتیان دۆزیبێتەوە، بەڵام دوایین خەیاڵ و کەشف ئەوەیە من کردوومە». کەچی وێڕای ئەمەش، دیسان سان سیمۆن زانایەکی گرنگ و تەنانەت سەر سووڕهێنەرە. با هەندێ لەو بڕوایانەی سان سیمۆن بناغەی ناون و هەر کەسێکی دیکەش دەیتوانی بیکات، باس بکەم، هۆی ئەم قسەشم ئەوەیە کە لە بابەت و پانتایەکی هێند ناوردکاری وەك زانستە مرۆییەکاندا، گران بتوانی دۆکترین یان بۆچوونێك تەنیا بە یەك کەسەوە ببەستی. کەچی، بێ ترسی ئەوەی تووشی قسەی ناکۆك ببین، دەتوانین

بلێین سان سیمۆن زیاد لە بیرمەندانی ئەڵمانیی دیکە، دەوری لە دامەزراندنی قوتابخانەی مێژووگەریدا هەبووە. ئەوە سان سیمۆنە رەخنەی توندی میتۆدە نامێژوویییەکانی سەدەی هەژدەهەمی کردووە و تەفسیرێکی مێژووی بەدەستەوە داوە کە بۆتە هۆی دامەزراندنی قوتابخانەی مەزنی مێژوونووسیی فەرەنسی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا. لە راستیشدا (بەم کارەی) کەرەسەیەکی داوەتە دەست مێژوونووسان کە بەو کەرەسە مێژوویەکی هەستپێکراو و واقیعی نووسراوە، نەك هەندێ گەلاڵەی گشتی و ئایدیۆلۆژیك و رووکەشی ـ وەك ئەو شتەی ئایدیالیستە ئەڵمانییەکان لەو کاتەدا دەیانکرد. سان سیمۆن بە تەنیا هەر باوکی مێژوونووسیی فەرەنسا یان ئەورووپای رۆژئاوا نییە، چونکو ئەو بونیاتنەری شتێکە بە رای من ناوی تەفسیری تەکنۆلۆژیکی مێژووە، واتە شتێك کە ئەگەرچی لەگەڵ تەفسیری ماتریالیستیی مێژوو ـ کە لەگەڵ ناوی مارکسدا گۆێخواردووە ـ یەك شت نین، بەڵام لە بەری هەمان سەرچاوە دەخوات. ئەگەرچی تەفسیرەکەی سان سیمۆن لە هەندێ لایەنەوە ئەسڵترە و زیاتر داکۆکی هەڵدەگرێ.

سان سیمۆن یەکەم کەسە چینە کۆمەڵایەتیەکان بە مانای مۆدێرنی چین پێناسە بکات و لای وایە چینەکان هەندێ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و ئابوورین کە دۆخ و چۆنێتییان پێوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ پێشکەوتنی ئەکتۆلۆژیا، ماشێنەکان، شێوەی دابینکردن و دابەش و بەرخۆریی کاڵاکان هەیە. بە کورتی، سان سیمۆن یەکەم کەسە پێمان دەڵێ لە مێژوودا هۆکاری ئابووریش کاریگەرن. وەکیتر، بێگومان کەی و لە کوێ باسی کۆمەڵگای بەرنامە بۆ دانراو، ئابووریی (مەبەست) و بەرنامەدار، تێکنۆکراسی، پێویستی ئەو شتەی فەرەنسییەکان پێی دەڵێن دیریژیسم، دژایەتی لەگەڵ بازاڕی ئازاد، New Deal، بانگەشە بۆ رێکخستنی ئەقڵانیی پیشەسازیی و بازرگانی و ئابووری ئازاد بکرێ کە ئێمە



ئەورۆکە لە شێوەی دەوڵەتێکی خاوەن بەرنامەدا نەك و لە شێوەی سیاسەتی (دوڵەتیی) «لاقە نەکردنی کاروباری ئابووریدا» دەیناسین، ئایدیا و بۆچوونەکان لە بنەڕەتدا هەڵبژادەیەکە لە بەرهەمە سیاسی و ئابوورییەکانی سان سیمۆن.

دیسان ئەوە سان سیمۆنە کە پشت بە دوو بنەمای ئەخلاقی چەمکی دەسەڵاتداریی نوخبەکانی داهێناوە. هەڵبەت لەم بابەتەوە هەندێ بۆچوون لە بەرهەمەکانی ئەفلاتوون و بیرمەندانی بەر لە خۆیدا هەن، بەڵام سان سیمۆن بە جۆرێك یەکەم کەسە راشکاو دەڵێ بۆ کۆمەڵگا ئەوە گرنگە دەسەڵاتەکەی نەك دیموکراتێك بەڵکو بە دەستی هەندێ نوخبە بێ کە توانا و پێداویستیە تەکنۆلۆژیکەکانی کاتی خۆیان دەناسن و، مادام زۆربەی مرۆڤ ئەحمەقن و بەزۆری کۆیلەی هەست و هەواو و ئارەزوویانن، نوخبەکان دەبێ خۆیان بە جۆرێك بنەمای ئەخلاقی کاربکەن و خەڵکیش بە پێی جۆرێك ئەخلاقی دیکە و بنەمایەکی دیکە لێبخوڕن. لە دڵی ئەم روانگە گەشبین و دڵخۆشانەی سان سیمۆنەوە چەمکی دوولانەیی بنەما ئەخلاقییەکان هەڵدەقوڵێ کە لە یۆتۆپیا تۆقێنەرەکانی ئالدۆس هاکسلی یان جۆرج ئۆروێلدا دەیبینین.

لای سان سیمۆن ئەم میتۆدە «یەك بان و دوو هەوا»یە نەك هەر جێ مەترسی و نائەخلاقی نییە، بەڵکو تەنانەت تاقە کەرەسە و رێگەی پێشکەوتنی مرۆڤە بەرەو ئەو بەهەشتەی ئەو و بیرمەندانی سەدەی هەژدەهەم بۆ مرۆڤی وێنە دەکێشنەوە و مرۆڤیش گەر گوێ لە ئەم بگرن، بەدیداری شاد دەبن. سان سیمۆن رەخنەیەکی توند رەخنەی هەندێ چەمکی باوی نێو رۆشنبیرانی سەدەی هەژدەهەم دەکات، وەك چەمکی ئازادیی مەدەنی، مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی، بازاری ئازاد، گرنگایەتی تاك و ناسیۆنالیزم. هۆی دژایەتیشی لەگەڵ ئەم چەمکانە ئەوە بوو دەیدی ـ و یەکەم کەس بوو کە دەیدی ـ لە نێوان ئەم تیۆرەدا کە دەڵێ کەسانی ئاقڵ دەبێ کاروباری کومەڵگایان بە دەستەوە بێ و ئەم

بۆچوونەدا کە دەڵێ خەڵك خۆیان دەبێ حوکمی کاروباری خۆیان بە دەست بێ، ناتەبایی و نەسازی هەیە. بە رای ئەو، فەیلەسووفانی سەدەی هەژدەهەم چ کات بە ئاشکرا بەم شتەیان نەزانیوە. بە کورتی، ئەوان نەیانزانیوە ئەم دوو تیۆرە بە هیچ جۆرێك پێکەوە ناسازێن: ئەو بۆچوونەی لای وایە کۆمەڵگا دەبێ لە سەر دەستی تاقەمێك ژیر کە تەنیا ئەوان دەزانن دەبێ کۆمەڵگا دوای چی بکەوێت و رێگەی پەلکێشکردنی مرۆڤایەتی بەرەو ئەم مەبەستە کامەیە، لەگەڵ ئەم تیۆرەدا کە لای وایە حکوومەتی خەڵك بە سەر خۆیاندا، لە حکوومەتکردنی (ئەو گرووپە نوخبە) باشترە. بێگومان سان سیمۆن لایەنگری حکوومەتی باشە، بەڵام باشیش دەزانێ مەحاڵە بە«ئۆتۆنۆمی»)، یان حکوومەتی خەڵك بە سەر خۆیاندا، ئەم حکوومەتە باشە بێتەدی. ئەو یەکەم کەسە بەم خاڵەی زانیبێ و هەر بۆیەش هێرشی بۆ سەر ئەو بڕوا لیبڕاڵانەی لە سەدەی هەژدەهەمدا رێزیان دەگیرا و رێزیان لای سەدەی نۆزدە و بیستیش ماوە، زایەڵەیەکی مۆدێرن و جۆرێکی حەقیقی، رەسەنە. چما ئەو یەکەم کەسە ئاگاداری ئەنجامی لۆژیکێکی بارگاوییبونی بە رواڵەت ئاسایی وبێ گرفتی بڕوا بە رواڵەت روون و، کەچی رووکەشییەکانی، نێو بیری زانایانی گەورەی سەدەی هەژدەهەمی فەڕەنسا و ئەڵمانیاییە بە بڕوای دژی خۆیان.

لە دواییدا، سان سیمۆن یەکەم کەسە «ئایینی سێکۆلار[31]»ی داهێنابێ، واتە یەکەم کەسێکە زانیویەتی خەڵك ناتوانن تە نیا بە هێزی تەکنۆلۆژیکی رووت بڕین ودەبێ چارەیەك بۆ مانەوەی هەست و سۆز و هەڵچوون و غەریزە ئایینیەکانی مرۆڤ بدۆزرێتەوە. ئەو یەکەم کەسە کە نەك لە سەرەخۆ و هێدی، بەڵکو بە گوڕ و تینێکەوە کە بۆ خۆی ئاسایی بوو، بەدیلێکی بۆ ئایین داهێنا، واتە جۆرێك مەسیحییەتی «سێکۆلار» یان دونیایی و مرۆییکراوی داماڵڕاو لە

31- Secular religion



تیۆلۆژیا کە لە سەدەی نۆزدە و دوای ئەو سەدەشدا گەلێ نموونەی لێ دەرکەوت و شتێکە وەك «ئایینی مرۆڤایەتی» لای کانت، یان کۆی ئەو نیمچە ئایین و ئەخلاقیاتەی کە بۆیەکی ئایینیان پێوەیە و مرۆڤە ئاقڵەکان وەك بەدیلێك بۆ نووتەکستانی تیۆلۆژیك و دژەزانستی و دۆگماتیکی رابردوو، دەیاننرخاند. هەر ئەم شتە بەسە بۆ ئەوەی سان سیمۆن گەر بیرمەندی هەرە کاریگەری سەردەمی ئێمە نەبێ، لانیکەم یەکێك بێت لە کاریگەرترینیان. سان سیمۆن وەك ئەو کەسانەی دیکەی باسمان کردن، زیاتر هی سەدەی ئێمەیە تاکو سەدەی نۆزدەهەم و ئێستاش دەمەوێ ئەم تەیەم بسەلمێنم. با لە چەمکی مێژووگەریەوە دەست پێبکەم کە وەك باسمانکرد سان سیمۆن دەورێکی گرنگی لە داهێنانیدا هەیە.

ئەو پرسەی ببووە داڵغەی سان سیمۆن و هاوچەرخەکانی شکستی شۆڕشی فەڕەنسا بوو. سان سیمۆن **١٧٦٠** لە دایك بوو و **١٨٢٥** مرد. ئاماژەیەك بۆ ژیانی ئەو چۆنیەتی گیرسانی بۆچوونەکانمان زیاتر بۆ ئاشکرا دەکات. ئەو لە بنەماڵەی گەورەی سان سیمۆنەکانە و نزیکەی سەد ساڵ پێش لە دایکبوونی ئەو، هەر لەو بنەماڵەیە **دووك دۆ سان سیمۆن** کتێبێکی نووسیوە بە ناوی *بیرەوەری*.

سان سیمۆن شانازییەکی زۆر بەم شتەوە دەکات و تەنانەت رەچەڵەکی خۆی دەباتەوە سەر **شارلێمانی**. با لە خۆی ببیستین: «بیر و ئایدیالی تازەم پێیە و هەر بۆیەش دەنووسم. ئەم ئایدیانە چۆن بە مێشکمدا دێن رادەگەیەنم و لێکدانەوەی با بۆ نووسەرانی پسپۆڕ بێ. من وەك نەجیبزادەیەك دەست بۆ قەڵەم دەبەم، وەك نەوەیەکی کۆنتەکانی **وێرماندۆ** و میراتبەرێکی ئەدەبیی دووك سان سیمۆن. چی شتی گەورە کراوە و چی لە سەر شتێکی گرنگ وتراوە کار و قسەی نەجیبزادەکانە: کۆپێرنیك، گالیلێ، بیکێن، دیکارت، نیوتۆن و لایبنیتس نەجیبزادە بوون. ناپلیۆنش گەر تەماحی تاج و تەخت لێی گەڕایە، لە باتی

کردەوە، ئایدیاکانی خۆی لە نووسیندا ئاشکرا دەکرد». ئەمەش نموونەیەکی باشە بۆ شێوازی پڕلاف و گەزاف و هاژە و گیچەی سان سیمۆن، دەڵێن بە خزمەتکارانی خۆی سپاردبوو بەیانان بەم بانگە لە خەوی هەستێنن: «جەنابی کۆنت، وەخەبەر بێن، جەنابتان گەلێ کاری گرنگ و گەورەتان لە ئەستۆیە». بە گەنجی، سەوداسەر و خەیاڵاوی و بە کەف و کوڵ بوو. چووە ئەمریکا و چووە ئەمریکەن سرووسییەوە و لە تابلۆقەی **یۆریك تاوندا** کە فەرماندەکەی ژەنەڕاڵ واشەنگتۆن بوو، بەشداریی کرد. پاش جەنگی ئازادی چووە مەکسیك و مادام مێشکی بە چاککردنی کۆمەڵگا لە ڕێگەی پڕۆژەی گەورەی تەکنۆلۆژیکەوە خەریك بوو، هەوڵیدا حاکمی سپانیایی مەکسیك رازی بکات بۆ هەڵکەندنی کەناڵی پاناما کە بە رای ئەو گۆڕانێکی بنچینەیی کاروباری بازرگانیی دەریایی ناوچەکە دەگۆڕا. ئەو کات ئەم ئایدیا زۆر کاڵ بوو و کەس بەهەندی نەگرت. لەوێشەوە چووە هۆڵەندا و هەوڵیدا هوڵەندییەکان زاری بکات کولۆنیەکانی ئینگلیز داگیر بکەن. پاشان ڕۆشتە سپانیا و بە نیاز بوو پێملیان بکات کەناڵێك لە نێوان مادرید و دەریادا هەڵبکەنن. سان سیمۆن بیری لەوە دەکردەوە سروشت بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ کەوی بکات و لە هیچ شتێك چێ بکات. کەناڵێك بکاتەوە و چاوڕێ بکات ئاو، واتە سروشت، ئەو کارەی مرۆڤ بە زەحمەت و چەرمەسەری و خەرجی زۆر دەیکات، راپەڕێنێ و بیکات. پڕۆژەکانی هیچیان بەڕێوە نەچوون و هەڵکەندنی کەناڵی مادرید کە نزیکی دەسپێکردنی بوو، بە هۆی شۆڕشی فەڕەنسا دوا کەوت.

ئەو کات سان سیمۆن هۆگرێکی بە کوڵی ڕێفورمیستەکان بوو. ئەو قوتابیی دالامبێری نووسەر، بیرکار و بڵاوکەرەوەی ئینسکلۆپیدا بوو، هەندێ لە نووسەرانی ئینسکلۆپیدیای کۆتایی سەدەی هەژدەی دەناسی و ئەو کات بە نیار بوو کۆڕی ڕۆشنبیران بە ئامادەیی خۆی، لە نوقسانی بخات و هەر بۆیەش



پێویست بوو واز لە ناسناوی کۆنت بێنێ و ئەوە بوو ناوی خۆی نا «ئاغایەکی ئاسایی» و بە درێژایی شۆڕش لە ڕیزی شۆڕشگێڕان واتە «ژیرۆندێن»ەکاندا بوو و کە شۆڕشیش گۆڕا بۆ تیرۆر و ترس، بە تۆمەتی ئەشراف زادەیی، حوکمی گیرانی درا و کەچی کەسێکی دیکە لە جێگەی گیرا، بەڵام کە سان سیمۆن بەمەی زانی خێرا، وەك لە ئەخلاق و خووی ئەو چاوەڕێ دەکرا، خۆی بە دەستەوەدا، بەڵام جۆرێکی سەیر کە زیاتر بە موعجیزە دەچوو لە تیرۆر رزگاری بوو و پاش رزگاری بەکەف و کوڵەوە خۆی دایە دەست ڕەوتی ژیان.

گریمانی هەرە گەورەی ئەو کاتی، چاککردنەوەی مرۆڤایەتی بوو. بە رای ئەو، کاتێ بیری تیژ و وردی کەسانی هەرە شارەزا و تا دوایی زانا و زیرەك و خاوەن قوڵبینی و هۆشی گەش بۆ (دۆزینەوەی) حەقیقەت، سووك و سانا دەخرێنە بەردەم گیۆتین، دیارە شتێك ناتەواو و هەڵەیە، بەڵام چاککردنەوەی مرۆڤ پێویستی بەوەیە ئاگاداری کۆی زانست و هونەرەکان بیت، فێریان بیت، بیانخوێنی و تەنانەت ئەزموونیشیان بکەی و لە چییەتی راستەقینەی فەزیلەت و خوێڕیەتی تێبگەی؛ ئەم تێگەشتنەش گەلێ ئەزموونی بەربڵاو و جۆراوجۆری دەوێ و چێشتنی هەموو شتێکی جیهان. واتە دەبێ بۆی بژیت. ئەم ژیانەش (بە مانا بەرفراوانەکەی) پارەی تێ دەچێ، بەڵام شۆڕش ماڵ و سامانی سان سیمۆنی داگیرکردبوو و هەر بۆیەش دەستی دایە سفتەبازی و کڕین و فرۆشتنی سامانی نەجیبزادەکان و پارەیەکی باشی پێکەوە نا، بەڵام هاوکارە ئەڵمانییەکەی، بارۆن ڕێدێرن، خەڵەتاندی و دیسان، وەك سەرەتای شۆڕش هەژار کەوتەوە.

بەڵام لەم ماوەدا گەلێ ئەزموونی کۆکردەوە. شەو داوەتی گەورەی دروست دەکرد و سەرنجڕاکێشترین کەسانی خولی خۆی ـ بە رای خۆی ـ بانگ دەکرد: فیزیكزان، شیمیزان و فیزیۆلۆژیست و بیرکار و، هیوادار بوو فێڵ و کودێ کارەکەیان فێر بێ. ئەگەرچی خۆی لای دالامبێر هەندێ فێری بیرکاری ببوو،

بەڵام دواتر گلەیی لێکردن و وتی ئەوان نمەك بە حەرامییان کردووە و باسی هەموو شتێکیان کردووە جگە ئەو زانستانەی حەزی دەکرد فێریان بێ. وێڕای ئەمەش، کەم و پچڕپچڕ و لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەرهەم و هەروەها ئامادەبوونییەوە لای مامۆستای جۆراوجۆر، گەلێ زانیاریی دەسکەوت و بووە مامۆستایەکی مەکتەب نەچوو کە لە مێشکیدا داهێنان و خەیاڵ بە جۆرێك تێکەڵببوون کە لە نووسینەکانیدا بیری هەرە قووڵ و گەش و قسەی تادوایی بێ مانا یەك لە دوای یەك ریزکراون.

بۆ نموونە لە نامیلکەیەکیدا، سەرەتا باس باسی ئازادیی دەریاکانە و چەندین گریمانەی لە سەر دەڵێ، کەچی بێ ئەوەی بزانی چی قەوماوە، لە پڕ دەبینی باس باسی هێزی راکێشانی زەویە، ئەویش نەك ئەو راکێشانەی نیوتۆن مەبەستییەتی، بەڵکو هێزی راکیشانێکی عیرفانی کە کار لە پانتای فیزیکی و فیکری دەکات. یان بە خەیاڵی خۆت خەریکی شتێك لە سەر رووداو و راستییەکانی سەدەکانی نێوەڕاست دەخوێنیتەوە و کەچی باسەکە دەگۆڕێ بۆ ئەوەی کە مرۆڤایەتی هەمووی یەك مرۆڤی یەکەیە ـ ئەو ئایدیای لە نووسینەکانی پاسکاڵیشدا هەیە ـ پاشان باسی ئەوە دەکرێ رادەی نێوەنجیی تەمەنی مرۆڤی هەنووکەیی نزیکی چل ساڵە، واتە لە نێوان سێ و پێنج و چل و پێنجدا و، لە لایەکی دیکەوە باسی ئەوە دەکرێ کە نێوەنجی تەمەنی فەڕەنسیەکان بیست و یەك ساڵە. لاپەڕەکانی دواتر، هەندێ شتی سەرنجڕاکێش لە سەر پێشکەوتنی مرۆڤ لە چاخی کەونارا و سەدەکانی نێوەڕاستی مەسیحیدا دەبینی و لە پڕ ئاگات لێیە پێت دەڵێ ئەوە هوومێر بوو کە ڕێبازی فرەخوایی و هاوکات دیموکراسیشی داهێنا، چونکو ئۆلەمێ بە دیموکراسی دەگەڕا و لەوێشەوە هاتووە بۆ زەمین، بەڵام با واز لە لایەنی گاڵتەجاڕیی کارەکانی بێنین. گریمانەکەی ئەو لە سەر هۆکانی شکستی شۆڕشی فەڕەنسا ڕەنگە تواناترین



گریمانی کاتی خۆی بێت. هەر کەسە و بە پێی بۆچوونی خۆی هۆکانی شکستی ئەو شۆڕشە و ئەو کارەساتەی شیکردبۆوە.

بە رای لیبراڵەکان هۆی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکە «تیرۆر» بوو، یان بە وتەیەکی دیکە، هۆی شکستەکە ئەوە بوو شۆڕشگێڕان ئەوەندەی پێویست بوو لیبراڵ نەبوون و ئەوەندەش کە دەبوا ڕێزی مافی مرۆڤیان نەدەگرت. پارێزکار، ئایینخواز و ئۆرتۆدۆکسەکان دەیانگوت هۆی شکانەکە ئەوە بوو خەڵك لە سوننەت یان کەلامی خودا دابڕان و ئەو کەسانەش کە رۆحی خواوەند بۆ لایان دەنێردرا، ئەقڵی مرۆیی رووت و تەنیای خۆیان، لە ئیمان بە خودا پێ چاکتر بوو. سۆسیالیستی دەمارگرژی وەك بابۆف دەیانگوت هۆی شکستەکە ئەوە بووە شۆڕش لە بواری دابەشکردنی یەکسانی مڵك بە سەر کەساندا ئەوەندەی پێویست بێ هەنگاوی هەڵنەگرتووە و بە کورتی، ئەگەرچی ئازادیی دامەزرابوو، بەڵام ئەم ئازادیە بە بێ یەکسانیی ئابووری، بێ مانا بوو. گەلێ باسی دیکەش لەم بوارەدا هەیە و لەم ناوەشدا شیکردنەوەی سان سیمۆن لە شیکردنەوەی هێگل دەچێ، بەو جیاوازییەوە کە شیکردنەوەی سان سیمۆن واقیعی، هەستپێکراو، دیار و لە دۆخی خەڵك و مێژوو نزیکترە، بە پێچەوانەی بیری میتافیزیکی رەوکەر، وەك «سێبەرەکانی کەنێسەیەکی گووتیکی گەورە»، واتە ئەو ئایدیای کە بەردەوام لە خەیاڵی هێگلدا بوو.

سان سیمۆن هۆی شکستەکە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵك لە قسەکانی ئەو تێنەگەشتوون و، لە یەکەم نووسینەکانی خۆیدا دێتە سەر ئەوەی کە مێژوو چییە. وەك وتمان، سان سیمۆن باوکی شیکردنەوەی نیمچە ماتریالیستی مێژووە و لای ئەو مێژوو چیرۆکی ئەو مرۆڤە زیندوانەیە کە تەقەللایانە هێزی مێشك و بەهرەی فیکری خۆیان تا دوایی دەوڵەمەند و فرە رەهەند بکەنەوە و، بۆ ئەم کارەش کەڵك لە سروشت وەردەگرن، بەڵام ئەم کەڵك وەرگرتنەش کەرەستە و

پێداویستییان دەوێ، هەر بۆیەش خەیاڵ و تازەکاری و داهێنان و هەموو ئەو شتانەی بۆ بیرکردنەوە و بەدیهێنانی داواکانیان هەیانە، بۆ دۆزینەوە و داهێنانی ئەو کەرەستانەی کە بۆ کەویکردنی سروشت و تێرکردنی ئارەزووەکانیان ـ کە لای سان سیمۆن ناوی «بەرژەوەندی»یە ـ دەکەوێتە کار. داهێنانی چەك و کەرەستە خۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیکی لێدەکەوێتەوە و پێشکەوتنی تەکنۆلۆیکیش چینەکان، واتە ئەوانی ئەم چەك و کەرەستانەیان بە دەستە بە سەر بیبەشاندا زاڵ دەبن. کارل مارکس ئەم ئایدیا زۆر ساکار و بنچینەییەی لە سان سیمۆن وەرگرتووە و ئەگەریش بە تەواوی لە سان سیمۆنی نەگرتبێ، لانیکەم، بێگومان زیاد لە کەسانیتر، بە سان سیمۆن قەرزدارە.

کاتێ ئەنجوومەنی چینایەتی ئەو کەسانەی کە شیاوێتی و بەهرەیان زیاترە، پێك دێت و کەرەسەی بەرهەمهێنان و کەڵکوەرگرتنی زیاتر لە سروشت دادێنێ، ژێر دەسەڵاتەکانیان بەرەبەرە نارەزا دەبن، رادەپەڕن و بیر لەوە دەکەنەوە خەیاڵ و ئەقڵیان بخەنەکار و شتێك دابهێنن کە نەك هەر کەڵکی زیاتر بێ بەڵکو نوخبەکانیش لەو دەسەڵاتە بخات؛ لە لایەکی دیکەوە نوخبەش وەك هاوریزەکانیان، لە کار دەکەون، کۆن و بێهۆدە دەبنەوە، بیریان دەوەستێ و نازانن ئێستا ئەوە چینی ژێرەوەیەکە دادەهێنێ و لە بەر ئەوەی ئەو چەکی بەرهەمهێنانە ـ ئەگەر ئەم زاراوە هەڵە نەبێ ـ کە هەیانە و ئەو شێوە ژیانە ئابوورییەی ئەمان دەڕین، ناتوانێ لەگەڵ ئەو چەکە تازانە و ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژیکەی کۆیلەی راپەڕیو و ناڕازی و کەچی چالاك و پڕخەیاڵ و هێزخواز خەریکی داهێنانین، ململانێ بکات، ئەوا ئەو نوخبە لە سەر دەستی چینەکانی خوار خۆی تێدا دەبرێ و هە ر ئەم چینە خواروەش کە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت هەمان حاڵی بە سەردادێت و چەوساوەکانی دوێنێ ئەم چینە تازە کۆن دەکات و بە گێل و دواکەوتووی لە قەڵەم دەدات. ئەو تیۆرە، لە لایەنێکەوە لە تیۆری مارکسیستیی ماتریالیزمی مێژوویی دەچێ.



بەڵام وتەکانی مارکس لە سان سیمۆن جیاوازە. سان سیمۆن نالێ هەموو ئایدیایەك بە دۆخی دابەشکردن و بەرهەمهێنان، واتە هۆکاری ئابوورییەوە بەسراوە. سان سیمۆن لای وانییە ئایدیاکان تەنیا ئەو کاتە دەردەکەون کە بەرژەوەندییەکی تایبەت تێر بکەن. ئەگەر وابێ، خەڵك تەنیا لە ژێر کاریگەریی دۆخی گشتی رۆژگاری خۆیاندا کەشف و داهێنان دەکەن و بیریان نوێ دەکەنەوە یان بیرکاری پەرەدەدەن، یان شیعر دەهۆننەوە و هتد؛ ئەویش تەنیا ئەو کاتەی ئەم شتانە ئارەزوو و پێداویستییەکی گرژ و توند تێر بکەن کە تارادەیەك گرێدراوی ژینگەی ئابووری و دۆخی ژیانی خەڵکە. (بە پێچەوانە) سان سیمۆن لای وایە کاریگەریی ئایدیاکان زور لەوە زیاترە کە مارکسیستەکان پێی قایلن و، بەم پێیەش داهێنانەکان و بە تایبەت چینە کۆمەڵایەتییەکان، چەندە زادەی گۆڕانە تەکنۆلۆژیکەکانن، ئەوەندەش بەر و بەرهەمی بیر و ئایدیاکانن.

بۆ نموونە، سان سیمۆن لای وایە کۆیلەداری ئایدیای ئەو خولەی مێژووە کە خەڵك لایان وابوو ئەگەر کۆیلەکان کاریان بۆ بکەن، زیاتر دەحەسێنەوە، لە کاتێکدا هۆی مەنعی کویلەداریش بە پێچەوانەی رای مارکسیەکان زەخت و گوشاری دۆخی ئابووری و بێ کەڵکیی کۆیلەکان نەبووە، بەڵکو بەر و بەرهەمی پێشکەوتن و پەرەی مەسیحییەتە. راستە رەنگە مەسیحیەت پێوەندیی بە دۆخی ئابووری سەردەمی خۆیەوە بووبێ، بەڵام بێگومان ئەوە لایەنی ئایینی، ئەخلاقی و مینۆکیی ئایدیا مەسیحییەکان بوو کە کۆیلەداریی هەڵوەشاندەوە و، ئەویش لە سەردەمێکدا کە بێ ئەو ئایدیایانە کۆیلەداری هەڵنەدەوەشایەوە. هەر بەم پێیەش، سان سیمۆن جەخت لە سەر دەوری مێژوو دەکاتەوە و دەڵێ گەرکەسانی نابغە و هەڵکەوتە نەبن و هەل و توانای کارکردنیان بۆ نەڕەخسێ، بە کورتی ئەگەر بیری گەورە و مەزنی ئەو پیاوە گەورانە نەبێ کە پێویستییەکانی سەردەمی خۆیان دەناسن و قووڵ و ورد و تواناتر لێیان

گەشتوون، ئەوا هەموو پێشکەوتنێك دەوەستێ، چونکو پێشکەوتن شتێکی خۆبەخۆ نییە و بە هیچ جۆرێك بە ئەنجامە ناچاریەکانی ململانێی چینایەتی یان پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیکەوە نەبەستراوە.

بە پێی ئەم خاڵانەی سەرەوە، سان سیمۆن دەگاتە ئەم دیسیپلینەی کە مێژوو جۆرێك گۆڕانی مرۆڤایەتییە بەرەو تێرکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکان و هەر بۆیەش پێداویستیی جۆراجۆر، تێرکردن و وەڵامدانەوەی جیاوازیشی دەوێ. کەوابوو، ئەو حوکمە دۆگماتیکانەی کە دەڵێن سەدەکانی نێوەڕاست یان پێش ئەوان تاریکی و جەهل و خورافە و پێشداوەری و بەتاڵن و بەراورد بە سەرهەڵدانی هەتاوی ئەقڵخوازیی سەدەی هەژدە قێزەون و سووکن، تا دوایی نامێژوویی و نەسەلمێندراون. هەموو شتێك دەبێ لە ناوکۆیی و دۆخی خۆیدا هەڵبسەنگیندرێ. ئەم بۆچوونە ئەوڕۆکە زۆر ئاسایی و ناسراو دیارە، بەڵام بۆ خەڵکی سەرەتای سەدەی نۆزدە زۆریش ناسراو نەبووە. سان سیمۆن زیاد لە هێردێر پەرەی بەم ئایدیایە داوە کە هەموو شتێك دەبێ لە ناوکۆیی و هەل و مەرجی خۆیدا لێکبدرێتەوە؛ لەم بوارەدا روون و راشکاو رادەگەیەنێ: لە سەدەکانی نێوەڕاستدا، کە ئێمە سەدە تاریکەکانی پێ دەڵێین، پێداویستییەکانی مرۆڤ ئێجگار لە پێداویستییەکانی مرۆڤی ئەوڕۆکە جیاواز بووە و پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی پێشکەوتوویی و کۆنەپەرەستی، توانا و ناتوانیی و گەورەیی و بچووکی هەموو سەدەیەك، دەبێ ئەوە بێ ئەو سەدە چەندە پێداویستییەکانی خەڵکی سەردەمی خۆی تێر کردووە، نەك پێداویستی سەدەکانی دوای خۆی. سان سیمۆن دەڵێ: ئەوڕۆکە باسی پێشکەوتن بۆتە بنێشتە خۆشەی هەموو لایەك، بەڵام نازانین پێشکەوتن مانای چییە؟ ئەو پێشکەوتنە حەتمی و ناچارییەی کە بە پێی ئەو سەدەی هەژدە لە هەڤدە چاکترە، هەڤدە لە شانزە، شانزە لە سەدەکانی پێش خۆی، کامەیە؟ دەڵێن هەژدە لە هەڤدە چاکترە و



هەڤدە لە ئەوانیتر چاکترە و ... چونکو مرۆڤ زیاتر ئاگاداری سروشتن و ئەقڵی خۆیان بە کاردێنن و، بۆ ئاسوودەیی گشتی کاری زیاتر کراوە.

بەڵام سان سیمۆن دەڵێ: هەموو ئەمانە لێڵە، چونکو نازانین مەبەست لە ئەقڵ چییە و سروشت مانای چییە. سان سیمۆن خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و هەندێ پێوەر بۆ دیاریکردنی پێشکەوتن بەدەستەوە دەدات کە بە رای خۆی هەستپێکراوترن و دەتوانین بۆ نووسینەوەی مێژووی راست کاریان پێ بکەین. پێوەرەکانی سان سیمۆن کە زۆریش جێگەی سەرنجن بەمجۆرەن:

پێوەری یەکەم: کۆمەڵگای پێشکەوتوو ئەو کۆمەڵگایە زیاترین کەرەسە بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی زیاترین بڕی ئەندامانی خۆی دابین دەکات. چی یارمەتی تێرکردنی بڕێکی زیاتری پێداویستییەکان بدات، پێشکەوتووانەیە. ئەمە ئایدیای هەرە ناوەندیی سان سیمۆنە لە هەر چوار پێوەرەکەدا. مرۆڤ هەندێ پێداویستییان هەیە، کە مەرج نییە داوای بەختەوەریی، حیکمەت، ئەقڵ و ژیریی، زانایی یان خۆبەختکاریی بێت. ئەم پێداویستیانەش دەبێ بە بێ پرسیار لە هۆکەیان تێر بکرێن و هەر شتێك کە ئەم پێداویستیانە زیاتر بخەملێنێ و لایەنە جۆراوجۆرەکانیان پەرە بدات و یارمەتی خەڵکان بدات کەسایەتیان لە لایە نی جۆراوجۆردا گەشە بکات، پێشکەوتوانەیە.

پێوەری دووهەم: چی هەلی سەرکەوتن بۆ باشترین کەسان بڕەخسێنێ پێشکەوتوانەیە، ئەم کەسانە، ئەوانەن کە بەهرەیان زیاتر، خەیاڵیان بەهێزتر، زیرەکتر، قووڵبینتر، بە برست و چالاکترن و، دەیانەوێ هەموو چێژەکانی ژیان بچێژن. لای سان سیمۆن خەڵك چەند دەستەن: دەستەیەك ژیان جوان و باشتر دەکەن و، دەستەیەك دژی ئەمانەن؛ دەستەیەك دەیانەوێ کاروبار بڕوات و دامەزرێ و خەڵك سوودیان پێ بگات، کارێك بکرێ و پێداویستییەکان تێر و، ئەوانەی دیکە دەیانەوێ دەنگ و هەرا نەهێڵن و دۆخ ئارام بکەن و لێیگەڕێن

بشێوێ، ئەوانەی دژی هەموو هەوڵ و تەقەللا و جووڵەیەکن و بە گشتی حەز دەکەن کاروبار تێك بچێ و لە دواییدا هەموو شتێك بوەستێ و رووخانێکی گەورە رووبدات.

سێهەم پێوەر: دامەزراندنی ئەو پەڕی یەکگرتوویی و دەسەڵاتە بۆ بەرەنگاربوونەوەی راپەڕین یان هێرشی دەرەوە؛ چوارەم پێوەریش هاندان و جۆشدانی خەڵکە بۆ دۆزینەوە و داهێنان و ژیار، بۆ نموونە، کاتی حەسانەوە و ئاسوودەیی دەبێتە هۆی داهێنان و دۆزینەوە و هەر بۆیەش کۆیلەداری کاتی خۆی بە دامەزراوەیەکی پێشکەوتوانە دانراوە، وەك داهێنانی رێنووس و شتی دیکە. سان سیمۆن دەڵێ: ئەمانە هەندێ پێوەری هەست پێکراو و روونن و گەر مێژوو بەم پێوەرانە هەڵسەنگێندرێ، وێنەی مێژوو، وێنەیەکی بە تەواوی جودایە لەو وێنە جەزمیەی رۆشنگەرەکانی سەدەی هەژدە لە مێژوو دەیکێشنەوە. گەر بیرمان بێت، بۆ نموونە **پایٚ گریگوریی حەوتەم یان سەن لوویی** کاتی خۆیان کاری چۆنیان کردووە، ئەوسا چیدی سەدەکانی نێوەڕاست وەك سەدەی تاریکی و جەهل نابینین. ئەوەی روونە، ئەم کەسانە رێگەیان کردۆتەوە، خمخۆرکیان وشکاندووە، نەخۆشخانەیان چێکردووە، بڕێکی زۆری خەڵکیان فێری خوێندن کردووە و گرنگتر لە هەموو ئەمانەش یەکیەتی ئەورووپایان پاراستووە. بەریان بە هێرشبەران گرتووە، شەست ملیۆن خەڵکیان فێری ژیار کردووە و بەمجۆرە شەست ملیۆن کەس جۆرێکی یەکیەتیدەر و کەم تازۆر لە ژێر رژێمێکی یەکەدا، ژیاون و توانیویانە پێوەندییەکی بەربڵاوی بە دەستوور یان رێك و پێکیان پێکەوە هەبێ.

ئەمە دۆخی خولێکی تاریك و جاهیلانە نییە. بۆ ئەوانەی ئەو خولە ژیاون ئاژاوە و بشێوی زۆر کەمتر بووە لە خولی دوای خۆیان. ئەو دۆخە پێشکەوتوانەیە کە تێیدا بڕێکی زیاتر خەڵك بتوانن لە یەك کاتدا زیاترین بڕی



ئەو کارانە بکەن کە حەز دەکەن و دەتوانن، بیکەن. کەوابوو، ئەو خولەی پێی دەڵێن تاریکی خولێك بووە کە بە لە بەر چاوگرتنی دۆخی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیکی ئەو خولە، مرۆڤ گەشتبووە دەوڵەمەندترین بڕێکی پەرەسەندن کە دەیتوانی. هەڵبەت ئەمانەش تێپەڕن، هەموو دامەزراوەیەك کۆن و پەککەوتە دەبێ، چونکو کاتی بەسەر دەچێ و بێکەڵك دەکەوێ. شتی تازە دادێت، دۆزینەوەی تازە دەدۆزرێتەوە، هەڵکەوتەی تازە دەردەکەون کە خۆبەخۆ یان بە راڤەنینی مێشکی خەڵکان، پێداویستیی تازە دەردەخەن. پێداویستییەك کە دامەزراوە کۆنەکان دەرەقەتی وەڵامدانەوەیان نایەن، بەڵام هێشتا هەر دەڕین و دژی ئەم پێداویستییە تازانە دەبنەوە و هەوڵ بۆ سەرکوت یان سەقەتکردنیان دەدەن.

ئەم دامەزراوە کۆنانە هێند بەر بە پێشکەوتن دەگرن و هێند کۆن دەکەون کە ئەنجام کەسێك رادەبێ و تەفر و توونایان دەکات. ئەمە شۆڕشە، شۆڕش هەمیشە مانای ئەمە بووە کە کەس یان کەسانێك راپەڕن و ئەو شتەی کۆن و ئەنتیکە بووە و کەچی هێشتا واز ناهێنێ و مل بەمردن نادات، تووڕ دەدەن. کەوابوو بۆ سان سیمۆن مێژوو جۆرێك بەردەوامیی ریتم و میلۆدییەکە لای لایەنگرنی ناوی خولی ئۆرگانیك و خولی قەیرانە. ئۆرگانیك مانای ئەو خولانەی تێیاندا مرۆڤایەتی یەکگرتووە، هارمۆنیك و بە دەستوور پەرە دەستێنێ، بەرپرسانی کاروبار رێگەی پێشکەوتن و پەرە خۆشدەکەن و لێرەوە پێشکەوتن دروست دەبێ، پێشکەوتن مانای دابینکردنی زیاترین رادەی ئەگەر و دەرفەت بۆ وەڵامدانەوەی داوای بڕی زیاتری خەڵك ـ جا ئەم داوا و پێداویستیانە هەرچی بن.

خولی قەیران ئەو کاتانەیە تێیاندا دەستووری کۆن پەکی دەکەوێ، ئەو کاتەیە دامەزراوەکان خۆیان دەبنە لەمپەری پێشکەوتن و مرۆڤ هەست دەکەن ئەو شتەی هەیانە جیاوازە لەوشتەی دیانەوێ، ئەوکاتەیە کە رۆح و ورەیەکی

تازە سەرهەڵدەدات و بەو ورەیە خەڵك دەست دەدەنە شکاندن و رووخاندنی ئەو ژینگەی کە هێشتا زیندانین، بۆ نموونە سان سیمۆن لای وابوو خۆی لە سەردەمێکی پیشەسازیدا دەژی کە جۆرێکی ساختە و گاڵتەجاری بەند و زیندانی چوارچێوەکۆنەکانی سیستەمی فیۆدالییە. لە سەردەمی قەیراندا رووخاندن لە ئاواکردن لە پێشە و، بەرای سان سیمۆن خولێکە نزم و سووك و کەچی پێویست. بۆ نموونە سەبارەت بە هۆکانی شۆڕشی فەڕەنسا و سەدەی هەژدەهەم دەڵێ ئەوە پارێزەرانی دادگا و میتافیزیسییەنەکان بوون ئەو شۆڕشەیان هەڵگیرساند و ئەم کەسانە لە بنەڕەتدا رووخێنەرن. مەگەر پارێزەران چی دەکەن؟ پارێزەران هەردەم هەندێ چەمکی وەك مافە رەهاکان، مافی سروشتی و ئازادی دەڵێنەوە و هەمیشە ئازادی (لایان) شتێکی نەرێنییە. کە باسی ئازادی دەکرێ تەعبیرە لەوەی کەسێك دەیەوێ شتێکت لێ بستێنێ و تۆش هەوڵ دەدەی هۆ و بەڵگەیەك بۆ پاراستنی ئەو شتە بدۆزیتەوە. واتە دۆخێك دروست دەبێ تێیدا مرۆڤایەتی یان زۆرینەی مرۆڤایەتی داهاتی ئەوەندە نییە بەشی ژیانی بکات و پێیوایە لە هەموو لایەکەوە ئابلۆقە دراوە و هەست بە بێزران دەکات. هەر بۆیەش هەندێ پسپۆڕ کە ناویان پارێزەرە، کە ناویان میتافیزیسیەنە، بانگ دەکرێن تاکو ئەو کارەی خۆت پێت ناکرێت بۆتی بکەن، واتە شتێك لە چنگی چینی زاڵ بچڕن کە خۆت ناتوانی بە توندوتیژیی رووت، ناچاریان بکەی پێتی بدەن.

کەواتە پارێزەران هەندێ کەسن بانگ دەکرێن تاکو بەڵگەی باش یان خراپ بۆ زاڵبوون بە سەر دەزگای لە کارکەوتووی ئیداریی حکوومەتیدا دابنێن و ئەو نەریتە کۆنە چاك بکەن کە خەڵکی ئابلۆقە و مت کردووە. میتافیزیسییەنیش هەندێ کەسن کە بە تایبەت لە سەدەی هەژدەهەمدا ئەرکی لە کارخستن و لێدانی رەگی ئایینە کۆنەکانیان لە ئەستۆیە. سان سیمۆن دەڵێ: مەسیحییەت



کاتی خۆی شتێکی گەورە بوو؛ هەرچۆن یەهوودییەت کاتی خۆی گەورە بوو، بەڵام مەسیحییەت دەبێ پەرەبستێنێ و گەشە بکات و پێش بچێ. ئەگەر بوەستێ، دەتەقێتەوە، دەڕووخێ. هەر بۆیەش سان سیمۆن زیاد لە هەموو چاکسازێکی گەورەی ئایینی، زیاترین رقی لە لووتێرە. بە رای ئەو لووتێر زیاد لەوەی دەبێ و دەشێ سێحر و شەیدای ئیمانی تایبەتی خۆیەتی، ئەو ئیمانەی کە بێگومان بۆ رووخاندنی ئایینزای کاتۆلیك کە بە رای ئەو بە جۆرێك هێزێکی کۆنکەوتەیە و کاتی لووتێر ستەمکاریشی دەکرد، پێویست بووە. هەر لە بەر ئەمەش بوو کە لووتێر زوەد و پارسایی لە جێگەی **کتێبی پیرۆز** دانا. بێگومان **کتێبی پیرۆز** زۆر بو ئەو نیمچە خێڵە بیابانییەی کە لە خاکێکی بچووکی رۆژهەڵاتی مەدیتەرانەدا دەژیا زۆر بە کەڵك بووە، بەڵام ئەم کتێبە ناتوانێ لەگەڵ پەرەسەندن و گەورەبوونەوەی نەتەوە نوێکان بێتەوە، چونکو ئەم نەتەوە تازانە داوای گۆڕان و وەرچەرخانی بەردەوام و پێشکەوتنێکی هەمیشەیی دەکەن.

کەنێسەی رۆم، چی شتی لە سەر بڵێن، هێشتا بە ئاشکرا شتێك لە نەرمی و بگۆڕیی تێدایە. بێگومان ئەم کەنێسە لە هەندێ لایەنەوە کۆنپەرستە و لە هەندێ لاینیشەوە جەببار و ستەمکار، بەڵام ئەم کەنێسە توانیویەتی پشت بە هەندێ قەڵباندنی مافناسانەی بێ سنوور و، بانگی ئەوەی کە تاقە سەرچاوەی شەرعییەت و دەسەڵات نەك دەقێکی چاپکراو بەڵکو دامەزراوەییەکی مرۆیی و بگۆڕە کە لە بەرەی مرۆیی جیاواز کە هەر یەکیان تەنیا نەختێك لە بەرەکەی پێش خۆی جیاوازە پێکهاتووە، توانیویەتی هێند خۆی بگۆڕێ و نەرم بکاتەوە کە لە سەدەکانی نێوەڕاستدا سەرکەوتوانە مرۆڤایەتی بەڕێوە ببات. ئەمە ئەو دۆخەیە لووتێر کۆتایی پێ هێنا. لووتێر یەکیەتی ئەورووپای تێکدا و ئایینی لەگەڵ شتێکی نەگۆڕ، هەندێ بنەما کە بە رای خۆی تایبەت و رەهایە، گرێدا.

ئەگەر سان سیمۆن رقی لە شتێك بێت، ئەوا ئەو شتە هەر ئەم بنەما رەهایانەیە. سان سیمۆن دەڵێ هیچ شتێك نەگۆڕ و هەمیشەیی نییە، هیچ رەهایەك لە کاردا نییە، هەموو شتێك گۆڕانی بە سەردا دێت. هەموو شتێك کاریگەری لە کات، وەرچەرخانی مرۆڤ، داهێنراوی تازە، دۆزینەوەی نوێ، مێشك و رۆح و دڵی تازە، کە بەرەبەرە دروست دەبن، وەردەگرێ.

هەر بۆیەش سان سیمۆن پڕ و پتەو دژی پروتستان و هاوڕای کاتۆلیکە، بەڵام بابێینە سەر باسی شۆڕشی فەڕەنسا. ئەم شۆڕشە چۆن بوو؟ شۆڕشێك بوو لە کۆتایی خولێکی درێژماوەی خۆ ئامادەکردندا روویدا. پەرەسەندنی پیشەسازیی و بازرگانی و وەرچەرخانی ئابووریی توندوتیژ و ئاژاوەساز، هەر لە هەمان سەرەتاکانی سەدەی هەڤدەوە دەستی پێکردبوو، بەڵام هەندێ کەس کە کاروباری و حوکمی مرۆڤایەتیان بە دەست بوو، خۆیان لەم گۆڕانکاریانە نەبان کرد، هەر بۆیەش ئیدارەکردنی خراپی کاروبار لە لایەن هەندێ کاربەدەستەوە کە هێشتا نەریتەکان دەژیان و نەیاندەزانی سەردەمێکی پیشەسازیی نوێ خەریکی سەرهەڵدانە و لەوە بێ ئاگابوون کە چینە مامناوەندییە تازەکان ئێستا دەسەڵاتی راستەقینەیان بە دەستە (بڕشت و پاراویی زمانی سان سیمۆن ئەو کاتە ئاشکراو تا تەشق دەکشێ کە باسی دەسەڵاتی راستەقینە و ئەو خەڵکە دەکات کە ئەو دەسەڵاتەیان بە دەستە) دەوڵەتی فەڕەنسا وەك دەوڵەتانی دیکە، خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانە نەگونجاند و خۆی لەگەڵ دۆخ رێکنەخست. دوابەدوای ئەمەش، کاتێ داوای یارمەتی لە دەوڵەت کرد، خەرێنەکەی هەڵشکابوو. چینی بۆرژوا کە ئەو کات هێزی راستەقینەی بە دەست بوو، بێ ئەوەی کاری بۆ ئەو شتە کردبێ، لە پڕ بە خۆیدا هاتەوە و بینی پێویستی بەوە نییە لەگەڵ حکوومەت رێکبکەوێ، چونکو دەسەڵاتی بە دەستە و تەنیا ئەوەی ماوە ئەم هێزە بەکردە بکات. مادام شتێك بە دەستەوەیە، بۆ مامەڵەی لە سەر



بکەی؟ مادام دەتوانێ زۆر بە کاربێنی، بۆ هەوڵ بۆ رازیکردنی بەرامبەرەکەت بدەی؟ لە بنەڕەتدا ئەم جۆرە بیرکردنەوانە زەمینەی بۆ جۆرێك شۆڕشی کومەڵایەتی و چینایەتی خۆشکرد.

بە کورتی، لای سان سیمۆن شۆڕش یەکسانە بە هەڵکشانی چینی مامناوەندی بۆ قۆناغی وشیاریی چینایەتی، وشیار بوونەوە لە دەسەڵاتی راستەقینەی خۆی و لەم راستییەی کە دەتوانێ لە رێگەی لابردنی چەند رێسایەکی سادە و گرنگینەدان بە هەندێ چینی سواوی پێشووی وەك ئاییینوان، ئەشراف و سەربازیگەران کە باری سەر چینی مامناوەندی بوون و زەختیان خستبووە سەریان، لە جیهانی نوێدا هیچ بۆنەیەك بۆ مانەوەیان نەمابوو، داواکانی خۆیان بەدیبێنن، بەڵام ئەی پارێزەرەکان، ئەوان چییان کردبوو؟ ئەمان بورهان و بۆنە و دروشمیان دەدایە دەستی بۆرژوازیی تازە، بەڵام هەموو درووشمێك زوو کۆن دەرکەوت و دروشمی وەك «هەموو دەسەڵات بە دەستی خەڵکەوە»، «ئازادیی مرۆڤایەتی» و هتد بە قەد دروشمی کۆنەخوازان کە بۆرژوازیی دژیان بوو، بۆش و بە تاڵبوون. بێگومان پارێزەران بە کونکونکردنی ئەو بینا کۆنانەی کە بڕیار بوو برووخێن، دەورێکی زۆر پێویستیان گێڕا، دەوری کێچ و داڵ و گۆڕهەڵکەنە، کە ئەگەرچی چاوەڕێی رووخاندنی رژێمی کۆنیان لێ دەکرێ، بەڵام ئەمانە قەڵای تازەیان پێ دروست ناکرێ، چونکو کردنەوەی قەڵای تازە پێویستی بە کەسانێکی داهێنەرە و، توانای داهێنانیش لای ئەو کەسانە نییە کە بۆ چەقەچەق و لاژیگەریی و نووسینی هەندێ بانگەواز پەروەردەکراون کە شتێکیان تێدا نووسراوە و مەبەستەکەیان شتێکی دیکەیە؛ ئەم پارێزەرە فێڵەباز و کاڵفامانە کە مێشك و بیریان لەگەڵ ئەرکی مان و نەمانیی بونیاتنانی داهاتوودا نەگونجاوە. لە توانای داهێنان بێبەرین، بەڵام مادام ئەم پارێزەرانە تاقە کەسانێك بوون چینە خوارووەکان بڕوایان پێدەکردن، چونکو

بانگەواز شۆڕشگێڕانەکانیان دەنووسی و یارمەتی دەسەڵاتداریی چینە نزمەکانیان دەدا، هەر خۆی ئایدیالەکانی شۆڕشی لە بار برد. شۆڕش دەبوا بە دەستی کەسانێکەوە بەڕێوە چووبا کە بە راستی مرۆڤی نوێ بن، بەدەستی بازرگانانی گەورەی نوێ، بەڕێوەبەرە گەورەکانی پیشەسازیی، بانکدارانی گەورەی نوێ، بە دەستی ئەو خەڵکەی کە ەی جیهانی نوێ بوون.

لێرەدا ئایدیا هەرە بنچینەیی و کاریگەر و داهێنەرانەکانی سان سیمۆن دەپشکوێن: هەموو سەردەمێك دابەشکاریی دەسەڵاتی تێدایە. هەندێ مرۆڤ هەن گرنگن و هەندی کەس هەن بێ بایەخن. هەندێ نوێنەری شتی نوێ و تازەن و هەندێ نوێنەری شتی کۆن و ئاویلکە. لە سەدەکانی نێوەڕاستدا موڵکدارانی فیۆداڵ نوێنەری بنەمای پێشکەوتن بوون، چونکو وەرزێرانیان دەپاراست. وەرزێرانیش کاڵا و پێداویستیەکانی مرۆڤیان بەرهەم دەهێنا، نەیاندەهێشت کارەکەیان لە دەست بچێ و بە گشتی هەوڵیان بۆ چاکترکردنی دۆخی ئەو سیستەمە فیۆداڵیە دەدا. ئەم سیستەمە فیۆداڵییە سەرباز و قەشەیشی پێویست بوو. ئەو کات مەسیحییەت هێزێکی گەورە و پێشکەوتنخواز بوو و، تا ئەو کاتەی بەمجۆرە مابایەتەوە، ئەو قەشانەی خەریکی فێرکردنی مەسیحییەت بوون پێشکەوتنخواز بوون، واتە کەسانێك بوون کە ئامۆژە و وانەکانیان زیاد لە ئایینی رۆمی، یۆنانی یان جووەکان لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم دەگونجا، بەڵام قەشەکان کۆن و لە کارکەوتن و جێگەیان بۆ کەسانێکی تەواو جیاواز چۆڵ کرد. ئەوڕۆکە چیدی نە قەشە گرنگە و نە سەرباز و ئاغای فیۆداڵ، چونکو چینێکی تازەی خەڵك واتە زانستوان، پیشەساز، بانکدار و پسپۆڕ، واتە نوێنەرانی زانست و پیشەسازیی، دەسەڵاتیان بە دەستە. زانست و پیشەسازیی نەمرن، بەڵام تاقە رێگەی رێکخستنی جیهانێك تێیدا مرۆڤ بتوانن داواکانی خۆیان تێر بکەن، کارکردنە بە زانست بە باشترین شێوەی، واتە بە



جۆرێك کە ببێتە هۆی پەرەسەندن و گەشەی هەندێ لقی تازە (زانست) کە خەریکی دەرکەوتنن، واتە بازرگانی، پیشەسازیی و لە سەرووی هەمووشیانە بانکداریی قەرزی. بیری سان سیمۆن سەیر بە بانکدارانەوە خەریکە ـ چونکو شەیدای وێکچوونە مێژوویییەکانە و ئێجگار بە کاریگەری چەمکی مێژوو و گەشە و گۆڕانی سەرسامە و، ئەوەی کە هیچ شتێك جێگیر و نەگۆڕ نییە و هەر شتێکی سەردەمێك لە شتێکی سەردەمێکی تر دەچێ، بێ ئەوەی لەگەڵی دەقاودەق بێ، سەرنجی سان سیمۆنی ئەوقی خۆی کردووە. ئەو زۆر جار دەپرسێ ئێستا کێ دەوری یەکگرتووکردن و چەقیەتی کاروبار دەگێڕێ، ئەو دەورەی کە لە سەدەکانی نێوەڕاست و ئیمپراتوریای رۆمدا دەورێکی گرنگ و بنچینەیین. بە رای ئەو رۆمییەکان کەسانێکی گەورە و گرنگن، چونکو دەسەڵاتی بەشێکی زۆری مرۆڤیان بە دەست بوو و قانوونەکانیان هەمەگی و جیهانی بوو.

وەکی‌تر سەدەکانی نێوەڕاستیش لای سان سیمۆن گرنگن، چونکو کەنێسە هەموو خەڵکی رێکخستبوو، ژیاری پێ بەخشیبوون و هەر بۆیەش ململانێیان لە نێواندا دروست نەدەبوو و بەری بە لێکپچڕان و ئاژاوە و هەر چەشنە بە فیڕۆدانێك دەگرت (لای سان سیمۆن بە فیڕۆدان یان ئیسراف گوناهی هەرە گەورەیە) و نەیدەهێشت سەرچاوە مرۆییەکان بۆ مەبەستی بێکەڵك و تایبەت وەگەڕبخرێن. ئەی لە ئێستادا کێ دەوری ئیمپراتۆریای رۆم و کەنێسە دەگێڕێ. وەڵامەکەی خۆیشی ئەمەیە، بانکەکان: ئیعتیار (بانکی) وەك هەشت پێیەکی دەریایی گەورە، وەك هێزێکی سەیری جیهانی، هەمووان پێکەوە دەبەستێ و ئەوانی پشتی تێ بکەن و دژی بوەستن، ئەوانەی وا دەزانن دەتوانن بێ ئەو بڕین، هەڵدەلووشێ. گەورەترین هێزی جیهان، هێزی گرێدراویی و پێکەوە بەستراویی کاروباری ماددی نیو نەتەوەییە، بەڵام سان سیمۆن هیچ کە هەڵناکوتێتە سەر ئەم هێزە، نەك وەك سیستەمێکی ستەمکاری خوێنمژ مامەڵەی ناکات (ئەو

کارەی **کوویت** و تەنانەت **سیسمۆندی** ئەو کات دەیانکرد)، بەڵکو وەك هێزێك سەیری دەکات کە خەڵك پێکەوە دەبەستێ و کاروبارەکان ناوەندمەند دەکات و پێوەندیی و مامەڵە دەخاتەوە، چونکو لای ئەو یەکگرتن هەموو کاروبارێك جێبەجێ دەکات. تاقەرێگەی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی ناوەندمەندکرنی ئەقڵانیی سەرچاوەکانە، بۆ ئەوەی سامانی هونەر، بەهرە، داوا و ئارەزووکانی مرۆڤ بە فیڕۆ نەچن و بە باشترین شێوە بەکاربهێنرێن و باشترین ئەنجامیان لێ بەدیبهێنرێ.

هەر شتێك کە یەکگرتن دروست دەکات، باشترە لەو شتەی کە جودایی و دابڕان دەخاتەوە. ملدان بە حاکمی گێل و جاهیل خراپە، بەڵام بێدەستووری و ئاژاوە لەوەش خراپترە؛ وەکی‌تر سان سیمۆن وەك هابزی پاش شۆڕشی سەدەی هەڤدەی ئینگلیز، لە ئاژاوە و توند و تیژی و خوێنڕشتنی بێهوودە دەترسێ، لە ئاخنرانی کۆڵان و شەقامەکان بە بۆرە پیاو، لەو ژاکوبنە شێتانەی کە مێشکیان پڕە لە دروشمی خۆکردی پڕ و پووچ کە ئەو پارێزەرانە دایانناوە کە لە سەردەمی خۆیان نەگەشتوون. بەم جۆرەش سان سیمۆن بە سەر پیشەسازان و بانکدار و بازرگانان و کۆمپانیادارە گەورەکاندا هەڵدەدات و وێنای بۆ مێژوو شتێکە وەك دەزگایەکی پیشەسازیی گەورەی وەك (دامەزراوەی ئینگلیزیی) ICI یان **جێنراڵ مۆتۆرز** (ئامریکایی) و لای وایە دەوڵەتیش شتێکە کۆنکەوتە و بێکەڵك، بەڵام هەندێ جار پێویستە هەبێ بۆ ئەوەی دژی دەسەڵاتی ستەمکارانەی کەنێسە بوەستێ. پاشان لە پڕ بیری دێتەوە بڕیار بووە ئایینوانان زانابن، بەڵام مادام لە ئیعتبار کەوتوون، چیدی پێویست ناکات خەڵك لێیان بپارێزرێ و کەواشبوو بەشی بەکەڵك و داهێنەری دەوڵەت کە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و رۆحیی خەڵکی، بێ یارمەتی کەنێسەی مردوو بەدیهێنا، تێدا چووە و دەوڵەتیش مردووە، چونکو حەببار و ناپێویستە.

کەوابوو ئەوەی پێویستمانە (سان سیمۆن بە جەختەوە لە سەری دەڕوا)



دەوڵەتێکە وەك جۆرێك دەزگای پیشەسازیی لێ هاتبێ، دەزگایەك کە هەموان ئەندامی ئەوین، جۆرێك کۆمپانیای گەورەی بە بەرپرسایەتی کەمەوە، یان لەوانەشە بە بەرپرسایەتیی بێسنوورە، رێك هەروەك بوورکێی، کە ئەوەش شەیدای مێژوو بوو، وێنای دەکرد. سان سیمۆن نەك هەر لایەنگری ئەو شتەیە کە لای بوورکێ ناوی هاوبەشییە «لە زانست و هونەر و فەزیلەت» (سان سیمۆن زۆر بڕوای بەمەیە)، بەڵکو لایەنگری هاوبەشییە لە بەربڵاوترین مانایدا (چونکو ئەو دەوڵەتەی مەبەستی بوورکێیە شتێکی هاوبەشیانە نییە): هاوبەشی لە بازرگانی، پارچەسازیی (رێك ئەو شتەی بوورکێ دژیەتی)، لە پیشەسازیی، لە فرۆشتنی ئەو شتانەدا کە مرۆڤایەتی پێویستییەتی و هاوبەشی لە مەعریفەدا کە بێ ئەو خەڵك هیچیان پێ ناکرێ. مەبەستی کۆمەڵگا چییە؟ بە رای سان سیمۆن ئەو وەڵامەی کە دەڵێ مەبەستی کۆمەڵگا «خێری هەمەگیر»ە، وەڵامێکە شاراوە و لێڵ، مەبەستی کۆمەڵگا خۆپەروەردەییە و «مەبەست لە پێکهاتنی کۆمەڵگا دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکانە، لە رێگەی باشترین کاردانەوەی زانیارییەکانەوە، لە رێگەی زانستەوە، لە کار پیشە و هونەرەکاندا و پەرەدانی ئەم زانیاریانە و بە پلەی یەکەم پەرەدانی ئەنجامەکانی ئەم زانیاریانە و لێکدانی بڕی زیاتری ئەم ئەنجامانە لە رێگەی تێکەڵ و ئاوێتەکردنی چالاکییە جودا و دابڕاوەکانیان لە زانست و کار و هونەردا. بەسە هەڵدان بە سەر ئەسکەندەردا، کاتی ئەوەیە بڵێین بڕی ئەرەشمیدۆس، واتە کاتی ئەوەیە واز لە سەرباز و قەشە و پادشا بێنین. ئەمانە هەموویان وەك ئەستێرە ژمێر و قارەمانانی یۆنانی کەونارا کۆن و مردوون. ئەوەی پێویستمانە زانای پیشەسازە، چونکو مەعریفە و پێداویستییەکانی ئەوڕۆکە تەنیا لە کاری ئەودا هەیە. ئەمانن کارەکان رادەپەڕێنن؛ ئەمە ئەو کەسانەن کە ئێمە ئاشکرا لە ژێر دەسەڵاتیاندا دەژین، ئەگەرچی نە ئێمە دەزانین و نە ئەوان و، ئەوان لە

هەمانکاتیشدا گێلانە ملکەچی پاشماوەی سیستەمی فیۆدالین، پاشماوەیەك کە خۆیان نازانن ئاخۆ دەتوانن بە پەلهێیتکەیەك بیڕووخێنن یان نا؟ بەڵام بۆ بەم حاڵە رازی بین؟ مێژوو هەموو بەسەرهاتی چەوسانەوەی مرۆڤە لە سەردەستی مرۆڤ، کە خراپترین و قێزەونترین کاری زێدەڕۆیانەی مرۆڤە. بۆ دەبێ مرۆڤ توانای خۆی بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤی دیکە دابنێ؟ لە کاتێکدا دەبێ (هێزی خۆی) بۆ وەگەڕخستن و بەکارهێنانی سروشت، تەرخان بکات.

کاتێ مرۆڤێك، مرۆیەکی دیکە دەچەوسێنێتەوە، هێزی چەوسێنەر و هێزی بەرگریکاریش، هەردووکیان توانایان کەم دەبێتەوە. با ستەمکار دەست لە زۆر و بەریگریکار لە بەرخۆردان بەربدات و هەردووکیان بەرێزەوە ئەو سامانە مرۆییەی لە سروشتدا شاراوەتەوە بۆ بنیاتنان و خولقاندن و بەرهەمهێنانی کولتووری ماددی بە کاربێنن. هەموو هەڵدانێکی شادانەی سان سیمۆن بە سەر بەرهەمهێنان و رێکخستندا، سەرچاوەی لەم ئایدیادایە.

ئەی ماف چی؟ ماف وشەیەکە بەتاڵ و زڕ؛ ئەوەی هەیە بەرژەوەندییە. بەرژەوەندیش شتێکە مرۆڤ هەموو چرکەیەك سۆراغی دەکات. کاری بەرهەمهێنەران ئەوەیە بەرژەوەندیی خەڵك دابین بکەن. مرۆڤ لە دابەشکارییەکی گەورەدا دوو دەستەن: تەوەزەل و چالاك، بەرخۆر و بەرهەمهێن، یان بە پێی خانەبەندییەکی دیکەی سان سیمۆن **خوێڕی** و **کرێکار**؛ وەك دیاریشە مەبەستی لە کرێکار پرۆلیتاریا یان ئەو کەسانە نییە کە کاری دەستی دەکەن، بەڵکو مەبەستی هەموو ئەوانەیە کار دەکەن بە مودیر، کارگێڕانی بەشی پیشەسازیی، بانکدار و کارخانەدارەکانیشەوە. لە هەمووشیان گرنگتر پێویستمان بە **پسپۆڕە** نەك **ئاماتۆر** (ناشارەزا). هەژاری بە زۆری زادەی نەشارەزاییە، دەبێ لە باتی کێبڕکێی تۆقێنەر و سوێنەر روو لەو بەرنامەدانانە بکەین سان سیمۆن مەبەستییەتی.

ئەوەی ئێمە پێویستمانە پێوەندی و هاوکارییە نەك کێبڕکێ. ئێمە داوای کار



دەکەین، کارێك کە گەر پێویست بێ دەبێ زۆرەملیش بێ، چونکو ئامانجی مرۆڤ کارە، ئێمە دەمانەوێ هیچ هەلێك بە فیڕۆ نەچێ و تادەتوانین لێکۆڵینەوە و پشکنین بکەین. هەروەها لە هونەریشدا، چونکو ئەگەر خەیاڵی مرۆڤ لە سەر دەستی هونەرمەندان، کە سەروکاریان لەگەڵ سۆز و هەڵچوونەکانی مرۆڤە، رانەچەنرێ، هیچ کارێك ناڕوات.هونەریش دەبێ دەورێك لە پێشکەوتنی خەڵکدا بگێڕێ و دەورەکەی بریتییە لە رێککردن و وەگەڕخستنی سۆز و ئارەزوو و تواناکانی مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی سیتسەمێکی پیشەسازیی بەرفراوان و «خۆکارامە» کە پێداویستیی هەمووان دابین دەکات، هەژاریی ناناسێ و رەنج و مەینەتەکانی مرۆڤ کۆتایی پێ دێنێ ـ ئەو سیستەمەی کە سەردەمی هەنووکە بە دیهێنانەکەی سانا کردۆتەوە. گێڕانی ئەم چەشنە سیستەمە نوخبەی پێویستە، چونکو خەڵك سەریان لەوە قاڵترە دوای خەیاڵی دروستکردنی وەها سیستەمێك بکەون. لێرەدا دوانی سان سیمۆن لە بەدیهاتنی ئەو سیستەمە وەك دەنگی گرووپی ئەنسکلۆپیدیایە. ئەم نوخبانە کەسانێکی چۆنن؟

رای سان سیمۆن لە سەر ئەوەی ئەم کەسانە دەبێ چۆن بن، بە درێژایی تەمەنی گۆڕاوە. سەرەتا دەیگوت نوخبە دەبێ زانستوان بن. پاشان رای خۆی گۆڕی و بانکدار و پیشەسازانی راگەیاند. سان سیمۆن لە سەرەتای کاریدا خەیاڵی لای دامەزراندنی رێکخستنێکی زاراوییە بە ناوی «ئەنجوومەنەکانی نیۆتۆن» کە جۆرێك تەعاونی نێونەتەوەیی یان ئاکادیمیای زانستییە و بە بەشداری جەماوەر ئیدارە دەکرێ و سیستەمی دەنگدانەکەی سیستەمێکە رازاوی و نهێنی. لەم ئەنجوومەنانەدا هونەرمەند و پیشەساز و بیرکار جۆرێکی نادیار تێکەڵ دەبن. سان سیمۆن لە کۆتایی تەمەنیدا بیر لە پەرلەمانێك دەکاتەوە بە سێ کۆژەوە: بەشی یەکەم کۆڕ یان کۆبوونەوەی داهێنانە کە زانا و هونەرمەند، واتە شێوەکار و شاعیر و هتد تێیدا بەشدارن، واتە ئەم کۆڕە لە

بەرهەم هێنەران، داهێنەرانی ئایدیا و بیر، ئەوانەی لە هونەر و مەعریفە و زانستدا بریسکەی نبووغیان دەدرەوشێتەوە پێك دێت. کۆڕی دووهەم، بە چاك و خراپ و کۆنترۆڵکردنەوە خەریکە و بیرکار، فیزیکزان، فیزیۆلۆژیست و نموونەکانیان ئەندامی ئەم کۆڕەن. کۆڕی سێهەمیش لە مودیران پێك دێت، واتە پیشەساز و بانکدارەکان، ئەو کەسانەی دەزانن کارەکان چۆن بێننە بەر، ئاگاداری چییەتی خولی خۆیانن و، ململانی بۆ مانەوە لە لایەکەوە و ناچاری لە ململانێ و کێبڕکێ لە لایەکی دیکەوە، توانا و نەتوانییەکانی خۆیانی پێ ناساندوون.

سان سیمۆن پرۆژە و پلانی دیکەشی هەن و هەمووشیان یەك ئەنجامیان هەیە: دەبێ بەرهەم بێنین، دابێنین، قسەی سەرەکی داهێنانە. هەر مرۆڤێك دەبێ هەوڵ بۆ چاك و پەروەردەکردنی خۆی بدات. سان سیمۆن دژی ئەو بۆچوونەی سەدەکانی نێوەڕاستە کە دەیگوت پێویستە جەستە ڕەنج بدرێ و ئایدیالی مرۆڤ رکێفکردنی جەستە و، وازهێنان لە ئاوات و مەیلەکان، بەرلاکردنی وەسوەسەی شەیتانی جیهانی دەرەوە و تەریك و تەنیا بوونەوەیە. بە رای سان سیمۆن، ئەو مەسیحییەتەی کە جەزای مرۆڤ بۆ جیهانێکی دیکە دوور دەخاتەوە و لەم دونیا جەستە بە گیان و ناخ جڵەو دەکات، دەبێ توور بدرێ. دەبێ گیان و جەستە تەبا بکرێن. بێ پەرەسەندنێکی ماددی گەورە رۆح هیچی پێ ناکرێ و هاوکات بە بێ رابوونێکی مینۆکی، بێ ئایدیای خاوەن نبووغەکان، بێ پێشکەوتنی مرۆڤ لە هەموو بوار و ئاستەکاندا، هیچ پێشکەوتنێکی ماددیش دروست نابێ. ئەم وێنە لە تابلۆیەکی **تینتۆرتۆ** دەچێ بە ناوی *بەهەشت* لەو بەهەشتەدا کۆمەڵێکی گەورەی مرۆڤ قۆڵ لە قۆڵ و بازنەیی سەمایەکی بێکۆتا سەما دەکەن و بەو سەما هەموو تواناییەکیان، هەموو ئاوات و ویستێکیان بە



سەرچاوەی ناکۆتا بەدیدێت، ئەو سەرچاوەی تەنیا بانکدار و پیشەسازان پێیان دابین دەکرێ، چونکو چیدی دەسەڵاتیان بە دەستی زوڵم و زۆری دامەزراوی کۆن و قانوونە مەسخەرەکان نییە.

سان سیمۆن کاتێ باسی نوخبە و پێویستی پێڕەوکردنی دوو جۆر ئەخلاقیات دەکات، هەناسەیەکی زۆر مودێرنی هەیە. چ شتێکی کاهینە میسرییەکان، کە لە راستیدا یەکەم نوخبەی رەسەنن، گرنگە؟ ئەوەی کە ئەو کاهینانە خۆیان بڕوایان بە شتێك هەبوو و خەڵکیان بە بڕوایەکی دیکە گۆش دەکرد. ئەمە شێوەیەکی زۆر باشە و کارێکە پێویست، چونکو خەڵك هەموو حەقیقەتیان لە پڕ و بەجارێك پێ قووت ناچێ، بەڵکو دەبێ بەرەبەرە پەروەردە بکرێن. هەر بەم پێیەش پێویستە لێژنەیەکی بچووك لە پیشەسازان و بانکدار و هونەرمەندان پێك بێت و ئەم لێژنە بەرەبەرە مرۆڤ بۆ ملدان بە سیستەمی پیشەسازیی رابێنێ. ئەم تیۆرە جۆرێکی ناسراوی فیۆدالیسمی نوێیە و ئەو دروشمە گەورەشە کۆمۆنیزمی لە سەر بونیات نرا: لە *هەرکەس بە قەد توانای* ... . ئەم درووشمە لە سان سیمۆن و لایەنگرانی گیراوە. کاتێ ستالینیش دەڵێ هونەرمەندان، بۆ نموونە رۆماننووسان، ئەندازیاری رۆحی مرۆڤن و کارەکەیان کەڵکی هەیە و تەنیا بۆ هونەر خۆی نییە، بەڵکو ئەمانجی کارەکەیان شێوەگیرکردن و دەستەمۆکردنی مرۆڤە، دیسان قەرزداری سان سیمۆنە.

کەوابوو، هەموو کەس دەبێ ئەندازیار بێ، ئەندازیاری شتی بێگیان، یان ئەندازیاری رۆحی مرۆڤ، بەڵام گەر بڕیار بێت ئەم ئایدیالە بێتەدی، ئەوا پێویستییە نەهێڵێن هەندێ بڕوای رزیو و کۆنکەوتە و میتافیزیکی بەرمان پێ بگرن. هەر بۆیەش سان سیمۆن داوا دەکات دژی دیموکراسی بین. دیموکراسی هیچی لێ شین نابێ. پرۆژەی گەورە تەنیا بەو زیرەکانە دێتە دی

که له رۆژگاری خۆیان دەگەن، دەسەڵاتیان بەدەستە و پسپۆڕی کاروبارن، چونکو کار تەنیا بە پسپۆڕ دەکرێ و کەسیتر. ئەوەی کارێکی کردبێ پسپۆڕانن و پسپۆڕیش هیچ کات بە هیچ شتێك بۆ نموونە بە شۆڕشێکی وەك شۆڕشی فەرەنسا کە خوێن و کەوتن و تۆقینی بۆ مرۆڤ بەرهەمهێنا، ناتوێتەوە. ئازادیش، بە هەمان شێوە دروشمێکە زڵ و مەسخەرە. ئازادی هەمیشە یەکسانە بە نارێکخراویی. ئازادی هەمیشە شتێکە نەرێکار و دژی گوشارێکی دەرەوەیی، کەچی لە سیستەمێکی پێشکەوتوودا هەموو شتێك پێشکەوتوانەیە و چ دەوسێکی زۆر و ستەمی پێوە دیار نییە، شتێك نییە پێویست بێ خۆڕاگریی لە دژ بکرێ و قەڵاشکێنیش پێویست نییە. ئازادی جۆرێك دینامیتە کە رۆژێك هەر دەتەقێتەوە، کەچی خولی بونیاتنانەوە، خولی داهێنان دژی رووخاندن، نابێ دینامیت بەکاربێنێ. مەگەر (دینامیتی راستەقینە) بۆ بونیاتنان. ئەو دەنگ و مقۆیەش کە دەڵێ ئازادی فەردی شتێکە مەترسیدار و دەبێ سەرکوت بکرێ، هەر بۆ ئێرە دەگەڕێتەوە. رای سان سیمۆن لە سەر بەشداریی و لاقەی دەوڵەت لە کاروباردا ماوەیەك ئەرێنی بووە، چونکو ئەو کات قوتابیی کەسێك بوو، کە خۆی پێی دەگوت ئیسمیتی ئاسمانی؛ بەڵام دواتر رایگەیاند کە دەستکاریی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا ئاژاوە دەخاتەوە، چونکو گەر بەرنامەیەك نەبێ، گەر کاروبار ناوەندێکی نەبێ، هیچ کارێك سەر ناگرێ. ئەنجامیش دەگەینە دیسیپلینێکی تۆقێنەری زنجیرەی پلەیی نوێ فیۆدالیزم کە تێیدا بانکداران لە سەرووی زنجیرە پلەوەن، پیشەسازان لە پلەیەك خوارترەوە و، پاشان ئەندازیار و تەکنسیەنی بەر دەستیان هەن و، لە خوار ئەوانیشەوە هونەرمەندانن ـ بە نووسەر و شێوەکار و هتدەوە. کێ خەیاڵێکی بە هێزی هەبێ و شتێکی لە جانتادا بێ، جۆرێك لە جۆرەکان لەم زنجیرە پلە، لەم



رژێمە گەورە فیۆدالیە نوێیەدا کە هەموو شتێکی توند و پتەو رێکخراوە، جێگەی دەبێتەوە.

ئەمە تاقە رێگەی پێشکەوتنە، ئەمە رازانێکی لەشکری ئەرتەشێکی پڕچەك و ئامادەیە و، ئێمە ئەرتەشێکین. بە رای سان سیمۆن کۆی مێژوو یەك ئەرتەشە و کەم و زۆر لای ئەو مێژوو بەم رەنگەیە. وەکیتر، سان سیمۆن تەواو دژی یەکسانییە و بە بانگی گێلانەی کۆمەڵانی بندەستی دەزانێ، واتە بانگێك کە لە حکوومەتێکی ئاقڵانەدا نابێ هیچ بایەخێکی پێ بدرێ. ئەو دەڵێ: «ئێمە دەبێ بە ئیدارەی کاروبارەوە سەرقاڵ بین نەك بە کەسانەوە». بەڕێوەبردنی کاروباریش مانای رێنوێنکردنی خەڵك بەرەو مەبەستێکی تایبەت کە هەمان بەدیهێنانی داواکانە بە باشترین و کاریگەرترین شێوەیەك کە دەشێ. ئەگەر مەبەستی مرۆڤ بەم رەنگە بێ، کەوابوو هاواری بەربڵاوی کۆمەڵان بۆ ئازادی و یەکسانی نییە، بەڵکو بۆ برایەتییە، چونکو گومانی تێدا نییە هەموو مرۆڤ برای یەکن.

ئەم خاڵە بەرەو دوایین قۆناغی بیرکردنەوەی سان سیمۆن دەمانبات، واتە بەرە و **مەسیحییەتی نوێی** سان سیمۆن. ئەو لە کۆتایی تەمەنیدا هەستیدەکرد ئایینێك پێویستە، چونکو خەڵك تەنیا بە تەکنۆلۆژیا وشیار نابنەوە و دەبێ بڕوایان بە شتێکیش هەبێ. ئەو دەڵێ با کاتی سیسرۆن بێنینەوە یاد. ئەو کات ئایینی رۆمییەکان لە سەرەمەرگدا بوو، بەڵام خەڵك هێشتا هاتووچۆی پەرستگاکانیان دەکرد. ئەگەرچی سیسرۆن خوی بڕوای بە ناخی ئایینی رۆمی نەمابوو، بەڵام لای وابوو دەبێ توێکڵەکەی بپارێزرێ، بەڵام ئەورۆکە ناتوانین وابکەین. ئەورۆکە زۆر کەس هەن کە بڕوایان بە خوای مەسیحیەت و مەسیح و هیچ دوگمێك نییە، بەڵام هێشتا بە خەیاڵیان کەنیسە بە کەڵك دێت، چونکو دەتوانێ غەریزە لادەرەکانی

مرۆڤ جڵەو بکات، بەڵام ئەم کارە بێکەڵکە چونکو کە مرۆڤ ئیمانی نەما، کەنیسەش دەڕووخێ. هێلکە بێ زەردێنە ناژی. کەواشبوو پێویستە ئایینێکی تازە، ئیمانێکی تازە دابێنین، ئایینێك کە وەڵامی هەنووکەی پێ بدرێتەوە.

ئێمە لە بەر درگانەی سەردەمی زێڕینداین و ئەوی بڵێ ئەو سەردەمەمان بەجێهێشتووە گیرۆدەی نەریتێکی کوێرە. ئێمە خێراو بەلەز خەریکین ڕێگەی سەردەمی زێڕین دەبڕین. منداڵانمان دەگەنە ئەوێ. سان سیمۆن دەڵێ: ئەرکی ئێمەیە ڕێگە بکەینەوە، بەڵام ئەم ڕێگە کردنەوەیە چۆنە؟

لەم بوارەدا قسەکانی راشکاو روون نین. بە پلەی یەکەم بە ئەشق و بەشداریی. ئەگەر مرۆڤ پێویستییەکانی یەکتر بناسن و خۆیان لەگەڵ ئەو پێویستیانە بە یەك بزانن، خەیاڵی داهێنەرانەیان بە کۆمەڵ بەرەو گەورەترین و هارمۆنیکترین بەرهەمهێنان پەلکێشیان دەکات، بەرەو بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانەی کە بە قەد پێداویستیی هەر کەسێك هەن. **ئانفانتین**، رابەری ئەو ئایینەی سان سیمۆن دایهێنا، پاش مەرگی سان سیمۆن دەڵێ: «ئێوە لایەنێکن لە من و، لایەنێکم لە ئێوە». بە کردەوەش، کاتێ ئەندامانی ئەم تاقەمە (چونکو ئەم ئایینە بە کردەوە گۆڕا بۆ کۆڵتێکی[32] ئایینی)، لە هەوێڵی پاریسدا نیشتەجێ بوون، بەرگێکی تایبەت بۆ ئەندامانی دروا کە قۆپچەکانی لە پشتەوە بوو، بۆ ئەوەی هەر ئەندامێکی ئەم کۆڵتە بچووکە سان سیمۆنییە تەنانەت لە لەبەرکردنی بەرگیشدا بە ئەندامێکی دیکەوە بەسترابێ. ئەم کارە دەرکەوتەی هاوکاری بوو، نەك کێبڕکێ و ململانێ.

32- Cult



وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی **ریمۆن بۆنۆر** هەیە لە مووزیسییەنێك بە ناوی **فلیسێن داوید**. فلیسێن داوید لەم وێنەدا بەرگێکی سان سیمۆنیی لە بەردایە و بە بەرۆکی بەرگەکەوە Dیەکی گەورە بە چەند تاڵی وەك ژێی ئامێری چەنگەوە، درواوە. ئەم وێنە ئاشکرای دەکات سان سیمۆنییەکان شەیدای «شان و شکۆی» سەدەکانی نێوەڕاست بوون و دەیانەویست زنجیرهێڵەکانی ئەو سەردەمە بە شێوەی پیشەسازیی زیندوو بکەنەوە و ئەمە تایبەتمەندییەکی بنچینەیی سان سیمۆنیزمە. ئاشکرایە لە هەر سەردەمێکدا هەوڵ دەدرێ بە زانست کێشەکانی خەڵك چارەسەر بکرێ و کۆمەڵگایەکی ڕێك و پێك دابمەزرێ، (هەوڵی هەموو جار و لە هەر قۆناغێکدا) کاریگەریی بیری سان سیمۆن دەنوێنێتەوە، چونکو سان سیمۆن لای وایە کۆمەڵگا دەبێ بە پێی ئەو بەهایانە بونیات بنرێ کە بە پێی کات و سەردەم دەگۆڕێن و نابێ وەك نموونەی سەدەی هەژدەهەم بۆ یەك چارەسەر بۆ کێشەکانی هەموو کاتێك بگەڕێین، واتە گەڕانێك کە هەندێ بنەمای نەگۆڕ بە بنچینە دەگرێ چما ئەم لە دڵی مرۆڤدا هەڵکەنراون، یان لە سروشت یان لە ئیشراقێکی میتافیزیکی یان هەر جێگەیەکی دیکەدا دۆزراونەوە. بە رای سان سیمۆن دەبێ بپرسین کام داهێنراو کاری لە سەر داهێنراوێکی دیکە کردووە، کام بوونەوەری مرۆیی کاری لە ئەوانی دیکە کردووە. پێوەری ئێمە دەبێ ئەوە بێ کۆمەڵگای مرۆیی هێند ڕێك و دامەزراو بکەین، کە هەموو کەس وەك یەکەیەکی ڕێکخراو لێی تێبگات. نابێ خەڵك ئازاد و بێ بەند و بەربەست بەرەڵا بکرێن کە چییان ویست بیکەن و بە ئاواتی خۆیان بجووڵێنەوە، چونکو ئەم دۆخە لەوانەیە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا تێك بدات، ئەو کاروبارەی کە بەهرەی بەهرەدارانی تێدا دەپشکوێ.

ئەم پێوەر و دیسیپلینەی سان سیمۆن بۆ کۆمەڵگا، ئەگەر لە نموونەی American New Deal یان دەوڵەتی سۆسیالیستی ئینگلیز لە پاش جەنگی دووهەمی جیهانیدا کاری پێ بکرێ، شێوەیەکی نەرم و مرۆڤ دۆستانەی دەبێ و کەچی ئەگەر لە هەندێ حکوومەتی فاشیستی وکۆمۆنیستیدا کاریان پێ بکرێ کە بە پێی هەندێ بنەمای نەگۆڕی پرسیار لێنەکراو ڕێکخراون، ئەنجامی تۆقێنەر و خراپ دەخاتەوە. بە نیسبەت کۆمەڵگای هەنووکەییشەوە، چەمکی ئایینێکی سێکۆلاری نوێ، کە دەتوانێ کۆمەڵان سڕ بکات و بەو ئایینە خەڵك بەرەو هەندێ بیرکردنەوە پاڵ بنرێن کە ڕەنگە نەتوانن لێی تێبگەن، هەر ئایدیایەکی سان سیمۆنییە. تێکەڵەی هەندێ ئایدیای دیکەی سان سیمۆن لەم سێ خاڵەی خوارەوەشدا دەردەکەون: یەکەم، ئێمە بەشێکین لە ڕەوتێکی مێژوویی روو لە پێش و هەر بۆیەش هیچ ئایدیالێك ناتوانێ ڕەها بێ و هەموو ئایدیالێك دەبێ بە پێی گەشە و پێگەشتنی و بە پێی توانای بۆ وەلامدانەوەی پێداویستییەکانی هەنووکە - نەك پێداویستیەکانی رابردوو یان داهاتوو - هەڵبسەنگێندرێ؛ دووهەم، مێژوو، مێژووی تەکنۆلۆژیای هەمیشە بگۆڕە، چونکو تەکنۆلۆژیا پیشاندەری ڕۆحی مرۆڤە لە چالاکترین دۆخیدا؛ سێهەم، مرۆڤایەتی دەبێ بۆ دوو دەستە دابەشبکرێ: کارا و کارنەکەر، بەرهەمهێن و لاخۆر، چالاك و ناچالاك، ئەوانەی قولێ لێ هەڵدەماڵن و ئەوانەی چاوەڕێدەکەن کاریان بۆبکرێ. لە ناخی کۆی ئەم پێوەر و دیسیپلینە سان سیمۆنیانەدا، زانست یان زانستخوازیی چڕبۆتەوە، واتە بڕوا بۆ ئەوەی کە ئەگەر کاروبار بە دەستوورێکی پتەوەوە بە دەستی ئەو کەسانە نەسپێندری کە هەر ئەوان دەتوانن لەو ماددە بگەن کە جیهانی مرۆیی و نامرۆیی لێ دروست



کراوە، ئاژاوە و رووخان دەکەوێتەوە. ئەم کارەش تەنیا بە نوخبەکان دەکرێ، کە خۆشیان دەبێ بە دوو ئەخلاق کاربکەن: ئەخلاقێك بۆ خۆیان و ئەخلاقێك بۆ کەسانی دیکە. ئازادی، دیموکراسی، دەستکاریی دەوڵەت، تاکخوازیی، فیۆدالیزم کوی ئەم درۆشم و چەمکە بێ مانا میتافیزیکیانە دەبێ فڕێ بدرێن، بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ دەرکەوتنی شتێکی گەش و تازە و ڕووناکتر، دامەزراندنەوەی کولتووری بیزانسیی گەورە، کاپیتالیزمی دەوڵەتی، ڕێکخستنی پیشەسازیی، ڕێکخستنی ئاشتیی جیهانی، پەرلەمانی جیهانی و فیدراسیۆنی جیهانی بکرێتەوە. ئەمانە هەموو ئایدیای سان سیمۆنن. وەکیتر، سان سیمۆن دژی شۆڕشە، چونکو خۆی ئەزموونی کردبوو و، لە باتی شۆڕش بڕوای بە توانای بڕواپێهێنان و رازیکردن هەبوو و دەیگوت شۆڕش نابێ کەرەستە بێت. ئەوەی زیاد لە هەموو شتێکی دیکە لای سان سیمۆن گرنگ بوو ئەوەیە مرۆڤایەتی دەبێ بتوانێ لانیکەمی داواکانی خۆی بێنێتەدی. ئەو لە سەرە مەرگدا بە لایەنگرانی خۆی وت: «شتێك هەیە دەمەوێ بە هەمووتانی بڵێم: یەکتان خۆش بوێ و یارمەتی یەکتر بدەن. دەتوانن هەموو ژیانی من لەم ئایدیادا کوبکەنەوە: دابینکردنی (ئەگەری) پەرەسەندن و گەشەی بەهرە بۆ هەموو خەڵك لەوپەڕی ئازادیدا» هەروەها ئەوەی کە «پارتی کرێکاران دادەمەزرێ، ئایندە لەگەڵمانە». ئاگادارین مەبەستی سان سیمۆن لە کرێکاران بەرهەمهێنەرانە بە مانای گشتی وشەکە و دەشزانین پارتی کرێکاران دامەزرا، ئەگەرچی دەقاودەقی ئەو شتە نەبوو کە سان سیمۆنی زۆر لیبراڵ، دڵاوا، گەشبین و ساویلکە، چاوەڕێی دەکرد. ئەی ئازادی لە کوێی ئەو وەسیەتانەدایە کە سان سیمۆن لە سەر برایەتی وئەشق و بەشداری و ڕێکخستن بۆ لایەنگرانی خۆی و هەموو مرۆڤی

جێدێلێ؟ هەڵبەت ئازادی نەك بە مانا سان سیمۆنی و بۆشەکەی کە پارێزەرانی سەدەی هەژدە وەك قەڵاشکێنێك دژی پاشماوەی فیۆدالیزم بە کاریان دەهێنا، بەڵکو لە مانا راستەقینەکەیدا، واتە ئازادیی مەدەنی، ئازادی مرۆڤ بۆ کردنی ئەو کارانەی کە لە بوارێکی تایبەتدا دەیانەوێ بیکەن، ئەم ئازادییە لە کوێی بیروبڕوای سان سیمۆندایە؟ وەڵامی سان سیمۆن بۆ ئەم پرسیارە لە هەموو قسەکانی دیکەی سەیرترە، چونکو ئەو دژی ئازادییە. سان سیمۆن بۆی گرنگ نەبوو کێ ئایدیاکانی ئەو بە کردەوە بەدیدێنێ و ئەم کردەوە لەوانەیە چەندە ستەم و زۆری تێکەڵ بێت، ناپلیۆن بیکات، لوویی هەژدەهەم بەڕێوەی ببات یان یەکیەتی پیرۆز. بێ جیاوازیکردن بە هەمووشیان دەڵێ: *باسکردن لە ئازدی کە هێند چینە مامناوەندییەکانی هێناوەتە جۆش و کوڵ، لای چینەکانی خوارەوە هەر گرنگ نییە، چونکو باش دەزانین لە دۆخی هەنووکەیی ژیاردا، کارکردنی خۆپەرستانە بە دەسەڵات، کارێکی ئەوتۆ لەم چینانەی خوارەوە ناکات.*

*خەڵکی هەژار، چینە خواروەکان، بێبەش و گەورەترین چینی مرۆڤ، کە مروچایەتی بێ بەشدارییان بونیاتنانرێتەوە، گرنگییەکی ئەوتۆ بە ئازادی نادەن.*

هەر وەك چێرنیشۆفسکی، بیرمەندی چەپی رووسی، دواتر لە هەمان سەدەکەی سان سیمۆن، واتە لە سەدەی نۆزدەهەمدا وتی، ئەم خەڵکە عەدالەت بێزاری کردوون! ئەوەی ئەم خەڵکە دەیانەوێ پەرلەمان و ئازادی و ماف نییە، ئەمانە تەنیا ئارەزووی بۆرژواییین، ئارەزووی خەڵك کەوشە و هاوارێکی بەرزە بۆ نان؛ کەوش و نان، نەك بارستاییەك لە ئازادی. بەمجۆرە بوو کە تاکو کاتی ستالین و لێنین دروشمی ئازادیخوازی



بووە سەربەندی گەورەی کۆی پارتە چەپە رادیکاڵەکان. دەوس و شوێنی ئەم ئاهەنگە شوومە لای سان سیمۆنی میەرەبان و دڵاوا و مرۆڤدۆست و نەجیبیش دەنگدەداتەوە.

# دۆمێستێر

ژۆزێف دۆمێستێر لە چاوی گەلیٚ لە هاوچەرخانییەوە کەسێکی وشك و توند و تیژ بوو. ئەم وشکی و توندوتیژییەش بۆ نووسینەکانی دەگەڕایەوە، نەك بۆ رواڵەت و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی. پیشەی دۆمێستێر جۆرێك بوو گەلیٚ لە هاوچەرخانی نەیاندەتوانی بیبینن. زۆربەی ساڵانی تەمەنی لە دەزگای پادشای ساردێنی و لە پۆستی نوێنەری دیپلۆماتیکی ئەو پادشا لە پێتەختی رووسیای تزاری، واتە سەن پێتێرزبورگدا بوو.

وێنەی تۆقێنەری دۆمێستێر لای هاوچەرخانی بە هۆی توندوتیژیی، نەسازیی زۆر توند و وشك و ئەو دۆگماتیزمە کاڵفامانە بوو کە پێیان هێرشی دەکردە سەر ئەو بنەمایانەی بە دڵی نەبوون.

**ئێمیل فاگیٚ** کە رەنگە وردبین و راستگۆترین رەخنەگری فەڕەنسیی دومێستەر بیٚ، وێنەیەکی تا رادەیەك پێژو تەواو وێنەی دۆمێستەری کێشاوەتەوە: «رەها خوازێکی کەللەڕەق، تیۆلۆگێکی وشك بیر و سەودایی، ئۆتۆرێتە خوازێکی نەساز، بانگدەری جۆرێك سیٚ کوچکەی ترسناك: پایٚ و پادشا و جەللاد». فاگی دەڵیٚ: «مەسیحییەتەکەی (ئایینەکەی) تیرۆرە بە پێی ملکەچیەکی زەلیلانە» و «ئیمانەکەشی جۆرێك کفری بۆیەکراوە». فاگیٚ پێی دەڵیٚ «پارێزەری واتیکان».

**ئێدگارکینە** کە پەسنکاری دۆمێستەر و پرۆتستانێکە بە کاریگەریی رۆمانتیزمی ئەڵمانییەوە، ئاماژە بۆ «ترۆریست و تۆقێنەربوون لە ژێر ئالای» دۆمێستێردا دەکات و پێی دەڵیٚ «خودایەکی دڵڕەق کە جەللاد پشتیوانییەتی، مەسیحێك کە ئەندامی هەمیشەیی کۆمیتەی سزایە بۆ خێری جەماوەرە» و لە کاتی ئێمەشدا فەیلەسووفێکی ئیسپانی بە ناوی **میگێل دو ئۆنامۆنا** باسی **قەسابخانەی دومێستەر** دەکات.

ئەمە وێنەیەکی باوی دۆمێستەرە کە زیاتر بەرهەمی **سەنت بۆیە** و گەلیٚ بیرمەندی جۆراوجۆری سەدەی نۆزدە نەمریان کردووە. ئەو وێنە، دومێستەر وەك سەڵتەنەت خوازێکی دەمارگرژ، لایەنگرێکی دەمارگرژتری دەسەڵاتی پایٚ و، کەسێکی لە خۆبایی و کەللەڕەق و نەساز کە بە ئیرادەیەکی پتەو و سەرسامکەرەوە مشت و مڕ و بەڵگاندن دەکات، وێنە دەکێشیٚ: وێنەی کەسێك کە لە مشتومڕدا گریمانی دوگماتێك بەکار دێنیٚ، ئەنجامگیرییەکانی رادیکاڵن و وەرنەگیراو. دۆمێستێر بەهەرەدارێکە وەڕەز، خوێنەوارێکە سەر بە دوگماتیستەکانی سەدەکانی نێوەڕاست کە پاش سەردەمی خۆی لە دایك بووە و بێهوودە تەقەللایەتی رەوتی مێژوو بوەستێنیٚ.

ئەو بە تایبەت نائاسایی، ترسناك، لاگیر، تەریك و لە دواییدا هەستیارە. باشترین وێنەی ئەو، وێنەی کەسێکی ئەشرافیە لە جیهانێکی رەشۆکیخواز و پڕ لە خوێڕیەتیدا لە دایك بووە کە هیچ لەگەڵ ئەم ناگونجیٚ. باشترین وێنەشی وێنەی کەللەڕەقێکە چاوی نوقاندووە و پێداگرانە و سەرسەخت نەفرەت لە سەردەمی مۆدێرن دەکات، ئەو سەردەمەی کە کەللەڕەقیەکەی ناهێڵیٚ خێر وبێرەکانی ببینیٚ و، وریایی و بەسیرەتی ئەوەشی نییە خێر و چاکەکانی ئەم سەردەمە تازەیە هەست بکات.

کارەکانی، (لە و وێنانەدا دەیکێشنەوە) لە باتی ئاوەڵناوی گرنگ، بە ئاوەڵناوی سەیر و گەورەکەرەوە وەسفکراون، وەك دوایین هەوڵی نائومێدانەی فیۆدالیزمی سەدە تاریکەکان دژی پێشکەوتن و سەردەمی نویٚ. رەخنەگرانی سەدەی نۆزدەی، بە پێی هۆگری و باڵی جیاوازیان دوو جۆر مامەڵەی دۆمێستێریان کردووە. جارێك وەك نەجیبزادەیەکی ئازاد و بە ئیدیعا کە شکست

لە چارەی نووسراوە و، جارێك وەك پاشماوەی شێتۆکە و قیزەونی بەرەیەکی کۆن و دڵڕەقتر، بەڵام هەر دوو لا لەوەدا هاوڕان کە کاتی دومێتسێر بە سەر چووە و جیهانی ئەو هیچ لەگەڵ جیهانی ئێستا ناگونجێ. هۆگۆ و لامۆنێ، سەنت بۆ و فاگێ و، جیمز ستیێفن و مۆرلی و هارۆلد هاکسلی لەم بارەوە هاوڕان، تەنانەت هاکسلی لەو نامیلکەدا کە لەسەر دۆمێستێر نووسیویەتی دەڵێ: دەبێ دۆمێستێر وەك هێزێك چاو لێبکرێ کە کات و تەمەنی بە سەر چووە.

ڕەنگە ئەم بۆچوونە بەکەڵکی سەدەی نۆزدەهەم بێت، بەڵام لە کاتی ئێمەدا بێ مانا دەکەوێتەوە، چونکو لەوانەیە دۆمێستێر بە زمانی ڕابردوو دوابێ، بەڵام ناوەڕۆکی قسەکانی کاکڵی رووتی باسە دژە دیموکراسیەکانی ئەوڕۆکەیە. بەراورد بە هاوچەرخانی پێشکەوتنخوازی خۆی، دۆمێستێر کەسێکە بان مۆدێرن کە پێش سەردەمی خۆی لە دایك بووە، نەك پاش سەردەمی خۆی. ناکاریگەریی بۆچوونەکانی لە بەر ئەوەیە کات کاتی ئەو بۆچوونانە نەبووە.

بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی بگەنە کات و سەردەمی خۆیان، دەبوا سەدەیەك تێپەڕێ. بە رای خۆی، ئەرکی ئەو رووخاندنی هەموو ئەو شتانەیە کە سەدەی هەڕدە بینای کردوون، با بزانین ئەو چۆن بەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەگات.

دۆمێستێر ساڵی **١٧٥٣** لە شاری شامبری، لە ناوچەی ساچۆدای سەر بە شانشینی **پیەموون وساردێنی** لە دایك بووە. ئەم شانشینە کە دۆمێستێر هەموو تەمەنی ئەندامی بووە، لە سەدەی هەژدەهەمدا بە سیستەمێکی حکوومەتی ماقووڵ سەیرکراوە و گەلێ ساڵ پێش فەڕەنسیەکان وازی لە فیۆدالیزم هێناوە. دۆمێستێریش وەك نەجیبە لیبراڵەکانی دیکە ڕێفورمیستێکی نەرمژەو بوو کە نە پاشکەوتنخوازن و نە رادیکاڵ. کاتی شۆڕشی فەڕەنسا تەمەنی لە سی ساڵ زیاتر بووە و وەك هێگل و شیلەر و سان سیمۆن، بێ خەم شۆڕشی تێپەڕاند، بەڵام بە توندی دژی شۆڕش بۆوە.



ئەو دۆخەی کە ژاکووبنەکان لە خۆلی تیرۆردا دروستیانکرد، قەت لە بیری دومێستێر نەچۆوە و هەر ئەمەش ئەوی گۆڕی بۆ دوژمنی سەروماڵیی هەموو شتێکی لیبراڵ دیموکراتیك و لووتبەرزانە، واتە هەموو ئەو شتانەی کە بۆنی رۆشنبیر، رەخنەگر و زانستوانانی لێ دەهات، هەموو ئەو شتانەی شێوەی ئەو هێزانەیان دەدا کە شۆڕشی فەڕەنسایان خولڨاندبوو. ئەو هێند بەڕقەوە لە سەر چولتێر دەدوێ چما دوژمنی راستەوخۆی خۆیەتی.

دۆمێستێر خۆی خەڵکی **ساودا** و کارگێڕی سیستەمی شایەتی بوو، کاتێکیش شۆڕشگێڕانی فەڕەنسی شارەکەیان گرت، چەندین بەیانی رقاوی و تووژەی دژی شۆڕشی فەڕەنسا دەرکرد. لە لایەکی دیکەشەوە پادشای ساردێنی نەیدەویست کەسێکی توندی وەك دۆمێستێر لە دەربارێدا بمێنێتەوە. هەڵبەت هۆیەکی دیکەی نەمانەوەی دۆمێستێر ئەوە بوو ئەو دەربارە زیاتر هەرێمێکی بچووك بوو و جێگەی بهەرە و خەیاڵ و توانای دۆمێستێری تێدا نەدەبۆوە. ئەم هۆیانەی سەرەوە لەگەڵ بهەرە و نووسینە سەرنجڕاکێشەکانی، وایکرد بنێردرێتە دوورترین جێگە و بەمجۆرە دۆمێستێر کرایە کارگێڕی پادشای ساردێنی لە پێترزبورگ و ساڵانی **١٨٠٣** بۆ **١٨١٧** لەم پۆستەدا بوو.

لە سەن پیترزبوورگ وەك کەسێکی سەرنجڕاکێش و خوش رەفتار، شارەزای داب و دەستووری ژیان و خۆش مەجلیس ناسرا بوو و زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی پێترزبورگ حەزیان بە قسە و بینینی دەکرد. دومێستێریش سەن پتێرزبورگی پێ خۆش بوو و سیستەمی پاشایەتیی رووسیا سێحری کردبوو. پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دەست و پێوەندەکانی ئالێکساندری یەکەم دامەزراندبوو و ئیمێراتوور چەندین جار پرس و راوێژی پێ کرد.

کاتێ جەنگ دژی ناپلیۆن کۆتایی هات، ئالێکساندر بە چەند هۆ دۆمێستێری بانگ کرد و، رەنگە هۆ سەرکییەکەشی ئەوە بووبێ کە دۆمێستێر

هەندێ ژنە ئەشرافی بۆ لای کاتۆلیسم هاندا بوو. ئەم ژنانە، دواتر دەورێکی گرنگیان لە ئەوروپای رۆژئاوادا گێڕا، یان رەنگە هۆی بانگکرانەکەی ئەوە بووبێ کە ئەو بە کەسایەتی بە هێزی خۆی، خۆی لە سیاسەتی رووسیا هەڵقورتاندبوو. بە کورتی، پادشای ساردێنی کە ئەو کات دیسان هاتبۆوە سەر حوکمی پێشووی، بە خۆشییەوە دۆمێستێری بۆ پێتەخت، تۆرین، بانگ کردەوە و لەوێ کارێکی پێ سێردرا کە داهاتێکی ماددی باشی هەبوو، بەڵام گرنگایەتییەکەی لە داهاتەکەی کەمتر بوو. بەمجۆرە، دۆمێستێر ساڵی ١٨٢١ بە بارێك شانازی و کەمترین دەسەڵاتی سیاسییەوە، مرد، بەڵام ناوبانگ و ناسرانی هی پاش مردنیەتی.

وەك وتمان، خەم و سەودای گەورەی دۆمێستێر رووخاندنی دەسکەوتەکانی سەدەی هەژدە و بیرەکەی بوو. بیرمان بێ بیری سەدەی هەژدە نە شتێکی یەکپارچە و یەکانگیر و تەختە. هەر بە راستیش گەلێ بیرمەندی ئەو سەدەیە ئێجگار لێك دوور و جیاوازن، بەڵام چەند خاڵێك کۆی دەکردنەوە. واتە رەنگە هەموویان بڕوایان بە پێشکەوتن، خودا و نەمریی رۆح نەبووبێ و، رەنگە هەندێکیان بڕوایان بە شەوود بووبێ و هەندێ لایەنگری گرنگایەتی ئەزموون بن، دەشی هەندێکیان لایەنگری ساکاریی و بێگەردیی هەست و هەندێ هۆگری زانست و وردبوونەوە بن، بەڵام بێگومان هەموویان بڕوایان بەوە هەیە، کە مرۆڤ ئەگەر بە سروشت بوونەوەرێکی باش نەبێ، لانیکەم خراپیش نییە، بەڵکو بوونەوەرێکە لە خۆیدا خێرخواز و ئەگەر خوێڕی و فێڵبازان لێی گەڕێن، شارەزای هەرە پسپۆڕی بەرژەوەندی و بەهاکانی خۆیەتی.

وەکیتر، (کۆی ئەو بیرمەندانە لە سەر ئەوە کۆکن) کە، بە گشتی، مرۆڤ بەهرەی ئەوەی هەیە بە پێی رێسا و بنەمایەك هەڵسوکەوت بکات کە ئەقڵ پێی بەخشیوە. هەروەها زۆربەی بیرمەندانی سەدەی هەژدە لە سەر ئەوە هاوڕان



کە پێشکەوتن شتێکی باشە و بۆ نموونە ئازادی لە کۆیلەتی باشترە؛ ئەو قانوونەی بە پێی «فەرمانی سروشتی» دارێژراوە بە جۆرێك هەموو هەڵەیەك راست دەکاتەوە؛ سروشت تاقە ئەقڵی چالاکە هەر بۆیەش دەتوانین قانوونەکانی سروشت لە کۆمەڵێك حەقیقەتی ئاشکرا، ـ وەك چۆن لە تیۆری هێندسە یان فیزیك و کیمیادا دەکرێ ـ هەڵهێنجین، هەڵبەت بەو مەرجەی شارەزای کۆی سروشت بین. وەکیتر ئەم بیرمەندانە هەموویان رایان وایە کە هەموو شتێکی چاك و ئازاد و پاك، کۆك و تەبا و زیاد لەوەش، پەیوەستی یەکترن. ئەوانەیان کە هۆگری گرنگیی ئەزموون بوون دڵنیا بوون زانستی سروشتیی پێوەندیدار بە مرۆڤەوە دەتوانێ بە قەد زانستی پێوەندیدار بە ماددەی بێگیانەوە گەشە بکات و، کێشە سیاسی و ئەخلاقییەکان بەو مەرجەی راستەقینەبن ـ و چۆن دە توانن راستەقینە نەبن ـ دەکرێ بە یەقینێکی وەك یەقینی بیرکارییەوە چارەسەر بکرێن و، ئەو ژیانەش کە بە پێی ئەم چارەسەرە (ماتماتیك ئاسایانە) دادەمەزرێ بڕ دەبێ لە ئازادی، ئاسایش و حیکمەت؛ هەروەها لە رێگەی کارکردن بەو بەهرە و میتۆدانەی کە لە زیاد لە یەك سەدەدا گەلێ دەسکەوتی بێ نموونە و بەشکۆی لە زانستە و کردەوەشدا هەبووە، دەکرێ ئەم رۆح و دەستکەوتانە نەمر بکرێ. بە گشتی، ئەمە کاکڵ و لایەنە هاوبەشەکانی بیروبڕوای بیرمەندانی ئەقڵخوازی سەدەی هەژدەیە.

دۆمێستێر قۆڵی لە رووخاندنی هەموو ئەم بڕوایانە و هەموو ئاسەوارێکی سەدەی هەژدەهەم هەڵماڵیبوو. هۆی ئەم کارە گرنگەش ئەوەیە پێیوایە ئەو شۆڕشەی تێیدا بێگوناهان بەڵایان لێدەکەوێ، خۆی کارەساتێکە وەحشیانە. دۆمێستێر فەڕەنسای لە دەرەوەی فەڕەنساوە خۆشدەویست و پێی سەرسام بوو (کاتی شۆڕشی فەڕەنسا دومێستێر لە ساودا واتە پەراوێزی شۆڕشەکەدا بوو). خۆشەویستی و سەرسامیی ئەو بۆ فەڕەنسا لە چەشنی ئەو سۆزەیە کە کاتێ

خەڵکی دەرەوەی وڵاتێك دەیانەوێ خۆیان لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتە بە یەکبەن، هەیانە و، نموونەشی لە مێژوودا زۆرە. دۆمێستێر بە نیازە بە رقێکەوە کە خۆی زادەی ئاواتی شکاندنی بتێکی زێڕینە، ئەو هێزانە لە کار و رەوایی بخات کە کۆشکی هیواکانی ئەمیان رووخاندووە. هەر بەم پێیەش لە باتی ئەوەی بە فۆرموولی پێشتر دانراوی کۆمەڵناسییەکی ئایدیالیستی کار بکات، بڕیاریدا پشت بە راستییە ئەزموونکردەکانی مێژوو و لێکدانەوەی رەفتاری مرۆڤ ببەستێ و، هەر بەم پێیەش، لە باتی مشتومڕ و دیالۆگ سەبارەت بە هەندێ ئایدیالی وەك پێشکەوتن، ئازادی و توانای گەشە و پێگەشتن، باسی ێیرۆزیی رابردوو و چاکە و پێویستیی ملدان و ملکەچیی رەهای دەکرد، چونکو لای ئەو سروشتی مرۆڤ هێند گەندەڵ و نەخۆشە کە چاکبوونەوە هەڵناگرێ. بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵك و مرۆڤ، دۆمێستێر لە باتی زانست و (پێداگریی لە سە زانست بۆ چاککردنی چارەی مرۆڤ) باسی لهپێشبوونی غەریزە و خورافە و پێشداوەریی دەکرد؛ لە باتی گەشبینی جەختی لە سەر رەش بینی و لە باتی یەکگرتوویەکی هەمیشەیی و بەسەقام، جەختی لە سەر پێویستیی دژایەتی و رەنج و خوێنڕشتن دەکرد ـ کە بە رای ئەو پێویستییەکی ئاسمانییە. دژی ئاشتی و یەکسانی و خێری گشتی و هەمەگیر و سروشتی بێگەرد و پاکی مرۆڤی سروشتی ( کە رۆسۆ جەختی لە سەر کردبوو)، دۆمێستێر جەختی لە سەر جۆراوجۆریی، نایەکسانی و دژایەتی بەرژەوەندییەکان دەکردەوە و وەك دۆخی ئاسایی کەس و نەتەوەکان دەینرخاند. دۆمێستێر مرۆڤ و سروشت و مافە سروشتییەکان بە ناوی ئەوەوە کە دەرهەست و ناواقیعین ئینکار دەکات و بۆچوونی دەربارەی زمان لەگەڵ وتەکانی کۆندۆرسێ و **کۆندیاك** و کۆی زانستوانانی سەدەی هەژدە کە هەوڵیان دابوو لە فۆرموول و پێناسەدا بیگونجێنن، ناتەبابوو. ئەو بە نیاز بوو گیان بە بەر دۆکترینی لە کارکەوتەی



مافی خودایی پادشاکاندا بکاتەوە و لایەنگری رازیبوون، لێڵ و پێڵی، تا رادەیەك نەزانی جەهل و گرنگتر لە هەموویان نائەقڵانییەت بوو، داکۆکیی لێدەکردن،وەك بنچینەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەینرخاندن و، راشکاو و پاراو هەموو رۆشنگەری و ئەقڵانییەتێکی مەحکووم دەکرد. بە خوو و خەدە بێڕەحم و بە قەد دوژمنە سەر وماڵیەکانی خۆی کە هەمان ژاکوبنەکان بن، توند و رادیکاڵ، واتە دەتوانین بڵێین ئیمان و راستگۆیی لە ژاکوبنەکانەوە بۆ مابۆوە.

**ئالێکساندر هێرتزێن**، شۆڕشگێڕی رووس، نووسیویەتی ئەو شتەی سیاسییەکانی ساڵی **١٧٩٢** ناوازە دەکاتەوە دژایەتی سەیریانە لەگەڵ کۆی سیستەمی پێشوو و، دەڵێ ئەم سیاسیانە نەك هەر خراپە، بەڵکو چاکەکانی سیستەمی پێشووشیان نەفی دەکرد و دەیانویست هیچ شتێك لە جێگەی خۆی نەمێنێ و کوی سیستەم بڕووخێنن و قەد و چڵی درەخت پێکەوە ببڕن بۆ ئەوەی شتێکی سەرپاکی و تەواو تازە دروست بکەن. دەیانویست هیچ دان و ستاندنێك نەکەن و هیچ قەرزداری ئەو کەلاوە نەبن کە شارە تازەکانی خۆیانی لە سەر دادەمەزرێنن، بەڵام دۆمێستێر، رێك بە پێچەوانەی ئەم سیاسیانە و بە پێچەوانەی قوتابخانەی گرنگایەتی ئەقڵی سەدەی هەژدە و بە هەمان گۆڕینی شۆڕشگێڕانی نەیاری خۆیەوە، هەڵیدەکوتایە سەر سەدەی هەژدە. ئەو بە نیازی رووخاندنی ئەو شتە بوو کە بە حەق ناونرابوو «یۆتۆپیای فەیلەسووفانی سەدەی هەژدە»، رووخاندنێك کە تەفر و تووناى بکات.

دۆمێستێر دەیگوت میتۆد و حەقیقەتەکانی خۆی لە **توماس ئاکویناس** و هەندی خەتیبی گەورەی سەدەی هەڤدەی فەڕەنسا وەك **بۆردالۆ** و **بۆسۆئە** گرتووە، بەڵام قسە و کردەوەی بەدەگمەن نیشانی ئەم کەسایەتییە گەورانەی کەنیسەی پێوەیە و بە پێچەوانەوە زیاتر لە تێگەشتنی دژە ئەقڵانیی هەندێ

کەسی وەك سەنت ئۆگۆستین، فراماسۆن و ئیشراقییەکان نزیکە کە کاتی گەنجیی لە نێویاندا ببوو.

دۆکترینی بنچینەیی دۆمێستێر بەمجۆرەیە: دەم و دەستی سروشت خوێناوییە، سروشت شانۆیەکی گەورەی کوشتار و وێرانییە. زاناکانی سەدەی هەژدە بۆ ئەوەی بزانن سروشت لە چی دەچێ، پەنایان بردە بەر میتافیزیك و لۆژیك و تەنانەت هێندسە. کەچی ئەمانە داد نادەن، بۆ دوان لە سروشت دەبێ جیددی بیت. ئەوان باسی بینین و توانای دەکەن و کەچی ئامادە نین کۆڵێ حەقیقەتی جەزمیی گەورە ببینن کە گەلێ زانا باسیان کردوون. باشە با بڵێین ئەوان راست دەکەن، با سەیرێکی دەوروپشتی خۆمان بکەین، با واز لە کتێب بێنین و تەنیا لە سروشت ورد بینەوە، لە خۆمان. با لە مێژوو و لە جانەوەرناسی واتە دوو رێنوێنی راستەقینەی ناسینی سروشت ورد ببینەوە و بزانین چی دەبینین. با دۆمێستێر قسە بکات:

**دەسەڵاتی پانتای بەربڵاوی سروشت بە دەستی توندوتیژییەکی ئاشکراوەیە، بە دەستی وەحشییەتێکی دامەزراوەییەوە[33] کە کۆی بوونەوەران بۆ چارەی نووسراویان تەیار دەکات. هەر ئەو چرکەی جیهانی بێگیانمان بە جێهێشت، ئەو فەرمانی مەرگە توندوتیژانە بە چاو دەبینین کە لە ئەنیەی هەموو ژیانێك نووسراوە. ئەو فەرمانی مەرگەی پێشتر و لە جیهانی رووەکەکاندا هەستمان پێکردووە: بینیوتە رووەك لە درەختی گەورەی کاتالپا وەبگرە تا گیای هەرە ناسك، چەندیان لێ دەمرێ و لێ دەکوژرێ! بەڵام هەر کە هاتییە جیهانی گیانلەبەرانەوە، ئەم قانوونە ئاشکرا و رووت بە رووتدا دەدات. هێزێکی توندوتیژ، ئەو هێزەی رۆژگارێك نهێنی و نادیار بوو... لە هەموو لقێکی لاوەکی گیانلەبەراندا، حوکمی کردووە هەندێ هەندێکی دیکە هەڵبدڕن. وەهایە**

33- Institual



**هەندێ حەشەرە ئەوانی دیکە دەخۆن، خشۆك خشۆکی تر قووت دەدەن، باڵندە قاتڵی سەری یەکترن، ماسی ماسی دەکوژێ و چوارپێ دوژمنی چوارپێیە. چرکەیەك نییە تێیدا مەخلووقێك یەکێکی دیکە راو نەکات. مرۆڤ لە سەرووی هەموو ئەم رەگەزە بێ ژمارانەوەیە و دەستە رووخێنەرەکانی بەزەیی بە هیچ گیانلەبەرێکدا نایەتەوە.**

ئەم بەشەی خوارەوە، کە بە جۆرێك وێردی سەیر دەکات، لە زمانی فەرەنسیدا کاریگەرترە، تاکو لە زمانی ئینگلیزیدا:

**دەکوژێ بخوا، دەکوژێ لە بەرکا، دەکوژێ برازێتەوە، دەکوژێ هێرش ببا، دەکوژێ بەرگری بکا، دەکوژێ فێربێ، دەکوژێ رابوێرێ، دەکوژێ بۆ کوشتن: سوڵتانێکە بەشکۆ و ترسناك، داوای هەموو شتێك دەکات و چ خوی راناگرێ لە بەری ... ریخۆڵەی کاژۆڵەی دەوێ چەنگی خۆی وەدەنگ بێنێ ...، تیژترین ددانی گورگ دەکێشێ شتە هونەریە جوانەکانی خۆی زاخاو بدات، خورتوومی فیل دەبڕێ منداڵانی پێ ژێر بکات. سەر مێزەکانی پڕە لە کەلەش ... ئەوە کامە بوونەوەرە لەم کوشتارە هەمیشەییەدا ئەو کەسە توونا دەکات کە هەمووان قەتڵ و عام دەکات؟ ئەمە ئەوە. مرۆڤ کە کارگێڕی خاشەکێشانی مرۆڤە و ... بەمجۆرە قانوونی مەزنی تێدا بردنی توندوتیژانەی گیانلەبەران بەڕێوە دەچێ. زەمین بەردەوام شەڵاڵی خوێنە، زەمین کوشتارگایەکە گەورە و تێیدا چی گیان هەیە دەبێ قوربانی بکرێ، بێوچان و کۆتا و برانەوە و سنوور، تاکو هەموو شتێك دواچۆڕی دێت، تاکو تێداچوونی خراپە، تاکو مەرگی مەرگ.**

دۆمێستێر لای وایە بە مانەشەوە مرۆڤ بۆ خوشویستن خولقاوە. مرۆڤ بوونەوەرێکە ناسك و باش و مێهرەبان. کەوابوو ئەم وەحشییەتەی لە کوێوە دێت؟ ئایا ئەوە زەمین خۆیەتی کە داوای خوێن دەکات؟ دۆمێستێر دیسان دەپرسێ چۆنە لە مەیدانی جەنگدا سەربازەکان مل لە فەرمانی فەرماندەکانیان بۆ

کوشتنی بێگوناهان با نادەن؟ ئایا شتێکی سەیر لەم ناوەدا نییە؟ چۆنە ئەو کەسە بێگوناه و بەڕێز و بە ئەدەبانەی ئێمە ڕێگەی ژیانی خۆمانیان دەکەین و لە ژیانی ئاساییدا مێهرەبان، خواپەرست و بەڕێزن و ئازاریان بە کەس ناگات، کە دەچنە جەنگ ئامادەن گەلێ بێگوناهی وەك خۆیان بێ سڵ و پارێز سارد بکەنەوە؟ کەچی ئەو جەللادەی کە ڕەنگە کەسانێکی گوناهکاریش بکوژێ و ڕەنگە کەمتر لە سەربازانیش بکوژێ، لای خەڵك قێزەون و بەر نەفرەتە. کەس تەوقەی لەگەڵ ناکات، هەمووان بە ترسەوە سەیری دەکەن و وەك ئەندامێکی ئاسایی کۆمەڵگا هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکەن. چۆنە کوشتنی بێگوناهان ستایش دەکرێ و کەچی کوشتنی تاوانباران قێزەونە؟ لە بەر ئەوەی جەنگ، بە مانایەك لە خۆیدا شتێکە ئیلاهی، چونکو قانوونی جیهانە. دۆکترینی ناوەندیی دۆمێستێر بەمجۆرەیە: ئەقلانییەکان هیچیان پێ ناکرێ. بۆ تێگەشتنی حەقیقی لە ڕەفتاری خەڵك، دەبێ پانتای شتە نائەقلانییەکان بگەڕێی. ئەمە بڕوایەکی لێڵە کە ئیمانی خۆی دەگوێزێتەوە بۆ جیهانێکی دیکەی جیاواز لەم جیهانەی هەیە.

دۆمێستێر سێحری دیمەنی جەنگە: مەیدانێکی جەنگ وێنا بکەن، خەڵکان وا دەزانن لەم مەیدانەدا هەموو شتێك بە پێی دەستوور و بەرنامەیە. فەرماندە فەرمان دەدات، لەشکر تێهەڵدەچن و کێ بە هێز بێت یان فەرمانی کامە ژەنەڕاڵ زیرەکانەتر بێ، ئەوا ئەو لایەنە سەرەدەکەوێ. کەچی هیچ وانییە، واز لە کتێب بێنن و سەیری جەنگێکی ڕاستەقینە، ژیانی واقیعی بکەن ـ لەم لایەنەوە دۆمێستێر قوتابیی جانەوەرناسی و مێژووە. کە باش وردبوویتەوە دەبینی ڕووداوەکان هیچ ئەو دەستوور و ڕێکیەی نییە، کە مێژوونووس، شاهید یان تەنانەت پسۆڕانی ستراتێژ و تاکتیك دەڵێن. بەڵکو ئەوەی دەیبینی هەرا و زەنای تۆقێنەر، ئاژاوە، داپاچین، مەرگ، هاوار و ناڵەی برینداران، ناڵەناڵی سەرە مەرگ و تەقە و زرمە و گوللەی گەرمە.



ئامادەبوانی مەیدانی جەنگ پەنج یان شەش جۆر مەستی، مەست دەبن. هیچ ژەنەڕاڵێك ناتوانێ بڵێ سەرکەوتووە یان دۆڕاو. جەنگ بە هەڵسەنگاندن و حسێبی ئەقلانی نابڕێتەوە. جەنگ ئەوانە دەیبەنەوە کە هەست دەکەن خەریکن دەیبەنەوە. جەنگ بە جۆرە یەقینێکی ناوەکیی نائەقلانی دەبڕێتەوە. لە جەنگدا نازانی سپای تۆ زیاترە یان هی دوژمنەکەت. جەنگ وەك زۆران نییە کە هێز و بێهێزی تێیدا ئاشکرا بێ. بردنەوەی جەنگ بردنەوەیەکە دەروونناسانە. جەنگ بە هێزی ئیمان دەبڕێتەوە. چی ڕوودەدا زادەی جۆرێك هێزی ڕازاوییە و بێگومان هەڵسەنگاندن و بەراوردێکی ئەقلانی، کۆمەڵێك ڕێسای وردی نێو کتێب، یان نەخشەیەك نییە سەرکەوتووی جەنگێك دیاری دەکات.

**تۆلستۆی** لە ڕۆمانەکەی، واتە *جەنگ و ئاشتیدا* کاتێ باسی جەنگی بۆرودینۆ دەکات، ئەم سەرنجانەی دۆمێستێر بە وردی لە بەر چاو دەگرێ. تۆلستۆی نووسینەکانی دۆمێستێری دەناسی، چونکو دۆمێستێر لە خولی بابەتی ڕۆمانەکەی تۆلستۆیدا لە سەن پیتێرزبورگ دەژیا. تۆلستۆی سەرنجەکانی دۆمێستێر لە سەر جەنگێکی ڕاستەقینە لە ڕۆمانەکەیدا لە بەر چاو دەگرێ و لە باتی لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی ڕێك و پێك و بە دەستوور و ئەو شتە ڕێك و پێکەی شاهیدان و مێژوونووسان ڕایانگەیاندووە، لە سەر ئەزموونی ئامادەبوانی بۆتەی جەنگ دەوەستێ. بۆ دۆمێستێر و تۆلستۆیش، ژیان خۆی جەنگێکە لەم جۆرە و هەر هەوڵێك بۆ شیکردنەوەی ئەقلانیی ژیان چەواشەکردنی ژیان و یەکسانە بە ڕێك و پێك و تەخت و سافکردنی شتێك کە لە خۆیدا نائەقلانیی و قووڵ شێرز و شێواوە و پێڕەوی هیچ قانوون و ڕێسایەکی دۆزراوە و نەدۆزراوە ناکات.

دۆمێستێر زیاد لە هەموو لایەك دژی ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێ ئەقڵ ئاغای گەورەی کاروبار و شتەکانە. مەحاڵە بە ئەقڵ بتوانی حوکمی مرۆڤ بکەی یان کارێك

تەواو بکەی. دۆمێستێر دەپرسێ، لاتان وایە ئەقڵ لای من چییە؟ ئەقڵ لە مرۆڤدا چ نییە جگە هێزێکی لاواز کە هەندێ جار کەرەستە و مەبەستی پێ تەبا دەکرێ. بەڕاست وا دەزانن دامەزراوە گەورەکانی مرۆڤ، دامەزراوەیەکی ئەقڵانین؟ بیرتان بێت کاری ئەم دامەزراوانە ئەوەیە ئۆتۆریتەی هەبێ، کاری حکوومەت ئەوەیە حوکمڕانی بکات. هەموو کۆمەڵگایەك دەبێ حکوومەتی هەبێ و هەر حکوومەتێك دەبێ حاکمی هەبێ و هەر حاکمێك دەبێ لە نێو خۆیدا هەڵگری بنەمای بێبەریبوون لە هەڵە بێ و تاقە شتێك لە هەڵە پاکە، قسەی خودایە.

ئەو شتانەی مرۆڤ بتوانێ دروستی بکات هەر مرۆڤیش دەتوانێ بیڕووخێنێ. با وای دابنێین زیرەکەکانی بەرەیەك بە هەمان ئەو ئەقڵەوە کە سەدەی هەڕدە هۆگریەتی دامەزراوەیەکی دەستکرد، کۆمار یان شایەتییەکی مەشرووتە، واتە جۆرێك دەستوور کە بە پێی گرنگایەتی سوود کار دەکات و زیاترین بەختەوەری و بەربڵاوترین ئازادی بۆ زیاترین بڕی خەڵك دابین دەکات، دادەمەزرێنن. زیرەکەکان لە بەرەیەکدا وەها دامەزراوەیەك دروست دەکەن، بەڵام زیرەکترەکانی بەرەی دوایی، پشت بە ژیرتربوون و ئەقڵی وردەکار و، زیرەك و بنیاتنەرتر بوونی خۆیان ئەم دامەزراوە لە دەسەڵات و رەوایی دەخەن یان تەفروتوونای دەکەن. هیچ شتێك هەمیشەیی نییە، مەگەر ئەوەی شتێك دروستی کردبێ جودا لە ئەقڵ، چونکو چی ئەقڵ دروستی کردبێ، هەر ئەقڵ خۆی تووونای دەکات.

مرۆڤ بە سروشت خوێڕی و لاواز و ترسنۆکە. ئەوەی کەنێسەی رۆم و مەسیحیەت لە سەر گوناهی یەکەمین دەیڵێن، حەقیقیترین زانیارییەکە لە سەر سروشتی مرۆڤ هەبێ. مرۆڤ گەر بەرەڵا بکرێن، یەك دەخۆن. هەر بۆیەش دومێستێر لە بن و بنچینەوە دژی بیروبڕوای سەردەمی خۆیەتی. ئەو لای وایە گەر مرۆڤ بە توندترین کۆت و بەند و دیسیپلین نەبەسترێنەوە، یەك قڕ دەکەن. لای دۆمێستێر سروشتی مرۆڤ «خۆ تووناکەر»ە و پێویستە کۆنتڕۆڵ و کۆت بکرێ. تاقە شتی



شیاوی بڕوا و پشت بەستن، شتێکە مرۆڤ نەیکردبێ، چونکو ئەگەر مرۆڤ کردبێتی، هەر خۆیشی دەتوانێ تێیدا ببات.

سەدەی هەڕدە لەم بوارەدا چیمان پێدەڵێ؟ سەدەی هەژدە فێری کردووین کۆمەڵگا بە بڕیار سازکراوە، بەڵام ئەم خاڵە لە لایەنی لۆژیکی و مێژووییشەوە ێووچەڵە. پەیمان و بڕیار چییە؟ قەول و قەرارێکە. دۆمێستێر بە تانەوە دەڵێ کەوابوو ئەوەی ئێمە هەمانە کۆمەڵێك مرۆڤی ئاقڵە کۆبوونەتەوە ژیانێکی ئاسوودە بڕین کە زیاتر لە ژیانی سروشتی، کاڵا، ئاسایش، بەختەوەری، ئازادی و شتی دیکەیان بۆ دابین دەکات. ئەم خەڵکە چۆن وایان پێدەکرێ؟ لە رێگەی دامەزراندنی دەوڵەتەوە، هەر چۆن بانك یان کۆمپانیایەکی کەم بەرپرسایەتی دروست دەکەن، بەڵام تەنانەت بۆ وەها دەوڵەتێکیش، قەول و قەرار یان بڕیاری کۆمەڵەیەتی دەبێ بکرێ بەڕێوەبچێ. ئەگەر کەسێك لە پەیمانەکەی خۆی لایدا، قەول و قەراری شکاند، دەبێ شتێك هەبێ مەجبووری بکات بگەڕێتەوە بۆ نێو کومەڵگا یان لە کۆمەڵگا دەری بکات. ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە دەتوانن لە هەندێ چەمکی وەك قەول و قەرار، بڕیار و ئەرك تێبگەن لە خۆیاندا کۆمەڵگایەکی مرۆیی تەواو گەشە کردوو و شارەزای کاروبارن، بەڵام ئەم ئایدیای کە بوونەوەرانی وەحشی، مرۆی سەرەتایی جەنگەڵی، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی پەیمان ببەستن و بە شارەزاییەوە هەندێ چەمکی وەك بەڵێن، ئەرك، بەجهێنانی بەڵێن و، ئەمانەیان داهێناوە بۆ ئەوەی لە لایەنی فیکرییەوە هاوکاریی یەك بکەن، لە بواری لۆژیکییەوە ێووچەڵ و مەسخەرەیە. ئەوانەی هەندێ چەمکی وەك بەڵێن، رێز بۆ داواکانی ئەویدی، سزا، خەڵات و هتد دەناسن، کۆمەڵگایان ناوێ، چونکو خۆیان هەر ئێستا لە کومەڵگایەکدا دەژین. کەوابوو دیارەبوونی هەر کۆمەڵگایەك بڕیارێکی پێویستە، بەڵام ئەم جۆرە کۆمەڵگا مرۆڤکرد نییە، چونکو گەر وابوایەت بە درێژایی ئەم هەموو سەدەیە رێژنەی بەڵا تووونای کردبوو. پێشینەی دامەزراندنی

کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە بۆ قووڵاییە تاریکەکانی چاخی کەونارا. بۆ دۆمێستێر (کە لەم بوارەدا کاریگەری قووڵی بۆرکێی بە سەرەرەوەیە) ئەو شتەی رەگی لەم قووڵاییە تاریکانەدایە، خوداکردە، نەك دەستکردی مرۆڤ.

بۆ زمانیش هەر بە**مجۆرە** دەڵێ: رۆسۆ بۆ سەرچاوەی زمان دەگەڕێ، دەی باشە: هەڵبەت ئاغای **کوندیاك** کە ناهێڵێ هیچ پرسیارێك بێ وەڵام بێت، ئەمەشمان بۆ وەڵام دەداتەوە. زمان چۆن دروست بوو؟ دەی ئاساییە: لە رێگەی دابەشکردنی کارەوە، رۆژێك تاقەمێك کەسی ژیر کە بەرژەوەندیی خۆیان خۆشدەویست، بێ فیز کۆبوونەوە و زمانیان داهێنا. پێدەچی بەرەی یەکەمی ئەم ژیرانە دە یانگوت «ب» و بەرەی دوای ئەوان « ب ای». ئاسوورییەکان دۆخی کاراییان داهێنا و ماددەکان دۆخی خستنە سەریان دروست کرد و بەمجۆرە رێزمانیش دروست بوو.

ئەم زمانە گاڵتەجاڕییەی دۆمێستێر پڕ بە پێستی باسەکەیە. دۆمێستێر یەکێکە لەوانەی بۆ یەکەم جار زانییان ئەو بڕوا باوەی سەدەی هەژدەهەم کە رایگەیاند دامەزراوە مرۆییەکان دەستکردی مرۆڤن و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بۆ مەبەستێکی دەستنیشانکراو دامەزراون، لەگەڵ سروشتی مرۆڤ نایەتەوە. پێش دۆمێستێر، هێردێریش ئەم ئایدیای وتبوو و هەڵبەت ئەم شێوە باسە لای رۆمانتیکەکانی ئەڵمانیش هەیە، بەڵام دۆمێستێر دەنگێکی گاڵتەکاری هەڵبژارد بۆ ئەوەی تێزە نامێژوویییەکانی سەدەی هەژدە سەبارەت بە سەرچاوەی کۆمەڵگا لە بنچینەوە برووخێنی. توندترین هێرشی دۆمێستێر هێرشە بۆ سەر چەمکی سروشت. دۆمێستێر دەڵێ: جەنابی رۆسۆ پێمان دەڵێ سەیرە مرۆڤ کە ئازاد لە دایك دەبێ لە هەموو لایەك لە کۆت و بەندابێ. «مەبەستی رۆسۆ چییە؟ ئەم بۆچوونە شێتانەی کە لای وایە مرۆڤ بە ئازادی لە دایك بووە، بە پێچەوانەی واقیعە». **فاگێ** وەڵامەکەی دۆمێستێر بۆ رۆسۆی باش لە رستەیەکدا چڕ کردۆتەوە: «ئەم حوکمەی رۆسو یەکسانە بەوەی بڵێین سەیرە مەڕ کە گۆشتخۆر لە دایك دەبێ، لە هەموو



لایەك گیا دەخوات». دۆمێستێر گاڵتە بەو بوونە دەکات کە نووسەرانی ئینسکلۆپیدیا لە رێگەی کارکردن بە چەمکی سروشتەوە شان و شکۆیەکی زۆریان پێداوە و بە دابینکەر و شیکەرەوەی هەموو شتێکی دەزانن و، دەڵێ ئەم خانمە کە ناوی لە سەر زاری هەموو کەسە، کێیە؟ بۆ دۆمێستێر **سروشت** وەك دابینکەر و بەخشندەی هەموو شتێکی باش و وەك سەرچاوەی ژیان و مەعریفە و بەختەوەری، سرێکە هەمیشەیی. دۆمێستێر لای وایە سروشت داب و پێڕەوێکی وەحشیانەی هەیە. سەرچاوەی ئاژاوە و ئازار و دڵڕەقییە، ویستە فامنەکراوەکانی خودا بەرێوە دەبات و گران ئاسوودەیی، خۆشی، نوور و رووناکی لێبکەوێتەوە.

رۆسۆ داوای دەکرد بگەڕێتەوە بۆ چونێتیی سادە و نەجیب و، دۆمێستێر دەپرسێ کامە نەجیبی؟ ئەم وەحشیانە کوێیان نەجیبە؟ ئەم وەحشیانە لە خوار مرۆڤەوەن و رەق و توندوتیژ و بێبەزە. کێ لە نێویاندا گەورە بوو بێ. دەتوانێ شایەتی بدات ئەم وەحشیانە گەند و گووی مرۆڤایەتین. وەحشییەکان نەك نموونەی یەکەم و مەزن و لاقەنەکراوی مرۆڤایەتی، نموونەی سروشتی یەکەمی ئەخلاق و پارێز و گەورەیی و دروستی نین کە ژیار بە گلاوکردنیان نەتەوەکانی رۆژئاوای دروست کردبێ، بەڵکو یەکسانن بە سەرنەکەوتنی خوداوەند لە رەوتی خولقاندندا. راستە مسیۆنێرە مەسیحییەکان بۆ نموونە باسی نەرمی و مێهرەبانیی هێندییە سوورەکان دەکەن، بەڵام هۆی ئەم نەرمییە چاکەی قەشەکان خۆیانە کە ناتوانن ئەو خراپە و گلاوییەی ئەم بوونەوەرە وەحشیانە تێیدا نوقمن، بدەنە پاڵ هیچ مەخلوقلکی خودا. شایەتی ئەم قەشانە، بە هیچ شێوە تەعبیر نییە لەوەی هێندییە سوورەکان دەبێ ببنە سەرنموونە و مۆدێلی ژیان ئێمە. زمانی وەحشییەك تواناکانی زمانێکی یەکەمینی نییە و جوانیی سەرەتای خولقاندنی پێوە نییە و بە پێچەوانە نێژە لە بشێوی و تێکەڵ و پێکەڵی و ناحەزیی فەساد و لادان زاد.

بەڵام لە سەر دۆخی سروشتی کە لای بیرمەندانی سەدەی هەژدە راگری ئەو

مافە مرۆییانەیە کە وەك دەڵێن مرۆڤی سەرەتایی ئاگاداریان بووە، باشە ئەم بیرمەندانە بە ناوی چییەوە لێی دەدوێن؟ بە ناوی دایکی سروشتەوە؟ دومێستێر دەڵێ دایکی وەها هەر نییە و ئەگەریش هەیە بۆ تا ئێستا بەدیداری شاد نەبووین؟ کامەن ئەم مافانە؟ لە جەوهەری کامە مرۆڤدان؟ هیچ چاوێکی سێحراویی میتافیزیکی نییە بتوانێ هەندێ بوونی دەرهەستی وەك مافەکان ببینێ کە لە ئۆتۆریتەی خودایی یان مرۆییەوە نەگیرابێتن. ئینجا ئەو **مرۆڤە** دەرهەستەی کە بە ناوەیەوە شۆڕشی فەرەنسا هەڵگیرسا، ئەم کوشتارە بێڕەحمانە یە بە ناوی کێوە کرا و بێگوناهان بە ناوی کێوە کوژران؟ دۆمێستێر دەڵێ: « لە ژیانماندا گەلێ ئیتالی و رووسم بینیون ... بە یارمەتی مۆنتیسکیۆ دەزانم دەتوانی ئێرانی بیت، بەڵام ئەوەندەی پێوەندی بە **مرۆڤەوە** هەیە، دەڵێم کەسی وام نەدیوە، ئەگەریش کەسی وەها هەبێ من نەمناسیوە ».

دۆمێستێر دەڵێ لە سەردەمی ئێمەدا، ئیمان هێنان بە هەندێ وشەی بۆش و کۆمەڵێك فۆرمولی زڕ، «وایکرد هە ر دوو لەنگەری کۆمەڵگا، واتە ئایین و کۆیلەتی لەت بن و کەشتیی کۆمەڵگا بکەوێتە گێڕی ئەسکەندەر».

هەر بەم پێیەش دۆمێستێر بەردەوام بە ئیمپراتووری رووسیا دەڵێ کە کەشتیی کۆمەڵگا تەنیا لە سەر دوو لەنگەر وەستاوە و مرۆڤی لاواز دەتوانێ پاڵیان پێوە بدات و لە پەنایاندا خۆی لە ترس و ئارەزووی لە پر و کوێر بپارێزێ. ئەم لەنگەرانە، یەکیان کەنێسەیە و ئەویان کۆیلەتی. کەنێسەی مەسیحییەت کۆیلەتیی نەفی کرد، چونکو توانا و دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو مرۆڤ کۆت و بەند بکاتەوە، بەڵام ئەگەر لە رووسیادا کە کەنێسەکەی برەو و شەرعییەت و توانای ئەم بەندکردنەی نەماوە، سیستەمی کۆیلەتی لابرێ، ئەگەر ئیمپراتوور بە قسەی راوێژکارەکانی **رەعیەتەکان** ئاراد بکات، توندترین شۆڕش روودەدات و بەربەرییەت و ئاژاوە سەرهەڵدەدا. کەس بە قەد رووسەکان رەق و توندوتیژانە داواکانی خۆی بەرز ناکاتەوە و ئەگەر



ئیمپراتوور گوێ لە **بووگاچۆفەکافی** زانکۆ، رۆشنبیرانی یاخی، ئابووریزان و فیزیازان و سەفستەکارانی چاو بەست و فێڵەباز بگرێ، وڵاتەکەی وەك هەموو ئیمپراتوورییایەك ـ و ئەو جۆرەی کە دەبێ و دەشێ لە سەر دەسەڵات و ئیمان بۆ شەرعییەتێکی کوێر دامەزراوە ـ تەفر و توونا دەبێ.

پێوەر و دیسیپلینی گەورەی سەدەی هەژدە کامەیە؟ ئەم پێوەرە دەڵێ کۆمەڵگا بە پێی بنەمای ناسینەوەی دوو لایەنەی بەرژەوەندییەکان، لە لایەن ئەو خەڵکەوە کە دەیانەوێ تا دەکرێ لە پاڵ یەکدا بەختەوەر و ئازاد برین، وەستاوە. دۆمێستێر بە کەف و کوڵەوە ئەم خاڵانەی بەرپەرچ داوەتەوە و دەڵێ کۆمەڵگا هیچیش لە سەر بنەمای وەها دانەمەزراوە و بنەمای کۆمەڵگا **خۆتووناکەرییە** و، دەشپرسێ چۆنە سەربازەکان لە مەیدانی جەنگدا بۆ پێشەوە دەچن؟ خۆشیان نازانن. ئەگەر حاکم بیەوێ شتێکی بێ مەترسی وەك رۆژژمێر یان سەر ژمێریی دەستکاریی بکات، خەڵك رادەپەڕن، ئەگەر هەزار پیاو نەگەڕێنەوە نێو ماڵ و منداڵیان، خەڵك هێدی و هێور ملکە چ دەبن، بۆ وایە؟ نازانین و، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەقڵە.

لێرەدا دۆمێستێر لە سەر دووخاڵ دەوەستێ. یەکەم، هۆی شتەکان بە پێی کەرەستە لاوازەکانی خەڵك ناپێورێ و، دووهەم تاقە شتێك کە بمێنێ شتێکە نائەقڵانی. بۆ نموونە دامەزراوەی پاشایەتی میراتکرد لە بەر چاوبگرن. چی هەیە لەمە نائەقڵانیتر بێت؟ بۆ دەبێ یادشایەکی ژیر کوڕێکی وەك خۆی ژیری هەبێ؟ بۆ دەبێ کوژەکەی بەتۆزقاڵیش ئەقڵی هەبێ؟ ئەم دامەزراوە لە چییەتی خۆیدا نائەقڵانییە و بە هیچ شتێك یاساو نادرێ. کەچی دەشمێنێ. ساڵانێکە ماوە و بنچیەی جیهانی رۆژئاواشە. دیارە رووخاندنی ئەم دەزگا ئەقڵانی و لۆژیکی و بەڵگەدارترە لە هێشتنەوەی، بەڵام بیرۆخێنەو بزانە چی دەبێ، سەڵتەنەتی بە پێی هەڵبژاردن و نامیراتبەری هۆڵەندا بە چ دەردێك چوو؟ پاش ماوەیەك ئاژاوە و رووخاندن سەریهەڵدا، بۆ؟ چونکو ئەم پاشایەتیە سیستەمێکی ئەقڵانی و

پەسندکراوی خەڵك بوو. دەزگای زەوجین لە بەرچاو بگرن. چی لەوە نائەقڵانیترە دوو کەس لە بەر ئەوەی کاتێکی ژیانیان یەکیان خۆشویستووە، دەبێ تا دەڕین پێکەوە بن؟ لە بەر ئەوەی پێشتر وابووە؟ باشیش دەزانین هیچ شتێك ئەوەندەی سیستەمی ئەشقی ئازاد، کورت خایەن و وێرانکەر و رقهێنەر نییە. دۆمێستێر لەم دامەزراوەوە روو لە دامەزراوەیەکی دیکە دەکات و بە بەراوردێکی ناکۆك نیشان دەدات ئەوەی نائەقڵانییە دەمێنێ و چی ئەقڵانییە تێدا دەچێ، چونکو ئەوەی بە ئەقڵ کرابێ بە ئەقڵیش دەڕووخێ. چی بە توانای رەخنەیی مرۆڤ کرابێ، هەر بەو تواناش دەڕووخێ. تاقە شتێك تا هەمیشە بە سەر مروچدا زاڵ بێ، سرورازێکی نەکراوە و نەشکاو و فامنەکراوە.

سەدەی هەژدە و هەڤدەش خەڵك وایان دەزانی وەڵامی پرسیارە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان دەبێ لە رێگەی تایبەتەوە بدۆزرێتەوە و هەندێ لایان وابوو وەڵامەکە لای میتافیزیستەنەکانە، هەندێ باسی زانستوانانیان دەکرد و هەندێکیش جەختیان لە سەر دڵ، ویژدان، کتێبی شارەزایان و هتد دەکردەوە. دۆمێستێر دەڵێ کاتێ هێشتت پرسیاری وا سەرهەڵبدات، وەڵامەکەی پرسیاری دیکە دەخاتەوە. هیچ وەڵامێك وەك خۆی نامێنێتەوە و خەڵك بە پرسیار و بۆچی پرسیارەکە خۆی و وەڵامەکەشی دەڕووخێنێ و ئەمەش نابڕێتەوە. تاقە رێگەی سەلماندنی ژیان لە کۆمەڵگادا بە خەڵك، ئەمەیە بەر بە پرسیارکردنیان بگری و تاقە رێگەی ئەم بەرگرتنەش، ترس و تۆقاندنە. خەڵك ئەو کاتە گوێڕایەڵ دەبن کە ناخی شتەکان تاریك و دزەنەکراو و رازاوی بێت. کاتێ خەڵك بە قووڵایی و ناخی شتەکانیان زانیبێ، کاتێ کاروبار ئەقڵانی بێت، کاتێ شتەکان بە جۆرێك بێت خەڵك بتوانن لێی تێبگەن، چیدی ناترسن، ناپەرستن و بەمجۆرە هەموو شتێك لە گرێژەنە دەچێ. کەوابوو ئەوەی پێویستمانە، شتێکە تاریك و ئەقڵنەبڕ.

دۆمێستێر دەڵێ زمان لە بەرچاو بگرن. زمان وەك بیرکردنەوەیە. سەدەی



هەردەهەم لایان وابوو زمان مرۆڤ دایهێناوە، بەڵام هەڵە بوون. بۆ داهێنان بیرکردنەوە پێویستە و بۆ بیرکردنەوەش هێما. ئەوانەی دەڵێن دەتوانی زمان دروست بکەی، تادوایی هەڵەن. جەنابی کۆندورسێ دەیەوێ زمانێکی زانستیی روون و فامکراوی هەبێ کە هەموو گەلان لێی بگەن، جۆرێك سێرانتۆی زانستی، بەڵام کارەسات نییە لەمە کارەساتتر، چونکو روونە، شەففافە، ئەقڵبڕە و فامکراوە. رووناکی و فامکراوی دەبێ نەهێڵدرێن، چونکو هەر ئەمانەن کە نارەزایی و پرسیار و رەخنە دێنن، دامەزراوە کۆنەکان دەڕووخێنن و دەبنە هۆی نادادپەروەری، خوێنڕشتن، ئاژاوە و شۆڕش، زمانی لاتین ئەو زمانەیە کە دەبێ منداڵانمانی پێ فێر بکەین. بۆ؟ چونکو روون نییە. خەڵك دژی پێشداوەری و خورافە بانگ دەدەن، بەڵام پێشداوەری چییە؟ پێشداوەریی مانای بڕوای سەدە دوای سەدە کە ئەزموون راستییەکەی سەلماندووە. مێژوو، تاقە مامۆستایە و سیاسەت تەنیا مێژووی ئەزموونکردە. داکۆکیی دومێستێر لە پێشداوەری وەك بۆرکێیە. پێشداوەری تەنیا قاوغێکە مرۆڤ لە رێگەی سوننەتەوە و بە درێژایی چەندین سەدە دەستەبەری کردووە و لە تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو بووە و، فرێدانی یەکسانە بە رووتبوونە لە بەردەم هێزە رووخێنەرەکانی ژیاندا. لاتین زمانێکە بێ رێسا، رێزمانەکەی نائەقڵانییە، پڕە لە پێشداوەری، خورافەی کۆن، ئیمانی کوێرانە، ئەزموونی ناوشیارانە و هەموو ئەو شتانەی زانست دژیانە. هەر بۆیەش دەبێ پەنای بۆ ببەین. چونکو لە جیهاندا تەنیا دوو شت هەن، کە هەمیشە باش بن، یەکیان چاخی کەونارایە وئەویدیکەیان نائەقڵانییەت. تەنیا تێکەڵەیەکی ئەم دوانە دەتوانێ هێزێك دروست بکات بتوانێ بەر بە دزەی سوێنەری رەخنەگران، پرسیاربازان و زانستوانان بگرێ.

ئێمە دەستووری کۆمەڵگا لە کێ دەپارێزین؟ دوژمنانی کۆمەڵگا کە دۆمێستێر پێیان دەڵێ **تاقەم**، کۆمەڵێکی سەرنجڕاکێش: «ژان سێنیستەکان، کالوینیستەکان و

کۆی پرۆتستانەکان و هەموو پارێزەرانی دادگا، میتافیزیسییەن، رۆژنامەنووس، نووسەر، جوو، شۆڕشگێڕی ئەمریکی، رۆشنبیر، زانستوان، رەخنەگر و بە کورتی **ئینتلیجێنسەکان** و هەر شتێك پێوەندیی پێوەی هەبێ، وەکیتر، لیبراڵەکان، هەموو جۆرە رەخنەگرێك و هەموو ئەوانەی بڕوایان بە جۆرێك حەقیقەتی دەرهەستە، ئەوانەی گریمانە دۆگماتیکەکانی کۆمەڵگا بەراست نازانن». ئەم لیستە یەکەمجار دۆمێستێر کۆی دەکاتەوە و ئێستا هەمووان ئاگادارین. ئەم لیستە گەلێ یارمەتی کۆی بزووتنەوە تا دوایی کۆنەپەرست و فاشیستییەکانی سەردەمی ئێمەی داوە.

لە نێو ئەم لیستەشدا، زیاد لە هەموویان رقی لە زانستوانانە و لای وایە زانستوان کەمتر لە هەموو کەسێك لە ژیان و دەسەڵات دەگەن و، بە جەختەوە داوا لە تێزاری رووسیا دەکات رێگە نەدات زانست و هونەر بە سەر وڵاتەکەیدا زاڵ بن. دەڵێ: رۆمییەکان گەورەترین نەتەوە بوون لە مەزنی و لە دەسەڵاتداریشدا، رۆمییەکان باشیان دەزانی وەك زانستوان شتێکی ئەوتۆیان پێ ناکرێ، هەر بۆیە یۆنانییەکانیان بانگ کرد، چونکو دەیانزانی گەر خۆیان بە زانستەوە خەریك بن ئابڕوویان دەچێ؛ هەر لە شۆگێرەوە تاکو رێشیلیۆ هیچ سیاسەتمەدارێکی گەورە زانستوان نەبووە و هیچی لێ نەزانیوە. بە نیسبەت زانستەوە، واتە چییەتی دەرهەست و وشك و ناراستەقینەی زانستەوە، راستییەك هەیە و ئەویش ئەمەیە کە زانست لە ناوکۆیی و تان و پۆی لاروگێڕ و شێواو و نائەقڵانیی ژیان، بە هەموو تاریکییەکانییەوە دابڕاوە و هەر ئەمەش وادەکات زانستوان نەتوانن خۆیان لەگەڵ راستییەکانی ژیان بگونجێنن و کێ گوێی پێدان، رێکوراست خۆی بە فەوتان داوە. دۆمێستێر بە ئیمپراتووریای رووسیا دەڵێ: «مەهێڵن ئەم ئەڵمانییە لووتێریانە بێن و ببنە مامۆستای قوتابخانەکانتان. ئەمانە کە پۆل پۆل دێنە ئیمێراتووریای ئێوەوە، کێن؟ کەسی باش، بنەماڵەدار، بە داب و دەستوور، خاوەن دین و ئیمان و ئەخلاق، کەسی بەرێز وڵاتەکەی خۆی جێ ناهێڵێ. تەنیا کەسانی بێ ئیرادە و لاواز و نارەزا و



رەخنەباز، لە جێگەی خۆیان هەڵدەکەنرێن». ئەمە یەکەم راگەیاندنێکە دژی پەنابەران، دژی ئازادیی فیکری و جێگۆڕکێی مرۆڤ هەبێ و، بێگومان یەکەم راگەیاندنێکە پڕ بێت لە رستەی توندوتیژ، کە قابیلی تێگەشتن و لە بیرنەکردنن.

ئەی کۆمەڵگا لە سەر چی وەستاوە؟ کومەڵگا بەشێکە لەو جیهانەی ئێمە تێیدا لە ناسینی سەرچاوەی شتەکان ناتوانین، جێگەیە کە تێیدا خودا جۆرێکی بەدەر لە زانین و فامی ئێمە حوکمی ئێمە دەکات. بنەڕەتی کۆمەڵگا، ترس و تیرۆرە. کۆمەڵگا لە سەر گوێرایەڵییەکی کوێرانە بۆ سەرچاوەی دەسەڵات وەستاوە. بە بێ ئەو گوێڕایەڵی و تیرۆرە، دامەزراوەکان تێکدەچن و نوقمی بەڵا و ئاژاوە دەبن. هۆکاری ئەم تیرۆرە چییە؟ لەم بوارەدا دۆمێستێر سەیرترین وەڵام دەداتەوە کە ناسراوترین بەشی نووسینەکانیشییەتی. ئەو کەسەی لە چەقی ئەم تیرۆر و ترسەدا وەستاوە، هەمان سیما نەفرەتاوییەکەیە، **جەللاد**. با بەشێك لە دۆمێستێر خۆی بگێڕینەوە:

**«ئەم بوونەوەرە لە باسبەدەرە کێیە؟ ... بە تەنیا خۆی جیهانێکە ... هێشتا نەگەشتۆتە جێ ... خەڵکانی دیکە ماڵ و حاڵیان دەگوێزنەوە ... لەم تەنیایی و تەریکییەدا ... ئەو خۆی و ژن و منالی، کە فێری دەنگی مرۆڤی دەکەن، تەریك و تەنیا دەژی، بەڵام لای ئەوان، ئەو تەنیا هاواری دڵتەزێنی ئاویلکەکان دەناسێ. کارمەندێکی هەرە نزمی دەزگای دادوەری دەرکی ماڵەکەی دەکوتێ و ئاگاداری دەکاتەوە پێویستیان پێیەتی. ئەویش ملی رێ دەگرێ. دەگاتە مەیدانی گشتی شار، خەڵك بە سیمایەکی چاوەڕوانەوە کۆبوونەتەوە. زیندانییەك کە باوکی خۆی کوشتووە، نیشتیمان فرۆشێك، تاوانبارێك، لە بەردەمیدا چۆکی داداوە. جەللاد دەست دەداتە باڵی و بەرەو ئەو خاچەی لە سەر عەرزەکەیە پەلکێشی دەکات و بە خاچەکەوە شەتەکی دەدات. دەست هەڵدەبڕێ و بێدەنگییەی سامناك هەموو لایەك دەتەنێ، بێدەنگییەك کە تەنیا دەنگی شکانی ئێسك لە ژێر زەبری تەوری ئاسنی و**

**هاورای سزا دراوەکەیە دەیشڵەقێنێ. لەشی تێکشکاوی مەحکووم دەکاتەوە و دەیبا بۆ لای عەرەبانەکە، ئێسك و پرووسکی شکاوی مەحکووم لە دەوری مێڵەکان ئاڵاوە و سەری بەر بۆتەوە. قژی بە لایەکدا کەوتووە و دەمی کە وەك زارکی تەنوورێك کراوەتەوە جگە تەمەننا و تکای مەرگ دەنگی دیکەی لێ نایەت. جەللاد کاری خۆی کردووە. دڵی توند لێدەدات، بەڵام ەی چێژە. لە کارەکەی رازییە و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: «کەس نییە وەك من ئێسك بشکێنێ». لە قەتڵگا دێتە خوار و دەستی پان دەکاتەوە و کارمەندێك چەند پوولی زێڕی بۆ دەهاوێژێ. ریزی خەڵك، کە بە ترسەوە لێی دووردەکەونەوە، دژ دەدات. جەللاد لە سەر کورسی دادەنیشێ و نان دەخوات. دەچێتە نێو نوێن و دەخەوێ، بەڵام سبەینێ، کە بە خەبەر دێ بیری لای کارەکەی دوێنێیەتی. ئایا ئەو مرۆڤە؟ بەڵێ. خودا رێگەی پەرستگای خۆی پێدەدات و دۆعاکانیشی دێنێتەدی. ئەو تاوانکار نییە و، کەچی لە هیچ زمانێکی مرۆڤدا، بەرێز و گەورە و شەریف نییە ... کەچی هەر ئەوە کە دەستووری کۆمەڵگا و هەموو مەزنی و دەسەڵاتێکی پێوە بەستراوە. جەللاد هۆی ترسی کۆمەڵگای مرۆیی و کاکڵی پێکەوە لکان و سەقامی کۆمەڵگایە. ئەم هێزە لە دەرك بەدەرە لە جیهان لاببەن و ببینن لە چرکەیەکدا چۆن شیرازەی جیهان دەترازێ و ئاژاوە جێگەی دەستوور دەگرێتەوە، لای ببەن تاکو لە یەك چرکەدا تاج و تەخت بەر با ببێ و کۆمەڵگا تەفر و توونا. خوداوەند کە خۆی سەرچاوەی دەسەڵاتی حاکمە، سەرچاوەی سزاشە و هەر خۆی جیهانی ئیمەی بە پێی ئەم دوو تەوەرە داناوە «چونکو خودا خودای هەر دوو تەوەرەکەیە و جیهان لە دەوریان دەگەڕێنێ».**

ئەمە نووسینێکی سادیستیی رووت نییە لە سەر تاوان و سزا. لامۆنێ پێی سەیرە کەسێکی شەریف و مێهرەبانی وەك دۆمێستێر، لەم جیهانەدا تەنیا دوو راستی ببینێ: تاوان و سزا «چما هەموو بەرهەمەکانی لە قەتڵگاوە نووسیوە»، بەڵام ئەوەی لە دۆمێستێر گێڕامانەتەوە تەنیا بۆچوونێکی بێڕەحمانە نییە، بەڵکو



دەنگدانەوە ی بڕوایەکی بنچینەیی و راستەقینەیە کە لەگەڵ دیکەی بۆچوونەکانی کە رادەگەیەنن مرۆڤ تەنیا بە تیرۆر و تۆقاندن دێتە سەر رێگەی راست، دەقاودەق دەگونجێ. بە رای ئەو، دەبێ ترسە رازاوییەکەی ناخی خولقاندن هەموو چرکەیەك بیری مرۆڤ بخرێتەوە، مرۆڤ بە چێشتنی رەنج، پاك دەبنەوە و لە رێگەی بیرخستنەوەی گێلی و نەزانی و شەڕی جەوهەرییانەوە، دەستەمۆ دەکرێن. چارەنووسی حەتمی و نەگەڕاوەی مرۆڤ جەنگ و ئەشکەنجە و رەنجە.

مرۆڤ شێتە، منداڵە، کەسێکە ئەقڵی باری کردووە، خاوەن ماڵێکە لە ماڵ نییە و، ژیانیش رێکەوتنێکی جینابییە لەگەڵ چاودێران کە چاودێریی ئەم بوونەوەرە بکەن، یان دەبێ وابێ. ئەم بوونەوەرە دەبێ لە رێگەی داسەپاندنی بێڕەحمانەی یاسا و بنەماکان و قەلاچۆی بێبەزەییانەی دوژمنەوە، لە سەردەستی گەورە و خاوەنی دانراو، کۆنترۆڵ بکرێ. ئەم گەورانە ئەوانەن خالقەکەیان، کە زنجیرەی پلەیەکی لە سروشتدا دیاریکردووە، ئەرکێکی پێ سپاردوون. مەبەستی دۆمێستێر لەو دوژمنەی کە دەبێ تێدا بچێ، وەك باسمان کرد، ئەندامانی «تاقەم»ە: ئاژاوەگێڕ، فیتنەچی، چاکسازیخوازی سێکۆلار، رۆشنبیر، ئایدیالیست، پارێزەرانی دادگا، ئەوانەی بڕوایان بە کەماڵە، ئەوانەی بڕوایان بە ویژدان، یەکسانی و رێکخستنی ئەقلانیی کۆمەڵگایە، رزگاریدەرەکان، شۆڕشگێڕان ـ هەر هەموویان دوژمنن و دەبێ تێدا بچن.

سەیرە کەسێك بەم راشکاوی و رەوانبڕی و پاراوییەوە کە هەمان جوانی و رەوانیی سەدەی هەژدەهەمی پێوەیە، دژی بڕوا گشتییەکانی سەدەی هەژدەهەم بدوێ. کەچی، رێك هەر ئەم دژایەتییە سەروماڵییەی دۆمێستێر لەگەڵ سەدەی هەژدەیە کە دەیکاتە کوڕی ئەو سەدە. سان سیمۆن لای وایە لە نێوان دومێستێر و ئەو کەسانەدا کە بە تایبەت رقی لێیانە، واتە چۆلتێر و لایەنگرانی، گەلێ وێکچوون و شتی هاوبەش هەیە. دۆمێستێر چۆلتێری بە دوژمنی خۆی دەزانی و بە رقێکی زۆرەوە باسی لاقرتێی هەمیشەیی ئەم دێوە تۆقێنەرە دەکات. کەچی سان

سیمۆن لای وایە رەنگە داهاتووی کومەڵگای مرۆیی بە تێکەڵکردنی بیری دۆمێستێر و ڤۆلتێرەوە بەسترابێ.

ئەم قسە سەرەتا سەیر دیارە. ئەم دوانە چۆن پێك دێن؟ ڤۆڵتێر لایەنگری ئازادییە و دۆمێستێر بانگدەری کۆیلەتی، نوور و تاریکی چۆن پێك دێن. ڤۆڵتێر هێند رقی لە کەنێسەیە تەنانەت بەهای چڵەپووشێکی بۆ قایل نییە و دۆمێستێر تەنانەت گەندەڵیەکانی کەنێسەشی پێ پاکە و ڤۆڵتێر بە جیسمانی راستەوخۆی ئیبلیس دەزانێ. کەچی بە هەموو ئەمانەشەوە، قسەکەی سان سیمۆن حەقیقەتێکی سەیری تێدا شاراوەتەوە و دەریدەخات ئەگەرچی ئەم دوانە دوو تەوەری دژی یەکن، بەڵام هەر دووکیان سەر بە نەریتێکی فیکریی بێ هەست، رەق، سارد، وشك و رووتی فەرەنسان و ئەگەرچی بیریان بەرواڵەت دژی یەکە، بەڵام چۆنێتیی زیەنییان ئێجگار لێك دەچێ. هیچیان نەرمی، ناروونی، توندڕەویی ناناسن و رەفتاری وەها لە کەسی دیکەش قەبووڵ ناکەن. هەر دووکیان لایەنگری وشکی و دژی تەڕ و پاراوین و، تا دوایی دژی هەموو شتێکی لێڵ و پێل و رۆمانتێك و سانتیمانتاڵ و هەست بزوێنن، بە قەد یەك دژی رۆسۆ، شاتۆبریان، ویکتۆر هۆگۆ، میشێلێ، رێنان و بێرگسۆنن و نووسەرێکن بێڕەحم و وردوخاشکەر و بێ بەزە و هەندێ جار شەروور و شۆفارن. بەراورد بەم رەوتە سارد و روون و شەفافە، تەنانەت پەخشانی ئێستاندالیش کە زۆر شتی لە دۆمێستێر وەرگرتووە، رۆمانتیك دیارە. نەوە راستەقینەکانی دۆمێستێر، مارکس، تۆلستۆی، سۆرێل و لێنینن.

سەیرکردنی ساردی پانتای سیاسی، لێدان و لە کارخستنی هەموو شتێك، شیکردنەوەیەکی بێژەحمانەی سیاسەت و مێژوو نەك بە دەستەوەدانی شیکارییەکی تەکاندەر، ئەو شتانەن لە بیری دۆمێستێر و ڤۆلتێرە هاتوون و تەکنیکی تازەی سیاسیی ئەوڕۆکەن. ئەو کەشەی نووسینەکانی ڤۆلتێر خولقاندنی رێگەی بۆ سەرهەڵدانی بەهای سۆزمەندانەی رەشۆکی کردەوە. دۆمێستێر جەخت لە سەر



مێژووخوازیی و مەسڵەتخوازیی سیاسی دەکاتەوە، مرۆڤ بە قابیلی باش بوون نازانێ و لای وایە جەوهەری ژیان، تامەزرۆییە بۆ رەنجدان و فیداکاری و ملکەچی. ئەگەر بڕواکانی دۆمێستێر ئەم راشی بخرێتە سەر کە تاقە رێگەی حوکمکردن بە سەر مرۆڤدا بندەستکردنی زۆرینەیەکی لاوازە لە لایەن کەمینەیەکی دلڕەقەوە کە دەتوانێ حەزی مرۆڤدۆستانەی خۆی بچەپێنێ، ئەوا بەرەو تۆتالیتاریزمی مۆدێرن دەکشێین. چۆلتێر هەر چەشنە و هەمێکی لیبڕالیستی دەسڕێتەوە و دۆمێسێر دەوایەك دروست دەکات دەرمانی رووتییەتیی جیهانی بێ پارێزە و کەوی و دەستەمۆی دەکات. ڤۆلتێر نە سەرکوتکاریی خۆش دەوێ و نە خەڵەتاندن، بەڵام دۆمێستێر لایەنگری هەر دووکیانە و دەڵێ: «ئەو بنەمای ناوی دەسەڵاتداریکردنی خەڵك خۆیانە هێند مەترسیدارە کە گەر راستیش بێ پێویستە وازی لێ بهێنرێ». کەوابوو قسەکەی سان سیمۆن لە سەر وێکچوونی ئەم دوانە زۆر دوور و سەیر نییە. تێکەڵەی ئەم دوانە تۆتالیتاریزمی بێڕەحمانەی سەدەی بیستەمی لێدەکەوێتەوە: تووتالیتاریزمی باڵی راست بێت، یان هی باڵی چەپ.

ئەو شتەی بە راستی دۆمێستێر جادوو دەکات، دەسەڵاتە. دەسەڵات بۆ دۆمێستێر لایەنێکی خودایی هەیە، سەرچاوەی ژیان و کردەیە، هۆکاری گەورەی گەشەی مرۆڤە و کێ بزانێ باش بە کاری بێنێ، مافی بەکارهێنانی هەیە و هەر بۆیەش دەسەڵات کەرەستەی هەڵبژێردراوی خودایە و خودا ئیرادەی رازاویی خوی پێ دێنێتە دی. تێگەشتن لە ئامادەیی دەسەڵات لە دامەزراوە سەقامدارە کۆنەکاندا، بە سیرەت وزیرەکی دەدات. هەموو لاقەکردنێکی دەسەڵات لە دواییدا شکست دێنێ، چونکو بێ حورمەتییە بە قانوونە خوداکردەکانی جیهان. کەوابوو دەسەڵاتی هەمیشەیی لە دەستی ئەو کەسەدایە کەرەستەی بەڕێوەچوونی ئەم قانوونانە بێت. بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات کارێکە منداڵانە، تاوانکاری و شێتی و لە راستیدا دژایەتییە لەگەڵ داهاتووی مرۆڤایەتی.

دۆمێستێر بانگی ئەم دۆکترینە دەدات کە ئەگەر دەمانەوێ لە چۆنیەتی ئیرادەی خودا بگەین، دەبێ هەموو رووداوێك بە شێوەی ئەزموونی لێکبدەینەوە. گرنگینەدان بە رەنج یان چێژ، رێژەگەری، هۆگریی بۆ سروشت و دابەشکاریی دەسەڵات لە نێو مرۆڤدا بەو جۆرەی هەیە نەك گۆڕینی، پێکهێنەری روانگەی قووڵی ئەون و هەر ئەمەشە بەو پەڕی سەیر و سەمەرەییەوە پشتی ژاکوبنەکان دەگرێ و، ئەم لایەنگرییەش هۆی بێزرانی بوو لە کۆمەڵەی «کۆچبەر»ەکاندا. دۆمێستێر دەڵێ کاتێ بۆشاییەك هەبێ، پێویستیە کەسێك پڕی بکاتەوە. پادشای فەرەنسا جۆرێکی کە سەرهێنەر شکستی هێنا. لوویی شانزدەهەم و راوێژکارە داماوەکانی و لەوانیش داماوتر ریفۆرمیستە «ژیرۆندێن»ەکان، تەنیا هەندێ چاکسازی لاواز و گەشبین بوون کە باش لە مرۆڤ نەگەشتبوون و سەیر نییە خۆیان بوونە رووخێنەری کۆمەڵگا. کەوابوو، ئەو چرکەی بۆشاییەکە دروست بوو، ژاکوبنەکان لانیکەم قۆڵیان لێ هەڵماڵی. لانیەکەم هەندێکیان کوشت، گێۆتینیان هێنایە نێوان. سێدارەیان هەڵخست. هاوڕایی دۆمێستێر بۆ ئەم دۆخە لە بەر ئەوەیە وەك کارکردن بە دەسەڵات، کەرەستەیەکی پاراستنی کۆمەڵگا و رێکوپێکردنی کاروبار سەیری دەکات. دۆمێستێر بڕوای بە دەسەڵاتە و دەڵێ ژاکوبنەکان کەرەستەی غەرەبی خودا بوون و خودا ناردنی بۆ ئەوەی بێخودایان لە بەر خیانەت بە ئیمانی باو باپیرانیان، سزا بدەن.

ژاکوبنەکان، بەم کارانەیان فەرەنسایان یەکگرتوو کرد، پاراستیان و کردیانە وڵاتێکی هێند توانا کە توانی پرووسی و هەنگارییە لاوازەکان بشکێنێ و ئەمەش زۆر لە فرەبێژیی تاقەمێك رۆشنبیر چاکتر بوو. لێرەدا قسەکانی دۆمێستێر تامی فاشیزم دەدات.

بەڵام ناپلیۆن، دێوەکەی دوورگەری کۆرس. ئەویش داگیرکەرێکە ترسناك و نابێ دانی پێدابنێین، بەڵام، ناپلیۆن پادشایەکی دەسەڵاتدار بوو و دەسەڵاتیش هەمیشە



خودا دەیدات و ئەوەی گومانی تێدا نەبێ ئەوەیە ئەویش کەمتر لە ئیلیزابێتی مەلەکەی ئینگلیز، ویلیام دۆرانژ یان  بنەماڵەی هانۆر شیاوی ئەو پلە و پایە نییە. دۆمێستێر و ناپلیۆن شەیدای یەکتر بوون و حەزیان دەکرد یەکتر ببینن، بەڵام پادشای ساردێنی کە مووچەخۆری ئینگلیز و رووسیا و یەکێك بوو لە قوربانیانی ناپلیۆن، دەترسا یەکێك لە دیپلۆماتەکانی لەگەڵ رووخێنەری مرۆڤایەتی دیدار بکات. دۆمێستێر بە نارەزاییەکی ئاشکراوە بە پادشا رادەگەیەنێ کە بێ رەزای پادشا ناپلیۆن نابینێ، بەڵام دیسان لای وایە وەها سیاسەتێك هەڵە و ناژیرانەیە: «دەبینم بە پێشنیارەکەم سەرتان سووڕ ماوە. باشە من تا کۆتایی تەمەنم لە خزمەتی ئێوەدا دەمێنمەوە، چونکو پێم وایە تاج و تەخت لە خاوەنەکەی گرنگترە، بەڵام ناتوانم بەڵێن بدەم تووشی سەرسووڕمانتان نەکەم».

ئەوەی لای دۆمێستێر گرنگە نەریت، رابردوو، ناوشیاریی و هێزە تاریکەکانە، نەك چۆنێتییە خۆماڵییە شیرین و خۆش و خەڵك پەسەندەکان، وەك ئەو کارەی هەندێ قارەمانی بە کەف و کوڵی رۆمانتیکی ئەڵمانی یان ئەو قارەمانانەی کە سادە و قانع دەڕیان دەیانکرد (کەچی دۆمێستێر هەردەم پەسنی ژیانی سادە و دوور لە زریق و بریق دەکات). لە لایەکی دیکەوە جەخت لە سەر جێگیری و سەقامی کاروبار و لاقەنەکردنی دەسەڵات دەکات و لای وایە دەسەڵات سەر بە بارستایی تاریکی نیوەوشیاری بیرەوەری و سوننەت و ئەرکناسییەکانە و هەروەها پێ لە سەر دەسەڵاتی دامەزراوەکان بو داسەپاندنی ملکەچی دادەگرێ، بە تایبەت ملکەچی بۆ شتە بان سروشتییەکان. هەروەها سوورە لە سەر ئەوەی دەسەڵاتی رەها ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبێ کە تۆقێنەر بێ. هەر بەم پێیەشە کە لە مەعریفە دەترسێ و رقیشی لێیەتی، چونکو مەعریفە رووناکییەکی زۆر دێنێ و شتە رازاوی و تاریکەکان تێدا دەبات و، تەنیا تاریکی و رازاویبوونیشە کە لە بەردەم لێکۆڵینەوە و پشکنیندا خۆی پێ رادەگیرێ.

کەوابوو، بە مانایەك لە ماناکان، دۆمێستێر لە یەکەم پێشەنگ و بانگەدەرانی فاشیزمە و هەر ئەمەیە سەرنجڕاکێشی دەکات. لەو دیوی پەچە و ڕواڵەتی کلاسیکییەوە، لە پشتی هەیکەلی ئاغایەکی گەورەوە، لەو لای هۆگرایەتیی ئەو بۆ تۆماس ئاکویناس ملکەچی ئەو بۆ ئەو پاشایەتییەی کە شکۆیەکی ئەوتۆی نەبوو، شتێکی ڕۆمانتیك، تۆقێنەر و وەحشی شاراوەتەوە. ئەگەر زۆر نەچینە پێشترەوە، دۆمێستێر بیری دانۆنزیۆ یان نیچە مان دەخاتەوە. لەم لایەنەوە لە ڕۆسۆ دەچێ. هەر چۆن هەڵچوون وتێکچوونێکی هەر چەندە وەخت جارێکی ڕۆسۆ، لە ژێر پەچەی کالوینیستێکی لۆژیکی و ژێردا شارابۆوە، دۆمێستێریش لە ژێر ڕواڵەتی کاتۆلیکێکی ڕەسمیی لایەنگری شەرعییەتدا، هەڵچوونێکی ناوەکیی بە قووڵی توند وتیژانە، توند شۆڕشگێڕانە و لە ئەنجامدا فاشیستیی شاردۆتەوە.

ئەو شتەی دۆمێستێری لە خولی خۆیدا سەرنجڕاکێش دەکرد ئەوە بوو دۆمێستێر پاڵی نان لە لایەنی ناجوانی شتەکان بڕوانن، واز لە گەشبینی، لە دەروونناسیی میکانیکی و کۆی ئایدیالە دلڕفێنەکانی سەدەی هەژدە بێنن ـ ئەو سەدەی شۆڕشی فەرەنسا زەبرێکی کوشندەی لێدابوو. لە کۆتایی خولە گەشبینانە و ئەرێنییەکانی بونیاتناندا، واتە ئەو کاتانەی خەڵکان رادەبن و تێوە دەچن کۆی کێشەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی ئابووری یان سیاسییەوە چارەسەر بکەن و سەرناکەون، خەڵکانی ئاسایی بەرە و دژکردەوە نواندن دەکێشن. ئەو خەڵکەی بە گەشبینینی ساختە، پارێزکاریی و ئایدیالیسم ئاخنرابوون، ڕۆژی حسێب تێدەگەن هەموو ئەم شتانە لە کار و بڕە و کەوتووە، بلقی سەرئاوبووە و هەموو درۆشمەکانی زڕ و بەتاڵ بووە. لەم کاتانەدا خەڵك هەمیشە بەرەو بینینی لایەنی ناشیرینی شتەکان کشاون. لە سەردەمی ئێمەدا، تۆقێنەرترین لایەنەکانی شیکاریی دەروونی و توندوتیژترین و بێبەزەترین لایەنەکانی مارکسیزم، قەرزداری تامەزرۆیی زۆری مرۆڤن بۆ لایەنی ناشیرین و ناجوانی شتەکان، بۆ شتێکی گرژتر، واقیعی و ئەسڵتر، کە بتوانێ بنچینەتیتر لە



ئیمانی بە باق و بریق و ماشێنکرد و بەرنامە بۆ دانراو، پێداویستییەکانیان وەڵام بداتەوە. ئەمە ئەو شتەیە دۆمێستێر دەیداتە هاوچەرخانی خۆی. خەڵك ناتوانن تەنیا بەو ئایدیالە بریسکەدارانەی سەدەی هەژدە بژین و کارەکەی دۆمێستێر هەتوان و توندوتیژە بەرامبەر دۆکترینە کۆمەڵایەتییە قورس و ڕەق و تەق و زۆر گەشبینانە و بە گشتی رووکەشییەکانی ئەم سەدە. دۆمێستێر توانیویەتی دەرکەوتنی هەندێ هێزی رووخێنەر و توندوتیژ بەدیبکات کە تا دوایی دژی ئازادی و ئایدیالەکانی مرۆڤن و پێویستە بۆ ئەم بەدیکاریە، سپاسی بکەین.

دەتوانین مرۆڤ بۆ دوو دەستە دابەشبکەین. لایەنگرانی ژین و دوژمنانی. دوژمنانی ژیان هەندێ کەسی هەستیار، وریا و زیرەك و ژیریان تێدایە کە بێدەستووری، پێڕەونەکردنی مۆدێلێکی گشتی و گرنگیدانی خەڵك بە ژیانی تایبەتی خۆیان، بێزاری کردوون. دۆمێستێر لەم کەسانە بوو. بە گشتی بنەمایەکی بڕوایی نەبوو. ئەگەر بڕیار بێ لە نێوان ئازادی و مەرگدا سەربەست بوایەت، مەرگی هەڵدەبژارد. لە سەدەی بیستەمیشدا هەندێ کەسی وەك شارل مۆراسی و ئێزارپاوند لایەنگری دۆمێستێرن و ڕەنگە ئێمە لەگەڵ ئەم کەسانەدا نەبینن، بەڵام با بیرمان بێت ئازادی ڕەخنەگران و لایەنگرانی خۆیشی پێویستە. لە هەر حاڵێکدا، وەك لە *فاوستی* گوتەدا هاتووە، تەنانەت مێفیستۆفلێسیش کە ڕەخنە لە کاروباری خودا دەگرێ، بێ وەڵام نامێنێتەوە.

# ئەنجام

ئەو شەش بیرمەندەی لە سەر بیروڕاکانیان وەستاین، بیرمەندانی گەورەی پاش و پێش شۆڕشی فەڕەنسان و ئەو پرسیار و کێشانەی لێی دەدوێن، پرسیاری هەمیشەیی فەلسەفەی سیاسین؛ مادامیش بە پێی فەلسەفەی ئەرەستوویی، سیاسەت لقێکی گەورەی پانتای بەربڵاوی ئەخلاقە، پرسیارەکانی فەلسەفەی سیاسی پرسیاری هەمیشەیی ئەخلاقیشن. بێگومان فەلسەفەی سیاسی و فەلسەفەی ئەخلاق لە باسەکانی من بەربڵاوترن و لێرەدا مەبەستم شیکردنەوەی ئەم دوو فەلسەفە نەبووە.

لەم باسانەدا ویستم پرسە سەختەکانی فەلسەفەی سیاسی، بە زمانێکی سادە و خەڵکی، لە پرسیارێکی بنچینەییدا چڕ بکەمەوە، بۆ نموونە بۆ ئەم پرسیارەی کە دەپرسێ: «بۆ کەسێك دەبێ گوێڕایەڵی کەسێکی دیکە بێت؟» یان «بۆ دەبێ تاکێك پێڕەوی گرووپێك بکات؟». هەڵبەت دیارە ئەم پرسیارانە گەلێ پرسیاری دیکەشیان لە دڵی خۆیاندا هەڵگرتووە: «خەڵك لە کام دۆخدا گوێڕایەڵ دەبن و کەی ناڕازی؟» وەکی تر بابەتێکی وەك «گوێڕایەڵی» گەلێ پرسیاری سەرنجڕاکێشی تێدایە: «دەوڵەت، کۆمەڵگا، تاك و قانوون بە چ مانان؟»، بەڵام بە رای من پرسیاری سەرەکی فەلسەفەی سیاسی ئەمەیە: «بۆ دەبێ تاك گوێڕایەڵی تاك یان گرووپێك بێت؟». ئەو بیرمەندانەی باسم کردن بەکات زۆر لێك نزیکن، هێلوێسیۆس ساڵی ١٧٧١ مرد و هێگل ١٨٣١، کەوابوو ئەو خولە مێژوویی و فیکرییەی باسمان کرد نزیکی نێو سەدە دەگرێتەوە. دوان لەم شەش کەسە بە هۆی ئەو خاڵە هاوبەشانەی هەیانە (خاڵی وەك تازەیی فیکر، تازەیی لە شێوەی تیۆرسازی و نزیکیی بابەتەکەیان) گرنگن و بۆ خوێنەر سەرنجڕاکێش.



ئەم بیرمەندانە رۆژگارێك لە دایك بوون کە دەتوانین بڵێین دەسپێکی سەردەمی ئێمەیە، واتە ئەو خولەی بە رای گەلێ زانا، خولی دەرکەوتنی **دیموکراسیی لیبراڵ** و بە دواشیدا دەرکەوتنی چینێکی تازەیە بە ناوی چینی مامناوەندی. لە هەر حاڵدا، ئەم کەسانە لە خولێکدا لە دایك بوون کە زۆر پێدەچێ ئێمە لە کۆتاییەکەیدا بین، بەڵام خاڵی ورد و جێ سەنج ئەوەیە ئەم کەسانە بە زمانێك دواون بە ئێمە ئاشنایە.

بێگومان بەر لەم شەش کەسە و لە مێژووی فەلسەفەی سیاسیدا کەسی لەمان گرنگتر و زاناتر هەبوون و بیر و کاریگەریشیان لەم کەسانە قووڵ و رەسەن و زیاتر بووە، کەسی وەك: ئەفلاتوون، ئەرستۆ، سیسرۆن، سەنت ئۆگۆستین، دانتێ ئالیگێری، ماکیاڤێلی، گرۆسیۆس، هۆگێر، هابز، لاك و ... بەڵام ئەوەی راستی بێت لە نێوان ئەم فەیلەسووفانە و فەیلەسووفانی بەر باسی مندا، کەلێنێك هەیە بە قەد مێژوویەك و هەر ئەمەش بەرهەمەکانی ئەو فەیلەسووفانەی دیکە قوورس و گران دەکات، چونکو زمان، بیرکردنەوە و شێوەی باسکردنی پرسەکان لای ئەو فەیلەسووفانەی دیکە بۆ ئێمە زور نامۆ و نائاشنایە و، چما تێگەشتن لە بیر و بۆچوونەکانیان، جۆرێك وەرگێڕانی پێویستە. راستە ناتوانین خۆمان لە کاریگەریی ئەو فەیلەسووفە گەورانە لە سەر بیر و زیەنمان نەبان بکەین، بەڵام بیرکردنەوە و بۆچوونەکانیان بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەوە کە روویانداوە لە بیروبۆچوونی ئەوڕۆکەی ئێمە دوورە. لە کاتێکدا لەم وتارانەدا دەمەوێ بڵێم زمانی دوان و نووسینی ئەم شەش بیرمەندە زۆر لە زمانی ئەوڕۆکەی ئێمە دوور و جیاواز نییە. کاتێ هێلوێسیۆس هێرش دەکاتە سەر جەهالەت، وەحشیگەری و نادادپەروەری یان، لە بنەڕەتدا دۆگماتیزم، سووکە رامانێك نیشانمان دەدات کە رووی قسەی لە ئێمە و بیرمەندانی سەردەمی ئێمەیە.

ئەم وتە پێنج نووسەرەکەی دیکەش دەگرێتەوە. بۆ نموونە کاتێ رۆسۆ بە گوڕ و تینەوە هەڵدەکوتێتە سەر دەستکەوتەکانی مرۆڤ واتە زانست و هونەر و رووناکبیری و بە سەر رۆحی بێگەردی مرۆڤدا هەڵدەدات، کاتێ فیشتە و هێگل سیستەمە فەلسەفییە گەورە و رێك و پێکەکانی خۆیان دادەمەزرێنن و باسی خۆبەختکاری و راسپاردەی خۆیان وەك فەیلەسووف دەکەن و دەڵێن جگە «ئەرکی نەتەوەیی»، واتە توانەوە لە کۆدا و بەیەکبوون لەگەڵ ئەوانیدی، هیچ شتێك نییە شیاوی پەسن و ستایش بێ، کاتێ سان سیمۆن باسی کۆمەڵگایەك دەکات کە تێیدا بە هۆی کۆبوونەوەی کرێکاران و سەرمایەداران لە جۆرێك سیستەمی یەکەی ئەقڵانیدا هیچ کێشەیەك لە نێوان بەرهەمهێنەراندا نامێنێ و هەر بۆیەش کۆمەڵگا لە هەرچی دژایەتییە دوور دەبێ و، لە دواییدا کاتێ لە وێنای دۆمێستێردا بۆ جیهان ململانێیەکی هەمیشەیی لە نێو رووەك و گیانلەبەر و مرۆڤدا بەرپایە و تاقە چارەکەی کارکردنە بە دیسیپلینێکی سیستەماتیکی توند، تێگەشتن لەوەی رووی قسەکانیان لە ئێمەیە، گران نییە.

راستە ئەم شەش فەیلەسووفە لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ژیاون، بەڵام بیروڕاکانیان جۆرێکی سەیر لە سەدەی بیستەمدا مانا وەردەگرێ و بە راست دەگەڕێ و، ئەگەر بەئینسافەوە سەیریان بکەین، تێدەگەین لێکدانەوە و تیۆر و شیکارییان بۆ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئاوێنەی باڵانوێنی سەدەی بیستەمە. تایبەتمەندییەکی گرنگ و سەیری دیکەی ئەم فەیلەسووفانە توانایانە بۆ بەدیکردنی رووداوەکانی داهاتوو. بێرتراند راسێل لە بەرگی دووهەمی *مێژووی فەلسەفە*کەیدا، دەڵێ: «کە بیر و تیۆری فەیلەسووفە گەورەکان دەخوێنینەوە، لە پێ دەبینین ئەم کەسانە بە بەسیرەتێکی قووڵ ژیانیان بینیوە و چما دەزانن مانای ژیان چییە یان دەبێ چی بێت».